# یادەوەریەکانم

سەلاح ڕەئوف



# یادەوەریەکانم




**سەلاح ڕەوف**

**سەرەتایەک وەکو ئەڵێن کارنامە، پێمخۆشە کورتەیەکی پچوکی کارنامەی خۆم بخەمەڕوو :**

**لەدایک بووی ١٥/٣/ ١٩٥١ لە شارۆچکەی (عەربەت) سلێمانی، خانەی مامۆستایانم لە ساڵی ١٩٦٧-١٩٧٠تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٩ بوومەتە ئەندامی تیپی (نواندن و مۆسیقای سلێمانی) و ئەندامی تیپی مۆسیقای (چالاکی هونەری پەروەردەیی سلێمانی)، وەک ئامێر ژەن و مامۆستایەک، لە ساڵی (١٩٧٧-١٩٧٨) و(١٩٧٨-١٩٧٩) خولی شارەزایانی مۆسیقام لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغداد بە پلەی نایابی یەکەم لەسەر ئاستی عیراق وەرگرت.**

**یەکێک بووم لە دامەزرێنەرانی بەشی مۆسیقای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی لەساڵی ١٩٨٣، هەروەها ساڵی ١٩٧٥ باش کارەساتی هەرس لەقوتابخانەی کوردی و چەند قوتابخانە یەکی تر سەرقاڵی بنیاد نانی تیپێکی مۆسیقا بووم.**

**باش ڕوداوێکی نەخوازراو گواسترامەوە بۆ چەند قوتابخانەیەکی تر بۆیە لەساڵی ١٩٧٦-١٩٧٧ تیپی مۆسیقای پیرەمێردم دامەزراندوو، کە لەسەرەتای ئەو تیپەدا منداڵانم تێدا**

فێری مۆسیقا کردووەو پاشان بووەتە تیپێکی باشی سەردەمی خۆی تا ساڵی ١٩٩١.

ساڵی ١٩٩١/ ١٩٩٢ تیپی مۆسیقای تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانم دامەزراندووە، هاندەرێکی باشی منداڵانی ئەو سەردەمە بووم چەندین کاری وەک تۆمارکردنی مۆسیقاو گۆرانی و ناساندنیان بەمۆسیقا بۆ ئەنجام داون، هەر لەو تیپەدا (تیپی مۆسیقای پیرەمێرد) بەشداری هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) هاوتا بوون، کەئێستا چەندین هونەرمەندی خاوەن ئەزموونیان تێدا هەڵکەوتووە.

هەرلەو تیپەدا زۆربەی ئامێرە مۆسیقایە جیهانیەکان وەکو ( ترامپێت ، ترمبۆن ،کۆڕنێت، سکسفۆن، ئۆبوا، کلارنێت، پیکلۆ) دەیان جۆری ئامێری تری مۆسیقا بەکار براوە، هەروەها ئەندام بووم لەتیپی مۆسیقای شۆڕش لەساڵی ١٩٧٤ بۆ ١٩٧٥.

لەساڵی ١٩٩٨ لەوڵاتی هۆڵەندا ئەندامی کارای تیپی مەڵتی کەلتووری هۆڵەندی (میودانتا) بووم دواتر ئەندامی کارای تیپی سیمفۆنی ئەپڵدۆرنی هۆڵەندی بەردەوام بووم.

ڕاهێنەری مۆسیقای تیپی هونەری میللی نەتەوەیی سلەیمانی بووم لەساڵی ٢٠٠٤ بۆ ٢٠٠٨.

خاوەنی پتر لە ١٤ کۆراڵم (گۆرانی بەکۆمەڵ)، بێجگە لە ئامێر ژەنین خاوەن چەند پەرتووکێکی تایبەت بەمۆسیقام لەوانە: فێربوونی کەمانچە، تیۆرەکانی مۆسیقا، پۆلێنکردنی پەیژەکانی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پۆلێنکردنی پەیژەکانی مۆسیقای کوردی و پەیژەکانی مۆسیقای کوردی و پەرتوکی کەمانژەن وچەندین نوسین و بابەتی دیکە بەتایبەت بەنۆتەکردنی مۆسیقا و گۆرانی کوردی لەرۆژنامەو ماڵپەڕە کوردییەکاندا,هەروەها

بەشداربووم لەهەموو بۆنەو ئاهەنگەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی لەساڵی ١٩٦٩ تا ئێستا، ، پاش ئەوەی لە شەڕی ناوخۆدا نێوان پارتی و یەکێتی، دوو قازیفە نرا بە ماڵەکەمەوە بەبێ ئەوەی لەگەڵ هیچکام لەو دوو هێزە دەست بەکار بووبم، بۆیە بۆجاری دووەم کوردستانم بەجێ هێشت هەرچەندە لە ساڵی ١٩٨٢ وە خاوەنی پەساپۆرتی عیراقی نەبووم، لەبەرئەوەی ساڵی ١٩٨٠ بەهۆی نەچونم بۆ سەربازی بۆ جاری یەکەم لەسەربازی هەڵهاتم و چومە دەرەوەی وڵات، بەڵام مەخابن کەگەڕامەوە وڵات لەلایەن ڕژێمەوە دەرهێنانی پەساپۆرتم لێ قەدەغە کرا.

بۆ جاری دووەم ساڵی ١٩٩٧ دووبارە کوردستانم بە بەساپۆرتی یاساغ بە جێ هێشت، ئێستا لەگەڵ هاوسەر و دوو کوڕ و دوو کچم دا لە هۆڵەندا دەژیم .

خاوەنی چەندین ئاوازو مۆسیقام بۆ گۆرانی بێژانی وەک : کەریم کابان،ئیبراهیم محەمەد (خەیات)، عوسمان عەلی، پەیمان عومەر،ئەسعەد قەرەداغی ، کامەران عەبدول مەجید ، عەباس محەمەد، دیاری قەرەداغی، محەمەد عەباس بارام، ،ئاڵا عومەر، ئەمەل سەعید کوردە، ئاڤان جەمال ، ئازاد خانەقینی، تارا ڕەسوڵ و ئەژدەر وەهبی و عەدنان کەریم و چەندانی تر .

چەندین کاری مۆسیقا و ئاواز دانانم بۆ دراما کوریيەکان ئەنجامداوە لەوانە دانانی ئاواز بۆ یەکەمین فلیمی سینەمایی کوردی (نێرگز بوکی کوردستان) کە مۆسیقاکەی لەوڵاتی سوید خەڵاتی باشترینی پێبەخشرا, هەروەها دراماى (ژاڵە،گوڵاڵە، چارەنوسی ئادەمیزاد، مەرگی ئەرخەوانی) و چەندانی تر، پاشان لەساڵی ٢٠٠٧ و لەرۆژی مەرگەساتی ئەنفال، لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی و پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی بەرهەمی

(کـۆتەڵی گۆڕسـتانی چراکـان)  لە هـۆنراوەی شـێرکۆ بـێکەس، کەبریتی بوو لەپێشکەش کردنـی ٥٠ دەقیقە لە موزیـک و گـۆرانی و نوانـدنی شـانۆییەکی کـۆتەڵ ئـامێز لەگەڵ تیپـی هـونەری میللـی سلێمانی بەئەنجام گەیاند.

هەر لەو وڵاتەدا سـەرقاڵی کـاری ژەنـین و بەنـۆتەکردنی ئاوازەکانی مۆسیقای کوردیم.

لە دوای ساڵەکانی ٢٠٠٤ وە لە هەوڵێ فراوان کردنی ئاستی رۆشنبیری هونەری نەتەوەکەمدا بووم بە:

١-پێناسەکردنی ئەو بیرۆکە زانستیەی کە مۆسیقای کوردی خاوەنی دوو پەیژەی مۆسیقایە :

آ- پەیژەی ڕاست . ب- پەیژەی ماجۆر(عەجەم).

پەیژەدروستکراوەکانی تری سەرپلەکانی شەشەم و سێهەم و چوارهەم و پێنجهەمی هەردوو پەیژەمۆسیقاکە.

٢-دۆزیـنەوەی یاسـای بـازنەی پێنجـی(Quint Circle) بـۆ پەیژەکـانی مۆسـیقای کـوردی لەسـەر بنەمـای داهێنـانەکەی (جـان فیلیپ رامـۆ)ی فەرەنسـی کەلە سـەدەی (حەڤدە هەم) بـۆ مۆسـیقای ئەوروپی کردی.

٣-پـۆلێنکردنی پەیژەکـانی مۆسـیقای کـوردی لەسـەر بنەمـایەکی زانسـتی و دەسـت نیشـانکردنی هەردوو پەیـژە گەورەی راسـت و عەجەم (ماجۆر) و پەیژە کانی سەر پلە دەنگیەکانی تریان.

٤- دوزینەوەی ئەرمـاتۆرا (ڕابەری پەیـژەی مۆسیقا) بـۆ مۆسـیقای کوردی و رزگار کردنی مۆسیقای کـوردی لە مێتۆدەکـانی میللەتـانی دراوسێ وەکو مێتۆدی گۆشەی فارسی و رەگەز و گـرێ ی مۆسـیقای عەرەبی تورکی.

٥- پێناسەکردنی ئەو زانستیەی کە : بچوکترین میانەی دەنگی نیو دەنگیە و ((میانەی جارە کە دەنگی بەهیچ جۆرێک کاری پێ ناکرێ، باسکردنیشی نایاساییە)) پاش ئەو بەتایبەتی لە مۆسیقای ڕۆژهەڵاتیدا میانەدەنگی سێچارک ٣/٤ دێت، پاش ئەو میانەی تەواو.



**ئێستاش وەکو یادەوەریەکانم ئەڵێم :**

**پـێش ئەوەی بچـمە دنیـای هـونەر هەر لە قوتابخـانەی سەرەتاییەوە من خولیای وەرزش بووم بەتایبەتی یاری تۆپی پێ، بەڵام ئەوساتەی کە لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم گیـانی شـاد بێـت مامۆسـتا (عـومەر عەلـی ئەمـین) مامۆسـتامان بـوو کـۆمەڵێ خوێندکاری هەڵبژارد بـۆ ڕەوتـی کەشـافە منـیش یەکێـک بـووم لـەو کەسـانە، بەڕێـزی کەسـێکی دەستنیشـان کردبـوو لەپێشـمانەوە ئەڕۆیشت و بەئامێرێکی ڕیتمـی، ڕیتمـی سـەربازی بـۆ ئەژەنـدین ، بەڵام هەستم کرد مامۆستا عومەر بەدڵـی نەبـوو، بـۆیە یەکە یەکە تاقی کردینەوە، کە سەرەی من هات و تـاقی کـردمەوە، وتـی تەواو تـۆ ڕیـتمەکە بـژەنە و منـیش زۆر دڵ خـۆش بـووم، هەمووجارێـک ستایشی ئەکردم.**

سال ١٩٦٩ دەربەندیخان

تیپی ئامانج لای راست باش دەرنەچووە بەندە ئەنوەر خەراجیانی

ئازادی خلەی عەتێ _ خوالیخۆش بوو خسرەو _ فاضیلی حاجی _ ئازاد وهاب

ملا مچە _ عرفان خەراجیانی _ نەوزاد وهاب _ مامۆستا صلاح رووف

دانیشتوەکان لای راست

حاکم عادلی حمە جوان _ عثمانی تەنەکەچی _ شەهید هیوا عبدوالغفور

دکتور فایق خەراجیانی _ بورهان خەراجیانی _ شیروانی معاون



هەر لەو ساتانەوە هەستم کرد کەتوانایەکی هونەریم تیایە، هەموجارێک کە ئەچووم بۆماڵی بابە گەورەم ، ئەچومە ژورەکەی خاڵم لەبەر ئەوەی شمشاڵێکی هەبوو، دەستم ئەکرد بە شمشاڵ ژەندن، تا وای لێ هات خاڵم شمشاڵەکەی پێ بەخشیم، لەهەمان ساتدا لەگەڵ هاوڕێیانمدا لەگەڕەکی سەرکارێز یاری تۆپی پێمان ئەکرد، تا گەیشتمە قۆناغی ناوەندی, هەر لەوساتانەدا ئاستی یاری کردنم بەرەوپێش چوو، تاوای لێهات لەگەڵ تیپە پێشکەوتوەکانی ناوشاری سلەیمانی بەتایبەتی تیپی فوتباڵی مەریوان کە یەکێک بوو لە تیپە بەناوبانگ و پێشکەوتوە کانی سلەیمانی یاری فوتباڵم ئەکرد.

ئەوەشم لە بیر نەچێت کە ئەچوین بۆ یاری کردن لە شارەکانی تر من لەگەڵ هاوەڵەکانما ئامێری شمشاڵم بۆ لی ئەدان،ئەوانیش بەچەپڵە لێدانەوە گۆرانیان ئەوت.

تا گەیشتمە قۆناغی خانەی مامۆستایان کەقوتابخانەکە کەوتبووە گەڕەکی ئیسکانی شاری سلەیمانی، ڕۆژانە لەگەڵ هاوڕێکانما لە سەرکارێزەوە بەپێ ئەڕۆیشتین بۆ ئەوێ.



هەرلە سەرەتای دەستپێکردنم بەخوێندن، بوومە یاریکەری تیپی تۆپی پێی خانەی مامۆستایان ، ڕۆڵی سەرەکیم ئەبینی لەیاری تۆپی پێی خانەی مامۆستایاندا.

ڕۆژێکیان مامۆستا سەلاح محەمەدکەریم گیانی شادو ئارام مامۆستای وەرزش و ڕابەری ئەو تیپە بوو کە من یاریم تیا ئەکرد، ئەوڕۆژە یاریمان هەبوو، پێی ڕاگەیاندین کە یاریمان لەگەڵ یانەی ئامادەیی سلەیمانی هەیە و ئەبێ سەعات چوار (٤)ی پاش نیوەڕۆ لەیاریگا ئامادەبین، منیش یەک سەعات پێشکاتی یاریەکە بە جانتاکەی کۆڵمەوە لەگەڕەکی سەرکارێزەوە بەرەو یاریگای سەرەکی سلەیمانی (مەلعەبەکە ) بەڕێکەوتم.

لەبەردەمی ئامادەیی سلەیمانی کوڕاندا ئەڕۆیشتم گوێم لە مۆسیقایەکی زۆر خۆشبوو، لەپەنجەرەی قوتابخانەکەوە سەیرم کرد گروپێکی جوان مۆسیقا ئەژەنن، زۆر لام خۆش بوو ئەوەندە سەرسامی کردم ساتەکەم لەبیر چوەوە تا ساتی پشوی ئەوان کە سەیرم کرد کاتژمێر چوارە، واتا یاریەکە دەستی پێکردووە.



بۆیە بەڕاکردن ڕامکرد ماوەیەکی ویست تا گەیشتم، کە گەیشتم سەیرم کرد یاری دەستی پێکردووە و گۆڵێکیشمان لێ کراوە،هەستم کرد مامۆستا زۆر لێم تورەیە، بۆیە داوای لێبوردنم لێکرد، مامۆستا ناردمیە ناو یاریەکە.

جێمی یەکەمی یاریەکە تەواو بوو، لەو تیپەدا من یاری کەری هێڵی بەرگری ناوەڕاست بووم و ژمارەی یاری کردنم (٥) بوو،بۆیە منیش وتم مامۆستا ناچمە بەرگری جارێ پێم خۆشە بمنێریتە پێشەوە، وامان کرد.

پاش ماوەیەک بۆم لواو بەهۆی یاریزانێکی ترەوە تۆپەکە کەوتە بەر قاچم منیش ئاڕاستەی گۆڵم کرد و بو بەگۆڵ, بوینە یەک و یەک، پاش ماوەیەکی کەم مامۆستا پێی وتم کە ئەبێ بچیتەوە هێڵی بەرگری،بۆیە چومەوە بەرگری یاریەکە بەردەوام بوو ، من لە بەرگری ناوەڕاستدا بووم.

زیاتر لە نیو کاتژمێر ڕۆیشت و هەر وەکو خۆمان بوین و یاریەکە تەنها چەند خولەکێکی مابوو،لەناکاو تۆپەکە کەوتە پێی یاری زانێکی بلیمەتی تیپی بەرامبەر کە پێ یان ئەوت (حەمە بچکۆل)، کە تا ئێستاش یاری زانێکی بەناوبانگی شاری سلەیمانییە.



تـۆپەکەی بەرەو ڕوم هێنـا ،  منـیش زۆر بەئاسـانی لـێم سـەند ، بەڵام بەداخەوە ئەو شـوتەی کەویسـتی لەتـۆپەکە بـداو مـن تۆپەکەم لەبەرقاچی لابرد، بەرقاچی من کەوت و یەکسـەر کەوتـم و بە هەڵگـرتن لەیاریگـا بردمیـانە دەرەوە، دوای ئەوە ئیتـر زۆر لەیاری دورکەوتمەوە چونکە نەم ئەتـوانی یـاری بـکەم ،مـاوەیەکی زۆر بە دارشەق گوزەرم ئەکرد.

بەڵام خۆشترین شت ئەوە یە هەموو جارێک (حەمەبچکۆل) بە قسەکردن بۆڕۆژنامەو تەلەفزیۆنەکان ئەڵـێ سـەڵاح ڕەوف ئەبـێ نانێ بخوا و نانێ بکا بەخێری من کە یـاریم پـێ تەرک کـردو بەرەو جیهانی هونەر بەتایبەتی مۆسیقا ڕۆیشت.

ساڵی (١٩٦٨– ١٩٦٩) لە پۆلی دووەمی خـانەی مامۆسـتایان ئاشنایەتیم لەگەڵ مامۆستا (عوسمان مـحەمەد ئەمـین – عوسـمانی چەلۆ) پەیداکرد بەهۆی ئەوەی ڕۆژێک لە قوتابخانە کەمانچەی بـۆ ژەندین، هەرچەندە ئەو ساڵێک پێش  من بوو واتا ئەو لەپۆلی سێ بـوو، منـیش خـۆم لـێ نزیـک کـردەوەو ئاشـنایەتیم لەگەڵ پەیـدا کرد،پاش  وتووێژێکی زۆر  پێی وتم گەر پێتخۆشە فێری کەمـانچە بیـت، کەمـانچەیەک بکـڕە مـن هاوکاریـت ئەکەم،زۆرم پێخـۆش بوو،ئیتر ئەو خولیایە کەوتە سەرم، ڕۆژێک لە جـادەی ئەسـحابە سـپی کە دوکـانی باوکیشـم لەو نـاوچەیە بـوو، سـەیرم کـرد لە جامخـانەی دوکانێکـدا کەمـانچەیەک نمـایش کـراوە، چـومە ژوری دوکـانەکە سـەیرمکرد خـاوەن دوکـانەکە مامۆسـتا (عـومەر عەلـی ئەمین) بوو کە مامۆستای خۆم بوو لە قۆنـاغی سـەرەتایی،بەهۆی ئەوەوە خولیـای هـونەر کەوتە سـەرم, وتـی سـەڵاح وەرە ژورێ، چـــومە ژورەوە و لـــێم پرســـی، مامۆســـتا ئەو کەمـــانچەیە بـــۆ فرۆشـتنە...؟  وتـی بەڵـێ  و نـرخەکەی ١٠ دینـارە بەڵام بۆتـۆ جیـاوازە، زۆر دڵ خـۆش بـووم ، پـێم ووت بەداخەوە مـن نـاتوانم هەموی بەسەریەکەوە بدەم، ئەویش پێکەنی وتی ئەی نەموت بۆتـۆ

جیاوازە،یەکسەر کەمانچەکەی بۆ پێچامەوە، منیش وتم مامۆستا گیان دوایی دێمەوە خزمەتتان و کەمانچەکە ئەبەم، وتی باشە، من بیرم لەوە کردەوە کە ڕۆژانەی خەرجی من ٥٠ فلسە و بەو جۆرە ناتوانم بیکەم بە قست، ئەوەم هاتەوە خەیاڵ کە باوکم زۆر هەوڵی ئەدا کە ڕۆژانە پاش قوتابخانە بچمە دوکانەکەی و کاری لەگەڵ بکەم، بۆیە چوم بۆلای باوکم کە دوکانەکەی لەوێ وە زۆر نزیک بوو، وتم باوکە ئەگەر پاش نیوەڕوان بێم کاربکەم لەدوکان، ڕۆژانەکەم بۆ ئەکەیت بە (١٠٠ فلس)،باوکم پێ کەنی وتی سەڵاح چی یە پێویستت بەپارەیە، وتم نا بڕوابکە حەز ئەکەم کاربکەم،(لەبەر ئەوەی ئەو مۆسیقای بەحەرام ئەزانی)، بۆیە نەمتوانی ڕاستیەکەی پێ بڵێم، وتی باشە وا کردم بە ١٠٠ فلس،خۆم خاوەنی دوو دینار بووم، هەردوو دینارەکەم لەخاڵەکانم وەکو جەژنانە وەر گرتبوو،یەک سەر چوم بۆلای مامۆستا عومەر و هەردوو دینارەکەم دایەو وتم ئەوی تری حەفتەی نیوو دینارت بۆ ئەهێنم، وتی زۆر باشە بەوجۆرە حەفتانە پارەکەم بۆ ئەبرد .



بالەبیرم نەچێ کۆتا جار کەچوم ٥٠٠ فلسەکەی بۆبەرم لێی وەرنەگرتم وتی ئەوەی هەفتەی تریشت کە هەفتەی کۆتاییە، لێ وەرناگرم و دیاری خۆمە بۆت، زۆر دڵخۆش بووم.

هەر لەسەرەتاوە کە کەمانچەکەم کڕی چوم بۆلای کاک عوسمان محەمەد ئەمین کەمانچەکەم پیشاندا (لەماڵی خۆیان) لەگەڕەکی کانێسکان، لای مزگەوتی قامیشان، زۆر لای باشبوو، هەر لەوساتەوە وانەی فێرکردنی کەمانچەی پێ وتم، زۆر بەخێرایی و لەماوەیەکی کەمدا گەیشتمە ئاستێکی باش.

بۆیە مامۆستا (عوسمان محەمەد) پێی وتم ئەی بۆ نەتبەم بۆلای مامۆستا ((ولیەم یۆحەننا)) ی مامۆستای خۆم ، منیش وتم زۆر باشە، ڕۆژێک خۆی چوو بوو بۆلای مامۆستا ولیەم و باسی بابەتەکەی بۆ کردبوو، ئەویش ساتی بۆ دانام کەبچم بۆلای.

سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٦٨ بوو چوم بۆلای، تاقیکردمەوە و وتی زۆر باشە من هەر وانەیەکت پێ ئەڵێم بە نیودینار ( ٥٠٠ فلس )، منیش وتم زۆر باشە، چونکە من لەساتی کەمانچە کڕینەکەمەوە هەرلای باوکم کارم ئەکرد، لام گرنگ نەبوو حەفتانە ئەو پارەیەش بدەم.

زۆر بەباشی پەروەردەی کردم، لەماوەیەکی کەمدا پەرتوکی (ڕۆلاند) ی پێتەواو کردم وگەیانمەیە پەرتوکی (سەفچیک),جارێک مامۆستا ولیەم نۆتەی ئاوازێکی خۆی دامێ وتی هەفتەی داهاتو گوێت لێ ئەگرم. حەفتەی داهاتوو کە چومەوە بۆلای مامۆستا ولیەم مۆسیقاکەم بۆژەند بەبێ ئەوەی نۆتەکە دابنێم، وتی کوا نۆتەکە، وتم مامۆستا لەبەرمە وتی نا، نامەوێ بێ نۆتە گوێت لێ بگرم، منیش نۆتەکەم دانا و دووبارە مۆسیقاکەم ژەندەوە،وتی ئەی ئافەرین , چوو بەرەو ژورێکی تر کە ئەو ساتانە ماڵەکەیان بەرامبەری ئامادەیی سلەیمانی کوڕان بوو،بەرامبەری ئەو پەنجەرەیەی کە من بۆیەکەم جار گوێم لەتیپی مۆسیقای سلەیمانی

گرت و خولیـای کەمـان ژەنـین چـووە مێشکم،پاش مـاوەیەکی کەم مامۆستا گەڕایەوە قوتویەکی بەدەستەوە بوو، وتی ئەوە بۆتـۆ...' بیکەرەوە ئەیزانی چییە،منیش قوتوە کەم کردەوە سەیرم کرد چەند نیودیناریم دابوو بە مامۆستا هەموی تیـابوو، زۆر هەوڵـم دا وەری نەگرم بەڵام ئەو وتـی تـۆ شایسـتەی لـەوە زیـاتری و گەر ئەتـوانی سـبەی وەرە بـۆ بارەگـای تیپـی مۆسـیقای سـلیمەنی لە بینـاکەی تۆفیق قەزاز.



ئەوساتانە تیپی مۆسیقای سلەیمانی، ناوی (تیپی نواندن و مۆسیقای سلیمانی) بوو، ئەم ڕوداوە لەو ساتانەدا ڕویدا که چومە پۆلی سێی خانەی مامۆستایان، مامۆستا (ئەنوەر قەرەداخی) بوو بە وانە بێژی مۆسیقا لە خانەی مامۆستایان.

بالەبیرم نەچێ لەوساتانەدا کەسەرەتای دەستپێکردنم بوو بەئامێری کەمان لە کۆتایی پۆلی دووی خانەی مامۆستایان، هەر ئەوساڵە قوتابیەکی ترلە پۆلە کەماندا بوو، بەناوی (دلێر ئیبراهیم)، لەوەئەچو حەزی لە مۆسیقا بێت، هاتەلام و پێی وتم تۆ چۆن فێری مۆسیقا بویت، منیش بۆم باسکرد.....

وتی منیش کەمانچەیەکم هەیە ئەمەوێ فێربم ، بەڵام لەوە ئەچوو توانای نەبێت لای مامۆستا ولیەم وانەی مۆسیقا بخوێنێ، بۆیە من ڕێگەم پێ دا حەفتانە بێتە ماڵمان و ئەو وانانەی لە مامۆستا ولیەمەوە فێربووم بەوی بڵێم، بۆیە حەفتانە ئەهات بۆماڵی ئێمەو منیش بەپێی توانای خۆم وانەکانم پێ ئەوت و هەندێ جاریش هاوکاریم ئەکرد بە کڕینی ژێ (وتر) بۆ کەمانچەکەی ،جونکه ئەمزانی توانای کڕینی ژێکانی کەمانچەکەی نییە، بەردەوام بوم لەگەڵی تا ناوی سەربازیمان هاتەوە.

لەخانەی مامۆستایان مامۆستا (ئەنوەرقەرەداخی) کەئەهاتە پۆل لەلامان کەمانچەیەکی زۆر پڕ چێژی بۆ ئەژەندین، زۆر چێژم لێ وەرئەگرت کە ئەڕۆشتمەوە ماڵەوە خولیای ئەوەم بوو کەلاسایی پل و پەنجەی بکەمەوە، ڕۆژێکیان لە هۆڵی قوتابخانە من و چەند خوێندکارێکی تر کە هاوڕێی خۆم بوون (نامدار قەرەداخی، حەمە سەعید، دلێر ئیبراهیم، کەسێکی تر ناوەکەیم لە بیرنییە ) کۆی کردینەوە لەبەر ئەوەی هەمومان فێرخوازی ئامێری کەمان بووین ، ویستی گوێمان لێ بگرێ، پاش گوێ گرتنی لێمان، وتی دەستان خۆش، لەداهاتودا هەوڵ ئەدەین بەیەکەوە کار بکەین و لەوساتانەدا زەنگی چونە ژورەوە لێی داو

هەریە کەمــان بەرەو پــۆلـەکەی خۆمــان چــویین، بەڵام مامۆســتا ئەنوەر لەدواوە شانی گرتم وتی تۆ مەڕۆ کارم پێتە.........'

وتــم بەڵــێ مامۆسـتا ، وتــی ئەم پـاش نیـوەڕۆیە وەر بـۆ بارەگای تیپی مۆسیقای سلـەیمانی لە بینـاکەی تۆفیـق قەزاز، وتـم بەسـەر چـاو مامۆستا ، ئەزانـی مامۆسـتا (ولـیەم یۆحەنـا) یـش (دوێنـێ) پێـی وتـم ، ئیتـر لەو سـاتەوە مـن چـومە تیپـی مۆسـیقای سلەیمانی وەک کەمان ژەنێک.

بەردەوام بــووم ئاشــنایەتیم لەگەڵ مامۆســتایانی چــالاکی قوتـابخـانەکـان پەیـدا کـرد هەرچەنـدە هێشـتا قوتـابخـانەم تەواو نەکردبـــوو, بەڵام خـــۆم زۆر ســـەرقاڵ کردبـــوو، لەبەر ئەوەی خولیایەکی گەورەم لادرووست بـوو کە ببمە کەمـان ژەنیکـی بـاش، بۆیە زۆربەی کاتەکانی ڕۆژانەی خۆم دانابوو بۆ پرۆڤەکردن لەسەر ئامێری کەمان، هەرچەندە ئەوپەرتوکانەی لامان بوون بۆ فێربـوون زۆر کەم بوون، بەڵام بوو بوونە فێرگەیەکی باش وجێگـای خۆیـان بە فراوانی لە پرۆڤەکردنی من دا کردبوەوە.



ساڵی ١٩٧٠ کە خانەی مامۆستایانم تەواو کرد، ڕۆژانە ئەچوم بۆ چالاکی قوتابخانەکان کە ئەوسا لە بینای خانەی قوتابیان (دار الطلبة ) بوو لە شەقامی ( برایم پاشا) و ئێوارانیش بۆ تیپی نواندن و مۆسیقای سلەیمانی،دلێر ئیبراهیم وەکو فێرخوازێکی مۆسیقا هەموو هەفتەیەک ئەهات بۆلام بۆ وانەی تازە،بەردەوام بوو تا ناوی سەربازیمان هاتەوە، لە هەموو جالاکیە هونەریەکاندا بەشداریم ئەکرد تەنانەت لەسەرەتای ڕێککەوتنی کورد و بەغداد لە ١١ ئازاری ١٩٧٠ بەشداری ئەو میهرەجانە گەورەیەی تیپی مۆسیقای سلێمانیم کرد کە لە هۆڵی (خولد ) کرا.

هەر ئەو ساتە تیپی نواندن مۆڵەتی وەکو (تیپی نواندنی سلەیمانی) وەرگرت، تیپی مۆسیقای سلەیمانی بەتەنها وەکو تیپی مۆسیقای سلەیمانی مایەوە و ساڵی ١٩٧٣ مۆڵەتی تیپی مۆسیقای سلەیمانی وەرگیرا،لە سەرەتای ساڵی ١٩٧١ مامۆستا ئەنوەر قەرەداخی گوێزرایەوە بۆ چالاکی هونەری زانکۆی سلەیمانی، داوای لە منیش کرد سەردانیان بکەم منیش زو زو ئەچوم و هاوکاریم ئەکردن و بەشداری کۆنسێرتە کانیانم ئەکرد،ئامێری کەمانچەم ئەژەنی.



ئەوەی نامۆ بو بۆ من، پاش ماوەیەک مامۆستا ئەنوەر لە بەغداد ئامێری ڤیۆلای کڕی بوو بۆ زانکۆ، داوای لە من کرد کە لە کۆنسێرتە کانیانا هەروەها لە میهرە جانەکانی زانکۆدا ئامێری ڤیۆلا بژەنم.

دێتە یادم فیستڤاڵێکی گەورەی زانکۆکان کە لە شاری بەسرە سازدرا، منیش لەگەڵ زانکۆی سلەیمانی وەک کەمان ژەن و ڤیۆلا ژەن لەگروپە گەورەکەداو، هەروەها وەکو ویڵن (کەمانچەی کوردیم – جۆزە) م لە تیپە میللیەکەدا ژەنی، فیستڤاڵەکە زۆر سەرکەوتوبوو، گۆرانی بێژان (عوسمان عەلی) و (کەریم خەمزەیی) و چەند گۆرانی بێژێکی تریش بەشداریان تیاکرد، لەفیستڤاڵە کانی تیپی مۆسیقای سلەیمانی و زانکۆی سلەیمانی من چەند جۆرێک ئامێری مۆسیقام ئەژەند لەوانە ئامێری کەمانچە و هەندێ جاریش لەبەر پێویستی ئامێری ڤیۆلام ئەژەند، هەروەها ئامێری کەمانچەش(جۆزە) کە ئامێرێکی نوێ بوو لەمۆسیقای کوردیدا بەتایبەتی لەشاری سلەیمانی.

سالی ١٩٧٢ ناوی سەربازیم هاتەوە، لەبەر ئەوەی خاڵم ئەفسەر بوو، بۆیە زۆر یارمەتیان دام، نەقڵی سەربازگەی کەرکوک (کتیبة مخابرات کرکوک) کرام.



لە گەڵ هونەرمەند شەوکەت ڕەشید هەر لە سەربازگە،چەند فیستڤاڵێکی مۆسیقامان کرد، چونکە بەڕێزی لەگەڵ تیپی جوق مۆسیقای سەربازگە وەک ئەفسەرکاری ئەکرد ، هەر بەهۆی بەڕێزیەوە ئاشنایم لەگەڵ ئەندامانی تیپی مۆسیقای سۆلاڤ لە شاری کەرکوک پەیدا کرد،کاری کەمان ژەنینم لەگەڵ ئەنجام دان,هەروەها جارێک بەڕێزی بردمی بۆ کۆیە و ئاشنایەتیم لەگەڵ بەڕێزان ئەندامانی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە پەیداکرد, هەر بەهۆی بەڕێز شەوکەت ڕەشیدە وە لە شاری کەرکوک چەندین ئاهەنگی هونەریمان گێڕا, بەڵام پاش چەند مانگێک بەهاوکاری خاڵم من گوێزرامەوە بۆخەستەخانەی سەربازگەی سلەیمانی ، وەکو کارمەندی نوسینگەی خەستەخانەی سەربازگەی سلەیمانی بەردەوام بووم ، بۆیە ڕۆژانە پاش تەواوبونی کاتی فەرمی کارەکەم ئەچوم بۆ تیپی مۆسیقای سلەیمانی یان چالاکی قوتابخانەکان یان چالاکی هونەری زانکۆ، هەر لەو سەردەمانەدا داوام لێکرا کە بەشداربم لە تۆمارکردنی سرودی زانکۆی سلەیمانی کە ئاوازی گیانی شاد هونەرمەندی پایەبەرز (شەماڵ سائیب) و هۆنراوەی (شێرکۆ بێکەس) گیانی شاد بێ بوو، بۆیە منیش لەگەڵ جەند هاوەڵێکی هونەرمەندما بەشداری ئەو تۆمارکردنەم کرد.



ئەوساتانە هونەرمەندێکی بەناوبانگی میسری (عەبدولعزیز شعلان ) فەرمانبەر بوو لەزانکۆی سلەیمانی، کەسێکی بلیمەت بوو لەبواری تیۆری و هارمۆنی مۆسیقا، بەتایبەتی (هارمۆنی) بۆیە زۆو ئاشنایم لە گەڵ پەیداکرد، پتر لەساڵێک هەفتەی چەندرۆژێک ئەچوم بۆ ماڵیان، لەوێ وانەی هارمۆنی پێ ئەوتم،کەڵکێکی زۆرم لێ وەرگرت،وەکو کۆنسەرفەتوارێک وابوو بۆم، هەر ئەو ڕێنمایانەی ئەو بوو ،کەوای لێ کردم بە شێوەیەکی زانستی هارمۆنی کارە مۆسیقایەکانی خۆم بکەم،چەند پەرتوکێکی هونەری هارمۆنی پێشکەش کردم.

بەردەوام بووم تا سەربازیم تەواو کرد، و پاش چەند مانگێکیک فەرمانی دامەزراندنم وەرگرت بەڵام لەدێیەکی ناوچەی قەڵادزێ، بەناوی (گرتک).

مامۆستا جەلال عەزیز وتی بچۆ، من لە هەوڵدام بۆگەڕاندنەوەت بۆ سلەیمانی، منیش چوم و یەک مانگ لەوێ بووم سەرپەرشتیاری پەروەردە هات، کەبینیمی وتی تۆنابێ لەم دێ یە بێت بۆیە بە فەرمانی خۆی منی ناردە یەکێ لە قوتابخانە کانی شاری قەڵادزێ، هەرلەوێ لەگەڵ هونەرمەندان و مامۆستایانی هونەر لەوشارە لە هەوڵی برەودان بەکارە هونەریەکانم بووم.



سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ بوو من بۆ ئەنجامدانی هاوسەر گیری کە لە ڕۆژی ( ٣١–١–١٩٧٤) بەئەنجـــامم گەیانـــد ،بەڵام بەداخەوە بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی بەیانی ١١ ئازاری ١٩٧٠ بەهۆی بارودۆخی ڕامیاریەوە گەڕانەوە بۆ شوێنەکانی خۆمان ئەستەم بوو.

مامۆستا جەلال عەزیز لای بەڕێوەبەری پەروەردە فەرمـانی گەڕانەوەمی دەرکـرد بـۆ سلـەیمانی، لە قوتابخـانەی سەرشـەقام و قوتابخانەی کوردی و چەند قوتابخانەیەکی تر دەستم کرد بە دەوام و لەگەڵ تیپـی مۆسـیقای سـلـەیمانی و چـالاکی قوتابخانەکـان و چالاکی هونەری زانکۆی سلەیمانی بەردەوام بووم.

هەر لەو ڕۆژانەدا، دووئەنـدامی تیپـی مۆسیقای سلـەیمانی مامۆستا ( ئەنوەر قەرەداخی و فەرەیدون دارتـاش) هـاتن بـۆلام بـۆ ماڵەوە،ماڵمـان لەگەڕەکـی سـەرکارێز بـوو، پێیـان ووتـم کە نـاوم هەیە لەو دە (١٠) کەسەی کە ئەبێ بەشداری شۆڕشی ئەیلـول سـاڵی ١٩٧٤ بکەین ، منـیش پـێم وتـن مـن ئەشـێ ڕاو بۆچـونی خێـزانەکەم وەرگـرم، لەبەرئەوەی مـن تـازە هاوسـەر گیـریم کـردووە، وتیـان باشە، کە بە باوکم وخێزانە کەم ووت، وتیان خۆت چـۆن بەباشـی ئەزانـی وا بکە،منـیش بڕیـارم دا بچـم لەگەڵیـان وەڵامـی ئەرێنـیم دانەوە، ئەوانیش ڕۆژێکیـان دەست نیشـان کـرد کە لە شـارۆچکەی مـاوەت یەک ببینـین، لەو سـاتانەدا (دلێـر) کە مامۆسـتا بـوو لە دەرەوەی شار، لەناوچەی مەرگە، بەهۆی دەستپێکردنەوەی شۆڕش ئەویـــش گەڕابـــوەوە ســـلـەیمانی و نەیتـــوانی بـــوو بچێـــتەوە قوتابخـانەکەی، هات بۆلام و ویستی سـەرلەنوێ وانەی کەمـانچەی پێ بڵێم، منیش بابەتەکەم بۆ باسکرد، وتم ببورە چەنـد ناوێـک لە ئەنـدامانی تیپـی مۆسیقای سلـەیمانی دەستنیشـان کـراون، ئەبـێ بەشدار بین لە شۆڕشی ئەیلول ساڵی ١٩٧٤، لەبەرئەوە من نـاتوانم لەگەڵت بەردەوام بم، وتی دەباشە منیش دێم لەگەڵت، منیش وتـم ببورە ، ناوەکـان دەستنیشـان کـراون ، ئەشـێ لەو نـاوانە بیـت کە

ئەندامی تیپی مۆسیقای سلەیمانین،تۆش ئەندامی تیپی مۆسیقای سلەیمانی نیت، وتی دەباشە هەردێم لەگەڵت تا ناوچەی ماوەت چونکە (ئاراس) ی برام لەوناوچانە پێشمەرگەیە وتم باشە,((ئەوەشم لەبیر نەچێت کە (ئاراس) ی براشی ئەو ساتانە ئەهات بۆلام بۆ وانەی کەمانچە فێربوون)).

ڕۆژی ١٩-٤-١٩٧٤ بەڕێ کەوتین بەپێ بەرەو ناوچەی چوارتا ، کە گەیشتینە ناوچەی چوارتا ناسیاوێک پێی وتم هەردوێنی برادەرانی تیپی مۆسیقای سلەیمانی بەرەو شارۆچکەی ماوەت بەڕێکەوتن.

بۆیە ئێمەش پاش پشویەکی بچووک، بەڕێکەوتین بەرەو شارۆچکەی ماوەت، هەستم ئەکرد دۆخەکە سات بەسات بەرەو ئالۆز تر ئەچێ، بۆیە هەوڵماندا تۆزێ خێراتر بڕۆیین، بەڕێکەوتین پاشماوەیەک شەومان بەسەردا هات و لەبن دارۆچکەیەکدا لێی پاڵ کەوتین تا بەیانی، بۆ ڕۆژی دوایی کە گەیشتینە ماوەت، لەوێ پێیان وتین کە هەر ئەمڕۆ هاوڕێیانمان بەرەو شاری قەڵادزێ بەڕێکەوتوون، ئێمەش ئەوڕۆژە لەوێ ماینەوەو بۆ سبەی بەرەو قەڵادزێ بەڕێ کەوتین، ئەمجارە زۆرمان پێچوو، چونکە بەپێ ئەڕۆیشتین و شاخ و داخی زۆر تیابوو، ئەبوایە دوای کۆمەڵێکی خەڵکانی تر بکەوتینایە،بەچەندڕۆژێک (٢٣-٤-١٩٧٤) گەیشتینە قەڵادزێ ئەوشوێنەم بیرکەوتەوە کە خۆم مامۆستا بوم لێی، ئاشنا بومەوە بەچەند کەسێکی ناسیاوی تر، هەرئەوان جێگەی چەن هاوڕێ یەکیان پێ وتین، کە ئەندامانی تیپی مۆسیقای سلەیمانی بوون،لەوانە مامۆستا (فەرید عیسا) و مامۆستا (فەرەنسیس داود) و براکەی، چوینەلایان و وتیان با پەلەکەین بڕۆین چونکە برادەرانی تر بەڕێکەوتون و ئەبێ ئێمەش بیان گەینێ.

بەرەبەیـــانی ( ٢٤-٤-١٩٧٤ ) بەپەلە لەقەڵادزێ دەرچـــوین باش چەند کات ژمێرێک بەڕێوە بوین، گوێمـان لە زرمەی تـۆپ و تەیـارەو قەسـف کـردن بـوو، دوای زانیمـان کە قەڵادزێ بۆردومـان کراوە، ئـێمە تـا توانیمـان خێـرا تـر ئەڕۆشـتین، لە ڕێگـا چاومـان بەچەند برادەرێکی تـری تیـپ کەوت، لەوانە (کـاک جەمـال شـادان و کـاک حسـەین جومبـوش گیـانی شـاد بێـت) و هەمومـان بەیەکەوە بەرەو شارۆچکەی حاجی هۆمەران بەرێکەوتـین، پـاش سێ (٣) ڕۆژ گەیشـتین و برادەرانـی ترمـان بینـی، لە حـاجی هـۆمەران، هەر لەومـاوەیە شـدا، بـاوکم سـەردانی کـردم لەوێ، ویسـتی لەگەڵـی بگەڕێـمەوە منـیش بەقسـەم نەکـرد و خـۆی گەڕایەوە، لەبەر ئەوە پـاش یەک دوو مانـگ هەمـوو خـانەوادەکەم بەهـۆی بـارودۆخی نائارامیان ئاوارەی ناوچەکانی سەرپێڵی زەهاو لە ئێران بوون.

بارەگاکەمان گواسترایەوە بۆدێی (وەسان) لەهەمـان نـاوچە کە نزیکی مەڵبەندی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بوو.

تیپـی مۆسـیقای شـۆڕش پێـک هـاتبو لە ئەنـدامانی تیپـی مۆسیقای سلەیمانی و تیپی باوەجی کۆیەو تیپی هونەری هەولێر و جەند ئامێرژەنێک و دەنگ بێژێک لە ناوچەی دهۆک و زاخۆ.



(دلێر) لەوێ شوێنی براکەی دۆزیەوە، بەڵام لە گەڵ ئێمە مایەوە، منیش کەمانجە کەی خۆمم دایە چونکە کەمانچە یەکم لە مامۆستا ئەنوەرقەراخی کڕی بوو بە (٢٥) دیناری ئەوساتانە لەبەر ئەوەی کەمانچەیەکی زۆر نازدار بوو.

تیپێکی زۆر جوان دروست کرا، بەڵام بەداخەوە پاش مانگێک هەندێ لە ئەندامانی تیپی مۆسیقای سلەیمانی گەڕانەوە بۆ ناوشار، بەتایبەتی یەکێک لەو کەسانەی هاتەماڵم و وەکو کابرایەکی سیاسی داوای لێ کردم که بەشداری شۆڕش بکەم لەگەڵ ئەو چەند ئەندامانەی تیپ، کەناوەکانیانم هەر لایە ئێستاش.

هەر لەو ساتەدا هەندێ لە هەلپەرستەکان ئاماژە یان بۆ هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری نوێی تیپەکە کرد (تیپی مۆسیقای شۆڕش)، کە زۆر بەداخ بووم کە وای کرد مامۆستا (ئەنوەر قەرەداخی) لێمان دور کەوێتەوە.

هەروەها لەسەر داوای هونەرمەندی ئازیز مامۆستا وریا ئەحمەد گۆرانیەکم بۆ گۆرانی بێژو هونەرمەند (ئیبراهیم سابیر) ئامادەکرد و تۆمارمان کرد، بە دەستەی بەڕێوەبەری نوێی تیپی مۆسیقای شۆڕش دەستمان کرد بەکارکردن و سرود تۆمارکردن.



لەو ساتانەدا گۆرانی زۆر باشمان تۆمارکرد، دێتەوە یادم کاک (کەریم کابان) هات بۆلامان، لەسەر بڕیاری برادەران من دوو گۆرانی کە ئاوازی خۆی بون ، نۆتەکانیم نوسیەوە و بۆم ئامادە کرد و تۆمارمان کرد.

بەڵام بەداخەوە کە گەڕاینەوە هەردوو گۆرانیەکە بەناوی ئامادە کەرانی تربڵاو کرایەوە، منیش لەبەر ئەوەی لەڕاستیدا ، زۆر بایەخ بەکاری ئامادەکردن نادەم و بەکاری خۆمیان نازانم، بۆیە زۆر گویم پێ نەدا، تاڕاستیەکان خۆیان درکاند.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٤ بڕیاردرا کە لە کەمپی ئاوارە کوردەکان لەسەرانسەری ئێراندا، کۆنسێرتیان بۆ بکەین، بۆیە داوامان لە مامۆستا (ئەنوەر قەرەداخی) کرد ، کە لەگەڵ خانەوادەکەی لەشارێکی ناو ئێران ئەژیان، تا هاوکاری تیپەکە بکا بۆ گێڕانی ئەو ئاهەنگانە، ئەویش هاتەوە لامان دەست کرا بە کۆنسێرت کردن لە زۆربەی کەمپی ئاوارە کوردەکانی ناو شارەکانی ولاتی ئێران، هەر لەو کۆنسێرتانەدا کە لە کەمپەکوردیەکانی ئێران بە ئەنجاممان دا، کۆنسێرتێکیشمان بۆ هونەرمەند (عوسمان عەلی) گیانی شاد بێ سازدا، کۆنسێرتێکی زۆر سەرکەوتوبوو.



لەوساتانەدا سەرەتای فێربوونی ئاواز دانانم بوو بۆیە هەر لەوێ دووپارچە مۆسیقام بەناوی (تانجەرۆ) و (لاوک)م نوسی و لەگەڵ هەندێ ژەنیاری مۆسیقادا، تۆمارمان کرد.

بەداخەوە لە سەرەتای مانگی آذار/ ساڵی ١٩٧٥، بە ڕێکەوتنی نێوان عێراق و ئێران (هەرەسی شۆڕش) بڵاوکرایەوە و هەمووومان گەڕاینەوە شارو شوێن نیشتەجێ بونی خۆمان، منیش زۆر نزیک بوم لە شوێنی نیشتەجێی خێزانەکەم بۆیە ڕوم کردە لای ئەوان و بەیەکەوە گەڕاینەوە شاری سلەیمانی، زۆربەداخەوە سەرانسەری ساڵێکی تەواو، لەژیانمان بەفیرۆ چوو.

دوای چەند ڕۆژێک گەڕامەوە چالاکی قوتابخانەکان و مامۆستا جەلال عەزیز (گیانی شاد) چەند قوتابخانەیەکی بۆ دەستنیشان کردم ، لەوانە قوتابخانەی کوردی و قوتابخانەیەکی کیژانی (نزار) کە بەرامبەری قوتابخانەی کوردی بوو، لەگەڵ قوتابخانەی سەرشەقام، تەنها وانەی سرود و گۆرانیم ئەوتەوە.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٥ وە بەگوڕو تینێکی گەورەوە هەوڵی دروستکردنی تیپێکی مۆسیقام دا، پرسم بەمامۆستا جەلال عەزیز کرد، وتی دروستی کە چیت پێویست بوو هاوکاریت ئەکەین.



هەرلەو ساتانەشــدا بــوو بــۆیەکەم جارئـــاوازێکم بــۆ هونەرمەندی خۆشەویست (ئیبراهیم خەیات) گیانی شاد دانا، بەڵام لەبەر ئەوەی، ئەوە یەکەم کاری ئاواز دانـانی من بوو بۆ گۆرانی بێژان،زۆر لەوبارەیەدا کارم نەکردبوو بۆیە هەستم کرد ئـاوازەکە پێویستی بەچاکسازی تر هەیە، منیش لەدوای ئەوکارەوە هەوڵـم دا زۆر زیاتر بەناخی هۆنراوەکاندا بچم تا مانـای تەواوی هـۆنراوەکە لە مێشکما بچەسپی، ئەوسا هەوڵی بەئاوازکردنی بدەم.



هەر ئەو ساڵە لە قوتابخـانەی کوردی دەستم کرد بەوانە وتنەوە و خوێندکاری زۆر بەتواناو خاوەن بەهـرە لام ئاشکرا بوو کە تا ئێستاش لە بواری هونەری کوردیدا ناوبـانگێکی شایستەیان هەیە و هەر بەهــۆی ئەوانەوە، دوو ئــۆپەرێتی زۆر چاکمـــان لە فیستڤاڵی چالاکی قوتابخانە کاندا بەبەشداری کۆمەڵێ خوێـندکاری هەردوو قوتابخـانەی کوردی کـوڕان و نـزاری کچـان پێشکەش کرد یەکێکیان بە ناوی ((نەوەی شۆڕش)) لە نوسینی مامۆستا (عەبـدوڵا میـدیا) گیـانی شـاد و ئەوی تریـان ((کەژاوەی مێـژوو)) نوسـینی

(دڵشاد مەریوانی) گیانی شاد بوو،کە پلەی یەکەمیان لەسەر ئاستی سلەیمانی وەرگرت، و تۆماریشمان کرد بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک، بەڵام بەداخەوە تەنها چەندجارێک نمایش کران، لە هاوینی ساڵی (١٩٧٥–١٩٧٦) کە خەریکی کاری هونەری وفێرکردنی گوروپێکی بەتوانا لەفێربونی ئامێرە مۆسیقایەکاندا بووم،کە جەندین خاوەنی بەهرەی زۆرو بەتوانایان تیابوو.

بەداخەوە کارە ساتێک روی دا کە وای لێ کردم بچمە لای مامۆستا جەلال عەزیزو کارەساتەکەی بۆ بگێڕمەوە،پاش ئەوەی کە بەڕێزی لە تێزی ڕوداوەکە تێگەیشت ، زۆر بە بەرپرسیارێ تیەوە وتی مەچۆرەوە ئەو قوتابخانەیە ، هەرچەندە بەهۆی ئەو کارەساتەوە لەلایەن سەرپەرشتیارێکی پەروەردەوە (پێویست نیە ناوی بەرم) نوسراوێکی هۆشیارکردنەوەیان بۆناردم کە گوایا من سەرپێچیم کردوە لە بەردەوام بونم لە قوتابخانەی کوردی، چەند مانگێکیان بە نەهاتوو بۆ هەژمار کردبووم، منیش نوسراوەکەم برد بۆلای مامۆستا (جەلال عەزیز)، ئەویش بە زانایيەکەی خۆی هەموی چارەسەرکرد و هەڵی وەشاندوە، بۆیە چەند قوتابخانەیەکی تری بۆ دەستیشان کردم، لەوانە قوتابخانەی سەرشەقام و پیرەمێرد و مەحوی و خاتوزینی کچان بوو، کە دووبارە دەیان بەهرەمەندو پڕتوانای هونەریان تیابوو.



سەرلەنوێ دەستم کردەوە بەهەمان خولیاو توانای خۆم لە پێگەیانـــدنی ڕۆڵەکـــانی نەتەوەکەم بـــۆ فێربـــوونی ئـــامێرە مۆسیقایەکـــــان، بەڵام ئەمجارەیـــان زۆر بـــرەوم بە دووخـــاڵی سەرەکی دا :

١-بەشـــداری فێربـــوونی کچـــان لەگەڵ کوڕانـــدا بەهەمـــان شێوە، بـۆ دوورکەوتـنەوە لەو بیـرۆکەیەی کە میللەتەکەمـان دوای کەوتبـوو، کە گوایـا ڕەگەزی (مێیـنە) ناشـێ لە هـونەر بەتـایبەتی (مۆسیقا) نزیک بکەوێتەوە، بـۆیە بەهەوڵ و کۆششی خـۆم لەگەڵ خانەوادەی کیژاندا ئەو بیرۆکەیە مان پوچەڵ کردەوە .

٢- بەکـــار هێنـــانی ئـــامێرە فـــووداره جیهانیەکـــان کە لەسەرانسەری تیپە ئۆرکسترا جیهانیەکاندا ئەژەنران.

هەر بـــــۆ ئەومەبەســــــتە لەلایەن مامۆســــــتا (جەلال عەزیز)ومامۆسـتا (ولـیەم یۆحەننـا) ئەو ئـامێرە هەواییانەمـان بـۆ دەستەبەرکرا، بۆیە منیش لە هەمووڵایەکەوە لەهەوڵی ئەوەدابـووم کە تیۆری فێربوونی ئەو ئامێرانە پەیدا بکەم و خوێندکارەکانمی پێ فێری ئەو ئامێرە نوێیانە بکەم .



لێرەدا بەگرنگی ئەزانم کە یادەوەری فێرخوازێکی ئەو سەردەمە (ساڵی ١٩٧٥) تان پێ ئاشنا بکەم کە لە نزیکەوە لەقوتابخانەی کوردی لەگەڵم بوو:

شەیدا مامەلی:



مامۆستا سەلاح ڕەوئوف م چۆن ناسی و چۆن فێری مۆسیقای کردم،

لەساڵی ١٩٧٤ کاتێک تەمەنم ١٠ ساڵان بوو، بەبۆنەی پێشمەرگایەتی باوکمەوە ئێمە ئاوارەی ئێران بووین، پاش هەرەس هاتینەوە باشوری کوردستان و لەگەڕەکی سەرکارێز نیشتەجێ بووین نزیک پۆلیسخانەی سەرکارێز، و لە قوتابخانە ی زێوەری سەرەتایی دەستم کردەوە بە خوێندن.

هەر لە منالیەوە حەزم بە مۆسیقا و گۆرانی ئەکرد، خەڵکانی دەور و بەریشم هەڵیان ئەدام و ئەیان ووت دەنگت خۆشە، هەربۆیە لەهەموو بۆنە کۆبوونەوە خێزانی یەکانی خۆماندا من دەنگم لێ هەڵئەبڕی و دەستم پێ ئەکرد، کە دەستیشم پێ ئەکردو نەم ئەبڕی یەوە، تا وای لێ هات لە چالاکی یەکانی قوتابخانە لاسایی گۆرانی بێژەکانم ئەکردەوە و چێژێکی زۆریشم لێ ئەبینی، پاش ئەوە مەیلم بەلای مۆسیقادا ڕۆشت و زۆر حەزم ئەکرد فێری مۆسیقا ببم، لەسەرەتایی مامۆستای سروودمان مامۆستا (نەزەر عیسا ) بوو کە ئامێری جمبووشی هەبوو، من وانەی سروودم لە هەموو وانەکانی تر پێخۆشتر بوو، هەندێک جار کە وانەی سروودمان هەبوایە هەر لە پشووەکەدا لەبەردەم ژووری

ماموٚستایان ئەوەستام بۆ ئەوەی هەلی ئەوەم هەبێت کە ئـامێرەکە بۆ ماموٚستا هەڵگرم تا پۆل، ئیتـر ئەو ٤٠ دەقـیقەیەی وانەکە وەک ٤٠ چرکە لای من تەواو ئەبوو.

ماموٚستا نەزەر گۆرانی پێ ئەوتم و منیش ئەچـوومە هەوای خۆمەوە، لەڕێگای ئامانجی کوڕی ماموٚستا نەزەرەوە زۆر هەوڵمـدا کە ماموٚسـتا فێـری ئەو ئـامێرەی خـۆیم بکـات، بەڵام بە داخەوە ماموٚستا نەزەر زۆر تاقەتی نەبوو زۆریش بە بیـرۆکەکەی مـن ڕازی نەبـوو، ئیتـر مـن نەکەسـی تـرم دەناسـی و نەدەسەڵاتیشـم هەبـوو بگەڕێم بۆ کەسێک کە فێـرم بکـات ،لەوبـڕوا یەدام کە ئەوە خەونـی چەندەهای تری وەک من بوو بەڵام نەهـاتە دی تـا ماموٚسـتا سـەڵاح ڕەووف تیپی منداڵانی دانا، بەهەرحـاڵ مـن بەسـەرهاتێکم بـۆ پـێش هـات کە هەرچەنـدە لێـدانێکی زۆرم لەسـەر خـوارد لەلایەن دایکـی ڕەحمەتیم بەڵام بووە هـۆی کـردنەوەی دەرگـای خۆشـی بـۆ مـن بـۆ فێربوونی موٚسیقا.

ڕۆژێک لە قوتابخانە گەڕامەوە لە خانوویەکدا دەژیاین پـێ یـان ئەووت قەسرەکە، خـانوویەکی گەورەی مـاڵی عوسمانی شـێر بوو یادیان بەخێر، یابویان بەکرێ و چوار پێنج مـاڵی تێـدا بـوو، ئێمەش یەکێک بووین لەو ماڵانە، کە هاتمەوە دایکم و خوشکەکانم چووبـوون بـۆ مـاڵی پـوورم، منـیش هەر بەخەیـاڵی جمبوشـەکەی ماموٚستا نەزەرەوە کە لە مەنجەڵی بوخار ئەچوو بەڵام دەسکەکەی درێـژ بـوو، مەنجەڵـێکم هێنـا و ئەمسـەر و ئەوسـەریم کـون کـردو پارچەیەک تەختەم تێ هەڵکێشا، شتێک هەبوو پێیان ئەووت تەلـی عەمەلیات بەوەش وەتەرم بۆ دروست کرد و دەستم کـرد بە ژەنـین، جا چ دەنگێکی ناخۆشی هەبـوو، هەڵـبەتە لای خەڵـک، چـونکە لای خۆم دەنگی لە قیسارە ئەچـوو، هەمـوو ئەو خەڵکـانەی قەسرەکەم ئیزعاج کردبوو.

پاش چەند سەعاتێک دایکم و ئەوان هـاتنەوە، منـیش وەک ئەوەی کە ئیختراعێکی گرنگم کردبێت زۆر بە پـۆزەوە هـاتمە بەردەم دایکــم و ئــامێرەکەم پیشــان دا و (ووتــم دەدەدا)، هەر کە دایکــم مەنــجەڵەکەی بینــی هەمـوو دنیـا گـۆڕرا، ووتــی ئەیەڕۆ خـۆ ئەوە مەنجەڵە تازەکەیە، ئەوەندەی بەمەنـجەڵە ئـامێرەکەی خـۆم لێدام هەموو شکڵ و شێوەی سەرم لەملاو ئەولای مەنجەڵەکە دەرچوو بوو جا چونکە دەسککەشی درێژ بوو بـۆ وەشـاندن زۆر ئـاسـان و خـۆش بوو، ژنانی ناو قەسرەکە بەهەزار حاڵ لەژێر دەستی دایکم دەریـان هێنــام، ژنێکیــان منــی گرتبــوو بە دایکمــی ئەووت هەرچەنــدە لە نیـوەڕۆوە مێشکمانی خستۆتە خـوارەوە بەڵام، خـۆ تـۆ کـوڕەکەت کوشت، من بە خەیاڵی خـۆم وامزانـی دایکـم کە ئـامێرەکەم دەبینـێ دەست بەسەرمدا دەهێنێت و خەڵاتم دەکات،ئێوارە کە باوکم هاتەوە منی بینی وای زانی لـۆری لێـی داوم ئەوەنـدە قەڵـبە و بـرینم پێـوە بوو، کاتێک هۆکارەکەی بۆ ڕوون بوەوە ووتی دەستی دایکت خـۆش بێت، بۆ ڕۆژی دوایی باوکم بانگی کردم ووتی بۆ وات لەو مەنجەڵە کرد، منـیش ووتـم ئـاخر حەزم لە مۆسـیقایە. بـاوکم تەماشـەیەکی کردم و هیچی نەووت،بۆ شەوی دوایی بانگی کردم ووتی ئەزانی کێ دراوسێمانە من تـا ئەو کـاتە ئەوەم نەزانـی بـوو، ووتـی کـوڕەکەی کاک شـێخ ڕەئـوف نـاوی مامۆسـتا سـەلاحە و مۆسـیقا لـێ ئەدات، سبەینێ ئەچم بۆ لای دوکانەکەی بـاوکی بەرانـبەر دوکـانی خـاڵتە، قسـەی لەگەڵ ئەکەم بـزانم ئەتوانێـت فێـرت بکـات، ئەشـەوە تـا بەیـانیی خەوم لـێ نەکەوت، ئێـوارەی ڕۆژی دوایـی بـاوکم هەواڵە خۆشــەکەی پــێ ڕاگەیانــدم کە مامۆســتا ســەڵاح ڕازی یە فێــری کەمانچەم بکات.

بۆ یەکەم جار مامۆستا سەڵاحم لە ماڵی خۆیـان بینـی هەر لە یەکەم بینین خۆشم ویست، کەسێکی دەم بە پێکەنینـی هاوکـار و خۆ نەویست بوو، سەرەتا ووتی ئامێرت هەیە ووتـم نەخێر ووتـی

چەند ڕۆژێکی تر من سەفەری بەغدام هەیە ئەگەر حەز دەکەیت بە باوکت بڵێ با لەوێ کەمانچەیەکت بۆ بکڕم، کە ووتی بایی ٧ یان ٨ دینارە، من زۆر دوودڵ بووم لەوەی کە باوکم بۆم بکڕێت، چونکە ئەمزانی کە باروو زرووفی دارایی مان چۆنە کرێ خانووە کەمان بۆ مانگێک ١٠ دینار بوو و باوکیشم ئەوکاتە شۆفێری لۆری بووزۆر هیلاک بوو، کاتێک بە باوکمم ووت ڕازی بوو، مامۆستا سەلاح چوو بۆ بەغدا و نزیکەی ٣ ڕۆژی پێ چوو، هەموو عەسرانێک کە لە قوتابخانە ئەگەڕامەوە لەبەردەمی ماڵی مامۆستا دائەنیشتم بۆ ئەوەی ئاگام لێ بێت کە دێتەوە و کەمانچەکە ببینم.

مامۆستا گەڕایەوە و کەمانچەیەکی چینی بۆ هێنابووم، یەکەم وانە کە چوومە لای مامۆستا زۆر خۆم بە شت ئەزانی مامۆستاش دەستی بە دەرس ووتن کرد ، گەورەیی و خۆ نەویستی مامۆستا لەوەدا بوو کە نیوەڕۆی هاوین کە خەڵک ئەگەڕایەوە ماڵەوە بۆ سەرخەو شکاندن و پشوو ئەو وانەی بە من ئەووت، پێم وابێ لەوکاتەدا قوتابی تریشی هەبوو بەلام لەمن گەورەتر بوون. گەورەیی یەکە لەوەدا بوو کە مامۆستا ئەمانەی هەمووی بێ بەرامبەر ئەکرد،خێزانی مامۆستا سەلاح خانمێکی ڕووخۆشی بەڕێز بوو دیسانەوە پێم وابێ ماوەیەکی زۆریش نەبوو کە هاوسەرگیریان



کردبوو بەڵام بە شێوەیەکی زۆر جوان و خانمانە پێشوازی لەمن ئەکرد هەرچەندە زۆربەی کاتی وانەکانی من کاتی پشووی خۆیان بوو، بەم شێوەیە بەردەوام بووین و لە سەرەتادا مامۆستا نەیدەهێشت ئامێرەکە ببەمەوە بۆ ماڵەوە هەر لەماڵی خۆیان گلی ئەدایەوە ئەمەش لەبەر ئەوەی نەک لای من بشکێت یان خەڵک ئیزعاج بکەم، تا وام لێ هات کە ڕاهێنانەکانم بداتێ و لەماڵەوە ئەنجامی بدەم، لەسەرەتاوە فێری گرتنی کەمانچە و گرتنی قەوسی کردم ئینجا وەتەرکان و بەکارهێنانی قەوس هەتا پەنجەی یەکەمیشمان تەواو کرد هەر لە ماڵی مامۆستا سەلاح وانەم وەرئەگرت، پاش ماوەیەک پێ ی ووتم کە تیمێکی لە قوتابخانەی کوردی کردۆتەوە و ئیتر ئەبێت بۆ ڕاهێنان بچم بۆ ئەوێ، ئەوە یەکەمجار بوو کە بە کۆمەڵ و لەگەڵ چەند خوێندکارێکی تر ڕاهێنان بکەم، فێرخوازەکان قوتابی قوتابخانەی کوردی کوڕان و قوتابخانەی نزاری کچان بوون، فێرخوازەکانی ئەوکاتە کە بیرم بێت دارا و شارای ست دولبەر بوون کە مامۆستا بو لە قوتابخانەی خانزاد، ئەو دوانە خوشک و برا بوون بەداخەوە زۆر ئەوانی ترم بیر نی یە، ماوەیەکیش لەوێ وانەم وەرگرت، بەڕێوەبەری قوتابخانەی کوردی ئەوکاتە مامۆستا ( عبدللە میدیا ) بوو، رۆژێکیان لەکاتی پرۆڤەدا مامۆستا عبدللە میدیا هات سەردانی کردین، کاتێک منی بینی تووڕە بوو ووتی ئەم کەسە قوتابی نی یە لای ئێمە و پێویست ناکات کە بەشدار بێت، مامۆستا سەلاح ووتی ئەمە خزم و فێرخوازی خۆمە و کێشە نی یە ئەگەر لێرە وانەی مۆسیقا وەربگرێت چونکە فێرخوازی تریشی تیایە قوتابی قوتابخانەی کوردی نین، هەرچەند دوو کوڕی مامۆستا عبدللە میدیا بە ناوی دانا و ناوی ئەویتریانم بیرچۆتەوە قوتابی قوتابخانەی کوردی نەبوون و یەکێکیشیان لە ئێمە گەوەرەتر بوو قوتابی ناوەندی بوو لای مامۆستا سەلاح وانەیان وەر ئەگرت،

بەڵام مامۆستاعبدللە میدیا هەر ڕازی نەبوو بەوەی کە من لەوێ بمێنمەوە، ئا لێرەدا ئەو هەڵوێستەی مامۆستا سەلاحم هەرگیز بیرناچێتەوە کە لەسەر من وەریگرت،من بۆ ماوەیەک وەستام و تیپی قوتابخانەی کوردیش هەڵوەشایەوە، پاش ماوەیەک مامۆستا سەلاح پێ ی ووتم کە گوازراوەتەوە بۆ قوتابخانەی پیرەمێرد و لەوێ تیپێکی تازەی منالانی دامەزراندوە،بۆیە داوای لێ کردم کە منیش خۆم نەقڵ بکەم بۆ قوتابخانەی (پیرەمێرد) بەڵام بە مەرجێک کە ئەبێت قوتابی یەکی زیرەک بم لە خوێندنیش و لە مۆسیقاش، چونکە بەڵێنی بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی پیرەمێرد داوە کە ئەوکاتە یادی بەخێر مامۆستا عبدول بوو باوکی شاعیری ناسراو فەرەیدوون عبدول بەرزنجی یە، تا ئەوڕادەیە مامۆستا بەتەنگ فێرخوازەکانی خۆیەوە ئەهات و دەسبەرداری کەس نە ئەبوو، بەڵێ من چوومە قوتابخانەی پیرەمێرد و تیپی مۆسیقای پیرەمێرد دامەزرا، لە فێرخوازەکانی ئەو تیپە ئەوەی کە بیرم بێت، کاک ئاکۆ عزیز عینایەت هەرچەندە تۆزێک درەنگ تریش هات ، دوو برا هەبوون بەختیار کەمانچەژەن بوو ووشیار ئۆکۆردیۆن، هونەرمەندی خۆشەویست کاک بەرهەم حسن بە چەلۆ.



خـــاتوو ڕازاو قوســـتەنتین بەفلـــوت، نەورۆز عبـــدلكریم بە بـانگۆز، سـەباح بە ئیقـاع، داوای لــێ بـووردن ئەكەم ئەگەر نـاوی ئەوانــی تــرم بیــر چــوو بێـــتەوە، ئەم تیـــپە بە هەوڵ و كۆششــی مامۆسـتا سـەڵاح دەنـگ و سـەدایەكی زۆر باشـی هەبـوو تەنـانەت لەسـەر ئاسـتی عێـراقیش، هەتـا مـن لەگەڵیـان بـووم كۆمەڵێـك بەرهەمـی جـوانی مۆسـیقا و نواندنیشـمان هەبـوو، مـن خـۆم لە هەردوو ئۆپەرێتی داپیرەی دانا و گورگی بێشـەو هەرد دا بە شداریم كـرد وەک مۆسـیقا ژەنـیش و ئەكـتەریش، لە داپیـرەی دانـا ڕۆڵــی كەركەدەنـم بینـی و لە گـورگی بێشـەوهەرد ڕۆڵـی بـاوک، ئەم دوو ئـۆپەرێتە پـاش ئەوەی لە چەنـد پارێزگـایەكی ئێـراق سـەركەوتنی باشـی بەدەسـت هێنـا و بـووە هـۆی وەرگرتنـی خەڵاتـی سـاڵانەی چالاكی قوتابخانەكانی گشت پارێزگا كانی عێراق كە هەر ساڵەو لە پارێزگـایەک ئەنجـام ئەدرا، دوایـیش لە تەلەفزیـۆنی كەركـووک تۆمار كرا،ئەوەی بیرم بێت دەرهێنەری داپیرەی دانا بۆ تەلەفزیـۆن حكمت ذوالنون بوو، مامۆستایانی بەڕێزیش كە ڕاهێنانی نواندنیان پێ ئەكردین، خوالێخۆش بووان مامۆسـتا عوسـمان چێـوار، تەهـا خلیل، بورهان مەسرەف وابزانم كاک فازل قەسابیش.

دوو ڕاهێنەری تری مۆسیقامان هەبوو بەناوی كـاک ڕێبـوار و كاک دلێر قەرەداخی یادیان بەخێر نـازانم چیـان بەسـەرهات ( كە هەر خوێندكاری مۆسیقا بوون لای مامۆستا سەڵاح)، ئەوانـیش دوو گەنجـی خـوێن گەرم و دڵسـۆز بـوون كە ڕۆژانە و لە ژێـر ڕێنمـایی یەكانی مامۆستا سەلاح دا ئاگاداری ئێمەیان ئەكرد.

من لەو تیپەی مامۆستا سـەڵاح دا مـامەوە تـا سـاڵی ١٩٨٠، نازانم بە چ هۆكاێـک بـوو كە كـاک بەرهەم لە تیـپ نەمـا ئەوكـاتە مامۆستا سەڵاح داوای لێ كردم كە ببمە چەلـۆژەن، مـاوەیەک كـارم لەسەر كرد تا ئەوكاتەی باوكم تووشی دوو نەخۆشی گەورە بوو،

ئیتر وازی لە شۆفێری هێنا و دوکانمان لە سەرکارێز بەرامبەر هۆڵی چالاکی قوتابخانەکان دانا، ئەوکات باوکم بە منی ووت کە ئەو دوکانەی بە پشتی من کڕیوە و چیتر نەخۆشی بواری نادات کار بکات، هەرلەو ڕۆژەوە من بە دڵشکاوی و بە بێ خواستی خۆم وازم لە مۆسیقا و هونەر بە گشتی هێنا و بوومە فیتەر لە سەرکارێز کە جیهانێکی تەواو پێچەوانە بوو لەو جیهانەی کە من تیایدا دەژیام و هەوڵم بۆی دەدا کە بۆ هەمیشەیی تیایدا بژیم.

بۆیە لێرەوە ستایشی زۆرم بۆ مامۆستا سەلاح ڕەئووف هەیە و هەمیشە دەست بە سنگەوە دەگرم بۆی، هەرچەندە هەڵوێستەکانی مامۆستا بەرانبەر من لای خۆم هەمیشە بەرز نرخێنراوە بەڵام مامۆستا هەمیشە و هەردەم لە خزمەتی هونەر و مۆسیقای کوردیدا بووە و لە خزمەت خەڵکی فێرخواز و مۆسیقا دۆستاندا بووە.

مامۆستا سەلاح بە بۆچوونی من یەکەم کەس بوو لە کوردستان و عێراق کە بیرۆکەی تیپی مۆسیقای منداڵانی هێنایە کایەوە، لەگەڵ ڕێزمدا بۆ گشت ئەو مامۆستایانەی تر کە لەو بوارەدا کاریان کردووە بەڵام کەسیان وەک مامۆستا سەلاح ڕەئووف سەربازی وون نەبوون، هەمیشە شاکارەکانی مامۆستا سەلاح هۆکاری هێشتنەوە و دەوڵەمەند کردنی هونەر و مۆسیقای کوردی بووە، هەربۆیە هیوای تەمەنی درێژی بۆ دەخوازم و ئاواتی سەرکەوتنی زیاتر و زیاتری بۆ دەخوا زم.






منیش دوبارە ئەڵێم.
پـــــاش ئەوە منـــیش هەر خەریکـــی کــاری نــوێ بــووم بــۆ گــۆرانی بێژانــی تیپــی مۆسـیقای سـلەیمانی و وەکـــــو کـــــامەران عەبدولمەجیـــد کە دوو ئاوازی بەپێزم بۆدانا:
١- سوێندم.
٢-من دەمەوێ.



هەروەهـا چەنـدین ئـــاوازم بـــۆ کـــچە دەنـــگ خۆشەکە (ئاڵا عومەر) دانا، تائێســـتاش لەناوخەڵکانـــا مـــــاون بەتـــــایبەتی ئەو ئـــاوازانەی کە بۆمنـــداڵانمان تۆمارکرد، باســـــــکردنیان بۆخــــۆی بەجــــێ ئەهــــێڵم، لەگەڵ ئەوەشـــــدا هەردەم لە خۆ ئامادە کردنـدا بـووم بۆ بەشداری کردن لە فیسـتڤاڵی ساڵانەی جـالاکی قوتـابخـانە کـــان لە شـــاری ســـلەیمانی و لە سەرانســـەری عیراقـــدا، زۆربەی کارەکـــــانی ئەو فیســـــتڤاڵانە کـــــاری نـــــاوازەی تیـــــا ئەکـــــرا و بەسەرکەوتوانە بەشداری چاکمان ئەکرد .

یەکێک لە فێرخوازە خۆشەویستەکانم (پەیمان عومەر).



هەرلەسەرەتای ساڵەکانی ١٩٧٠ وە ئاشنایەتیم لەگەڵی پەیدا کرد، ناشێ ئەوش بیر بکەم کە پەیمان یەکێک بوو لەو ئاستە هونەریانەی کە هەردەم دڵم بەتوانای هونەری و بێژانی ئاوازەکانم خۆش بوو، هەرگیز سڵم نەئەکردەوە لە ئاستی ئەو ئاوازەی کە ئەمدایە بۆ ئەوەی بیبێژێ، لەزۆر گۆرانی بێژانی تر کەمترپێویستی بەکاتی پرۆڤە هەبوو، بۆیە زۆر بەئاسانی و بە شێوازێکی زۆر گونجاو ئاوازەکەی ئەچڕی و ئەوەی بیتوانیایە کەمتەرخەمی نە ئەکرد، بۆیە پێم خۆشە لە زمانی خۆیەوە بۆچونەکانی و چۆنیەتی ناسینی من و هونەرەکەم و سەرەتاکانی دەستکردنی بە ئاواز چڕین ببینین.



١

سەرەتای دەست پێکردنی کاری هونەریم لە نێو
دنیای هونەری لە ناوەڕاستی ساڵەکانی ١٩٧٠ لەگەڵ
هیواج . پڕۆژەی خۆشکەم هۆشیە چالاکی قوتابخانەکان بۆ
فێربوونی مۆسیک لێرەوە م. صلاح ناسی پاشان چووم
بۆ تیپی مۆسیقای سلێمانی زیاتر ئاشنابووم بەوەی کە لە
هونەرمەندە . وەک هەموو چالاکیە هونەرییەکان چیا لە نێو
کوردستان و شارەکانی عێراق بەشداربووین .
پاشان لە ڕێگای م. صلاح چوومە تیپی پیرمێرد چەند
بەرهەم لەگەڵیان تۆمارکرد لەوانە گۆرانی وەرزی غەم
لەگەڵ بارانە بۆ ٢٧ تۆمارکران . بە بەردەوامی
کارم کردووە لەگەڵیا لە تیپی مۆسیقای سلێمانی تا چووم
بۆ پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەشی مۆسیک
زیاتر بەیەکەوە کارمان ئەکرد

ح

لە یەکەم ساڵی پەیمانگا بە دوو بەرهەمی م.صلاح ١٩٨٤:
بەشداریم کرد بە گۆرانی بەروانە لەگەڵ گۆرانی منداڵیان
کە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو وە هەروەها لە ساڵی
١٩٨٥ بە دوو بەرهەمی م.صلاح گۆرانی ئاسۆ کەم لەگەڵ
گۆرانی سلێمانی وە لە ساڵی ١٩٨٦ بە دوو بەرهەمی
م.صلاح گۆرانی سۆزی دەروون وە گۆرانی گوڵەهێرۆ
١٩٨٧ بە دوو بەرهەمی م.صلاح گۆرانی دەروێشی عبداللە
لەگەڵ گۆرانی لیلی ولادەوە وە لە ساڵی ١٩٨٨
گۆرانی تەنیای گۆرانی ئەم بەهارە ئەم
بەرهەمانە هەمووی ئاوازو دانەری شاگردی م.جبار احمد
عن لێرەدا زۆر سوپاسی مامۆستا صلاح ئەکەم
کە لە ساڵی ١٩٨٥ لە دووکانی سروودی ئەوڕۆژم
بووش هۆنراوەیەکی سیاسی بوو، ڕێگری
دوای هاتنی بۆ گرتنم لە پەیمانگا مەوە بوو

م. صلاح زۆر پەیڤی نمایی کردم کە نەترسم هەرچەندە
لەئەمنە سورەکە باشگلیانی کردم زۆر ئاوازی
دەربڕینیان پیام هەتا ڕێگام بوو لێیان،
وەپاشان بۆ درامای گولاڵە بەشداریم کرد
ئاوازی موسیقی دابەشکردن م. صلاح هەروەها
درامای مەرگی ئەڕشەوانی ئاوازدابەشکردنی
م. صلاح پاشان بەبەشداریم کرد بە چەندین بەرهەم
لەیەکەم فلیمی ئەکشنی بیرگیرۆکی کوردستان کە هەموو
ئاوازەکانی مامۆستا صلاح بووە.
من زۆر یادگاری خۆشم هەیە لەگەڵ م. صلاح
وەتا خۆشیشی وەڵامی لەمن لە کاتی کارەساتی
سوتاوێرکەم کە توانیم چەندین بەرهەم تۆمار بکەم
بۆ فلیمی کوردی

هەروەها لە یەکەم پڕۆژەی ڕاپەڕینە کە بە هەمیشەکان

تۆمار کرد ڕاستەوخۆ بۆ ڕادیۆی گەلی کوردستان

هەروەها سروودی ڕاپەڕین لەگەڵ هونەرمەند

بەهجەت یەحیا ئاواز دابەشکردنی م. صلاح بوو

هەروەها گۆرانی لیلی وسو لەگەڵ هونەرمەند (نازێ)

ئاوازی فۆلکلۆر دابەشکردنی موسیقی م. صلاح

هەروەها گۆرانی سێ ئاواز دابەشکردنی

م. صلاح کە تۆمارمان کرد بۆ TV گەلی کوردستان

لەگەڵ گۆرانی دنیای بە بەردەوامی

لەگەڵ مامۆستا صلاح لە هەموو فێستیڤاڵ و

بۆنە نەتەوەییەکان بەیەکەوە لە بەشی موسیقی

سلیمانی کارمان کردووە تا هاتمان بۆ ئەوروپا

لە ڕێگا زۆر هاوکاری کردم وەک باوک

لە ساڵی ٢٠٠٨ بەرهەمێکم تۆمارکرد بە ناوی

دەرخی نیگا ئاواز دانەر شێرکۆی موسیقا م جەلال بووە

وە لە ساڵی ٢٠١٥ بەرهەمێکمان تۆمارکرد بۆ پێشمەرگە

لە لەندەن من لێرەدا بە کوردی ئەڵێم زۆر زۆر خۆم

بە قەرزداری ئەو هونەرمەندە گەورەیە ئەزانم

لە وەتی ناسیومە هەتا ئێستاشی کە مەسەلەی پاڵ

کوردییەوە و هەر خۆی بەخشندە بە رزدڵ گەورەکە

وەڵای برا و یاوەری وا بووە بۆ هەموومان هەر لەبەرەوە

هیوای سەرکەوتنی بۆ ئەخوازم هەر وەک هەمیشە

ئەو لە لوتکە یا ئەوەستێتەوە هەر وەک تۆ شاکاری

گەلی کوردی هەموو کەسێک بە شانازیی پێوە

ئەکات هەر بەردەوام بیت بۆ هونەری کوردی

سەرفرازبی

پەیمان عومەر

٢٠٢١/٦/٢٥

دێتە یادم لە ساڵی ١٩٧٧ ناردینیان بۆ خولی شارەزایانی مۆسیقا لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغداد مامۆستای زۆر بە ئەمەک و بەتوانای تیابوو ، یەکێک لەو مامۆستایانەی کە خولیام بوو هەردەم لەگەڵی بم مامۆستا (حسەین قەدوری) بوو، زۆر هەوڵم ئەدا کە کەڵک لە زانستە هونەریەکانی وەرگرم، هەروەها مامۆستاو کەمان ژەنی بەتوانای عێراقی مامۆستا (مەحمود حەمەد) کە وانەی ئامێری کەمانچەی پێ ئەوتم ماوەیەک پێش تەواو بونی کۆرسەکە، مامۆستای وانەی کۆراڵ هاتو وتی سەلاح کۆراڵێکی جوانم نوسیوەو ئاوازێکی خۆشم بۆداناوە لە فیستڤاڵی کۆتایی ئەم کۆرسە پێشکەش ئەکرێت و پێمخۆشە تۆ سەرپەرشتی و سەرکردایەتی کۆراڵەکە بکەی و ئاواز و هۆنراوەکەی یامێ تا بیخوێنمەوە، منیش کە سەیرم کرد ئاوازێکی پڕ عەرەبی و هۆنراوە کەشی بەتەواوەتی بەشان و باهوی بەعس و صەدام حسەینا بوو، یەکسەر وتم ببورە مامۆستا ناتوانم لەبەر ئەوەی کاری تری زۆرم هەیە، زۆر توڕە بوو وتی پێت ئەکەم .



پـاش چەنـد ڕۆژێـک سـەرەتای تـاقی کـردنەوەی کۆتـایی خـولەکە بـوو واتـا سـێ مـانگەکە تەواو بـوو، مامۆسـتا حسـەین قەدوری بانگی کردم و نمرەی وانەی تیۆرەکانی مۆسیقای پـێ وتـم ووتـی بـۆ سـەرکردایەتی ئەو کـۆراڵە ناکەیـت ، منـیش بەجـۆرێکی تایبەت تێم گەیان ووتی ئافەرم .

ئەوەی جێی دڵخۆشکەریمە من وەکو ئـامێر ژەنـیش بەشـدار نەبووم، پاش ئەو مامۆستا مەحمـود حەمەد هـات بـۆ پۆلـەکەمـان و بانگی کردم وتی سەلاح وەرە، چووم سەیرم کرد نمرەی ئامێر ژەنی خۆمی دانابوو، وتی جگە لەخۆت پێمخۆشە هاوکارم بیت بۆ پێدانی نمرەی هاوڕێ کانت، منیش لام سەیربوو تەنها نمـرەی یەک کەسـم پێ وت کە ئەبێ بەئاستی خۆم نمـرەی بـداتێ ،((هەرچەنـدە ئەوەش هەڵەیەکـی گەورەی تربـوو کە لە ژیانمـدا کردم،چـونکە کەبـۆم دەرکەوت، هەرئەوانە بەپـێچەوانەوە هەڵوێسـتیان بەرامـبەرم نواندبوو))، بەڵام ڕازی نەبوو منیش زۆر پێم داگرت کە ئەو نمرەی بداتێ.

لە کۆتایدا بەڕێوەبەری خولـەکە مامۆستا (حکمـت زێبـاری) بوو هەوڵی دا لەگەڵم کە ڕابەرایەتـی ئەوکـارە بـکەم،بەڵام مـن هەر ڕازی نە بووم، بەداخەوە برادەرێکی کـورد ڕابەرایەتـی کۆراڵەکەی کرد و منیش بە جۆرێکی زۆر باش لە مامۆسـتا (حیکمـت زێبـاری) م گەیاند کە ناتوانم ئەو ڕابەرایەتیەبکەم، بۆیە پێی وتم کە ئەنجامی خولـەکەت ئەنێررێتەوە بۆ بەڕێوە بەرایەتی پەروەردەی شـارەکەت، ئێمەش گەڕاینەوە شارەکانی خۆمان و پـاش حەفـتەیەک نمرەکـانم هاتن و هەموو نمرەی وانەکان زۆر بەرز بـوون تەنهـا وانەی کـۆراڵ نەبێـت کە نمـرەی (٦٠) یـان بـۆ مـن دانـابوو، لەبەر ئەوە منیـان دانابوو لەسەر ئاستی یەکەمی دوبـارە ، لەگەڵ ئەوەشدا، مـانگێک ئامادە نەبونیان بۆ من هەژمار کردبوو، بۆیە لە تەربیـیە مـوچەی مانگێکیان لێ بڕیم و بە ئامادە نەبوونم هەژمار کرابوو.

منیش چوم بۆچالاکی قوتابخانەکان  و ئاگاداری بەڕێزان مامۆستا (جەلال عەزیز و مامۆستا کاوەی ئەحمەد میرزا) م کرد.

مامۆستا جەلال عەزیز بردمی بۆلای بەڕێوەبەری پەروەردەی  سلەیمانی بابەتە کەی بۆ گێڕایەوە ، بەڕیوەبەری پەروەردە هەموو  زانیاریەکانی لای خۆی نوسی و پێی وتین خۆم بەدوادا چونی بۆ ئەکەم و دوایی ئاگادارتان ئەکەمەوە.

پاش چەند ڕۆژێک مۆستا جەلال عەزیز وتی بەڕێوەبەری پەروەردە ئەیەوێ بتبینێ، منیش چوم بۆلای وتی ئەتنێرم بۆلای بەڕێز (حکمەت زێباری) لە بەغداد و هەموو شتێکت چارەسەر کراوە، ئەو پارەی مانگەی کە لێم بڕرابوو دایانمەوە و ڕای سپارد کە نامەیە کم بۆ بکەن بۆ بەڕێوەبەری گشتی ئامادەکردن وڕاهێنان (المديرية العامة للاعداد والتدريب) لەوەزارەتی پەروەردەی گشتی، کە بەڕێز حکمت زێباری بوو، بۆ چارەسەری بابەتەکە، منیش چووم بۆلای مامۆستا (حمکت زێباری) و سەیرم کرد ئەو لەو سەری بابەتەکەوە دێتەوە، وتی قسەم لەگەڵ بەڕێوەبەری پەروەردەی شارەکەتان کردووەو ئەم چەند مانگەی داهاتووش لەبەغدا ئەمێنیتەوە،کە سێ مانگی تر بوو،  ئەی خەینەسەر ئەو ماوەی پێشووەو ،منیش ڕازی بووم، ماوەیەکی زۆر خۆشم  لە بەغدا بەسەربرد وخێزانەکەشم لەگەڵ بوو چونکە ماڵی خوشکی لەبەغدا ئەژیا.

چەندجارێک لەگەڵ هونەرمەندانی کوردی وەکو مامۆستا (ئەلبێرت عیسی) و بەڕێز (دڵشاد حەمە سەعید) ساتەکانی هونەرم بەسەر ئەبرد، زۆربەی ئێواران لەگەڵ مامۆستا (مەحمود حەمەد) و حەسەنی برای کەئەویش کەمان ژەنێکی بلیمەت بوو، ئەچوین بۆ ڕادیۆی بەغا و بۆ هەردوو بەشی کوردی و عەرەبی و مۆسیقامان ئەژەند و پارەیەکی باشیشم وەر ئەگرت، مامۆستا مەحمود حەمەد ئەیزانی توانای ئاواز دانانم هەیە، بۆیە زۆر هەوڵی دا لە بەغداد

بمێـنمەوە، منـیش هەمـوو بـابەتە تایبەتمەنـدیە کـانی خـۆمم بـۆ باسـکردن و تـێم گەیانـدن کە بـونی مـن لە شـارەکەی خـۆم زۆر گونجـــاوترە و مـــانەوەم لەبەغـــا زیـــانی گەورە بەخــــۆم و خانەوادەکەشـم و بگـرە فێرخـوازو خوێنـد کارەکـانم لە تیپـی مۆسـیقای پیرەمێـرد و بگـرە کـاریگەری زیاتریشـی ئەبـێ، گەر نەگەڕێمەوە سلەیمانی ئەوا زەرەر مەند ئەبم.
ئەنجامی خولەکەم وەرگرت، ئەوەش ئەنجامەکەی بوو.



بسم الله الرحمن الرحيم
ألجمهورية ألعراقية
وزارة ألتربية وألتعليم ألعالي

ألمديرية ألعامة
للإعـــداد وألتدريب
بغــداد

العدد :- ٤٨٨
التاريخ :- ٢٢/٩/٧٨

م / قرار وزاري

إلــى / مديرية تـربية محافظة ألسليمانية

تقرر منح السيد ( صلاح رؤوف عــلي ) شهادة إختصاص في ألفنون ألموسيقية لقادة ألموسيقى بدرجة ألإمتياز ألأول على ألقطر ، بناً على مشاركته ( لسنتين متتاليتين ١٩٧٧-١٩٧٨) في ألدورة ألمقـامة لإعــداد ألكــوادر ألقيادية للفنون ألموسيقية في مجال ألنشاط ألمدرسي في ألقطــر .
يستعمل هذه ألشهادة لغرض ألعلاوة وألترفيــع من تأريخ صدورها.

حكمت ألزيبـــارى
عن ألمدير العـــام

نسخـة منه إلــى :-
معهد ألفنون ألجميلة بغداد / للعلم وألإطـــلاع .
ألشهادات وألوثائق / للعلم وألإطـــلاع .
العلاوة وألترفيع / للعمل بموجبه

دووخۆشک لە سەرەتای تیپی مۆسیقای پیرەمێرد بەشدار بوون

کیژۆڵەی یەکەم.

شەوبو محمد غریب .

ئەڵـــــێ :



ئەوەی لەبیـرمە! مـن لە پێنجـــی ســـەرەتای و شـــلێری خوشکیشم لە سێ بو ، مامۆستا سەلاح و مامۆستا عوسمان چێوار هـاتن بـۆ قوتابخـانەی خـاتوزینی کچان بۆ ئەوەی تیپێک هەلبژێرن بۆ شانۆگەری (ئاگری شەڕ)، من و شلێر هەلبژێردراین ! مـن دەوری منالێکی هەتیو و شلێریش دەوری پەری ئاشتی ئەبینی! .

پاش کاتێکی درێژ لە پرۆڤە کردن وە هەتا جلی تـایبەتی بە ئـۆپەرێتەکەش ئامـادە کـرا، پاشـان نەیـان هێشـت لەسـەر شـانۆ پێشکەشی کەین (ووتیان ئۆپەرێتەکە مەسجێکی سیاسی ئەنێرێ بۆ بینەران !!! پاشان پرۆڤەمان کرد بۆ ئـۆپەرێتی گورگی بێ شـەو هەرد ئـاوازو مۆسـیقای مامۆسـتا سـەلاح ڕەوف و لە دەرهێنـانی مامۆستا عوسمان چێوار، کە پاشان لە تەلەفزیۆن پەخـش کـرا !ئـا لێرەوە مامۆستا صلاح روف پێشنیاری کرد کە لە تیپی مۆسـیقای منالانی پیرەمێرد بەشداری بکەیین، کە تەنها تیپی منـالان بـوو کە کچ و کور تێکەل بو، من و شلێر هەردوکمـان بـوین بە ئەنـدام . مـن گیتار و بانجۆ ژەن بوم شلێریش ئۆرگۆن و زەیلەفۆنی ئەژەن.

هەر لە هە مـان کاتـدا مامۆسـتا عوسـمان تیپـی مۆسـیقای منـالانی نەورۆزی کـوران و مامۆسـتا نامـدار یـش تیپـی مۆسـیقای منالانی بێخودی کورانی دامەزراند ! هەرسێ تیـپەکە زۆر چالاکیمـان بەیەکەوە پێشـــکەش دەکـــرد بەتـــایبەتی لەو ڤێســـتیڤالانەی کە سەرانسەری تیپەکانی عیراق بەشداریان تیا دەکرد .

بێجگە لە چەندین گۆرانی و مۆسیقا، لە تیپـی پیرەمێـرد دا شانۆگەری داپیرەی دانامان تۆمار کرد بۆ سەر تەلەفزیۆن ، خۆمان مۆسـیقاکەمان ئەژەن و دەورەکشـمان ئەبینـی، مـن دەوری ئاسـکم بینیو شلێریش دەوری هەنگە زەردە.

من لە تیپی پیرەمێردا بۆ ماوەی چوار سال بەردەوام بـوم، شـلێریش بـۆ مـاوەی شـەش سـاڵ لەو تیـپەدا مـایەوەو درێـژەی بەژەنینـی ئامێرەکـانی ئەکسلیفۆن و سـایزەردا لە تیـپ مۆسـیقای پیرەمێـرد شـان بەشـانی هـاوڕی فێرخوازەکـانی لە کـوڕو کچـانی شارەکەمان.



**کیژۆڵەی دوەم:**

**شلێر محمد غریب**

**ئەڵـــێ:**



**من و شـەوبۆ حەز ئەکەیـن ئامـاژە بەوە بکەیـن کە مێـژوی دامەزرانـــدنی تیپـــی مۆســـیقای منـالآن لە کوردسـتانی عێـراق کە کچـان تێیـدا ئـامێر ژەن بـن بە بـالای مامۆسـتا (سـەلاح رووف) دەبـرێ، بە راسـتی رەخسـاندنی هەل بـۆ کچـان کە بێـنە دەرەوە لەکۆمەلگا یە کی وەک کۆمەلگای ئێمەدا جەرائەت و لە خۆ بوردویی و کاری زۆری دەویست و دەوێ، ئەمە نەک هەر بۆ مامۆستا سەلاح بەڵکو بۆ هەنـدێ لە کچەکـانیش هەوڵدانێکی زۆری دەویست بۆ نمونە ؛ هەندێک لە خزمە نزیکەکانی ئـێمە زۆریـان نەئەچـو بە مێشـکیانا کە کچـیش وەکـو کـور ئەکـرێ بەهرەمنـد بـێ و بچێـتە سـەر شـانۆ! ئەگەر پشـتگیری و بـاوەرو متمانەی باوکمـان نەبـوایە پێمـان ، مـن و شـەوبۆ نەمـان ئەتـوانی بەرەنگاری ئەو فشارە کۆمەڵایەتییە ببیـنەوە ! هەلـبەتە نامـانەوێ بیرمان بچێ باسـی هاوسـەرە شیرینەکەی مامۆسـتا سـەلاح بکەیـن «ئاشتی» کە بۆ هەمو ڤێستیڤاکان دەهات لە گەلمانا و هەندێ جار ٣ شەو دەمـاینەوە لە بەغـدا ، سـەماوە یـان شـوێنی تـر ، ئەویـش وەکو خوشکێکی دلسۆز چـاودێری منـاڵانی تیـپەکەی ئەکـرد لەگەل مامۆستا سەلاح.**

تیپە خنجیلانە کەمان زۆر شازو ناوازە بو، وەکو خێزانێکی شاد بوو کە هەمیشە خەمخۆری یەک بوین . لەبیرمان نەچێ هەندێ لە مامۆستایانی تر بۆ نمونە مامۆستا ولیەم یۆحەنا کچانی فێری مۆسیقا دەکرد لە ئاستی تاکا، کە جێگای پێزانینە ! تیپەکەمان (پیرەمێرد) بەشداری چەندەها میهرەجانمان کرد لە شارەکانی وەکو بە غدا و موسل و سەماوە... هتد.

ناخۆشترین کارەسات کە بەسەر تیپی منالاکاندا هات لە سالی ١٩٧٨ لەدەست دانی ٤ هاورێ هونەرمەندە بچکۆلەکانمان بوو « کارزان و فەرمان و ئازاد و رێبوار، (هەرچوار تیپی منالان) پیرەمێرد و بێخود و نەورۆز ،شێخ مەحمود لەرێگادا بوین بۆ میهرەجان لە شاری هەولێر ، لە نزیک ئالتون کۆپری پاسەکەی پاش ئێمە وەرگەرا بوو، کە بوە لە دەست دانی ئەو ٤ هاورێ هونەرمەندەمان ! بەشداریمان لە تیپی منالانی پیرەمێرد بێجگە لە جۆش و لەزەتی هونەرەکەی، ئەزمونێک و قوتابخانە یەک بو کە بۆ هەمیشە لەگەڵماندایە.

منیش ئەڵێم:...........

لێرەدا ئەبێ لە بیرمان نەچێکە لەو سەفەرەماندا بەرەو شاری هەولێر، کە گەیشتینە ناوچەی چەمچەماڵ، هەر چوار سەیارەکە وەستاین، سایەقەکەی پێش سەیارە کەی ئێمە دابەزی و هاواری کرد وتی برایان تکایە چەندجارم پێ وتن مەیەڵن ئەو منالانە پەنجەرەی لای شۆفێر بکەنەوە،چونکە زۆر ئاساییە کە دەستیان یان سەریان کە لە پەنجەرەکانەوە بە بەردەوامی دەهێننە دەرەوە توشی کارەساتێکمان بکات، دووبارە تکاتان لێ ئەکەم،ئەمە وتەی شۆفێری ئەو پاسە بوو کە ئەو چوار کۆرپە سەرگەردانەی تیا ڕۆشت.

پـاش وچـانێکی بچـووک ڕۆشـتین بەرەو هەولێـر ، ئـێمە یەکەم سەیارە دەرچویین گەیشتینە نـاوچەیەک ، لەپڕ سـەیارەیەک دەسـتی لــێ ڕاگــرتین و وتــی سـەیارەیەکتان وەرگەڕا ، ئـێمەش گەڕایـنەوە کە سـەیرمان کـرد بریـنـدارو مەیتەکانیـان بردبـوو بـۆ خەستەخانەی کەرکوک ، یەکێک لە قوتابیەکانم ئاگادار بوو بینیمان کە مێشکی یەکێکیان پژا بوو پارچەیەکی لەسەر زەویەکە کەوتبوو ، دەرکەوت ئەوساتەی کە لەگەڵ سەیارەیەکی بەرامبەردا ، کە بەریەک کەوتبون و ئەو چوارکەسە بۆیە بەرکەوتون چونکە سەر و دەست و لەشیان لە پەنجەرەکانی لای شۆفێرەکەوە دەرهێنـابوو ، بەداخەوە وتەی شۆفێرەکە کە لە چەمچەماڵ باسی کرد هاتە دی.

لەوە بەدوا زۆر هەولــم دا لەگەڵ فێرخــوازە خۆشەویســتە کانمـدا کـاری بەپێـزو جـوان پێشـکەش بکەیـن تالەتوانامانـدایە خۆبپارێزین لەو روداوە ناخۆش و زیان بەخشانە.



لەوکــارە گرنگــانەی کە ئەنجاممانــدا بــۆ نمــوونە هەردوو ئۆپەرێتی:

١-گورگی بێشە و هەرد.

٢- داپیرەی دانا.

کەهەردوکیان لەسەر ئاستی شاری سلەیمانی و عێراقیش پلەی نایاب یان بەدەست هێنا ، هەندێ جار ڕۆڵی ئۆپەرێتەکان ژەنیارەکــان ئەیــان بینــی، بەواتــای ئەوەی فێرخــوازانی تیپــی مۆسیقای پیرەمێرد، ئەوەندە بەتوانابوون کە ئەیان توانی ڕۆڵە جیاوازەکانی هونەر لە یەک نمایشدا و لە زۆربەی بوارەکاندا چەند ڕۆڵێکی جیاوازی پێویست لەو نمایشەدا ببینن.



**یەکێکی تر لە فێرخوازەکانی تیپی مۆسیقای پیرەمێرد**

**وشیار میرخان**



**ئەڵێ:**

**بەنـــدە هەر لە ســـاڵی ١٩٧٧ تەوە هاوشانی هەردوو برام ( فەرەیـدون و شـەهید بەختیـار ) وە لەگەڵ دامەزرانـدنی تیپـي مۆسـیقای پیرەمیـردی منـالان، بەشـدار بـووین ئەویش لە ڕێگەی کاکمەوە (مامۆستا عبدالقادر میرخان).**

**پـاش تێـپەڕ بـوونی نـزیکەی ساڵێک فەرەیدون دەستبەردار بوو , بەندە و شەهید بەختیاری بـرام بـۆ مـاوەی ١٣ سـاڵ بەردەوامیمـان دا لە هەمـوو چالاکیەکـانی تیپەکەمان بە بێ دابڕان و هاوشاني ئەندامە ئازیزەکانی کە.**

**سـەرەتا وەکـو کـۆرس بەشـداریم هەبـوو لە چالاکیەکـانی تیپەکەمانـدا پاشـان بە ژەنینـي ئـامێری ئۆکۆردیـۆن و دواتـریش ئامێری سایزەر، ئەوەي لە تیپەکەمدا فێری بووم لە سەروو ژەنینی ئەو ئامێرانەوە بریتی بوو لە خۆشەویستیم بۆ هـونەر بە گشـتی و مۆسـیقا بە تـایبەتی کە ئێسـتا بـووەتە بەشـێک لە هـزر و چـالاکي ڕۆژانەم.**

**لە ماوەی بەشداریم لە تیپەکەمدا کۆمەڵێک برادەرم ناسیوە کە تـاوەکو ئێسـتاش پەیوەنـدي ڕێـزو خوشەویسـتی لە نێوانمانـدا بەردەوامە و هەنـــدێک لەو ئـــازیزانە لە ڕێـــگەی بەرهەمە ناوازەکانیانەوە بەردەوامن لە خزمەت هونەری مۆسیقای کوردی .**

**سـوپاس و پێزانینـی بـێ پایـانم بـۆ مامۆسـتای بەڕێـزم (مامۆستا صلاح رؤوف) کە هەردەم ڕێنوینی دەکردین بەو هونەرەی**

فێری بووین , بەرز بنرخێنین لە ناو کۆمەڵگەداو لە کات و جێگەی نەشیاو بەشداری ئاهەنگ و بۆنەکان نەکەین.

هەروەها بەڕێزیان پەیوەندیەکی پتەوی لە نێوان ئەندامانی تیپەکەدا دروستکردبوو کە زۆربەمان ئەندامانی خێزانی یەکترمان دەناسی و دواجار وەک ئەندامانی یەک خێزان بووین لە تیپەکەماندا.

دووا وتەم، خۆشەویستی بێ پایانم بۆ مامۆستای پایە بەرزم ( مامۆستا صلاح رەوف )، هەمیشە هیوای تەمەن درێژیی و سەرکەوتنی بۆ دەخوازم لە داهێنانە هونەریە کانیدا، بە ئاواتی بەردەوامبوونی لە خزمەت هونەری مۆسیقای ڕەسەنی کوردی دا ، بەرهەمەکانی گەواهی ئەو ڕاستیەن.



**ئەندامێکی سەرەکی تیپی مۆسیقای پیرەمێرد**
**ئاکۆی عەزیز عینایەت**
**ئەڵێ :**



**ساڵی ١٩٧٥ بەشداریم لە ئۆپەریت و کـاره هونەریەکـانی مامۆسـتا سـەلاح دا ئەکـرد، بەڵام یەکەم دەسـتپێکم وەکـو کەمـان ژەنێـک سـاڵی ١٩٧٧ بـوو، هەر لەو سـاتەوە بەشـداری هەمـوو چالاکیەکـانی تیپـی مۆسـیقای پیرەمێـردم کـرد و لە کـاری هونەری زۆر بەپێزدا بەشدار بووم تا گەیشتمە قۆناغی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لەوێش هەر فێرخـوازی مامۆسـتا سـەلاح بـووم تـا پـۆلی سێ و لە سـەر داوی مامۆستا سەلاح چووم بۆ پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغداد.**


١٩٧٦–١٩٧٧ تیپی مۆسیقای پیرەمێرد

**یەکێکی تر لە فێرخوازە سەرەکیەکانی قوتابخانی کوردی و پاشان تیپی مۆسیقای پیرەمێرد .**

**دانا میدیا**

**ئەڵـــێ:**



**ســاڵی ١٩٧٥ لــە قوتابخانــە ی کوردی ئـە و کاتـە یـادی بـە خێر بـاوکم مامۆستا عە بدوڵا میدیا بـە ڕێوە بـە ری قوتابخانــە کــە بــوو، هــا نــی دام بــۆ فێربــونی ئــامێری کــە مان،ئــە وکاتــە مامۆستا سەلاح مامۆستای موزیک بوو لە هە مان قوتابخانە ، مامۆستا سە لاح لــە قوتابخانــە کــە جــە نــد قوتابیــە کــی قوتابخانـــــە کەی کۆکردبـــوە وە بـــۆ فێرکردنی ئا مێرە مۆسیقیە کان .**

**لە ناو ئە وقوتابیانە دا منیش یە کێکیان بووم هە رچە ندە من لە و قوتابخانە یە قوتابی نە بوم، بۆیە کـە م جـار مـا مۆسـتا سە لاح کە مانچە یە کی بۆ هێنام و باوکم بۆی کـڕیم، بۆمـاوە یـە ک وا نەی فێربونی کە مانچە م خوێند،وە ئۆپەرێتێـک کـرا ئـە وکـا تە،بە شداریم کرد تێیدا.**

**پاشـان مامۆسـتا سـە لاح لــە وێ نــە مــا ، لــە بــە ر ئــە وە باوکم بردمی بۆ خـولی فێربـونی کـە مـان لـە جـالا کـی قوتابخانـە کان، مامۆسـتا فـرە نسیس داود وانـە ی پـێ دە وتـین ١٨-٨-١٩٧٧ خولە کە تە واوبوو.**

**لە سە ر فێربونی ئامێری کە مان بە ردە وام بوم تا بوم بە ئە ندامی تیپی چا لاکی قوتابخا نە کان وە هە موو چـالا کیـە کـانی ئە م تیپە دا بە شدار بووم تا سا ڵی ١٩٨١، پاشـان لـە سـاڵی ١٩٨١ وە گە ڕا مە وە لای مامۆستا سە لاح لە تیپی مۆسیقای پیرە مێرد .**

**ستران چڕێک و ئەندامێکی سەرەکی تیپی مۆسیقای (پیرە مێرد).**

**ئالا عومەر**

**ئەڵـــێ :**



**سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەریم لەگەڵ تیپی مۆسیقای منـــالانی پیرەمێـــــرد دا ئەگەڕێتەوە بۆساڵی ١٩٧٨.**

**مـــن شـــانازی ئەکەم کە ئەنـــدامێکی کـــارای ئەو تیـــپە بـــووم، لەســـــەرەتادا وەک فێرخوازێـــک چـــووم بـــۆ فێربـــوونی ئـــامێری مۆســـیقاو ئامێری فلوتم هەڵبـژارد، بەڵام لەبەر ئەوەی من لە گەڵ تیپی مۆسیقای سلەیمانی و چـالاکی قوتابخانەکان گۆرانیم وتبوو، ئیتر لەو تیـپە خۆشەویستەدا بەهـۆی هەوڵـو مانـدوبونی، مامۆسـتای ئـازیزم مامۆسـتا سـەلاح ڕەوف و هەوڵێ خۆم و ڕێگە پێدانم لەلایەن خانەوادەکەمەوە، چەند گۆرانیەکمان تۆمارکرد لەوگۆڕانیانە:**

**( بەفر بارین، جریوە، چۆلەکە، دلـی سپی، بەبە، ئەی تـۆپەکە، ئەی نیشتمانم، گۆرانی دوا بڕیار).**

**ئـێمە لەگەڵ ئەو تیـپەدا کـۆمەڵێ کـوڕو کـچ بـووین،کە هەمووومان هاوتەمەنی یەک بـووین،کە زۆر بەدڵ خۆشیو بێ گوێ دان بە سەرما و گەرما ئەچوین بۆ پـرۆڤە، یـان بەیانیـان ئەچـوین یـان ئێواران،دواجـار لە سـتۆدێۆی تیپـی مۆسـیقای سـلەیمانی تۆمارمان ئەکردن.**

هەنـــدێکی تــر لەو گۆرانیـــانەی کەلەگەڵ تیپــی مۆســیقای پیرەمێردا تۆمارمان کرد بریتی بوون لە :

١–تۆمارکردنی سێ گۆرانی بۆ فلیمی گوڵە پەلکەزێڕەنە:

ا–گوڵ و مۆسیقا  وتنی ئالا عومەر و حەسەن عەلی.

ب– کش کش کۆلارە وتنی ئالا عومەر لەگەڵ فازل قەساب.

ج– تــوێ تــوێ ، ئــالا عــومەر. دەرهێنــانی گیــانی شــاد عوسـمان چێوار .

٢– تۆمارکردنی دووگۆرانی بۆ شانۆیی دایک ١٩٩١

٣– تۆمارکردنی گۆرانی ڕابە ڕۆڵە نەبەردەکەم بۆفیستڤاڵی یەکەمی هەڵەبجەی شەهید ساڵی ١٩٩٢.




٤– گـــۆرانی مـــن دەمەوێ. لەگەڵ گـۆرانی بێـژ کـامەران عەبدول مەجید سـاڵی ١٩٩١–١٩٩٢.

٥–گۆرانیەکـــانی شـــانۆیی منـــاڵە بچکۆلەکەوگەشـــتی چارەنووس.

ا– گۆرانی بە زانست.

ب– ژینی نوێ.

ج– بەرەو ژیان.

د– لەخۆبایی.

ه– ئێمە لە داهێنا ناین.

و– بەرەو ڕوناکی.

سـاتێ گۆرانی بەفـر بارینمـان تۆمـار کـرد لەوکـاتەدا کـاک فازیـل قەسـاب هـات مامۆسـتا سـەلاح پێـی وت بـۆ ئەو کـۆپلەیەی لەگەڵ نالیی،ئیتر بەدەنگی هەردوکمان تۆمار کرا.

سالّی ١٩٨٠ ویستمان گۆرانیەکان بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک تۆمار بکەین، بەبۆنەی شەڕی عێراق ئێران نەیان هێشت، هەروا گەڕاینەوە زۆر ناخۆش بوو.


تیپی نواندنی سلێمانی

شانۆیی ی
منالە بچکۆلانەکەی گەشتی چارەنووس

نووسینی : ئەنتوان ئاکزۆ پێری
سیناریۆی شانۆیی : قاسم محمد
وەرگێڕان و هۆنراوەکان : محمود زامدار
دەرهێنانی : رزگار کریم
سەماکان : أنور قەرەداغی

ئاوازی گۆرانیەکان :
ولیم یوحنا
أنور قەرەداغی
صلاح رؤوف

لەسەر شانۆی چالاکی ی قوتابخانەکار
لەڕۆژی ١٥/٨/١٩٨٣ وڕۆژانی دوایی
کات (٥) ی پاش نیوەڕۆ

هەروەها لەساڵەکانی دوای ١٩٨٠ هەموو گۆرانیە کانمان لەهۆڵی چالاکی قوتابخانە کانی سلەیمانی لەسەرکارێز تۆمارکر بەڵام بەداخەوە ئەو تۆمارکراوانەمان نەدی.

گۆرانیەکانی شانۆیی پۆنتێلاو ماتی، هەشت گۆرانی بوون :

١-لەولاتی سویدا.

٢-ئەی پۆنتێلاکاتی ماڵ ئاوایی واهات.

٣-لەوەرزی خڕنوک ڕنینا.

٤-کە مرەبای خڕنوک کولا.

٥-هەربۆگاڵتەو پیلان بازی.

٦-بۆ ئاهەنگی نیشانە.

٧-میستەر پۆنتێلا هاواری کرد.

لەگەڵ ئەو خۆشەویستانەدا ( ئەندامانی تیپی مۆسیقای پیرەمێرد ) جارێک چوین بۆ سەیران، کە قەت لەیاد ناچن. لێرەوە ڕێزو سلاو و خۆشەویستیم بۆسەرجەم ئەندامانی تیپە خۆشەویستەکەم پیرەمێرد بەتایبەتی مامۆستای بەڕیزم سەلاح ڕەوف و هاوڕێکانم: رازاو . شلێر. شەوبۆ. مەی. ئاهەنگ. ئاکۆ. هێرش. دانا. نەورۆز. هێمن. تریفە. پەری. گۆران. هۆشیار ئەردەڵان. بەهرە. نیان. بەرهەم. داوای لێبوردن ئەکەم ئەگەر ناوێکم بیرچوبێت.

دوبارە لەگەڵ تیپی مۆسیقای منداڵانی پیرەمێرد گۆرانی :

١-بەفر بارین . ٢-بەبە. ٣-جریوە. . ٤-چۆلەکە.

**٥-ئەی تۆپەکە. ٦-ئەی نیشتیمانم. ٧-دڵی سپی .**

**ساڵی ١٩٨٠ تیپی مۆسیقای پیرەمێرد گۆرانی (دوابڕیار ) ساڵی ١٩٨١ (ئەی نیشتیمانم ) ،هەروەها تۆمارکردنی سێ گۆرانی بۆ فیلمی گوڵە پەلکە زێڕینە ( گوڵ و مۆسیقا ، کشکش ، توێ توێ ) ساڵی ١٩٨٠ بۆ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ، کاری دەرهێنانی لەلایەن (عوسمان چێوار) گیانی شاد بوو،تۆمارکردنی گۆرانیەک بۆ ڤێستیڤاڵی یەکەمی هەڵەبجەی شەهید ساڵی ١٩٩٢.**

**تۆمارکردنی دوو گۆرانی بۆ شانۆگەری دایک ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ تیپی مۆسیقای پیرەمێرد ، ئەو کارە شانۆگەریانەی لەگەڵ تیپی نواندنی سلێمانی کەتێیدا وەک نواندن و گۆرانی بێژ بەشداریم تێدا کردووە بریتین لە: شانۆگەری (کەللەسەر) وەک ئەکتەر و گۆرانی بێژ بەشداریم کردووە لەدەرهێنانی / کەریم عوسمان _ ساڵی ١٩٨٢**

**شانۆگەری ( مناڵە بچکۆلەکە و گەشتی چارەنووس) وەک ئەکتەر و گۆرانی بێژ بەشداریم کردووە ، ٦ گۆرانی لەدەرهێنانی ڕزگار کەریم _ساڵی ١٩٨٣**

**شانۆگەری ( پۆنتێلاو مانتی ) وەک ئەکتەر و گۆرانی بێژ بەشداریم کردووە ٦ گۆرانی لەدەرهێنانی / فازڵ قەساب.**

**ساڵی ١٩٨٤ تەمسیلی ژاڵە وەک ئەکتەر بەشداریم کردووە لەدەرهێنانی /ناسرٍ حەسەن _ ساڵی ١٩٨٥.**



یەکێکی تر لە ئەندامە سەرەتاییەکانی تیپی پیرەمێرد .
بەرهەم حەسەن
ئەڵێ :



ئەو یادگاریـــانەی هەرگیـــز بیرم نا چنەوە.
تـازە سـەرەتای سـاڵە کـانی ٧٧ بوو لەگەڵ گرمەو کێشەی خەڵکی بێ چـارەی کوردوسـتان شـەقامەکانی شـــار بـــۆنی دیکتـــاتۆریەت و چەوسـانەوەی گەلـی لـێ دەهـات.... ئـــێمەی منـــداڵان دڵمـــان تەنهـــا بەوەخۆش دەبوو کە کۆمەڵێک هاوڕێ کۆبینەوەوکاریک بکەین .....خۆش بەختانە هەر ئەوسـاڵە دەنگۆی ئەوەبـڵاو بـویەوە کەخـولی فێربـوونی مۆسـیقا دەکـرێتەوە لە قوتابخانەی پیرەمیردو مەحوی بەسەر پەرشتی مامۆستای میوزیک ژەن مامۆســتا {ســەلاح رەووف}، هەرچەنــدە مامۆســتا ســەلاح کۆمەڵێـک قوتـابی دیکەشـی پێگەیانـدبوو پـێش ئـێمە ئەمە زیـاتر دڵخۆشکەر و پـاڵ پێـوەنەر بـوو کە ئـێمەش هەروەک ئەوقەتابیـانە ببینە میوزیک ژەنو کارامەیی و لێهاتوویی ئەو مامۆستا بە ڕێـزەی نیشــان دەدا ، مامۆســتا پیــاویکی خەمخــۆری هــونەرو مانــدوو نەناسانە کاری دەکرد ..... بۆهەمیشەیی ڕیـزی سـەرچاوی هەمـوو قوتابیەکانی و ئەم گەلەشە بە گشتی......
بەڵـێ ئـێمەش کـۆمەڵەک قوتـابی بـووین وچـوینە خـزمەت مامۆسـتا سـەلاح رەووف و مامۆسـتا زۆر بەدڵێکـی فـراوانەوە یەکە بەیەکە تاقی دەکردینەوە چونکە لەسەرەتاوە ئەوەی پـی ووتـین کە دەبێت هەرکەسێک دەیەوێت فێـری مۆسـیقا بێـت ، دەبێـت خـاوەنی بەهـرەو ئەداکـردن بێـت واتە لەپـاڵ مۆسـیقاکەدا بتوانێـت سـولەمی

مۆسیقاو نۆتە بەدەنگ و ئاواز بڵێت.... خۆش بەختانە بەندەو کۆمەڵێک لەهاوڕێیان لەخزمەت مامۆستا سەلاح دەستمان کرد بە ڕاهێنانی ڕۆژانە....... ئەو دەمە مامۆستاو هاو پیشەکانی مامۆستا و هونەر بەگشتی بۆهیچ بەرژەوەندیەک نەبوو تانها بۆپێگەیاندو خزمەتی هونەرو میللەت بو خۆشەوویستی مامۆستا بۆ هونەروو بۆ منداڵانی گەلەکەی وای لێ کردبوو کە ڕۆژانە سەرە ڕای کارو پیشەو خێزان بە ڕێوە بردن بەبێ هیچ بەرامبەرێک ١٠ هەتا ١٢ سەعات لەگەڵ قوتابیەکان خەریکی ڕاهێنانی مۆسیقا بوون،گەلێک ڕۆژگارمان بەڕێ کرد ، لەژێرجەوروستەمی دەستەڵاتی دژە کورد نەمامۆستاو نە ئێمەش دەست بەرداری هونەرو کلتورەکەی خۆمان نە بووین ، بەڵی ئەگەر بکەومە باس و گێڕانەوەی ڕۆژانە...لەو هاوڕییانەی لەبیرم مابن وبە ئێستاشەوەسەرقاڵی هونەرو مۆسیقا بن لەوانە بەڕێزان [کاک ئاکۆی عەزیز عینایەت ، کاک غەمگین فەرەج ، کاک دانای عبداللە میدیا ،کاک شەیدای حسەینی مامەلی و کاک عەلی شێخ کەریم خاتو ڕازاو قوستنتین و هەروەها خاتو شلیر مەحەمەدو خاتو شەوبۆ مەحەمەد .



بەڕاستی خێزانێکی هونەری گەلێک جوان بووین داوای لێ بوردن لەو هاوڕێیانەم دەکەم کە ناویانم لەبیر نەماوە بەڵێ گروپێکی گەلێک جوان و دەست بەکار بووین....

هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە مامۆستا خزمەتێی گەلێک جوانی دەکردین هەرلە ماڵەکەی خۆشیانەوە زۆر جار خواردنی بۆ دەهێناین وڕۆژانە بەهاوینە گەرم سە هۆڵی لە ماڵی خۆیانەوە ئە هێنایە شوێنی ڕاهێنان و ئەوەی شایەنی باسیشە ماڵی مامۆستا سەلاح لە شوێنی ڕاهێنانەوە دوور نەبوو زۆر جار من و کاک شەیدا دارێکمان پەیدا کردبوو دوو سەتڵمان دەخستە ناو قەدی دارەکەو بە ڕێ دەکەوتین دەچووین سەهۆڵمان لە ماڵی مامۆستا سەلاح دەهێنا .... زۆرجارانیش دایکی مامۆستا سەلاح ڕۆحی شادبێت کە دەچووین دەیگووت بەخوا نان نەخۆن نارۆنە دەری، ئێمەش زۆر حەزمان دەکرد دائەنیشتین دەستمان دەکرد بە نان خواردن لەهەیوانەکە لەبەر پانکەیەکی ئەرزی ، درووود بۆ گیانی پاکی حەلاوە خان دایکی مامۆستا سەلاح ، دوا بەداوی تەواو بوونمان لە نان خواەدن خێزانی مامۆستا سەلاح تەمەن درێژ بێت هەندێ خواردنی وەک کێک و کولیچەو برمەی بۆ دە پێچاینەوەو تەرمۆسەیەکی چایی بەلەزەتیش ، کە ئەگەڕاینەوە مامۆستا سەلاح دەیگووت سەیر سەیر ئەڵێی هاتوون بۆ مواجەهەی نەخۆش، ڕۆژان هاتوو ڕۆژان چوون تیپکی جوان و بەر بڵاومان لێ دروست بوو ناویان نا [تیپی مۆسیقای پیرمێرد] بەیارمەتی مامۆستا سەلاح کە وادەزانم ئەوە یەکەمین خولیش بو لە شاری سلێمانی بۆمندالان کە ئامێری تازەی بە خۆیەوە بینی وەک چەلۆو فلوت و کلارنێت و ترامپێت و ترامبۆن و سەکسەفۆن . دیارە سەلیقەی مامۆستا وای کردبو کە ئەم نوێ کاریە بهێنێتە تیپی مندالانەوە,لەبیرمە یەکەمین کارمان پارچە مۆسیقای نیشتیمان بوو ئاوازو دابەشکردنی مامۆستا سەلاح بوو لەگەڵ چوارینەک کە ناوی دیلانێ بوو .

ئه ساڵانه گەلێک کاروو چالاکیمان کرد دەرکەوتێکی باش و تیپێکی گەلیک بەئەزمووونی ئەوسای منداڵان بووین ! کارەکان گەیشتنه ئەوەی بانگهێشت کراین بۆ میهرەجان لەسەر ئاستی عێراق یەکەمن جار بۆ بەغدا داواتر بۆ سەماوەو دواتریش بۆ روومادی.... لەبەغدا ڕۆڵێکی گەلێک گرینگمان بینی گەلێک پێمان سەرسام بوون .... بەڵام سەد حەیف له ناوەڕاستی نمایشدا کارەباکەیان لێ کوژاندینەوە ......لەبیرم دێت مامۆستا سەلاح لەسەر مەسرەحەکەبوو ووتی نەی بڕن بەردەوام بن تاکۆتایی مەوەستن.... ئێمەش لەژەنین نەوەستاین و تاکۆتایی بەبێ کارەباو مایکرۆفۆن عەزف مان کرد ، کەتەواو بوین مامۆستا به دڵێکی پڕەوە سەری هەموومانی ماچ کرد ووتی ئیوه سەری کوردتان بەرز کردەوه، بۆسبەی مژدانەی یەکەمی مان وەرگرت و هەر هەموومان دڵخۆش و گەش بوینەوە، دواتر پاریزگاری بەغدا بڕیاری دا که چوار ئالەتمان به دیاری بداتێ چەلۆیەک ، فلوتێک ، کەمانێک،ترامپێتێک ..... ئەمه ئاژاوەیەکی زۆری خسته نا و تیپی شارە عەرەبەکانەوە ... دواتر لەدیاریەکەش پەشیمان بونەوە ووتیان نیه و درۆمان کرد، دوابەدوای ئەم میهرەجانه بانگێشتی سەماوە کراین ... لەسەماوەش ڕۆڵی خۆمان بینی و له وێش پلەی یەکەمیمان بەدەست هێنا... لەدوای سەماوە بانگێشتی روومادی کراین ... لەوێش پلەی یەکەمیمان وەدەست هێنا ... بۆیه هەر بەو بۆنەیەوە داوەتی گۆشتی حوشتریش کراین له محل کباب بعیر الرمادی – بحيرة ساوا ، جا باسو خواسی ئەو سەفەرا نه هێندە بەتام ولەززەت بوون کۆتایی یان هەرگیز نایەت ،چەند جارێک مامۆستاکانمان لەسەر ناوی پارچه مۆسیقا و سروود بەبەر چاوی ئێمەوە ڕاپێچی دەزگایەکانی سەر به ڕژێم دەکران ... لەبیرمه زۆر جار لەکاتی نمایشەکاندا پیاوانی ڕژێم چاودێریان دەکردین ... له پڕۆڤەی گورگی بێشه و هەرد هەرسێ مامۆستاکانمانیان بەبەر

چاوی خۆمانەوە برد بۆ ئەمن مامۆستا عوسمان چێوار ڕۆحی شاد بێت ، مامۆستا سەلاح ، هەروەها مامۆستا سمکۆ ناکام،هەرگیز ئەو ئیوارە شوومەم بیر ناچێتەوە دەرگای هۆڵەکەیان لەسەر داخستین ومامۆستاکانیان پەلکێشی نا و پیکابەکانی بەعس کرد،خۆیان باش ئەیانزانی مەبەستی گورگی بێشەو هەرد چی بوو، دوابە دوای هەموو ئەمانە دەنگێک کەوتە ناوانە کە گوایە بانگێشتی سوریا دەکرێین ... ئەوەش چونکە تەنها تیپەکە کوردی بوو نەیان هێشت سەر بگرێ،ناخۆشترین ڕۆژم ئەڕۆژە بوو ما مۆستا سەلاح م بینی زۆر بە تورەیی لەگەڵ خوالێ خۆش بوو مامۆستا جەلال عەزیز بانگ کرا بوون بۆ ئەمن کە دەبێت ناوی تیپەکەمان لە تیپی مۆسیقای پیرەمێردەوە بگۆڕن بۆ تیپی مۆسیقای شیمال.



یەکێکـی تـر لـە ئەنـدامە سـەرەکیەکانی تیپـی مۆسـیقای پیرەمێرد.

غەمگین فەرەج

ئەڵــــێ :

تیپـی مۆسـیقای منـاڵانی پیرەمێـرد لـە سـەردەمی خۆیـدا فێرگەو قوتابخانەیەکی مەزن بووە بۆ زۆرینەی موزیسیانانی دیـاری موزیکی کوردی .



منیش (غەمگین فەرەج) بەو پەڕی خۆشبەختی و سەر فرازیەوە یەکێـک بـووم لـە فێرخـوازە کـانی مامۆستای ئەزیز (سەڵاح ڕەووف)، کە لە تیپی پیرەمێرد ئەم مامۆسـتا ئەزیزو ماندووەی نێو دنیای موزیکی کوردی چەنـدین منـاڵی کوڕو کچـی کـوردی لەسـەر بنەمـا زانسـتی و پرەنسـیپە بنەڕەتیەکـانی موزیک پەروەردەکرد .

سـەرەتاکانی چـوونی مـن بـۆ نێـو ئەم تیـپە و دەسـپێکی فێربوونی موزیکم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٩٧٨ بۆ ١٩٧٩ سـەرەتا بە ئامێری ئۆکردیۆن دەستم پێکرد لەو ساتانەدا کۆمەڵیکی زۆر لە مناڵانی تر ئەندامی ئەو تیپە بـوون و لە مـن لەپێشـتر لەوێ بـوون ئەوانە کە لەیادما بن ( ئاکۆ عەزیز عنایەت , بەختیار حەمەڕەشید , گـۆران عـارف ئـامێری ڤـایۆلین ) . ( ڕازاو قسـتەنتین _ فلـوت ) (وشـیار حەمە ڕەشـید , غەمگـین فەرەج _ ئۆکۆردیـۆن ) ( ئـاراس فەرەیدون دارتاش _ ئۆرگ و ئۆکوردیۆن . شلێر محەمەد غەریـب _ ئـۆرگ و ئەکسلیفۆن ) ( شـەوبۆ مـحەمەد غەریـب , مەی کەریـم , شـێرکۆ _ گیتـار ) (عەلـی _ ترومپێـت ) (نەورۆز عەبـاس , ئـاری عەزیز عنایەت , سیروان جەلال ئامێرەکانی ڕیتم ) بەگشتی مـن ئەم

ناوانەم لەیادە، هەر لەو ساتانەدا زۆر بەرهەمی ناوازە و جوان کە لە ئاوازە جوان و دانسقەکانی مامۆستا سەلاح بوون لە ستودیۆی تیپی مۆسیقای سلیمانی تۆمارمانکرد لەدیارترین ئەو گۆرانیانەی کە لە یادم بیت و من وەک ژەنیاری ئۆکۆردیۆن بەشداربووم وەک

١- گۆرانی بارانە , وتنی شەم جەلال

٢- گۆرانی بەفربارین , وتنی ئالا عومەر و فازل قەساب .

٣- گۆرانی گوڵ و مۆسیقا , وتنی ئالا عومەر و فازل قەساب .

زۆر گۆرانی و پارچەی موزیکی تریش , ئەمە ویڕای بەشدارییە چالاکەکانی ئەم تیپە لەسەرجەم ڤیستڤاڵە موزیکیەکان لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق .

ئەم تیپە لەساڵەکانی ١٩٨١ بەدواوە زۆر فراوانتر بوو ، کۆمەڵێک ئەندامی تری زیادکرد هەر لەگەڵ هاتنی ئەو ئەندامە نوێیانە منیش لەبەر پێویستی تیپەکە لەسەر داوای مامۆستا سەلاح دەستم بە ڕاهێنان لەسەر ئامێری (ترومپیت) کرد و ئیتر بەو ئامێرە بەشداری بەرهەمەکانی تیپ دەبووم ناوی هەندێک لەو ئەندامانە کە هاتنە تیپی پیرەمێردلە دواتردا ئەوانەی لەیادم بن ئەم ئەزیزانە بوون . هێرش عومەر ڕەزا , دانا عەبدولا میدیا , ئەکرەم قادر , وە لەساڵەکانی دواتردا عەبدوڵلا جەمال _ئامێری ڤایۆلین ) (بەختیار تاهیر , ڤیۆلا ) (نەجات ئەمین , نەوروز کەمال , ئامێری چەلۆ ) (تریفە سمکۆ عە زیز, ڕەحمان ڕەشید _ ئۆکۆردیۆن ) ( ئاهەنگ , ئەردەلان _ گیتار) ( بەهرە قستەنتین , هێرش عەبدوالرحمان , ئامێری کلارنێت ) ( سامان حەسەن – ئامێری پیکلۆ ) ( سامان حەمەکەریم , ساکسیفۆن ) (هێمن عومەر ڕەزا , ئامێری ئۆبوا )، ( دانا کەمال –ئامێری کۆرنێت ) لەو قۆناغەدا کە سەرەتای ساڵی هەشتاکان بوو ڕاهێنانەکانی تیپی مۆسیقای پیرەمیردمان لە قوتابخانەی ( فنون ) کە دواتر پێیان

دەوت ( هەتـــاو ) , لەدوایـــدا قوتابخـــانەی( مەحـــوی) لەگەڕەكـــی سابونكەران دەكرد .

پاشان ساڵەكانی دواتر لەپاش ساڵی ١٩٨٣ ڕاهێنانەكانمـان بۆ باخچەی ساوایانی پەری گواستەوە و لەوێش كۆمەڵێ ئەنـدامی تر هاتنە نێو تیپەكەوە كە لە یادمە لەو ساتانەدا مامۆستا سـەلاح ڕەووف وەک چـۆن هەمیشـە بڕوایەكـی زۆری بە توانـای مـوزیكی فێرخوازەكانی هەبوو بڕیاریدا بە كردنەوەی خولی فێربـوونی تـازە و ئێمەشی لەسـەر ئەوە ڕادەهێنـا كە بتـوانین وانە سـەرەتاییەكانی فێربـوونی موزیـک بە فێرخـوازی نـوێ بڵێـین تـا بەردەوام تیـپەكە ئەندامی نوێی بۆ زیاد بێت ئەو كاتانە چەندین فێرخواز ڕوویـان لە تیـپەكە كـرد كە لەڕاهێنـانی ئەم فێرخـوازە نوێیـانەدا ئـێمە چەنـد ئەندامێكی تیپی پیرەمێرد وەک ڕاهێـنەر هاوكـاری مامۆسـتا سـەلاح بـووین بـۆ پێگەیانـدنی ئەو قوتابیـانە كەدواتـر هەنـدێكیان بـوونە كەسانی دیار لەبواری موزیكدا هەنـدێک لەوا نە ( بڵنـد قەرەداغـی , بڕیار ڕەشید، داليا لەتیف , نیـروان , ئیبـراهیم عەلـی , كویسـتان عەزیز ....).

لە قۆناغیكـدا هەر لەو كاتـانەدا مامۆسـتا سـەلاح پێویسـت بـــوو بـــڕواتە دەرەوەی وڵات، لەبەر ئەوەی ئەبـــوو بچێـــتە سەربازی(ساتی شەری كەنداو) نەچوو، سەفەری كـرد بـۆ دەرەوەی وڵات، بـۆیە بـۆ مـاوەیەک ئەنـدامانی تیـپەكە لەژێـر سەرپەرشـتی مامۆستا (ئەنوەر قەرەداغی ) دا بوو بەسوپاسەوە پێمانەوە مانـدوو دەبوو كە ئەو كاتەلە ناوەندی (ژین) راهینانمان دەكرد وە دواتریش مامۆستا (مـحەمەد حسـێن , بە ئـامێری فلـوت ) هەمیشـە هاوكـاری دەكردین ،دیارە چالاكییە موزیكیەكـانی تیپـی پیرەمێـرد زۆر بـوون وەک تۆمـــاركردنی گـــۆرانی و ئۆپەرێـــت و بەشـــداری ڤیســـتڤاڵە موزیكیەكان , ئەوەی كە بۆمن تا ئەم ساتەش جـێگەی خۆشـحاڵیمە چەند چالاكیەكە كە دیارترینیان نمایشكردنی شاكاری ئۆڤەرتیـوری

(سەرتاشی ئشبیلیە) دانەری بەناوبانگی ئیتاڵی ( ڕۆسینی) بوو لەساڵانی هەشتاکاندا لەسەر هۆڵی ئامادەیی سلێمانی , کە ئەم بەرهەمە بووە جێگەی تێڕامان و سەرنجی سەرجەم بینەرانی , بەڕاستی مامۆستا سەلاح زۆر ماندوو بوو ئامادەکردنی کاریکی وا لەو ساتانەدا ئاسان نەبوو، جێی باسە لەم کارەدا مامۆستا ئەنوەر قەرەداغیش وێرای بەشداریکردنی لەگەڵمان وەک ژەنیار زۆریش هاوکارمان بوو، لێرەدا جێی خۆیەتی کە باس لە قۆناغێکی گرنگی ژیانی موزیکیی خۆم لە ناو تیپی مۆسیقای پیرەمێردا بکەم وەک گەنجێک کە ئەویش قۆناخی دەستبردنم بوو بۆ بواری ئاوازدانان و دابەشکردنی موزیک کەلەم بوارەشدا مامۆستای ئەزیزم (سەلاح ڕەووف ) هەر لەیەکەم هەنگاومەوە هاوکار و ڕێنیشاندەرم بووە و یەکەم ئەزموونی کاری ئاوازو دابەشکردنی موزیکی من لەگەڵ ئەم تیپە موزیکە بوو کەئەویش گۆرانی (دەنگی پایز ) بوو لەهۆنراوەی (هیوا قادر ) و وتنی خاتوو (پەیمان عومەر ) کە یەکێکە لەو ئاوازانەم کە هەمیشە جێگەی شانازیمەو هەر لەپاش ئەم هەنگاوەش وانەکانی دانانی موزیک و ئاواز لەم مامۆستا ئەزیزەوە فێربووم .

هەر بۆیە تاهەمیشە تیپی مۆسیقای منالانی پیرەمێرد مەڵبەندی فێربوون و زیاتر شارەزابوون و دەوڵەمەندبوونی ئەزموونی موزیکی من بووە.

سلاو و خۆشەویستیم بۆ مامۆستا سەلاح و سەرجەم مامۆستایانی تر و بۆ هەموو یاد و یادەوەریەکانی ئەم تیپە جوانە و سەرجەم تیپە موزیکیەکان.

دوبارە غەمگین فەرەج ئەڵێ:

تیپی موزیکی پیرەمێرد مەڵبەندی پەروەردەو پێگەیاندنی چەندان موزسیان و ژەنیاری دیاری کورد بووە، لە گێڕانەوەی مێژووی موزیکی کوردیدا پەراوێز خستنی ڕۆڵی ئەم تیپەو ماندو

بوونی دڵسۆزانەی مامۆستای سەرپەرشتی ئەم تیپە مامۆستا سەلاح ڕەوف جگە لە نا ئاگایی لە مێژوو و غەدرکردن لە ماندوبون و دڵسۆزی مامۆستا سەلاح و ئەندامانی تیپی پیرەمێرد هیچی تر نییە، هەمیشە یەکێک لە شانازی و سەروەریەکانی ژیانم ئەوەیە کە قوتابی ئەم مامۆستا ئەزیزەو یەکێک لە ئەندامە سەرەتاییەکانی ئەم تیپە بووم، هەر لە تەمەنێکی منالیمەوە.

خۆزگە هەموومان لە گێڕانەوەی مێژوودا بەرپرس و ڕاستگۆ دەبووین، خۆزگە.....

منیش ئەڵێم خۆزگە:

دووبارە........

بەردەوام بووم لەگەڵ تیپی مۆسیقای پیرەمێرد بەوپەڕی لەخۆ بوردەییەوە، ئەندامانی پڕهەست و جۆش ڕوی کردە تیپەکە، بەڵام من یەک مەرجم هەبوو بۆ وەر گرتنیان ئەویش ئەبوایە ئەو ئامێرەی لە فێرگەیەکی تر فێربوو بوو لەتیپی مۆسیقای پیرەمێرد بەکاری نەبا، ئامێرێکی نوێمان ئەدایە بەتایبەتی ئەو ئامێرە فووداریانەی مامۆستا (ولیەم یۆحەننا) ومامۆستا (جەلال عەزیز) گیانیان شاد ئەیدایێ، کاری زۆر بەپێزمانکرد لەگەڵ تیپی نواندنی سلەیمانی و تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی و تیپە شانۆییەکانی تریش و لە هەموو فیستڤاڵە کانی شاری سلەیمانی و دەرەوەی شار وەکوو تیپی مۆسیقای پیرەمێرد بەشداریمان ئەکرد.

دێتە بیرم ڕۆژێک لەلایەن بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری سلەیمانیەوە بانگ کرام کە ئەوساتە بەڕێز (محەمەد ئەمین پێنجوێنی) بوو، بۆلێدوانێک لەبارەی بە شداریکردنمان لە فیستڤاڵێک کە لەسەرەتادا لەشاری سلەیمانی کرا و پێی وتم لەگەڵ بەڕێزان بەڕێوەبەری پەروەردەی سلەیمانی و بەڕێوەبەری چالاکی قوتابخانەکان باسمان کردوە و بەڕیزیان ناوی تیپی مۆسیقای پیرەمێردیان داوە، منیش گەلێک پێمخۆش بوو، جونکە وتی لەو

سێ تیپە واتا تیپی بێخود کە مامۆستا نامدار قەرەداخی سەرپەرشتی ئەکــرد و تیپــی نەورۆز کە مامۆســتا عوســمان مــحەمەد ئەمــین سەرپەرشــتی ئەکــرد، لیــژنەی دادوەر کامیــان هەڵبژێــرێ ئەوا نمایشەکەی ئەبرێتە سوریا و پاشان بۆ وڵاتی سۆڤیەت.

فیســتڤاڵەکە کــرا لە هــۆڵی یــانەی زانکــۆی ســلەیمانی کە کەوتبوە سەروی باخی گشتی و یــانەی فەرمــانبەران، ئەوســاتانەش بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیری بەرامبەری یانەی زانکۆی سلەیمانی بوو.

پاش نمایشێکی جوان من بڕیارم دا لەساتی نمایشی سەر شانۆ فلوت ژەن ڕازاو قوستەنتین بکەم بەڕابەری تیپەکە لەهەمان ســاتدا ڕابەری ئەکــرد و لە ســاتی ســۆلۆی فلوتەکانــدا فلوتیشــی ئەژەن.



پاش چەند ڕۆژێ ئەنجامی پێش بڕکێکە دەرچوو چەپکە گوڵێ سەرکەوتنیان دا بە تیپی مۆسیقای پیرەمێرد و وتیان ئیتر لەهەوڵی ئەوەداین کە بەزوترین کات گەشتەکە بۆ وڵاتی سوریاو پاشان بۆ یەکێتی سۆڤیەت بەئەنجام بگەیەنین.

پاش چەند هەفتەیەک مامۆستا جەلال عەزیز وتی سەلاح من و تۆ لە ئەمنی سلەیمانی بانگ کراوین،منیش وتم بۆ....؟

وتی بڕوات هەبێ نازانم ، بەڵام وای بۆ ئەچم کە پەیوەندی بەسەفەرەکەی تیپی مۆسیقای پیرەمێردەوە هەبێ، کە ئەبێ بچن بۆ سوریاو پاشان بۆ یەکێتی سۆڤیەت، وتم ئەی تۆ ئەڵێی چی، وتی من ئەڵێم با بچین وتم باشە .

ئەو ڕۆژەی کە دانرابوو چووین،هەر لە ئیستعلاماتی ئەمنی بەلدە ، دایان ناین و پاشان بردینیانە ژۆرێک کەسی لێ نەبوو، پاش ماوەیەک کەسێک هات خۆی پێ ناساندین و باسی سەفەرەکەی کرد، وتی ئێمەش پێمان خۆشە ئەو سەفەرە... بەڵام بۆ تیپەکە ناوی (پیرەمێردە) ،مامۆستا جەلال عەزیز سەیرێکی کردم منیش هاتمە گۆ و وتم لەبەر دوو هۆ :

یەکەمیان: زۆربەی ئامێرژەنەکان فێرخوازی ئەو قوتابخانە یەن کە ناوی قوتابخانەی پیرەمێردە.

دوەمیش : ناوی تیپەکە ناوی کەڵە هۆزان نوسی کورد (پیرەمێردە).

وتی ئێمە ئەوە نازانین ئەبێ تیپەکە بەناوی (فرقة مۆسیقی الشمال) ئەو سەفەرە بکات ، گەروانەبێ سەفەرەکە تان ناکرێ ئیتر ماڵئاوایی لێکردین و ئێمەشیان بردە دەرەوەی ئەمن.

هەر لەو سەردەمەشدا واتا سەرەتای ساڵی ١٩٧٧–١٩٧٨ بەهۆی چڕو پڕی ئەو خولەی مۆسیقا کە لە بەغداد بەشداربووم، توانیم هەوڵ بدەم بەیارمەتی مامۆستای کەمان ژەنی بلیمەت (مەحمود حەمەد) بناغەی پەرتوکێکی نوێ بەناوی فێربوونی کەمانجەوە بنوسم و پیشانی بەڕێزیم دا زۆری بەدڵ بوو، بەڵام

بەداخەوە ئەوساتانە پرۆگرامی نۆتە نوسینەوە نەبوو تەنها بەدەستی خۆم ئەم نوسیەوە، پەرتوکەکە بە هاوکاری بەڕیز نەوزاد قەفتان بەچاپ گەیەنرا هەرچەندە هەڵەیەکی تیابوو کە ناوی هەندێ کەسم نوسی لەژێرناوی پیاداچونەوە، کە هەرگیز وانەبوو و هەڵەی خۆم بوو.




فێربوونی کەمانچە

دووبـــاره هەر بەردەوام بـــووم لە گەڵ تیپـــی مۆســـیقای پیرەمیـرد و چـالاکی قوتابخانەکـان، کـاری هـونەری جوانمـان بـۆ هەندێ گۆرانی بێژی شاری سلەیمانی کرد.

لێرەدا ناشێ ئەوەم لەبیر بچێ کە سـەرەتای سـاڵی ١٩٨٠، لەگەڵ هونەرمەند قادرکابان گیانی شاد، چەند جارێک دانیشـتنمان کرد لەماڵی خۆمان لە گەرەکی سەرکارێز بـۆئەوەی کـاری هـونەری بۆبکەین ، لەگەڵ برایانی هونەرمەندو مۆسیقا زانم (شێرکۆ عادل و گۆرانی برایم خەیات، و حەمەی ئۆکۆردیۆن ) و چەند برادەرێکی تر پـرۆڤەی زۆر یشـمان کـرد ،ئەو سـاتانە بەداخەوە (کابـان) بەهـۆی ناکۆکی لەگەڵ چەندکەسێکدا هەبوو، ڕوی نەئەکردە تیپی مۆسیقای سـلەیمانی ، بەڵام بەداخەوە کارەکەمـان سـەری نەگـرت بەهـۆی شـەڕی کەنـداو نـاوی سـەربازیم هـاتەوە و ئەبـوایە بچومـایە بـۆ سـەربازی، بـۆیە منـیش نەچـوم بۆسـەربازی و ئـاوێتەی دەرەوەی وڵات بووم.



که بڕیاربوو بچم بۆ سەربازی (ساڵی ١٩٨٠- سەرەتای شەڕی ئێران عیراق) فەرامۆشکردنی تیپی مۆسیقای پیرەمێردم زۆر لا ستەم بوو بۆیە چومەلای مامۆستا (ئەنوەر قەرەداخی) وپیم وت، ئەگەر من بڕۆم بۆسەربازی تۆ ئەتوانێ سەرپەرشتی تیپی مۆسیقای پیرەمێرد بکەی، پێی خۆش بوو وتی چی چاک بێت وائەکەین، ئەوە بوو من چوم بۆسەربازی ئەمجارەش بۆ کەرکوک، بەڵام لەماوەی دووهەفتەدا ئەوانەی پێش من کە چوبون ڕەوانەی شەڕەکە کرابوون ناوی دوو کوژراو یان پی وتم ، بەڵام لێرەدا ئەوە گرنگە کە لەو ماوەیەدا ڕوداوێکی تایبەت ڕویدا کە زیاتر خرۆشاندمی کەسەربازی بەجێ بهێڵم، ئەوەبوو چەند ڕۆژێک پێش گەڕانەوەم بۆ سلەیمانی لە شاری کەرکوک نیمچە ڕاپەڕینێک هەست پێ ئەکرا،ڕۆژێک لە گەڵ چەند هاوڕێیەکما چوین بۆ حەمامی دەرەوە لە گەڕەکی (ئیمام قاسم) لە کەرکوک، جلی سەربازیمان لە بەر بوو، لەدوورەوە سەیرم کرد کچە منداڵێکی بچکۆلە وەستاوە هەرکەسێک جلی سەربازی لەبەردا بوایە چەند بەردێکی پیا ئەکێشا،لەوساتەدا هزری ئەو منداڵە زۆر کاریگەر بوو لەسەرم، بۆیە لەدوای هاتنەدەرەوەم لە حەمام جلی سەربازیم لەبەر نەکردەوە، پاش یەک ڕۆژ بڕیارمدا واز لەسەربازی بهێنم وگەڕامەوە شاری سلەیمانی.



ئەو ڕوداوەم بۆ دڵشاد مەریوانی گیانی شاد گێڕایەوە، پاش ماوەیەک ئەو هۆنراوەیەی بۆهێنام:

**قوربانی چاوکانت بم لەئێستاوە**
**وەک دوو زەریای پان وبەرین بان و بەرین**
**گەمیەی خەمی گشت جیهانیان تیاوەستاوە لەئێستاوە**
**کچە شیرینەکەی بابە لەئێستاوە**
**لەدەروازەی ژیانتا هەزارەها مۆتەکەی قەبەو ناشیرین ڕاوەستاوە**
**کەچی ڕوباری ژینی تۆ نەوەستاوە لەئێستاوە**
**تێکۆشەرێکی بەرگریت بەرگریت**
**عاشقی سەرفەرازیت و**
**هەرکەسێ ببێتە کۆسپی ڕێت**
**بیان بینی تەعیان ئەکەی**
**قوربانی دەست و پەنجەت بم**
**قوربانی دەمی ئەوەش بم**
**کە وشەی تەعی داهانی**

منیش ئەو هۆنراوەیەم کردە ئاوازو پاش ڕاپەرین لە سەرەتای ساڵی نەوەتەکاندا لەکۆمپانیای کوردستان بەدەنگی گۆرانی بێژ (عەلی محی الدین) تۆمارمان کرد.

هەر لەو ڕۆژانەدا کە لەسەربازی هەڵهاتبووم، بۆئەوەی توشی گێرمەوکێشەی ناو شار نەبم، بەهاوکاری باوکم، خێزانەکەم و دوان لەمنداڵەکانم بردە دێی (پوشێن) لەبەر ئەوەی کەسانی خزمان زۆر بوو لەوێ خانویەکیان دامێ ، بەڵام باوکم نەی هێشت کوڕە گەورەکەم (لاوک) بەرین لەگەڵ خۆمان وتی با لەگەڵ ئێمەبێ، لاوک هەر لە مناڵیەوە پەروەردەی دەستی دایکم بوو، منیش وتم باشە، چەند مانگێک ماینەوە لەو دێ یە، هەندێ جار ئەهات بە مێشکما کە بچم بۆسەرکردایەتی شۆڕش و بەشداری کاری هونەری بکەم لەگەڵ ڕادیۆکەیاندا،ڕادیۆی (دەنگی گەلی کوردستان).

ڕۆژێکیـان مەفرەزەیەکـی (یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان) هاتنە ئەو دێ یەی ئێمە ( پوشێن)، منیان باش ئەناسی و دۆست و ناسیاوی زۆر نزیکم بوون، نیوەڕۆکەی بەیەکەوە لەماڵی کوێخـای (موختار) دێ کە نانمـان خـوارد و منـیش ئەو باسـەم لەگەڵ ڕابەری مەفرەزەکـرد کە کـاک (قـادری حـاجی عەلـی) گیـانی شـاد کەسێکی ناودار و تێکۆشەرو کـورد پەروەر بـوو، پێشـمەرگەیەکی هاوەڵیشـی کە گۆرانی بێژێکی بەناوبانگ ی تیپـی مۆسیقای سلەیمانیە بەڕێـز (عەبدولقادر حەسەن) بـوو، هەردوو کیـان پێیـان وتـم کە نەچـونم باشترە و هۆکارەکە شیان بە ئاشکرا بۆ ڕون کردمەوە و منـیش زۆر بەئاسـانی تێـی گەیشـتم، بەتەواوی ئەو باسـەم لەمێشـکی خـۆم وەلاوە نـا، ئیتـر بـۆیە لەگەڵ بـرای خێزانەکەمـدا بە دووقـۆڵی سـەفەرێکی دیـوی ئێرانمـان کـرد بـۆ زانینـی ڕێگەکـان، بەهەمـوو جۆرێـک لێـی تـێ گەیشـتین کە سـەفەرەکەمان بەرەو ئێـران چـۆن بگـرینە بەر باشـترە، ئەوەبـوو لەگەڵ مـاڵ و منـداڵ و بـرای خێزانەکەم بەرەو دێی (مـوبرە و مـامەخەلان) ڕۆشـتین چـونکە لەو دێ یەش خزم و کەس و کارمان هەبوو،ڕۆشـتنیش بـۆ ئێـران لەوێ وە ئاسان تر بوو، ماوەیەک لەوێ ماینەوە ، تـا بـاوکم پـارەی بـۆ هێنام و پاش گەڕانەوەی باوکم ئـێمەش بەرەو ئێـران کەوتیـنە ڕێ، ژن و منـداڵەکەم بەسـواری ئەسـپ و خـۆم و ژن بـراکەم بەپـێ بەڕێکەوتین تا دێیەکی ناو ئێران،لەوێ کەسانی شـارەزای لـێ بـوو بە نرخێکی گونجاو گەیاندینیانە تـاران، و لەوێ خۆمـان ڕادەسـتی کەمپی ئاوارەکان کرد، کەجێگایەکی زۆر خۆشبوو، مـاوەی مانگێـک مـاینەوە لەبەرئەوەی هەموومـان پەسـاپۆرتمان هەبـوو ڤیـزەی تورکیامان وەرگرت، پاش مانگێک سەفەرمان کرد بۆ تورکیا و پاش هەفتەیەک لەتورکیا سەفەرمان کـرد بـۆ یۆغۆسـلافیا، لەبەرئەوەی بۆهەڵگرانی پەساپۆرتی عیراقـی یۆغۆسـلافیا ڤیـزەی نەئەویست، هەرلەوێوە بەپارەیەکی کەم لە فڕۆکەخانەی یۆغۆسلافیاوە تکتیـان

بۆ بڕین بۆ وڵاتی سوید،بەڵام بەداخەوە کە گەیشتینە ئەو وڵاتە و داوای پەنابەریمان کرد، نەیان هێشت لەو وڵاتە بمێنینەوە لەبەر ئەوەی یۆغۆسلافیاش مافی پەنابەر وەرگرتنیان هەبوو، بۆیە گەڕانیانی نەوە بۆ یۆغۆسلافیا،دوای ماوەیەکی کەم چوینەوە هەمان شوێن و ئەو کابرایەم بینیەوە کە تکتی تەیارەی بۆ بڕێن بۆ سوید و ڕوداوەکانمان تێگەیاند.

وەڵامەکەی زۆر دڵخۆشکەرە بوو، وتی هەڵەی من بوو ئەبوایە پێم بوتنایە کەوایە، بۆیە ئەمجارە بەسەیارە بردینی بۆ وڵاتێکی تر و لەوێوە دوبارە تکتی بۆ بڕین بۆ سوید ، گەیشتین و ئەمجارە لەسوید نەیان توانی بمانگێڕنەوە چونکە لەوڵاتیکەوە ڕۆشتبوین ، مافی پەنابەر وەرگرتنیان نەبوو،بۆیە پاش ماوەیەکی زۆر کەم شوێنی نیشتەجێ بونمان وەرگرت و دەستمان کرد بە کاری ڕۆژانەو ئاشنایيم لەگەڵ زۆر کەس پەیداکرد و لەگەڵ زۆربەی کۆمەڵەو خزمەتگوزاریە کوردیەکان ئاشنایم پەیداکرد و داوای ئەوەیان کرد کە هەوڵ بدەین گروپێکی هونەری دروست بکەین، ئاشنایەتیەکی بتەوم لەگەڵ کۆمەڵەی کەلتوری کوردی وڵاتی سوید پەیدا کرد و ڕۆژانە ئەچوم بۆلایان.

کەسایەتیەکی ناسروا لەو سەردەمەدا کە ئاشنایم لەگەڵی پەیداکرد برای هێژا (بەشیری سەبری بۆتانی) بوو کە بڕیاری زۆرگرنگماندا کە کاری هونەری هاوبەش بکەین، بەداخەوە ماوەی شەش حەوت مانگێک لەسوید بوین و لەوساتانەدا ڕژێمی عێراق لێبوردنی گشتی دەرکردبوو بۆ ئەوکەسانەی کە لەسەربازی ڕایان کردووە، بۆیە هەموو ڕۆژێک باوکم بەگریانەوە تەلەفۆنی ئەکرد، وبە پاڕانەوە داوای گەڕانەوەمانی ئەکرد ، لەبەر ئەوەی من تاقە کوڕیان بوم و بە تایبەتی پێی ناخۆش بوو کە لە وڵاتێکی ترم، زۆر هەوڵم دا بە قسەی نەکەم، بەڵام پاش ماوەیەک ئیتر ناچار بووم پاش بیروڕا گۆرینەوەم لەگەڵ خێزانەکەم، بڕیاری گەڕانەوە

ماندا ئەوەبوو لە سەرەتاكانی ساڵی ١٩٨١ گەڕاینەوە و هەر لەبەغا پەسـاپۆرتە كانیـان لـێ وەرگـرتین و وتیـان لە سـلەیمانی وەری ئەگرنەوە، كەچی هەر وەریشمان نەگرتەوە، چـومەوە فێرگەكـانی خـۆم واتـا (پیرەمێـرد و مەحـوی و زێـوەر), دووفێـرگەی كچـانیش، هەمـــان وانەی ســـرود و مۆســـیقام پـــێ ئەوتـــن چـــومەوەلای فێرخوازەكانی خۆم تیپی مۆسیقای پیرەمێرد كە چەند مانگێـک بـوو مامۆستا ئەنوەر سەرپەرشتی ئەكردن، كەسەیرم كـرد زۆر بەجـوانی و دڵسۆزی سەرپەرشتی كردوون و منیش گەلێـک سوپاس گـوزاری بووم و دەستمان كردەوە بە پرۆڤەكردن.

ئەوە بوو بڕیارمـان دا تیـپەكە بە نمایشـێكی جـوان دوبـارە پیشانی شارەكەمانی بدەین، بۆیە لە هۆڵی دواناوەنـدی سـلەیمانی كوڕان ئەو دواناوەندیەی كە یەكەم جـار لەپەنجەرەیەكـی بچـوكەوە بە تیپی مۆسیقای سلەیمانی ئاشنا بووم .

چەند كـارێكی بەپێزمـان هەڵبـژارد بـۆ نمایشكردن، لەوانە نمایشـكردنی شـاكاری ئۆڤەرتیـوری (سەرتاشـی ئشـبیلیە) دانەری بەناوبانگی ئیتاڵی (ڕۆسینی) بوو.



هەروەها چەند ئاوازو گۆرانیەکی تریش لەو نمایشەدا من ڕابەریم ئەکرد و مامۆستا ئەنوەریش کەمانجەی ئەژەن، بەڕاستی نمایشێکی جوان بوو. هەردوای ئەوەش بەشێکی دیاری سیمفۆنی (چل هەمی) مۆتزارتمان پێشکەش کرد و تیپی مۆسیقای پیرەمێرد لە ئاستێکی باڵادا ئەبینرا.

بەردەوام بوم لەگەڵ چالاکی قوتابخانەکان و تیپی مۆسیقای سلەیمانی، لەو ساتانەدا مامۆستا ئەنوەر گوێزرابووەوە بۆ پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلەیمانی بەڵام پەیمانگا بەشی مۆسیقای تیانەکرابوەوە.

هەرچەندە لەگەڵ مامۆستا ئەنوەردا مامۆستایەکی تر لەوێ هەبوو کە دەرچوی بەشی مۆسیقای پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغداد بوو، بەڵام مامۆستا ڕۆژێک لەتیپی مۆسیقای سلەیمانی بابەتەکەی بۆ باسکردم کەئەیانەوێ بەشی مۆسیقا بکەنەوە.

بەڵام پێویستیان بەمامۆستای ترەو بۆیە پێی وتم کە لەگەڵ مامۆستا (عەلی جۆڵا) دا کەبەڕێوەبەری پەیمانگا بوو پێیان خۆشە منیش بچمە پەیمانگا وەکو مامۆستایەک، لەسەرەتادا تۆزێ دوودڵ بووم، لەبەر ئەوەی خاوەنی بڕوانامەیەکی شیاو بۆ ئەو مەبەستە نەبووم.



بەڵام کەبیرم کردەوە سەرەتای هەمووشتەکان لە جیهاندا هەر وابووە،هەموو شتێک لە خاڵی سفرەوە دەستپێ ئەکات، هەروەها هەر لەو ساتانەدا چەندین خویندکاری تیپی مۆسیقای پیرەمێرد و بگرە تیپەکانی تریش، چاوەڕێی هەلێک بوون بۆ درێژە دان بەخوێندنیان و فێربونی زیاتری مۆسیقا، بۆیە بڕیارم دا بچم و وەڵامی ئەرێنی مامۆستا ئەنوەرو مامۆستا عەلی جۆڵا شم دایەوە.

لەسەرەتادا وەکوو جۆری ساتی نێررامە پەیمانگا و هەوڵی وەرگرتنی خوێندکارمان بۆ بەشی مۆسیقای پەیمانگای هونەرەجوانەکان دا.

بەڵام پاش مانگێک کە هێشتا دەست نەکرابوو بەدەوامی پەیمانگا، مامۆستا عەلی جۆڵا وتی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە ئەیەوێ بت بینێ، گەر پێت خۆش بیت بەیەکەوە ئەچینەلای، وتم زۆرباشە ڕۆژێکی دەستنیشان کردوو بە یەکەوە چوین بۆلای بەڕیوەبەری گشتی پەروەردە , بەرێزی کەوتە ستایشکردن و گرنگی من وەک مامۆستایەک لەبەشی مۆسیقای پەیمانگای هونەرە جوانەکان.



لەکۆتـایی ووتە کانیـا وتـی ئەی ئەزانـی هەرکەسێ بێتە پەیمانگـا ئەشێ سـەربە حیزبـی بەعـس بـێ،.... منـیش سـەیرێکی مامۆستا عەلی جۆلام کرد، لەناخی خۆما تۆزێ پێکەنینم هـات، لە بەرئەوەی ئەمزانی ئەو وتەیەی ئەو، بەهیچ جۆرێک ڕاست نیـیە، ئەوانەی من لەپەیمانگا ئەیان ناسم هیچیـان بەهـیچ جۆرێـک سـەر بەڕژێمی بەعس نەبوون و بگرە لە حیزبایەتیش دووربون.

بـۆیە زۆر بە جەسـوریەوە پـێم وت ببـورە مامۆسـتا مـن مۆسیقا زانم ، ئەوساتانەی بمەوێ سەر بە حزبێک بم یەکسـەر واز لە مۆسـیقا ئەهێـنم، چـونکە هەسـتەکەم دووکـاری زۆر لەیەک جیـاوازن، لەبەرئەوە مـن ئەگەڕێـمەوە قوتابخانەکـانی خـۆم بمبووره، ماڵئـاواییم لـێ کرد و چومەدەرەوە، مامۆسـتا (عەلـی جۆلا) ش کەمێک دوای مـن هـاتەدەرەوە ، پێـی وتـم ئەی ئـافەرین، وەلامێکی جوانت دایەوە، ویستم داوای ماڵئاوایی لەمامۆسـتا عەلـی جۆلا بـکەم و پێـی بڵـێم ئەچـمەوە بـۆ لای مامۆسـتا جەلال عەزیـز، مامۆستا عەلی جۆلا وتی نا، ئەڕۆینەوە بۆ پەیمانگا، لە ڕێگە زۆر بەجوانی بۆی شیکردمەوە، وتی تۆ کاری خۆت کرد با نەهێڵین ئەو خوێنکارە نوێ یانە بێ مامۆستا بن، منیش بەقسـەم کـرد و سـەیرم کـرد پـاش دووهەفـتە فەرمـانی گـوێزرانەوە کەم لەپەروەردەی سلەیمانیەوە چالاکی قوتابخانەکان بۆ پەیمانگای هونەرەجوانەکان دەرچوو، هەر لەو ساتەوە بەشی مۆسیقا کـرایەوە و منـیش بـوومە مامۆسـتا لەبەشـی مۆسـیقای هـونەرە جوانەکـانی سلەیمانی،لەسـەرەتادا هەر مـن و مامۆسـتا ئەنـوەر بـوین، بەشـی کەمان و ئۆکۆردیۆن مان کـردەوە، مـن وانەکـانی پراکتیکـی ئـامێری کەمانچە و تیۆرەکانی مۆسیقا و وانەی (کۆراڵ)م ئەوتەوە.

بەلام ئەوەی سـەخت بـوو هـیچ سـەرچاوەیەک نەبـوو کە وانەی لەسەر بلێینەوە بۆیە من بە سەفەرەکانم بۆ بەغـداد و بـۆلای هەردوو مامۆسـتا حسـەین قەدوری کە ئەویـش مامۆسـتای پسپۆڕی

تیۆرەکـانی مۆسـیقا بـوو، هەروەهــا مامۆسـتا مەحمـود حەمەد کە پسپۆڕی وانەی پراکتیکی ئامێری ڤیۆلین (کەمان ) بوو.

هەروەهــــا هەنـــدێ مامۆســــتای تـــری پەیمانگـــای هونەرەجوانەکـانی بەغـداد، کەڵکێکـی زۆریـان پێگەیانـدم و هەنـدێ پەرتـوکی تـرم دەسـتکەوت لە شـارەکانی تـری عێـراق لەسـاتی ئەنجامدانی  فیستڤاڵی ساڵانەی چالاکی قوتابخانە کاندا.

کەڵکێکـی زۆرم لەوهـاوەڵانەم وەرگـرت کە بـونە ناسـیاوم بەهــۆی ئەو دوو خـــولە مۆســـیقاییەی کە لەســـاڵی ١٩٧٧-١٩٧٩ لەبەغداد ئەنجامدرا.



في معهد الفنون الجميلة

طاقات شابة ترنو الى مستقبل مشرق في ميدان الموسيقى احتلت مسرح قصر الثقافة والفنون في السليمانية لتفصح امام جمهور المحافظة عن امكاناتها وقدراتها في العطاء الموسيقي . فامتعوا الجمهور بسيمفونيات لموزارت وتشايكوفسكي

كيف التقى موزارت جمهور السليمانية

هم طلبة معهد الفنون الجميلة في السليمانية قسم الموسيقى . وهذا مهرجانهم السنوي يقول السيد انور القرداغي مدرس آلة الكمان في المعهد وهذه المهرجانات التي بدانا تنفيذها سنويا منذ العام الدراسي الماضي انما هي سبيل لابراز ما تلقاه الطالب في محاضرات خلال اعوام دراسته في المعهد .

● ماذا عن القسم ؟

ـ على مدى خمسة اعوام دراسية يدرس الطالب في هذا القسم الذي توفرت فيه كـافة الآلات الـموسيقية ، تـاريخ الموسيقى العام وتاريخ الموسيقى العربية والتذوق الموسيقي والنشيد والأغنيـة والـموشحـات والانشـاد الجماعي والصولفيـج اضافـة الى التدريبات العلمية على الآلة .

● لماذا الأعمال الكلاسيكية فقط ..؟

يقول المدرس صـلاح رؤوف .. تدريب الطلبة على سيمفونيات كبار الموسيقيين يهدف الى تطوير القدرة الذوقية والاطـلاع على الـموسيقى العالمية .

● والأصوات الغنائية ؟

ـ في القسم اصوات غنائية متمكنة سيكون لها شانها في الساحة الغنائية مثل عدنان كريم وپەیمان عمر ونحن من جانبنا نقوم بصقل هذه الأصوات لتؤكد حضورها في المستقبل القريب .

● وماذا عن خططكم للمستقبل ؟

ـ نعمد حاليا الى دراسة سبل توسيع رقعة المهرجان الموسيقي السنوي للمعهد بحيث تتنوع مواده ويستمتع بها جمهور غفير من محبي الموسيقى .

● ايمكن ان يكون هذا التجمع نواة لفرقة سيمفونية على صعيد كردستان الحكم الذاتي في المستقبل ؟

ـ لم لا ؟.. لـو توفـرت الملاكـات المتخصصة على كافة الآلات لا سيما ( الفيولا ) و( الجلو ) ولو تمت دراسة الموضوع بشكل علمي دقيق .. واظن ان المعهد كان عليه ان يدرس طلبة القسم هـاتـين الآلتـين بـدلا عن الأوكرديون ، فقد ارتكبنا ذنبا بحق مـوزارت حينمـا عـزفنـا اعمـالـه بالاوكرديون بدلا عن هاتين الآلتين .

● وطموحاتك الشخصية ؟

ـ اتمنى خوض غمار التاليف في مجال الـ( كوارتيت ) الذي يعزف بالآلات الوترية كوني اعشق هذا الاسلوب اكثر من غيره .

● في المهرجان استخدمتم مكبرات الصوت ..!..

ـ حقا .. ان ذلك مرفوض مع الأعمال الكلاسيكية ، لكن حجم فرقتنا الذي لم يكن متناسبا لحجم القاعة دعانا لذلك .. من هنا فانا اميل لان تكون العروض مكرسة لجمهور معين اولا ومن خلال صالة عرض صغيرة ثانيا .

● واخيرا ؟

ـ اتمنى لو يبادر التلفزيون في تسجيل عروض الطلبة . فاعمالهم مع انها حديثة الولادة فهي اصيلة الجذور وتبشر بالخير .

زۆر کەڵکم لەوانەی کۆراڵ وەرگرت بەو زانستیانەی کە لەو ماموستایانەی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغداد، بۆ وتنەوەی ئەو وانەیە، بۆیە لەکوتایی قۆناغی ئەوساڵەدا من کاریکی ئەکاپێلای ئەوروپیم بەدەنگی خوێندکارەکان ئەنجام دا بە شێوەی سۆلفێچ ، واتا بەستەی بێ وشە تەنها بە ئاهات، لەسەر شانۆ زۆر بەجوانی وتیان و بووە جێ سەرسوڕمانی هاوەڵە مۆسیقیەکانم و بگرە جەماوەری بینەریش هەرهەمان ڕایان هەبوو، بۆیە منیش زیاتر بە باڵاتر بیرم لە ئەنجامدانی کاری کۆراڵی کردەوە.

هەر لەو سەردەمەدا کە کاک شێرکۆ بێکەس (گیانی شاد)کە هێشتا شاری بەجێ نەهێشتبوو و نەچوبووە دەرەوە، هۆنراوەیەکی دامێ بەناوی گۆرانیەکی ڕەنگاو ڕەنگ (مناڵینە)، ئەوەبوو بۆ ساڵی داهاتوو کە کاک شێرکۆ جووە دەرەوە، ئەو هۆنراوەیەم کردە کۆراڵ و بە شێوەیەکی زۆر ئاست بەرز نمایشکرا و بووە جێی ڕەزامەندی جەماوەر ئەمجارە نەک تەنها میلۆدی و چرینەکە بەڵکو ماناو پێکهاتەی هۆنراوەکە لەئاستێکی زۆر بەرزابوو.



پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنی بەناوی (نسمات من بلادی) هاتن و تۆماریان کرد و بەهۆی کەسێکی بەتوانا لەبواری تەلەفزیۆندا، هاوڕێ و برای ئازیزم گیانی شاد (بەختیاری سیامەنسوری) ڕۆژانە لەو تەلەفزیۆنەی کە خۆی کاری تیائەکرد، پەخش ئەکرا .

ئەوەی لێرەدا گرنگە کە بیڵێم، سەرەتای هاوینی ١٩٨٥ پاش نمایشی کۆراڵی گۆرانیەکی ڕەنگاوڕەنگ (مناڵینە) بەرەو پەیمانگا ئەچوم هەرچەندە سەرەتای پشوی هاوینەبوو، سەیارەیەکی (فیات) م هەبوو، لەناو حەوشەی پەیمانگا ڕامگرت، ساتێکم زانی سەیارەیەکی جام ڕەش لەپشتی سەیارە کەمەوە وەستاو لەوە ئەچوو دەمێک بێت بەدووامە وە بووبن، هاتن و وتیان بەڕێزتان (سەلاح ڕەوف) ن وتم بەڵێ، وتی فەرمو لەگەڵمان سەرکەوە، وتم بۆچی..؟ وتی کارێکی زۆر بچوکمان پێتە،وتم باشە بەڵام ئەوی ناخۆش بوو کەس ئاگاداری ئەم ڕوداوە نەبوو، سەیارەکەم بەجێ هێشت و لەگەڵیان ڕۆشتم ، لەبەردەم ئەمنە سورەکە ڕایان وەستانم کەسێکیان دابەزیو پاش ماوەیەکی کەم هاتەوەو دووبارە سواربووەوە، وتی لێخوڕە.

بەرێکەوتن و منیش نەمزانی چی بووە هۆکارەکە چیە، هەرچەندە من شکم بۆ ئەوە ئەچوو پێیان زانیبێ کە من ئەندامێکی سەرەکیم لە یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان ، (هەرچەندە زۆر پەشیمانم لەوەی ئەوساتە بڕوام بەوە هەبوو کە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە بم) .

بەهەر حاڵ ساتەکە بەسەرچوو، ساتێکم زانی بە چەند کاتژمێرێک گەیشتینە بەغداد،یەکسەر بردمیان بۆ مەڵبەندی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی بەغداد، کە ئەو برادەرەی کۆراڵەکەی تۆمارکرد کاری تیا ئەکرد،لە ژورێکدا دایاننام و خۆیان ڕۆشتن، بەڵام پاش تۆزێک کەسێکی بالابەرز هات بۆلام شێوەیم کرد کە ئەو برادەرە لە دەستگای چاپ و بلاوکردنەوەی کوردی لەگەڵ ڕێزدار (موسلیح

جەلالی) کاری ئەکرد، بەهۆی گیانی شاد دادە (ئەحلام مەنسور) وە ئاشنایەتیم لەگەڵ پەیدا کردبوون، بۆیە دیار بوو کە لیکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە زۆر کرابوو، یەکسەر بەخێرایی وتی گەر لێیان پرسیت ئەو هۆنراوەیەت لەکوێ بوو بڵێ لە بڵاوکراوە یەکی دەستگای بڵاوکردنەوەی کوردیە و لە بازاڕدەستم کەوتوە، مەشڵی شێرکۆ ئەناسم، دوایی بۆم دەرکەوت کە ماوەیەکی زۆرە لەسەر ئەم بابەتە لێکۆڵینەوە کراوە و ئەیانەوێ لەزمانی منەوە بگەنە کۆتای بڕیاردانیان.

پاش نیو سەعاتێک دوانیان هاتنەوە لام و لێیان پرسیم هۆنراوەی ئەو کۆراڵەت لەکوێ بوو، منیش هەمان وتەی کەسەکەی پێشوم پێوتن، دوایی وتیان ئەی شێرکۆ چی تۆیە وچۆن ئەیناسیت، منیش وتم ببورن لە نزیکەوە نایناسم،هەروەکو ناو بیستومە،هۆزان زانێکی مەزنی کوردە، دوایی وێنەیەکیان هێنا کە لە یانەی مامۆستایان گیرابوو ، پێنج کەس بوو من تەنها پشتی سەرم و قژە درێژەکەم دیار بوو گیانی شاد (شێرکۆ بێکەس) ڕوی لە من بوو واتا دەمو چاوی بەتەواوی دیار بوو لای دەستی ڕاست گیانی شاد (کەمال سابیر) بوو لای دەستی چەپیش (عوسمان چێوار) و (شێرزاد شەوقی) گیانیان شاد بوو. بەڵام ئەو وێنەیە وێنەی چەند ساڵێک لەوەو بەربوو، ئەوساتە قژم زۆر درێژ بوو بەڵام ئەوساتەی کە چووم بۆ سەربازی قژم بەتەواوی کورت کرابوەوە،چونکە دوای سەربازی بوو، کە ئەبوایە قژ زۆ کورت بێت، ئیتر ڕۆشتن و پاش ماوەیەکی کورت هاتن و وتیان وەرە با بڕۆین، منیش بیرم لە کۆتایی ژیانی خۆم ئەکردەوە،بردمیانە دەرەوەی ئێستگەی ڕادیۆ تەلەفزیۆن و دوبارە سواری سەیارە کەیان کردمەوەو ساتێکم زانی بردمیانە ناو نەقلیاتی بەغداد و بیست دیناریان دامێ و وتیان بڕۆرەوە بۆسلەیمانی.

ئەو ڕوداوە نزیکەی شەوو ڕۆژێکی خایان، کە گەڕامەوە بۆ سلەیمانی چوم سەیارەکەم لە پەیمانگا دەرهیناو جومەوە بۆ ماڵەوە، مناڵەکان هەر لەماڵی باوکیان بوون منیش تاسبەی نەچوم وسبەی کە چوم هەموو بابەتەکەم بۆ باسکردن، دوایی سەرگوزشتەی کارەساتەکەمان بۆدەرکەوت، ئەو ساتانە لە هەڵەبجە خۆپیشاندان هەبوو بگرە هێمای ڕاپەڕینی پێوەبوو کە خەریک بوو تەشەنەی ئەسەند بۆ ڕاپەڕین، لەو ساتە شدا ئێمە ئەو کۆراڵەمان کرد، لەدەستگایەکی بەناو هونەرەوە هەندێ لە دەقی کۆراڵەکەیان لە کوردیەوە وەرگێڕابوو بۆ عەرەبی ناردبویان بۆ ئەمنی سلەیمانی بەم جۆرە :

**بەیانیەک بینیم گوڵێ**

بەڵام ئەوان کردبویان بە :

**بەیانی یەک .....بینیم گوڵێ**

بەمجۆرە وەریان گێڕابوو بۆعەرەبی :

**بیان الاول ... شاهدت وردة**

ئەمە بەبۆچونی ئەوان گوایە ئێمەش هاوکاری کەسانی بەشداری ئەو خۆپیشاندانانەین ، هەرچەندە هۆنراوەی کۆراڵەکە ووشەی زۆر بەماناو مەبەستی زیاتری تیابوو، لەوانە :

**مناڵینە شەوێک گوێم لێ بوو بەچرپە**
**بەفر بەتریفەی ئەوت**
**گیانە چرای چاوەکانت زیاتر هەڵکە**
**گەر تۆ نەبی هەور ئەم هێنێتە گریان هەور دەرکە.**

کە زۆر بەئاشکرا باسی مەترسی هەوری تیایە، ئەمە دێڕێکی زۆر پڕمانا بوو، لە هۆنراوەکە، زۆرئاسانە گەر بیر لەمانای ووشەی هەور بکەیتەوە ئەگەیتە ئەنجامی ناوەرۆکی کۆراڵەکە، بەڵام بە ئاسایی لێی دەرچوین و ئیتر بڵاو کردنەوەی ئەو کۆراڵە تۆزێ کز بوو، تابەتەواوی لابرا ........!

بەڵام خۆشیەکە لەوەدا بوو من لەسەر هەمان بیروباوەڕی خۆم لە پێگەیاندنی منالآنی بەهرەمەند دابووم بەهیچ جۆرێک چاو ترسیان نەکردم نەیان توانی ببنە ڕێگر لەکارە هونەریەکانمدا.

دێتەیادم هەرلەو سەردەمەدا ڕۆژێک چووم بۆ پەیمانگا، لەوێ پێیان وتم کە لە ئاسایش (ئەمنی بەلدە) بەرامبەر کارگەی جگەرەی ئەوسا بانگ کراوم منیش چووم هەر لەپرسگەکە کەناویان لێ پرسیم وتیان برۆ بۆ مقەڕی حیزبی بەعس لە تە نیشتی باخی گشتی .

چووم و لە پرسگاکەی ئەوان بینیم سێ برادەری هونەرمەندی تری لێ یە، ئەوانیش مامۆستایان (ولیەم یۆحەننا) و (فرەنسیس داود) و (فەریدون دارتاش) بوون.

پاش گفتو گۆیەکی کەم لە نهۆمی دووهەمەوە هاتن بەدوامانا، بردینیان بۆ ژوری بەرپرسی حیزبی بەعس، پاش دانیشتنمان و باسکردنیان لەبارەی گوزەرانی خەڵکی سلەیمانی و بارودۆخە سیاسیەکە، بەرپرسە کە لاپەڕەیەکی دەرهێنا، وتی ئەمە هۆنراوەیەکە ئەبێ بکرێتە ئاوازو بەشێوەیەکی باش تۆمار بکرێت، بۆ شاری سلەیمانیە، تێچونەکەی چەندبێ ئێمە ئەیگرینە ئەستۆ، چونکە بەعەرەبی نوسرابوو( یوم السلیمانیة)، بۆی خوێندینەوە ئێمەش هەموومان سەیری یەکمان ئەکرد، کەس قسەی نەئەکرد لەپڕ کاک (فەرەیدون دارتاش) خۆی لەئێمە جیاکردەوەو وتی من لەژیانما ئاوازم دانەناوەو نازانم ئاواز دانان چۆنە، بۆیە داوای لێ بوردن ئەکەم، بەرپرسەکەش وەڵامێکی پڕاوپڕی دایەوە، پاش ئەوە مامۆستای بلیمەت ((ولیەم یۆحننا)) وتی بێنە ئەیکەین بە هاوکاری هەمومان، بۆیە بەرپرسەکە زۆر سوپاسی کرد، کە ڕۆشتینە دەرەوە، مامۆستا ولیەم وتی ئەمانە ئەشێ بەئاستی بیروهۆشی خۆیان کاریان لەگەڵ بکرێت و وەڵامیان بدرێتەوە، ئەوە بوو مامۆستا ولیەم پاش دووڕۆژ هات بۆ پەیمانگاو داوای لە من و

ماموٚستا (ئەنوەر قەرەداخی) کرد کە هاوکاری بین لە توٚمار کردنی سروودەکەدا، ئێمە چەپلەمان لێ ئەداو ماموٚستا (ولیەم) بە ئوٚکوٚردیوٚن موٚسیقاکەی ئەژەنی و بەدەنگیش وشەکانی ئەوت، ماموٚستا ئەنوەریش هەستا بە توٚمارکردنی ،کە گوێمان لەئاوازەکە گرت، زوٚر سەیربوو لەوە ئەچوو کە پانتوٚڵێ بکەیتە بەری حوشترێک، ئیتر تێگەیشتن لە مەبەستەکەی ماموٚستا ولیەم و بوٚمان دەرکەوت هەدەفەکەی چییە،ئاوازەکە هیچ مانایەکی نەئەبەخشی و وشەکان زوٚر دور بوون لە ئاوازەکەوە،.....

کارەکە تەواو کراو بەکاسێت توٚمارکرا و برا بوٚ پرسگەی حیزبی بەعس، پاش چەند ڕوٚژێک وتیان بە سوپاسەوە هەواڵمان پێگەیشتوە کە کەسێکی تر ئاوازەکەی لەبەغداد توٚمارکردوە، لەوساتەوە بوٚم دەرکەوت کە ماموٚستا (ولیەم یوٚحەننا) تەنها هەر موٚسیقا زان نەبوو بەڵکو بیرمەندیش بوو.

لەبیرم دێت ساتێک سەرەتای ساڵی خوێندن بوو ئێمە خاوەنی سێ پوٚلی خوێندنی بەشی موٚسیقای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلەیمانی بوین و تەنها بەشی موٚسیقا دوو ئامێری موٚسیقا مان هەبوو ، بەشی کەمان و بەشی ئوٚکوٚردیوٚن، ڕوٚژێکیان سەرپەرشتیاری سەرەکی هونەر بەناوی (حمید المحل) لەبەغدا وە لەگەڵ چەند هاوەڵێکیدا هاتن بوٚ سەیرکرنی بارودوٚخی پەیمانگا، دێتە بیرم کە بوٚمان باس کرد سێ پوٚلمان هەیە و تەنها دوو بەشی ئامێرە موٚسیقایە کانمان هەیە ، ئەویش یەکسەر وتی ناشی بەشێکی هونەری لە پەیمانگایەکدا تەنها دوو ئامێری موٚسیقای تیا بوترێتەوە،بوٚیە گەر وابڕوا ئەشێ ئەو بەشە دابخرێ.

من و ماموٚستا ئەنوەریش سەیری یەکمان کرد و وتم: بڕیارە ساڵی داهاتوو بیکەینە پێنج جوٚر ئامێری موٚسیقا ، واتا بەشی چەلوٚ و کلارنێت کەهەردوکی خوٚم گرتمە ئەستوٚ و پاشان

بەشی فلوت کە مامۆستا حەمەحسین (حەمەی فلوت) دەستی کرد بە وتنەوەی ئەو ئامێرە مۆسیقاییە .

پاش ماوەیەک سەرپەرشتیارەکە (حمید المحل) نوسراوێکی لە بەغـاوە نـارد، کە لەپەیمانگـا مـن و مامۆسـتا قـادر میرخـان بنێـررێن بـۆ خـولێکی هـونەری لە دەرەوەی وڵات، بەڕێـوەبەری پەیمانگـا وتـی ئەبـێ بچـن بـۆ دائیـرەی ئەمـن بـۆ سـەیرکردنی پەسـاپۆرتە کانتـان، منـیش هەر سـاڵی ٨١ لە گەڕانەوە مـا لەسـویدەوە بـۆ بەغـا پەسـاپۆرتەکەیان لـێ سـەندم، کەچـوم بـۆ دائیـرەی ئەمنـی ئەوسـا یەکسـەر پێیـان وتـم تـۆ نـاتوانی سـەفەر بکەیت،چونکە سەفەرکردنت لێ قەدەغە کراوە، وام دێـتە خەیـاڵ کە مامۆستا (قادر میرخان) یش هەمان وەڵامی وەرگرتبوو.

ئەوەبوو ئێمە نەمانتوانی سەفەرەکە بکەین ، لە پەیمانگـاو پەروەردە وە بەجۆرێکی تـر مەیسـەر کـرا, بەڵام ئەم جـۆرە روداوانە کـاری نەکـردە سـەرمان و لە ڕەوتـی هونەریمـانی کەم نەکـردەوە، بـۆیە هەردەم لەژیـانی هونەریمـا هەوڵـم دا کەزیـاتر کـارە هونەریەکانم لە بەرەی گەل و نەتەوەکەمدا بێت و ئەو جۆرە کارانە بـکەم کە هـیچ نەبـێ مـۆرکێکی نەتەوایەتـی وەکـوو هـونەرو ئەو هـونەرەی کە بەهـونەری چەپ مەزەنە بکرێـت،ببنە مێـژویەک بۆخۆشـم، بـۆیە پـاش ئەو کـارە ڕۆژێکیـان چـوم بـۆلای (حەسیب قەرەداخی) گیانی شاد وئەم باسـەم لەگەڵ دامەزران، وتـی ئەمسـاڵ یادی شاری سلەیمانیەو منیش هۆنراوەیەکی جوانم بۆ نوسیوە پـێم خۆشـە بیکەیـتە کـۆراڵ، کەسـەیری هـۆنراوەکەم کـرد کـارێکی زۆر جوان و لەباربوو، بۆیە هەوڵمدا لەهەمان ساڵدا هەوڵـی بەئەنجـام گەیانـدنیم دا بەڵام بەداخەوە کە هـۆنراوەکە نێررابـۆ ئەمنـی سلەیمانی، لەسـەر ووشـەی ( تۆشـای شـاری) ڕازی نەبـوون دوای لەگەڵ مامۆسـتا حەسیب قەرەداخیـدا گۆڕیمـان بە (گـوڵی شـاری)، ئەوەبـوو لە فیسـتڤاڵی سـاڵی ١٩٨٦ لە سەرشـانۆی ڕۆشـنبیری

نمـايش كـراو تۆمـاريش كـرا، هەروەهـا دەسـتگايەكی هـونەری بۆتۆمـــاركردنی ئەو بەرهەمە لەشـــاری بەغـــدادەوە هـــاتبون و كۆرالەكەمان لە باخی گشتی نمایش كرد وو ئەوانیش بە شێوەیەكی پرۆفیشـنالانە تۆماریـان كـرد، دووبـارە منـیش بەردەوام كـاری هـــونەریم لەگەڵ پەیمانگـــای هونەرەجوانەكـــان و چـــالاكی قوتابخانەكـان و تیپـی مۆسیقای سلەیمانی بەردەوام بـوو، بگـرە لەگەڵ تیپە شانۆیەكانیشدا بەردەوام كاری هونەریم ئەكرد.

لەبیرمە سەرەتای دەستكردن مان بەتۆمـاركردنی مۆسیقای درامای ژاڵـــــە، بەتێكـڕای ئەنـدامانی تیپـی مۆسیقای پیرەمێرد تۆمارمـان كـرد بە هاوكـاری و بەشـداری هەردوو ئەنـدامی تیپـی مۆسـیقای سلەیمانی مامۆسـتا (ئەنـوەر قەرەداخـی) و مامۆسـتا (محـــمەد ئەمـــین حســـەین – حەمەی شمشـــاڵ) وەک ئـــامیر ژەن بەشـــداربوون لەگەڵمـــان، كـــارێكی زۆر جـــوان و ســـەركەوتو دەرچوو، هەرچەنـــدە زۆر درەنـــگ سەرپەرشـــتیارانی ڕژێـــم لە تەلەفزیۆنی كەركوک بڕیاریاندا كە ڕێگە بـدەن من ئەو كـارە بكەم چـونكە مـن نـاوم لەگەڵ ئەو چەنـد نـاوەدابوو كە لەتەلەفزیـۆنی كەركوک بەئاسانی كارەكانمان تێ نەئەپەڕی، من و (جیهاد دڵپاک) گیانی شاد بیرمـان لە جـۆرێكی تێپەڕانـدن كـردەوە و سـەركەوتوش بوین، كـارەكە بە ئـاوازو مۆسیقای مـن تۆمـاركراو دەنـگ و باسـی گەیشتە ناو كۆمەڵگای كوردستان.

هەرپـاش ئەوەش لـەگەڵ هونەرمەنـدی بەتوانـا سـەعدون یـونس ڕێكەوتـین كە درامـای گـوڵالە تۆمـاركەین، تۆمارمـان كـرد هونەرمەندانی زۆربەتوانـاو خـاوەن بیـرو هەڵوێست بەشداری ئەم كـارەی كـرد، بەڕای خـۆم وەكـو لەمەوبەریـش باسـم كـردووە، كە ناوەرۆكی درامای گـوڵاڵە زۆر ئاسـتێكی بەرزو نیشـتمان پەروەریـدا بوو، بەتـایبەتی ووشـەكانی هـۆنراوەكەی، منـیش چـووم بـۆلای شاعیری نەمری كورد (حەسیب قەرەداخـی) و نوسـخەیەک لە دەقی

چیرۆکە کەم بۆ برد، پاش چەند ڕۆژێک پێ وتم ئێوارە وەرە بۆلام، کە چووم ئەو دەقەی نوسیبوو کە دەقی هونراوەکە خۆی لەخۆیدا ئاوازەکەی تیابوو، بۆیە زۆر بەئاسانی ئاوازەکەم بۆدانا چونکە ئەوەندە لە ناوەرۆکە کەی گەیشتم، زۆر سەربەرز بووم بە ئاوازە کەشی و بەیەکێ لەئاوازە هەرە سەرکەوتوەکانی خۆمی هەژمار ئەکەم، چونکە باسی ئەوە ئەکا، ئەشێ میللەت ئاگاداری ئەوەبی کە کێ بە ڕابەر هەڵ ئەبژێرێ و هەوڵ بدا بزانێ کێ ئەتوانی مەرام و گوزەرانی خەڵکی بە ئاسودەیی بگەیەنێتە دەستیان، تا بە پێناسەی ڕابەر دەستنیشان بکرێت.

دێتە یادم ڕۆژێک لە پەیمانگا لەلایەن بەڕێوەبەری پەیمانگاوە، من مامۆستا بەدیعە دارتاش (دادە بەدیعە) نێرراین بۆ بەردەمی قوتابخانەی ڕۆشنبیر، لام سەیر بوو.

بۆ تەنها ئێمە..................؟

کەسەیرمان کرد خەڵکی زۆر لی بوو، پاش ماوەیەکی کەم چەندکەسێکیان بەکۆت کراوی هێناو لەبەردەمی قوتابخانەکەدا بە چاو و دەستی بەسراوەوە وەستانیانن،کابرایەکی ئەفسەر هەندێ قسەی لەبارە یانەوە کردکە گوایا ئەمانە ئاژاوە گێڕن بۆیە سزای مردنیان بەسەردا ئەسەپێنرێ، باش ماوەیەکی کەم دەستیان کرد بە ئەنجام دانی کارەکەیان، دادە بەدیعە دەستی لەدەستی منا بوو و ئەگریا، ناخۆشترین سات ئەوە بوو کە ئەو کەسەی لەوانی تر مندالّ تر ئەبینرا بەو فیشەکانە نەمرد بۆیە سەر ئەفسەرەکەیان دەمانچەکەی خۆی دەرهێناو فیشەکێکی نابەسەریەوە، بۆیە دادە بەدیعە دەستی بەردام و دەستی گرت بەچاویەوە و دڵ پڕ لەگریان، لەو ساتەدا ئەفسەرە سەرپەرشتیارەکە چەند وتەیەکی ناشیرینی بەدادە بەدیعە ووت، (لێرەدا ناشێ لەسەری بدوێم) لەکۆتایی وتەکانیدا وتی ئەوەش داهاتوی ئێوەیە (هذە هم مصیرکم)، دوبارە ئێمە بەدڵێکی زۆر نا خۆشەوە بەرەو پەیمانگا گەڕاینەوە.

ساڵی ١٩٨٨ هەروەکو جاران وبگرە بەگوڕو تین تـر، لەگەڵ پەیمانگـاو لەگەڵ تیپـی پیرەمێـرد، و تیپـی مۆسـیقای سلەیمانیش کاری جوان و بەپێزمان ئەنجام دا.

هەر لەو سـاتانەدا دەیـان ئـاوازم بـۆ هونەرمەنـدە دەنـگ خۆشـەکانی کوردسـتان بەئەنجـام گەیانـدوە، بـۆیە ناوەکانیـان نانوسم ئەگەر ئەوکـارە هونەریـانە خۆیـان نەبووبنە پێناسـەیەک بۆخۆیـان ئەوا پێویسـت بەباسـکردن یـان ناکـا، لەکۆتـایی یادەوەریەکانمـدا تەنهانـاوی ئاوازەکـانم و بێژەرەکانیـان دەخەمەڕوو.

لە سەرەتای مـانگی سێ ی ١٩٨٨ بوو،چەنـد ڕۆژێـک پـێش کیمیـا بـارانی هەڵەبجە،بەیـانیەک چـووم بـۆ پەیمانگـا، چـومە ژورەوە واتا ناو حەوشەی پەیمانگا سەیرم کرد زیلێکی سـەربازی لەوێ یەو چەنـد مامۆسـتایەکی پەیمانگـام تیـا بینـی، بەلامەوە سەیربوو،وتم تۆبڵێی گیرابن، لەوساتەدا زەنگی چونە ژورەوە لـێ یدا منیش یەکسەر چوم بۆ ژوری وانە وتنەوە، پاش چەنـد سـاتێک یەکـێ لە خـزمەت گوزارەکـانی (فەڕاش) پەیمانگـا هـات و وتـی مامۆسـتا سـەلاح بەڕێـوەبەر بانگـت ئەکـات، منـیش وتـم باشـە و بەخوێنـدکارەکانم وت ئێسـتا دیـمەوە، کەچـوم بـۆلای بەڕێـوەبەر (قیس کامل فرحان) بوو یەکسـەر پێـی وتـم (استـاذ صـلاح اسمک موجود فی القائمة مع الجماعة لازم تروحون هسة) منـیش وتـم بـۆ کوێ وتی (للحلبجة ترحون کجیش شعبی،للمقاومة فـی حلبجـة لان الآیرانیین یریدون تدمیر حلبجه)، زانیم شتێکی تیایە، یەکسەر وتم ببورە من جەیش شەعبێتی نازانم ناچم ، ووتی نـاچم نـیە، منـیش وتم ناچم لای مـن هەیە، وتـی ئـاخر لە پەیمانگـا دەرت ئەکەیـین، وتـم دەرم کەن یەکسـەر تەلەفـۆنی کـرد بـۆ بەڕێـوەبەری گشـتی پەروەردە کە ئەوساتە (خضر شوکت) بوو.

ووتی وا کتابی فەسڵەکەی ئەنێرین، پاش ماوەیەکی کەم جێگری بەڕێوەبەری گشتی (ئیسماعیل حەمەسور) هات بۆ پەیمانگاو و هات بۆلام زۆر بەڕێزەوە وتی مامۆستا سەلاح من ناوی تۆم لای خۆم نوسیوە، مەڵێ نایکەم، منیش ناتبەم لەگەڵ خۆم، وتم کاک ئیسماعیل ببورە بەو جۆرەش نایکەم، ئیتر کتابی فەسڵەکەیان دامێ و منیش سواری سەیارەکەم بووم بەرەو ماڵەوە، سەیرم کرد زیلە عەسکەریەکە ڕۆشتووە ٢١ مامۆستای پەیمانگا تیابووبەرەو هەڵەبجە، منیش ماڵ و منداڵم برد بۆ ماڵی باوکیان ،بەوردی بابەتەکەم بۆ باسکردن، بۆسبەی برایەکی خێزانەکەم بردنی بۆماڵی خوشکەکەی بۆشاری بەغداد، ساتەکە تێپەڕی کۆمەڵکوژیی کیمیا بارانی هەڵەبجە لە ١٦ی ئازاری ١٩٨٨ ڕوویدا لە کۆتایی ڕۆژەکانی جەنگی (ئێران–ئێراق)، لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراقەوە شاری هەڵەبجەی بە گازی کیمیایی کیمیاباران کرد، زیاد لە ٥٠٠٠ هاوڵاتی کوردی بێتاوانی پێکهاتوو لە ژن و منداڵ و گەنج شەهیدکران و ١٠٠٠٠یش بریندارکران ئەمە جگە لە ونبوونی چەندەها منداڵ ،کیمیا باران کردنی هەڵەبجە بە گەورەترین تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی دادەنرێت بە گازی کیمیاوی لە مێژوی میللەتاندا.



کارێکی ناوازەی مامۆستای هونەرمەند (عەتا قەزاز) بۆ کارەساتی هەڵەبجە

ڕۆژەکان تێپەڕین سەرەتای هەفتەی دووەمی مانگی نیسان بوو بەتەنها لەماڵی خۆمان لەگەڕەکی بەختیاری بووم، دەوروبەری کاتژمێر حەوتی بەیانی بوو، گوێم لە زەنگی دەرگا کەمان بوو ، منیش سڵەمیمەوە و چاوەڕێی شتی نەخوازراوم ئەکرد، بۆیە چومە نهۆمی دووەمی خانوە کەمان لەوێ وە سەیرم کرد،کەبینم سەیارەیەکی بەرازیلی سپی وەستاوە ومامۆستای هێژاو کوردپەروەر گیانی شادو ئارام (فەرهاد شەریف) کە مامۆستای بەشی شانۆ بوو، خۆی و خێزانەکەی لەبەر دەرگا وەستاون.



وتم فەرموو مامۆستا فەرهاد، ئەمرێکتان هەبوو، وتی وەرە خوارەوە کارم پێتە، منیش بەرەو خوارەوە چوم و دەرگام کردەوە وتم فەرموون وتیان درەنگە خۆت بگۆرە ئەچین بۆ پەیمانگا.

منیش وتم پەیمانگای چی مامۆستا فەرهاد، من فەسڵ کراوم، ئەویش وتی بڕوات هەبێ دوێنی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە لە پەیمانگا بوو وتی سبەی کۆبونەوەی گشتییەو ئەشێ مامۆستایان هەموو لێرە بن و هەرخۆی باسی تۆشی کرد،منیش وتم مامۆستا فەرهاد بەڕاستی ئەترسم شتێکم لێ بکەن، ئەویش وتی بڕوات هەبێ مامۆستا سەلاح ئەوە خێزانەکەم شایەت بێت، هەر هەڵەیەک بەرامبەری تۆ بکەن لەناو پەیمانگا خۆم دەکوژم، بۆیە پێمخۆشە بێیت، چونکە من بڕیاری ئامادەکردنی تۆم خستۆتە ئەستۆی خۆم، هیوادارم دڵم نەشکێنی، وتم باشە وا خۆم ئەگۆڕم و

دێم، وتی باشە ئەوەستین لەسەرت، خۆم گۆڕی و بەڕێکەوتین بۆ پەیمانگا، کەگەیشتین سەیرم کرد سەیارەکەی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە لەوێ یە، چوینە ژوری بەڕێوەبەر زۆربەی مامۆستایانی هەموو بەشەکانی لێ بوو.

کۆبوو نەوەکە دەستی پێکرد و بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە وتی ئێمە سەرکەوتین بەسەر دوژمنانا، سوپای ئێران و بەکرێگیراویە کانیانمان تێک شکان، ئەبێ ئێمە بە جهودی ئێوەی هونەرمەند ئەوسەرکەوتنانە پیشانی هاولاتیان بدەین، بە تواناو هونەری ئێوە، بۆیە چاوەڕێی کاری گەورەتان لێ ئەکەین،کە لێ بوە وە منیش وتم مامۆستا ببورە نازانم منتان بۆ بانگ کردووە من دەرکراوم لەکار و نوسراوەکەم پیشان دا، ئەو لەو سەری هاتبوەوە بۆیە یەکسەر لێی وەرگرتم و پارچە پارچەی کرد،وتی شتی وانابێ هەرچەندە ئیمزای خۆی پێوەبوو، کۆتا وشەی ئەوەبوو کە چاوەڕوانی کاری ناوازەمان لی ئەکا.

ناشێ ئەوەشم لەبیر بچێ کە هەندێ قوتابی بەشی مۆسیقا ڕۆڵی زۆر گەورەیان بینی بۆ گەڕانەوەی من بۆ پەیمانگا بەتایبەتی خوێنکار (جوانڕۆ عومەر عارف) و هاوەڵەکانی، ئەویش بە هاندانی قوتابیان بە مان گرتن و نەچونە پۆلی وانە خوێندن.

من فێربووم هەموو ساڵێک کارێکی کۆراڵیم ئەکرد،هەر ئەورۆژە لە گەڵ براو هاوبیرو هاوپیشەم جیهاد دڵپاک ( کە من و ئەو بەیەکەوە لە گروپی یەکێتی هونەرمەندانی نهێنی کارمان ئەکرد) هەر لەوساتانەشدا سەرقاڵی کاری درامایەک بووین، باسی بابەتەکەم بۆ کرد، وتی ئەی تۆ ئەڵیی چی وتم هەڵسە بابڕۆیین، بەسەیارە کەی خۆم بردم بۆ لای شێخی نەمر (حەسیب قەرەداخی) هەموو سەرگوزشتەکەم بۆگێڕایەوە و (ئازا) ی کوڕێشی لەوێ بوو لە گەڕەکی سەرچنار،پێکەنی و وتی جا ئەتەوێ چی بکەین، وتم تۆ ڕای من زۆر باش ئەزانی.

گیانی شاد، هەستایە سەرچۆک و ڕوی تێکردم وتی:
سەلاح من هۆنراوەیەکم لەسەر ئەو کارەساتەی هەلەبجە و کیمیاباران و ڕاگوێزانی نیشتەجێی دێهاتەکان و ئاوارەکردنی منالآن وخەڵکە کانیان نوسیوە، هەرچەندە ناوەکەی ئاسانە و ناوم ناوە (لەیلێ و لاوە) ،کەگوایا چیرۆکێکی دڵداریە، بەڵام ناوەخنی هۆنراوەکە هەموی ئەوباسەیە کەمن و تۆ ئەمانەوێ، جا ئەوەتا بیخوێنەرەوە، بەڵام دووشایەت هەیە، (کاک جیهاد دڵپاک و ئازای کوڕم) ، کەبڕیارت دا بەئەنجامی بگەیەنی، من بەرپرسم نیم لە کۆتایەکەی، هەرچی ڕووبدا، هەڵەی من نییە، تەنها ئەوە بیری منە بەڵام بردنیە سەرشانۆ،ئەشێ ترسی ئەنجامی کارێکی ستەم کرنی بەرامبەرمان هەبێ، کە هۆنراوەکەم خوێندەوە هەستم کرد ئەمە ئەو بەرگەیە کە بۆڵاشەی ئاوازەکان و بیرکردنەوەی من ئەبێ،لەوساتەدا بەتەواوی چیرۆکی ئەو کارەساتە گەورەیەی شۆڕشی چیکیەکانی وەبیرهێنامەوە کە پێ یان ئەوت ( شۆڕشی ژێرزەمینی- ثورة الدهالیز) کە بەهۆی بیرمەندوی زانایی ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی چیک ئەو شۆڕشە گەورەیە پەیدابوو، لە هۆڵێکی نمایشی شانۆیدا.



ئەو نمایشە بوە هۆی بەرجەستەکردنی شۆڕشێکی نەتەوەیی لە لایەن نمایش کەرانەوە ، هەر لەو هۆڵەوە ئەو شۆڕشە دەستی پێکرد، بەردەوام بوو تاڕزگاری سەرانسەری وڵاتی (چیک), بۆیە دڵخۆش بووم بەوەی کە ئێمەش ئەبینە سەرەتایەکی بە پێز بۆشۆڕشێکی گەورەی نەتەوەکەمان، هەرچەندە کە دەست پێ ئەکا بە گێرانەوەی چیرۆکێکە کە چەندین ساڵ لەوەو بەر ڕویداوە :

((ئەگێڕنەوە ساڵ بەو ئە عەیام لاوێک هەبوو لاوەی ناو بوو))

((سەرگوزشتەی پیرو جوانی خەڵکی دێ بوو))

بەڵام بابەتەکە هەموی نمایشی ئەوکارەساتانەی ئەکرد کە بەسەر هەڵەبجەدا هاتبوو، منیش بڕیاری کۆتاییم دا کە ئاوازی بۆ دابنێم و هەر وام کرد ، بەماوەیەکی کورت ئاوازەکەم دانا و پیشکەشی بەشی مۆسیقای پەیمانگام کرد و بەدڵیان بوو، دەستمان کرد بە پرۆڤە کردن و لەماوەیەکی کەمدا، لە فیستڤاڵی ساڵانەی پەیمانگادا نمایشمان کرد و زۆر لەهاوەڵ و هاوبیر و کەسانی تێگەیشتوو لە بابەتەکە گەیشتبوون و پیرۆزبایی گەورەیان لێکردم، هەر لەسەر شانۆ تۆمارکرا، دەستگاکانی میری بەهیچ جۆرێک لێی تێنەگەیشتن و ڕەخنەیان لەبابەتەکە نەبوو، هەروا بەئاسانی بۆمان چووە سەر.



هەر لەوسەردەمەدا کەزۆر سەرقاڵی وتنەوەی تیۆرەکانی مۆسیقا بووم، لەبەرئەوەی کتێبی کوردی لەسەر مۆسیقا کەم بوو، بۆیە گوڵبژێریکم کرد لەناو چەندین کتێبی تیۆرەکانی مۆسیقا کە بەزمانی عەرەبی و زمانەکانی تریش دەستم کەتبوون.

تەواوم کرد و لەڕێی سەندیکای هونەرمەندانی عێراق (لقی سلەیمانی) وە ناردیان بۆ نوسینگەی سەرەکی لە بەغداد.

ئەوسەردەمە (داود القیسی) سەرۆکی نەقابەی هونەر مەندانی عیراق بوو، پاش ماوەیەک ناردیان بەشوێنما کەبچم بۆ وەرگرتنی ئەوڕەزامەندیە.


الفنان كالنبات كلاهما يصنع الحياة بصيغ متفردة

نقابة الفنانين
IRAQI UNION OF ARTISTS
المركز العام

العدد : ٢٢٧
التاريخ : /١٩٨٨/٣

نقابة الفنانين فرع السليمانية
م/ تعضيد كتاب

تهدي نقابتنا اطيب تحياتها اليكم ..
كتابكم المرقم ٣٩ في ١٩٨٧/٦/٢٥
لقد تم دراسة الكتاب الموسوم ( نظرية الموسيقى ) باللغة الكردية لمؤلفه ( صلاح رووف ) من قبل الشعبة المختصة .. راجين ابلاغ مؤلفه بمراجعتنا مساء كل يوم اثنين للتشاور حول تعضيده ..
مع التقدير

داود القيسي
امين سر نقابة الفنانين

نسخة منه الى /
مكتب السيد النقيب.
اضبارة الفرع.

يبلغ الفنان صلاح رؤوف بمضمون الكتاب
٣/٢٤

وعد ٣/٢

کەچوومە لای وەڵامەکەی ئاوابوو:

کتێبێکی زۆر بەسودە بەڵام بۆ بە چاپ گەیاندنی ئەشێ لەباتی ئەوەی نوسیوتە پێشکەشە بە( ئاشتی)، بنوسی پێشکەشە (بەسەرۆک) و وێنەیەکیشی دائەنێین، منیش لێم وەرگرتەوە گەڕامەوە بازاڕ لەوێ مامۆستا فەرەیدون دارتاشم بینی و بابەتەکەم بۆ باسکرد ، هەرلەوێدا وتی ئەی ڕای خۆت چییە ؟ منیش وتم کاک فەرەیدون کاری وا چۆن ئەکەم، بۆیە وتی دە واز بێنە هەوڵ ئەدەین لەڕێگەی تر بەچاپی بگەیەنن و هەرواشمان کرد، ناشێ ئەوەشم لە بیر بچێ کەلە ڕێی هاوڕێی خۆشەویستم (ئازای حەسیب قەرەداخی) لەهەولێر یارمەتیەکی زۆردرام لەبارەی لەچاپدانی کتێبەکە و بەتایبەتی کلێشەی بەرگەکەشی.



تیۆرەکانی مۆسیقا

**فێرخوازێکی تری تیپی مۆسیقای پیرمێرد .**

**بڕیار ڕەشید**

**ئەڵـــێ:**

**من تەمەنم ١٣–١٤ بوو سەرەتای ژیانی موسیقام لە چالاکی قوتابخانەکانەوە دەستی پێکرد! لەوێ بوم بە قوتابی ژێر دەستی مامۆستا سەلاح! تازە کەمانێکی یابانیم کری بو ! لە وێ فێری الف و بای موزیک بوم! جوانی ئەو کاتەی مامۆستا سەلاح م قەت لە بیر ناچێتەوەو وتی زۆر خێرا فێربویت، پێمخۆشە بێیت بۆ تیپی پیرەمێرد! لەوێ هەموو هاورێ**



**خۆشەویستە کانی لێ بو هێرش و ئاکۆو غەمگین و.... زۆری تر ! من درامە دەست غەمگین فەرەج زیاتر لە هەمویان من کەم تەمەنتر بوم! ناتوانم بە درێژی باسی جوانی باسی ئەو کاتە بکەم !هێندە ئەزانم ئێمە پێکەوە زۆر جوان بوین ! پرۆڤەیەکی جوانمان ئەکرد و دوای پر بوین لە پێکەنین و یەک بون لە ژێر دەستی مامۆستا سەلاح! جوانیەکانی باس ناکرێت!! کات کەمە بۆ نوسینی ئە و هەستەی جاران! بیرتان ئەکەم خۆزگەم بە و رۆژە جوانانەی کە قەت لە ژیانم دا دوبارە نابنەوا! مامۆستا سەلاح مێژوویەکی جوانی بۆ کورد تۆمار کردا! تاکو ئێستاش لە هەولداندایە بۆ بەنۆتە کردنی موزیکی کوردی بۆ ئەوەی مێژوویەکی بەرز تۆمار بکات بۆمان! سوپاس بۆ یەک بەیەکی ئەو تیپە رۆح نازدارە! بەداخەوە دوای برا کوژی دوای نە بونی رۆح دوای کوژرانی پەپولەی رۆح ئێمە ولاتمان بە جێ هێشت، بە دوای غوربەتا کەوتینە رێ هەر کەسە و بە لایەکدا!!**

ئەندامێکی سەرەکی تیپی مۆسیقای پیرەمێرد

مەی سابونچی



ئەڵـــــێ :

ســـالانی ٩٧٦ /٩٧٧ تیپـــی موسیقای منالانی پیرەمێرد دامەزرا یەکەم تیپی منـالان لەو سـەردەمە زێرینەدا زور گرنگی خـوی هەبـو، زور بەســـەرکەو تووانـــە و بـــە بەرهەمـــی تێـرو پـڕ جـوانی و کـوردەواری بەشـداری جەنـدە هـا ڤیسـتفال و ئۆپەریـت و گـورانی و موسیقا لەناوە وەی هەرێم دەرەوەی هەرێم و لەسەرجەمی عیراق دا پلەی یەکەمی بەدەست هیناوە، ئەمەش ئەگەریتە وە بوخەم خـوری مامۆستا و براو هونەرمەندی گە ورە و مانـدوو نەنـاس و دڵسوزی هونەری کوردی مامۆستای گوڵ هونەرمەند صـلاح رووف، بەراسـتی دڵسوزوخەم خورو کـورد پەروەر بەراسـتی ئەو سـەردەمەی کـە ئەو تیپەی دامەزراند بویری و ئازایە تی ئەویست جونکـە سـەردە مێک بـوو زەبـرو زەنگـی رژیـم و دارو دەسـتەکەی زۆر سـەرکوت کردنـی کوردو هونەرە کەی بوو، ماموستا صلاح رەوفی ئـازاو کـورد پەروە رو چاو نەترس پەرەی بەم تیپە یـاو گەورە بـوو جەنەهـا ژەنیـاری هونەرمەندی تیدا ناودارو گەورە بوون یەکەم تیپ بوو ئافرەتی کـج بەشداری کرد لە موسیقا و گورانی و ئۆپەریت و وەکو (( مەی کـریم احمد بە ئامیری بێز گیتار. رازاو قسطنطین بـە ئـامیری فلـوت ئـالا عمر بە گورانی و ئوپەریت و ئامیری فلوت، شەوبو وشلیر کـە دوو خوشک بوون بە ئامیری سکسفون)).

ئەمانــە لەو ســەردەمە کــچ زور بەکەمــی بەشداری هــونەرو موسیقا و کاری هــونەری ئەکــرد تەنــانەت مــن روژانــە ئەچــووم بــو پروڤە گیتارەکەم بەرگی خامم بو کردبوو بو پارێزگــاری ئــامێرەکەم بەپاص ئەجووم گوێم لی بوو زور جار ئەیان ووت کچی گیتــارە کــە زۆر زۆر لە و سەردەمە کچ کەم بــوون بەپەنــجەی دەســت ئەژمیــرا، ماموستا صلاح هاوری و براو کەسو کــاری شــیرینی هەمــوو تیپەکــە بوو، تەنانەت کە ئەرویشتین بو دەرەوەی هەریم و بەشداریمان لــە فیستفاڵی عیراق ئەکرد بو پاریزگاری لە کچەکــان خیزانــی شــیرینی خۆی ئەهێنا (ئاشتی) خان ڕیزو سڵاوم بۆی هەیــە زور بەدڵسۆزانە و جوانی چاودێری هەموومانی ئەکرد و پێداویستیە کانی بو ئامــادە ئەکردین چەن ڕوژ لە ڤیستفاڵ لە بەغا و سەماوە و موصل کرکوک و لە ستۆدیۆ کــانی کرکوک چەنــە هــا بەرهەمــی جــوانی ئەم تیپــە تومارکرا بەسە رپەرشــتی ماموســتا صــلاح رووف، مامۆســتا صــلاح زور ئەم تیپەی بە گەورەیی و دڵسوزی وخوشەویستی لە ناو مانــدا راگرتبوو تەنــانەت دوای رویشــتنمان بــو کــولیژ لەیەک دانەبــراین، کــاتی گەرانەوەمــان بــو ســلیمانی روژی دیــاری ئەکــرد بــو پــروڤەو تومــارکردنی بەرهەمــە کــان، ئەنــدامانی تیــپ (( هیــرش عمــر رەزا، هــیمن عمــر رەزا، نجــات عبــدالقادر، دانــا میــدیا، مەی کــریم و ئــە ردەلان و ئە کرە م و ئا کــو عزیــز و رازاو شــلێرو شــەوبۆ، ئــاڵاعمر غەمگین فرج، ئاراس وسۆران تریفــە وبەرهەم حەســن)) زور ببــورن کەهەندی نــاوم لــەبیر کردوە زور بەرهەمی نــاوازە بــیش کەش کــرا و پلەی یە کەمی بە دەست هیناوە.

بۆ نمونە: موسیقای جە می ریزان پارچــە موسیقای حلاقــە اشبیلیە و ئۆپەریتی گورگی بێشەو هەرد و داپیرەی دانــاو جــە نــدە ها گۆرانی هونەرمەند ئاڵا عمر زۆرن بەرهە مەکانی تیپــی پیرەمێــرد

خۆی سەلماند،بە ماندووبوونی ماموستا صلاح رەوف زور گرنگی بەم تیپە یا چەنەها گە شتی هونەری بو ئە نجام یاوین وینە کان راستی ئەسەلمینن مامۆستا صلاح خوشە ویستی و ریز گرتنی لە ناو ئەندامانی تیپ دروست کردبوو هە موو هە ستمان ئەکرد یە ک خیزانی هونەرین باوەرتان بیت هەموو وەک خوشک و برا روحمان لە سەر سەری یەکتري بوو ماموستا برایە کی زور نازدارو خوشەویست بوو لای هەر یەکەمان خۆشمان ئەویست و پاریزگاریمان لی ئەکرد جونکە خوی مامۆستا و براو هاوری ئازیزامان بوو بۆ راستی ئەمەش فیستڤاڵی عیراق هەبوو لە شاری سەماوە لە باشوری عیراق سلەیمانی بانگ کرابووین بۆ بەشداری فیستڤاڵ کەگەیشتینە سەماوە هەموو پاریزگاکانی عیراق و کوردستان لە یەک شوین دانراین کچان بەجیا و کوڕان لە شوینکی تر بو ئیمە کە چوینە شوینک هە مووی عەرەب لە گەلمان بوون هەمووی کچ بوون خێزانی ماموستا صلاح رووف مان لەگەڵ بوو ئاشتی خان هەتا شوین وجیگای بو ئیمە و کچەکان و ئاشتی خان دابین کرد ماموستا صلاح لە گە لمان بوو، ماموستا صلاح انشاللە تەمەن دریژبیت زور جوان قوز بوو، کچێکی عەرەب هەستمان کرد هەوڵی بو ماموستا صلاح ئەیا ماموستا صلاح ئاگای لە هیج نەبوو جونکە سەرقاڵی شوین پەیدا کردن بو، بۆیە کچەکان و ئاشتی خانی خیزانی و بەیە کەوە پلانمان دانا کە نەهێلین ئەم کچە عەرەبە سەیری مامۆستا بکا جونکە خۆشەویستی مامۆستا صلاح و ئاشتی خانی خیزانی ئیرەیمان ئەکرد روژ رویشت ئیمەی کچانی کوردی سلیمانی کە وتینە جاودێری کچە عەرەبە کە، تابزانین جی ئەکاو چۆن سزای بەیین لای هۆڵی خۆمان بەلوعەی ئاوی لێ بوو، دیمان سەری ئەشوا ، سەری هەمووی شامپۆ بوو سەیرمان کرد

چاوی نابینێ وەڵا هەموکچەکان چوینە وێزەی کەس دیار نەبوو بە نەعل سەرو چاومان کوتایەوە ،بۆ ئەوەی نەتوانێ سەیری مامۆستا صەڵاح بکا ، ئەمە یەکێکە لەبیرەوەریە جوانەکانە کەخوشەویستی ماموستا و خیزانەکەی زورپیرۆزو خوشەویست بوو لامان.

لیره وه چاوی یەکە یەکە ئەندامانی تیپی مۆسیقای پیرە مێرد ماچ ئەکەم وتەمەن دریژی و تەندروستی باش بو مامۆستا و برا و خۆشەویستمان و ئاشتی خانی خیزانی و مناڵە چاو گەشەکانی، ئەندامی تیپی مۆسیقای پیرە میرد.

(مەی کریم ئەحمەد صابونچی).



ئەندامێکی تری تیپی مۆسیقای پیرەمێرد

هێمن عومەر ڕەزا

ئەڵــــــێ :



خولییـایەکي زۆري وەرزش و یـاري تـوپي پـێم هــەبوو بـرا گەورە کەم کاکـە هـێرش سالانیک بوو سـەرقاڵي موزیـک بـوو بەردەوام خەریکي پروڤە بوو لـە مـاڵەوە بەو هــویەوە خولیـاي فیربـووني مـوزیکیش لاي من دروست بوو ،ئەوەي کە من ئاکادار بووم ماموٚستاي گەورەم ماموٚستا سەڵاح هـەموو ساڵێک خولي فێربووني مـوزیکي بـۆلاواني سلیماني بەبـي بەرامـبەر دەکـردەە کـە سـاڵانە جەندەهــا گەنجـي شـاري سلێماني فێـري موزیـک دەکـرد هــاویني ساڵي ١٩٨٤ بوو کاکەم هـێرش مني لـەگەڵ خۆي بـردە لاي ماموٚسـتا صــەلاح رووف پــاش قســە کردنــوو راویــژي ماموســتـاي گەورەم بیشنیاري بۆ کردم کە ئامێري ترامپۆن فێـربم پـاش هەوڵێکی زۆري ماموٚسـتا و مانـدووبووني خـۆم توانـام بەسـەر ئـامێرەکەدا نەشکا پاشان ماموستا صەلاح بیشنیاري ئامێري ئۆبواي بۆکردم بەداخەوە ئارەزوویەکي زورم بۆ ئامیري ئۆبووا هـەبوو بەلام نەمتواني کەڵکي لێوورگرم لـەبەر ئەوەی ئامێرەکە کەم کورتي زۆر بوو ماموٚستا زور لـە هـەولي ئەوەدا بوو ژەنیاری ئەو ئامێرە موزیکانە دروست بکـات کەلەو سـاڵانەدا ژەنیـاري نە بـوو بەڵام بەداخەوە توانـاي جـالاکي قووتابخانەکـان کەم بـوو وە ڕژێمـیش زور گرنگـی پـێ نەئەدا بـە بەراورد بەوخولانەي کەلەلایەن ڕژێم خۆیان دەکرایە وە لەو ساڵانە کە ئـامێرێکی مـوزیکي زوریـان لـەبەر دەسـت بـوو بەڵام لاوانـي سلیماني زور بەکەمي فێري موزیک دەبوون پـاش ئەوەي بێ ئومێد بـووم لــە ئـامێري ئووٚبـووا بـە پێشـنیاری ماموٚسـتاو حەزي خـوم ئامێري فیۆلینم هـەڵبژارد خۆشبەختانە هـەر لەو ساڵانەدا ماموٚستا

صەلاح یەکەم پەرتوکي فێربووني ئامێري فیـۆليني دەرکـرد کـە ئەو پەرتوکەزۆر یارمەتي  دەرمان بوو چونکـە بـە زمـانێکي کـوردي زور جوان نوسیبووي پاش مـانەوەم لەسـەر ئـامێري فیـۆلین و پـرۆڤەي رۆژانەي خـوم و یـارمەتي بەردە وامـي مامۆسـتا صـەلاح تـوانیم لەماوەیەکي کورتدا بەشداري کۆمەڵێ چـالاکي بکەم لەڕێگـای ئەو تیپە جوانەي ماموستا، سالأنیکي زور بوو ماندوو دەبـوو لەگەڵـی، ئەویـش تیپـی مـوزیکي پیرەمێـرد بـوو هـەرلەو سـالانە بەشـداري ئوپەرێتي دارستاني بەختیارم کرد کەلـە شـاري کەرکـوک بیشـکەش کرا لە گەڵ تۆمارکردني چەند گۆراني یەکی بەڕێزان کەریم کابـان و عەدنان کەریم و خوشکە پەیمان عومەر و چەند گۆرانی بێژێکی تـر، ئەو سالأنە ماموستا صەلاح تەنها بەپشوي هـاوینانەوە نەدەوەستا بەڵکو لـە رۆژانـي هـەیني کـاتي دەوامـي قووتـابخـانەدا لەبارەگـای تیبـي مۆسـیقای سلیماني یـاخود لـە قوتـابخـانەی ئامـادەیی ژیـن یاخود لە جالاکي قوتابخانە کـان لـە گەڕەکـی سـەرکاریز بەردەوام یارمەتی دەدابن، مانەوەی من لە تیپـی مۆسـیقای پیـرە مێـرد تـاکو کۆتـاي سـالي ۱۹۸۸ بـوو پـاش ئەوەی بۆخوێنـدن چومـە دەرەوی شارەکەم ئەو هـاورێیانەی لەو سالأنە لەگەڵـم بـوون کەهـەمووی قوتابی مامۆستا صەلاح رووف بووین کاک غە مگین فەرەج ،هـێرش عـومەرەزا و دانـای عبـدولأ میـدیاو خوالێخـۆش بـوو کـاک ئەکـرم ،خوشـکە رازاو قوسـتەنتین ،خوشـکە شـلیر ،خوشـکە شـەوبۆ ،خوشکە مەي ،کاکە سیروان جەلال ،کاکـە هـوشیار ،خوالیخـوش بوو بەختیـاری بـراي، کاکـە ئـاکوي عەزیـز عینـایەت ،کـاک ئـاري عینـایەت بەمانـدووبووني ماموسـتای گەورەمـان و پرۆڤەکردنـي هـاورییانم تیپي موزیکی پیرەمێرد بوو بەکۆڵەکەیەکي باش بـۆتیپي مۆسیقاي سلیماني ئەوە بوو هەر لەو سالأنەدا ماموستا صلاح دوو شاکاری موزیکي جواني نوسي بو دراماي ژاڵە و گولاڵە کە لەڕێگاي تیبي موسیقاي پیرە میردە وە تومار کرا شارە زابووني هـاورییانم

کاکە غەمکین کاکە هیرش کاک ئاکو کاک دانا بوو بە هـۆی ئەوەی یارمە تیکي باش بیت بو کردنەوە ئەو خـولانەی ماموستا صـەلاح دەیکردەوە شـان بەشـاني ماموسـتا قوتابییـان لـە شـاري سلیماني پێدەگەیاند.

منیش دووبارە ئەڵێم:

هەر بەردەوام بـووم لە کـاری هـونەری لە پەیمانگـای هونەرەجوانەکـان و تیپـی مۆسیقای سلـەیمانی و تیپـی مۆسـیقای پیرەمێرد.

ڕۆژێکیان مامۆستا بەدیعە دارتـاش هـات بـۆ لام کەلـەژوری وانە وتنەوەدابووم، وتی قەیس ( بەڕێوەبەری پەیمانگـا) وتـویەتی هەردوکتان وەرن بۆلام کاری گرنگم پێتـانە، منـیش وتـم کـاری چـی وتی بڕوات هەبێ نازانم، وتـم باشـە بابڕۆیین،کەڕۆیشـتین بـۆلای وتی؛ ئەودرگایە داخەن،هەستاو وتی ***(( استاذة بدیعە، استاذ صلاح الی احچی ... کلام وطلب....... سید مدیر الامن، ...)).***

بەکوردیەکەی:

ئەمساڵ لە سـاتی ڕۆژی پارێزگـادا سـەرۆک سـەدام دێـت ، گەر هەردوکتـان ڕۆڵـی بەرچاوتـان نەبـێ خۆتـان ئەبینـنەوە بەهەڵواسراوی بەداری گۆڵەکانی هەردو سەری یاریەکـانی باسکەی نـاو سـاحەکەی پەیمانگـا، مـن و دادە بەدیـعەش سـەیری یەکمـان کـردوو چـوینە دەرەوە، لەدوایـدا ڕێکەوتـین لەسـەر ئەوەی هەڵپەڕکێیەکی کوردەواری بەجلی ڕەنگـاو ڕەنگـی کوردیەوە نمـایش بکەیـن پـاش مـاوەیەک بە چەنـد کەسـێکی ڕەشـپۆش و بەچـوار دەوریاندا ئە خولانەوە و یەکە یەکە هەڵپەڕکێ کەرانیان ئەخست تا کۆتاییـان بە هەمویـان هێنـا ، مەبەسـتەکەمان هەمـان مەبەسـتی ئەنفال و کیمیـا بـارانی هەڵەبجەبـوو، بەڵام سـەرفەراز بـن ئەو بـێ هۆشانە لێی تێنەگەیشتن و تەنها دەستخۆشکەریان لی کردین.

ناشـیٚ ئەوەش لەیـاد کەیـن کە هەر بەشـدار بـویەک، پاداشتێکی بۆ دەستنیشان کرابوو، بەڵام خۆش بەختـانە مـن و دادە بەدیـعە ئەو پاداشتەشـمان فەرامـۆش کـردو نەچـوین وەری گـرین، دوای بۆمـــان دەرکەوت کە کەســێک لەفەرمـــانگەیەکی هـــونەری سلەیمانی بەناوی ئێمەوە وەری گرتوە تا بمانداتیٚ......

ئەوەشمان لەبیرنەچـیٚ کە مامۆستایانی پەیمانگا،ئەبوایە لەڕۆژی سلەیمانی بەشداریان بکردایە، منیش وەکو یاوەرێک لەگەڵ مامۆستا ئەنوەر ئەڕۆشتم، بەڵام لەبەر ئەوەی پێم وتبوون کە من کاری هەڵپەرکی نازانم مۆسیقاش هەر دەهۆڵ و زوڕنابوو، بۆیە من لە دورە ئەوەستام تا پرۆڤە و نمایشەکانیش تەواو ئەبوون.

لەبیـرمە ڕۆژێکیـان کـاک (خالیـد سـەرکار) بەداخەوە کە هەردوکمـان بەنهێنـی ئەنـدامی (کـۆمیتەی پیرەمەگـرون)ی یەکێتـی هونەرمەنـدانی کوردسـتان بـووین، زۆر بە حەماسـەوە پێـی وتـم: **سەڵاح گیان ئاگاداری خۆت بە چـونکە خێزانەکەم کە مامۆسـتای خـانەی مامۆسـتایانە بـارودۆخی تـۆی لەو شـوێنەدا بەوردی بـۆ باسکردووم** بۆ یە بەزمـانی خێزانەکەیەوە پێی وتـم کە ئاگـاداری خـۆم بـم و خـۆم توشـی تەنگـو چەڵەمەی دەسـتی ئەو بەعسـیانە نەکەم، منیش زۆر بەڕاشکاوانە وەڵامم دایەوە.



لەم دوایەدا لەسەردانێکمدا بۆلای مامۆستای بەڕێز، (بەدیعەدارتاش)، بەیاوەری خوێندکاری خۆشەویستم (نەوژین محەمەد) ئەوەی وەبیرهێنامەوە کە بۆیەکەم جار (سەدام حسەین) بەجلی کوردیەوە هاتە سلەیمانی، پاش ئەوکارەمان کە بەیەکەوە ئەنجاممان دا، ڕۆژێک بەڕێزی لای بەڕێوەبەری پەیمانگا بوو، منیش چومە لایان وتومە ( استاذ قیس :

**انتم صارلكم عشرين سنة تحاولون تلبسونا عگال و ماگدرتو، لاكن احنا لبسناكم شروال)،**

ئەویش بەپێکەنینەوە توڕە بووە وتویەتی بڕۆ دەرەوە، ئەیزانی ڕاستەکەم.

ساڵی ١٩٨٩ بوو لەگەڵ مامۆستا ئەحمەد سالار دانیشتین و بیرۆکەی کارێکی هونەری پێوتم ،ئەویش کاری فیلمی (نێرگز بوکی کوردستان) بوو، لەهەمان ساتدا هۆنراوەیەکی زۆر بەپێزی بۆ هێنابووم کە بیکەمە کۆراڵ ئەویش کۆراڵی (هۆرە) بوو.

هەمان ساڵ کۆراڵەکەم بەئەنجام گەیاند و پرۆژەیەکی زۆر جوان و ناوازە بوو، بەڵام بەداخەوە بەشێکی جوانیم لە سەر بنەمای مەقامی (فۆرم) ی هۆرە بنیاد نا ، چڕینەکەیم بە گۆرانی بێژ بورهان موحەمەد سپارد، پرۆڤەی زۆر جوانمان کرد، بەڵام بۆ ڕۆژەکانی نمایش نەیان هێشت بورهان محەمەد بەشداری بکات چونکە خوێنکاری پەیمانگا نەبوو بۆیە منیش چڕینەکەیم سپارد بە خوێندکار (گۆران کامیل) لە سەر شانۆ تۆماری ڤیدیۆیش کرا، لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەسەرکەوتویی مایەوە، بەڵام لەساتی تۆمارکردنی ئەو کۆراڵە لە ستۆدیۆی تیپی مۆسیقای سلەیمانی میانەی بڕگەی هۆرەکەم بە بۆشی بەجێ هیشت و پاشان لەماڵی خۆمان دەنگی (بورهان محەمەد) م خستە سەر و هەر بەدەنگەکەی بورهان موحەمەد بڵاوم کردەوە.

مـن و مامۆسـتا ئەحمەدسـالار هـاتینە سـەر باسـی فیلمـی (نێرگز بـوکی کوردسـتان) کە دەرهێنەرێکـی عێراقـی بەتوانـا نـاوی (جعفر عـــــلی ) بوو.

ئەوەبوو کارەکەم ئەنجـام دا، کـارێکی زۆر سـەرکەوتوبوو، منیش مۆسیقایەکی زۆر بەپێز لەسەر شێوازی سیمفۆنی بۆ نوسی و لـە نمایشی ئەو ساڵەی پەیمانگاشـادا نمـایش کـراو کەسـانێکی زۆر دەستخۆشیان ئەکرد.

کاری کوردی ئـاوا لای خوێنـدکارەکانیش نـامۆ بـوو، بـۆیە هەمویان بە گڕ و تێنیکـی زۆرەوە کارەکەیـان ئەنجـام دا،بەمـاوەی چەنـد مانگێـک لە نـاوچەی بێتـواتە تۆمـار کـرا، منـیش زۆربەی کاتەکان لەگەڵیان بووم بۆئەوەی زیاتر بە نمایشەکان ئاشنا ببم.

لەو ساتانەشدا چەنـد گروپێکـی هونەرمەنـدان وپەیمانگـای هونەرەجوانەکان لە شارەکانی سلەیمانی و بگرە شـارەکانی تـریش سەردانی ئەو ناوچەی بێتواتەیان ئەکرد، منیش هەر لە گەڵ ستافی فـیلمەکەدا بـووم ،لەبەر ئەوەی نـاوچەیەکی دڵگیـرو جـوان بـوو، هەندێ جاریش ئاوێزەی ئەو گروپـانە ئەبـوم و هەر لەوێـش کـاری هونەری مان ئەکرد .

کاری مۆسیقای فیلمەکە پیک هاتبوو لە پارچە مۆسیقایەک و تۆمارکردنێ بەشێوازێ بوو کە بۆ نمایشی فلیم بشێ و هەر خـۆم لە سـتۆدیۆکانی بەغـا مۆسـیقاکەم لەسـەر فـیلمەکە بەهاوکـاری دەرهێنەر (جعفر علی) و یارمەتیدەرەکانی دانا.

پـاش نمایشـی فـیلمەکە لە کوردسـتان و شـارەکانی تـری کوردستان وبەغداد، فیلمەکە برا بۆ چەند فیستڤاڵێکی نێودەوڵەتیی و ئەوەی بەرگوێی من ئەکەوت کە فیلمەکە ئاستێکی جوانی هەیەوە جێی شانازی میلەتی کوردەو، لە زۆر شوێنەوە هەواڵی پیرۆز بایی و دەستخۆشـیمان پـێ ئەگەیشـت،لەهەمووی خۆشـتر ڕۆژێـک لەبەردەمی گازینۆی شەعب، لەگەڵ چەنـد هاوەڵێکماوەستا بـووم،

لەدورەوە بەڕێـز گیـانی شـاد (حـاجی مەکـی) بەرەوخـوار هـاتو ئاماژەیەکی بۆکردم کە نزیک ببمەوە لێی، منیش چووم بەرەو ڕوی دەستی کرد بەگیرفانیاو زەرفێکی دامێ،وتـی نەیکەیـتەوە، ترسام وتـم بڵێـی کـاری نهێنـی تیـابێ هەر منـی بەجـێ هیشـت ، خێـرا زەرفەکەم کـردەوە، سـەیرم کـرد پـارەی تیـایە، پـاش چەنـدرۆژێ هەواڵیـان دامـێ کە فیلمـی نێرگـز بـوکی کوردسـتان ،لە نمایشـی سەرانســەری وڵاتە ئەوروپیەکــان کە لەوڵاتــی ســوید کرابــوو، مۆسـیقاکەی پـلەی نایـابی وەگرتـووە و دیـاریەکی باشیشـیان بە فـیلمەکە بەخشـی بـوو، حـاجیش ئەوەی بە دیـاری بـۆ مـن هێنابوو،دوای ئەوە ئیتر حـاجی یـادی بەخێر هەرکـارێکی بکردایە هەوڵی ئەدا دەستێکی منـی تیابێت گەر نەشم پەرژایە بەشداربم ، بەڵام هەر هاوکـاریم ئەکـردن و لەهەنـدێ کـاری هونەریشـدا هاوکاریان بووم.



هەر لەو سـەردەمانەدا بەهـۆی جموجـوڵی هـونەریمەوە ڕۆژانە چـاوپێکەوتن و ڕووبەڕووبـونەوەم هەبـوو لە گەڵ دەسـتگا بڵاوکەرەوەکاندا کە هەردەم ئاگاداری کاروچالاکیەکانم بوون و باری هـونەری منیشـیان زۆر ڕەچـاوکردبوو هەردەم لە گۆڤـارو ڕۆژنامەکاندا ئاماژەیان بەو کارو چالاکیانە ئەکرد.

بۆنمونە :

بڵاوکراوەی (عیراق) ژمـارەی بڵاوکـراوەکە ١٤١١ لە بەرواری ٣١-٧ -١٩٩٠ بڵاوکرایەوە.



عراق / ١٤١١

٩٠/٧/٣١

بطاقة فنان

الفنان
صلاح رؤوف

www.salahraouf.com

● من مواليد « تانجرو » في السليمانية عام ١٩٥١ .
● خريج دار المعلمين الابتدائية
● خريج دورة الموسيقى والانشاد - بغداد - معهد الفنون الجميلة بدرجة الامتياز الاول .
● نشيط ، كثير الحركة ، كثير البحث في عالم الموسيقى .

www.salahraouf.com

● يجتهد وزملاءه الفنانون ، انور القرداغي ، وخالد سركار والاخرون من اجل ايجاد الخصوصية القومية للموسيقى الكردية .
● اول عمل فني له كان في عام ١٩٧٤ م ، معزوفة موسيقية بعنوان « تانجرو » .
● لحن لاكثر من مطرب كردي : عثمان علي ، اسعد قرمداغي ، كريم كابان ، عباس محمد ، پەیمان عمر ، آلا عمر ، عدنان كريم ، شمال عبدالله .
● الّف عدداً كبيراً من المعزوفات الموسيقية اهمها : تانجرو ، لاوك ، الوطن ، حفلة الراعي ، ژاله ، عندما يحلق الصقر عالياً ، العشق ، كولاله .
● اعد والّف الموسيقى التصويرية لعدد كبير من المسرحيات اهمها : بونتيلا وتابعه‌ماتي ، القيثارة الحديدية ، الجزيري يلقي درساً في العشق .
● في ميدان اعداد وتصميم الكورال ، قام بتاليف وتوزيع الاعمال التالية :
١ - كورال الاغنية الملونةعلم ١٩٨٥ .
٢ - كورال السليمانية عام ١٩٨٦ .
٣ - كورال ليلى ولاوه لمعهد الفنون الجميلة .
٤ - منتزه كوران لمعهد الفنون الجميلة .
٥ - كورال هوره .
● اما في مجال الموسيقى التصويرية والمقدمة الغنائية فقد كان له ما يلي :
١ - مسلسل ژاله لناصر حسن .
٢ - مسلسل كولاله لسعدون يونس .
٣ - الفلم الروائي الكردي « نرجس وردة كردستان » .
● في النشر والتاليف الّف لحد الآن ما يلي :
١ - تعليم آلة الكمان عام ١٩٧٨ .
٢ - نظرات الموسيقى عام ١٩٨٨ .
● يكتب في الصحف والمجلات الكردية .
● عضو فرقة موسيقى السليمانية .
● عضو نقابة الفنانين في السليمانية .
● في عام ١٩٧٨ اسس مع زملائه في النشاط المدرسي فرقة جديدة باسم « فرقة موسيقى پيرەمێرد » .
● يعمل حالياً مدرسا في معهد الفنون الجميلة - السليمانية .

www.salahraouf.com

**یەکێک لە ئەندامە سەرەکیە کانی تیپی مۆسیقای پیرەمێرد**



**هێرش عبدالرحمن کریم**

**ئەڵـــــــــــــــــــــــــــــــێ:**

**١٥-١-١٩٦٩لەگەڕەکی سەرشەقام لەدایک بووەم، ٣-٨-١٩٨٣ پەیوەندیم کردوە بەتیپی مۆسیقای پیرەمێردەوە، بە سەرپەرشتی مامۆستا سەلاح رەوف ویستم وەک ژەنیاری ئۆکۆردیۆن بەشداربم، بەڵام مامۆستا سەلاح وتی ئەبێ ئامێری کلارنیت فێرببی، لەبەر ئەوەی من لەوەو پێش ئامێری ئۆکۆردیۆن لای مامۆستا فەرید عیسا فێر بووم.**



ناوی ئەندامەکانی تیپی مۆسیقای پیرەمێرد
سالی ١٩٨٣

| | | |
|---|---|---|
| ١. بەسەرپەرشتی م/صلاح رەئووف | ئامێر ژەنی | Violin |
| ٢. ئاکۆ عەزیز عنایەت | ئامێر ژەنی | Violin |
| ٣. هێرش عومەر رەزا | ئامێر ژەنی | Violin |
| ٤. ئەکرەمە خێل | ئامێر ژەنی | Violin |
| ٥. دانا عەبدولا میدیا | ئامێر ژەنی | Violin |
| ٦. ئەورۆز کەمال | ئامێر ژەنی | Violin |
| ٧. بەختیار | ئامێر ژەنی | Viola |
| ٨. بەختیار | ئامێر ژەنی | Viola |
| ٩. رازاو قسطنطین | ئامێر ژەنی | Flut |
| ١٠. سامان حەسەن | ئامێر ژەنی | Piccolo |
| ١١. شلێر | ئامێر ژەنی | Piano |
| ١٢. ئاراس فەرەیدون دارتاش | ئامێر ژەنی | Piano |
| ١٣. تریفە سمکۆ عەزیز | ئامێر ژەنی | ئۆکردیۆن |
| ١٤. ووشیار حەمەکەریم | ئامێر ژەنی | ئۆکردیۆن |
| ١٥. ئەورۆز عەباس | ئامێر ژەنی | Saxophone |
| ١٦. سامان حەمەکەریم | ئامێر ژەنی | Saxophone |
| ١٧. هێمن عومەر رزا | ئامێر ژەنی | Oboe |
| ١٨. هێرش عەبد الرحمن | ئامێر ژەنی | Clarinete |
| ١٩. بەهرە قسطنطین | ئامێر ژەنی | Clarinete |
| ٢٠. دانا کەمال | ئامێر ژەنی | Trumpet |
| ٢١. غەگین فەرەج | ئامێر ژەنی | Trumpet |
| ٢٢. ئەردەڵان | ئامێر ژەنی | Guitar |
| ٢٣. مەی | ئامێر ژەنی | Bass Guitar |

بۆ یەکەم جار لەتیپی مۆسیقای پیرەمێرد وەک ژەنیاری کلارنێت بەشداری ئەو فیستڤاڵەم کرد کە بەشێ یەکەمی سیمفۆنی ٤٠ مۆتزارتمان ژەند،ساڵی ١٩٨٧لەم گۆرانیانەی لای خوارەوە بەشداریم کردوە وەلە هەمان ساڵدا بەرهەمەکان بە کاسێت بڵاوکرایەوە.

| گۆرانی | ووتنی | ئاواز |
|---|---|---|
| ئازیزەکەم | عەدنان کەریم | م.صلاح رووف |
| خاتووزین | کەریم کابان | م.صلاح رووف |
| تەنیایی | شەمال عەبەرەش | م.صلاح رووف |
| پەروانە | عەدنان کەریم | م.صلاح رووف |
| دوا بریار | ئالا عومەر | غەمگین فەرە |
| فریشتة | عەدنان کەریم | هێرش عمر ڕەزا |
| غەزەل | ئایار | غەمگین فەرەج |
| گوڵاڵە | عەدنان کەریم | م.صلاح رووف |



یەکێکی تر لە ئەندامەسەرەکیە کانی تیپی مۆسیقای پیرەمێرد .



هێرش عومەر ڕەزا ئەڵێ:

من ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیم کرد بە تیپیی موزیکی پیرەمێرد لەو ساڵەدا مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی سەرپەرشتی هونەری تیپەکەی دەکرد بەهۆی ئەوەی ماموستا صلاح رؤوف لە هەندەران بوو، بۆ من تیپیی موزیکی پیرەمێرد پەیمانگا بوو کە تیایدا باشتر فێری ئامێر ژەنین بووم بە شێوەیەکی زانستیانە سەرەتا لای مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی پاشانیش مامۆستا صەلاح رەؤوف، پاش گەڕانەوەی مامۆستا صەلاح رؤوف لە هەندەران و تیپی پیرەمێرد هێندەی تر گیانێکی نویێ بە بەرداکرایەوە هەرچەندە مامۆستا (ئەنوەر قەرداغی) ش زۆر بە دڵسۆزی بێ دابران هەفتانە هەوڵی لەگەڵ ئێمە دا تاکو بە ئەمانەتەوە تیپەکەی ڕادەستی مامۆستا صەلاح رووف کردەوە.

مامۆستا صلاح بەوەشەوە نەدەوەستا کە توانای ژەنینی ئەندامەکانی تیپ باش ترو باشتر بکات بەڵکۆ لە ساڵی ١٩٨٣ خولێکی فیربوونی خۆبەخش کردەوە هەولی لەگەڵ ئێمەشدا کەوانە سەرەتا ییەکانی موزیک بلێنەوە کە بەڕاستی زۆر خولەکە سەرکەوتوو بوو وە لە دواییدا چەند ئەندامێکی تازە کە بەرهەمی ئەو خولە بوون، بوون بە ئەندام لە تێپی موزیکی پیرەمێردا.

هەوڵی زۆریشی لەگەڵ ئەو ئەندامانەی تێپ دەدا کە ئەیزانی بەهرەی ئاواز دانانیان تیادایە، لە یادمە ساڵێ ١٩٨٣/١٩٨٢ بە هەموانی ووت پێویستە یەکی چەند دێریک موزیک بنوسن لە دانانی خۆتان لەوەوە من خولیای ئاوازدانانم تیادرووست بوو، یەکەم ئاوازم دانا بە ناوی فریشتەکەم کە بۆم

ووت، ووتی بەڕاستی ئاوازێکی جوانە ئیتر من لەوڕۆژەوە هێندەی تر بڕوا بەخۆ بونم بە هێزتر بوو. فریشتەکەم بوو بە بەرهەمێک لە یەکێ لە ئەلبومەکانی تیپی موزیکی پیرەمێرد لە ئامادەکردنو دابەشکردنی هاوریم غەمگین فەرەج ووتنی هاوریم عدنان کەریم....تیپی موزیکی پیرەمێرد تەنها گروپێکی موزیک نەبوو بەڵکو هەموو وەک خێزانیکی گەورەمان لیهاتبوو کە بە شدارئەبۆین لە بۆنە خۆشی و ناخۆشیەکانی ئەندامانی تێپەکە و پیویستە رۆڵی خۆشکی گەورەمان (ئاشتی خان هاوسەری مامۆستا صلاح رؤوف) مان لە بێرنەچی کە هەمیشەماڵەکەی کراوەبوو بۆ کوبونەوە و تومارکردنی هەندی لە بەرهەمەکانی تیپ،ئەم تیپە چەندەها بەرهەممان تۆمارکردوەو و بەشداری چەندەها کۆنسێرت و فیستیڤاڵمان کردوە و چەندەها بەرهەمی گورانی و موزیکمان بۆ تیڤی ئەوسا تۆمارکردوە مامۆستا صلاح رؤوف بەوەش نەوەستا هەندێ لە ئەندامانی تیپی کردە ئەندام لە تیپی موزیکی سلێمانی کە بەندە یەکێ بووم لەو ئەندامە هەڵبژاریراوانە کە بووم بە ئەندامی تیپی موزیکی سلێمانی.



جێگای شانازیمە کە هاوکارێکی زۆر نزیکی مامۆستا صلاح بووم لە بەڕێوەبردنی تیپەکەو کاروباری بەڕیوەبردنی ژمێریاری تیپ،هەروەها بووم بە یاریدەدەر لە جێبەچی کردنی موزیکی درامای گوڵاڵە ئەویش بوە سەرەتایەک بۆمن کە بەدوایدا چەندەها کاری موزیکی دراما ئەنجام بەم لەوانە درامای ڕابوون و دووپشک.

هەروەها لە ساڵی ١٩٨٣ مامۆستا صلاح رؤوف، دانا عبدووڵا میدیای هاوڕێمی ڕاسپارد بووکە ببم بە ئەندام لە یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان منێش بەخۆشحاڵیەوە قوبوڵم کرد پاشان مامۆستا صەلاح پەیوەندیی پێوەکردم و هەر لەڕێگای بەڕێزیەوە هەموو زانیاریەکم پێ ئەگەیشت.

تەمەن درێژی و بەردەوامی بۆ مامۆستا و هاوڕێم مامۆستا (صلاح رؤوف).

منیش دوبارە ئەڵێم :

سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ لەوساتەکە هەندێ ئاژاوەگێڕی ئاست نزم ویستیان جێ بەهەندێ ئەندامانی تیپی مۆسیقای پیرەمێرد لە تیپی مۆسیقای سلەیمانی لێژ بکەن، لەبەر ئەوەی توانای ئەو ئەندامانەی پیرەمێرد سەروی توانای ئەوان بوو،بوونی ئەوان ئەبوە تەگەرەیەکی گەورە بۆ یان، لەبەر ئەوە بەهەمووجۆر و فێڵ و تەڵەکەیەک هەوڵی جێ پێ لەق کردنیان ئەدان، زۆربەی ئەندامانی تیپی پیرەمێرد بەوکارە دڵگران بوون و بۆیە هەر یەکەیان لەنزیکەوە ئەیان ویست ڕاو بۆچونی من بزانن، منیش پاش درک پێکردنم بە ڕاستی بابەتەکەو بۆ دورخستنەوەی تەنگو جەڵەمە لە فێرخوازە خۆشەویستەکانم، هەروەها لەتیپی مۆسیقای سلەیمانیش، مافی سەربەستی هەڵس وکەوتیانم بۆ ڕونکردنەوە، کە بریتی بوو لە یەک ڕستە، ئەویش ( بونی ئێوە لەهەرکوێ بێت سەربەرزیە بۆمن بەمەرجێ هەردەم لەبیری هونەری نەتەوەکەتاندا

بن)، هەر بەو ڕوانگەو بۆچـونە زۆر لە ئەنـدامانی تیپـی مۆسـیقای پیرەمێـرد هەوڵیانـدا کە بەشـی مۆسـیقای کۆمەڵی هـونەرو وێـژەی کوردی سەرلەنوێ بنیاد بنێنەوە, سـەرکەوتوش بون،ئەوانەشـی کە هەڵیان فریوانبـون کە لەتیپـی مۆسـیقای سلیمانی واز بێـنن نـاوی خۆشـیان یاداشـتکردبوو لەو داواکـارەیە ، بەڵام سـاتی ئەنجـام دانەکەی پاشەکشـەیان کـرد لە بڕیارەکەیـان، بـۆ فەراهەمکردنـی جێگەیەکـی شـیاو بۆخۆیـان، بـۆیە ئەوکەسـە ڕقەبەرانە هەر زوو دەرکیان بە نەهامەتی خۆیان کرد لەبەر ئەوەی بە بونی ئەوان یـان نەبونیـان ئەوان هەر لە پـلە نـزمەکەی هـونەردا تـا ئیسـتاش ئەخـولێنەوە، ئەوان بە سـەر کەوتـویی لەگەڵ بەشـی مۆسـیقای کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی بەردەوام لە سەرکەوتنەکانی خۆیانا بـوون، بـۆیە مـن ئێسـتاش هەموویـان لەبـواری هـونەردا بەوپەڕی سـەرکەوتویی و بەردەوام ئەبیـنم ، و یەکە یەکە شـانازیان پیـوە ئەکەم.



چەند ڕۆژێک پێش ڕاپەڕین، پیاو ماقوڵێکی گەڕەکەکەمان (گەڕەکی بەختیاری) بەناوی (حاجی مستەفای ڕازاوە) گیانی شادو ئارام، پێی وتم کە موختاری گەڕەک هاتووە و هەواڵی ماڵی ئێمەی لێ پرسیون و ئەوانیش وتویانە نازانین، بۆیە داوای لێ کردم کە ئەو ماوەیە ئاگاداری خۆم بم ، دوایی دەرکەوت هەمان موختار لەچەند ماڵێکی تریشی پرسی بوو.

لەهەمان ساتیشدا لە گەڕەکەکەی خۆمان تێکۆشەری بەتواناو کارامە هەبوون، لەوانە گیانی شاد پێشمەرگەی تێکۆشەر (کەمال عومەر – کەمالی ئایشێ قەڵەو)) یان پێ ئەوت، لەگەڕەکی بەختیاری نزیکی ماڵی خۆمان ئەژیا کەسایەتیەکی زۆر کارامەو و بەتوانابوو، ڕاپەڕین لە گەڕەکی بەختیاریەوە لەسەر دەستی ئەو و هاوەڵەکانی دەستی پێ کرد، منیش هەر ئەوساتە بابەتەکەم بۆباسکرد، وتی خەمت نەبێ، ئاگاداری هەموو بارو دۆخەکەین، هەردەم ئاگامان لێت ئەبێت.



ڕاپەڕین رویدا، ئەوەی ڕویدا ڕویدا.

ڕۆژێک بەڕێز ((عەباس عەبدولڕزاق))، بەڕێوەبەری پێشوی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان پێی وتم کە فلان ڕۆژ بچم بۆ ماڵی گیانی شاد (عوسمان چێوار)، منیش چووم کەسەیرم کرد هەندێ برادەری تریشی لێ بوو، پاش وتو وێژێکی کورت بۆم دەرکەوت کە ئەیانەوێ ستافێکی باش بۆ تەلەفزیۆن ڕێک بخەن و منیش وەکو مۆسیقا زانێک و ئاوازدانەرێک و ڕەچاوی سەرکەوتنەکانی منیان لە بواری مۆسیقای سینەماو تەلە فزیۆندا کردبوو.

دەستمان کرد بەکارکردن لەماڵی کاک عوسمان چێوار هەندێ ئامێری سەرتایی لێ بوو وەکو کامیرایەکی تەلەفزیۆنی و تۆمارکەرێکی بەکرەوە کاسێتیش. دەستمان کرد بە کارکردن هەرڕۆژانەوە چەند کەسێک ئامادە ئەبوون بەپێی پێویست، لەهەمووی خۆشترو بەتام تر ئەو وشەیەی هونەرمەند (سیروان جەمال) کە ئەی وتی : ئێمە بە نەزەریەی (قنەو تلور) کاردەکەین،نەک لەسەرکورسی، لەبەر ئەوەی لەماڵی گیانی شاد ((عوسمان چێوار)) کورسی دانیشتن نەبوو، تەنها بەدانیشتن وپاڵکەوتنەوە کارەکان ئەکرا، ڕۆژێک کاک عەباس وتی لە مەکتەبی عەسکەری ( یەکێتی نیشتمانی) لە (قەڵاچوالان) شوێنێکمان وەرگرتوە و ئیتر کارەکان ئەبەینە ئەوێ.

ئەوەبوو چەندڕۆژێک بەرەو قەڵا چوالان ڕۆشتین و هەموو شتەکان گواسترابونەوە ئەوێ، ڕۆژیکیان دیاری کرد کە وەکو یەکەم ڕۆژی دەستپێکردن بەڕێز مام جەلالیش ئامادە ئەبێت.

ئێمە ڕۆشتین بۆ ئەوێ و زۆربەی بەشداران لەوێ بوون، کاک عەباس لەپێش هەموانا، وتی ئێستا مام جەلال دێت و لەپڕ بەڕێز حاکم قادر هاتو وتی وا مام بەڕێ کەوت ، من نەمزانی کە

بەڕێزی لە مەکتەبی سیاسیە ، چونکە لەگەڵ وتەکانی کاک حاکم دا هاتنەکەی مام هەر زۆر کەمی خایاند،بەڕێزی شریتی کردنەوەی دەرگای تۆمارگەی تەلە فزیۆنەکەی بە مقەستێک بچڕی و هەموو چوینە هۆڵەکە، کاک عەباس یەکەیەکە ئێمەی بە مام جەلال ناساند،کە تەوقەی لەگەڵ من کرد،یەکسەر وتی ئەو سرودەش تازە کەرەوە، منیش وتم مامە گیان کام سرود، وتی مەشخەڵان، (هەندێ باس و خواس ڕویدا پێویست بە باسکردنیان ناکا،کەساتی خۆی ئەو هۆنراوەیەم چۆن پێگەیشت و ڕام چی بوو بەرامبەری، برادەران ئاگادار بوون).

مام تۆزێ توڕەبوو، پاش ماوەیەکی کەم ماڵ ئاوای کردوو ڕۆشت، بەڵام دیار بوو کە توڕەیە، پاش تۆزێ حاکم قادر هاتەوە بۆ لامان و وتی : مامۆستا سەلاح مام بانگت ئەکا،وتم باشە دەی کاک عەباس با بڕۆین، وتی وەڵا من نایەم،مام زۆر توڕەیە، یەکسەر کاک (جەمال غەمبار) ی پارێزەر وتی من دێم لەگەڵت، وتم باشە و بەرێکەوتین مەکتەبی سیاسی نزیکی مەکتەبی عەسکەری بوو، کە گەیشتین بەڕێز حاکم قادر دەرگاکەی کردەوە و وتی مامۆستا فەرموو، منیش چومە ژورەوە یەکسەر حاکم و پارێزەر جەمال غەمبار بەدواما هاتن و سەیرم کرد مام خەریکی جەریدە خوێندنەوەیە، جەریدەکەی لابردو یەکسەر وتی تۆ چیت ئەوێ، منیش بەپێکەنینەوە وتم مام دەمانچەیەکم ئەوێ،وتی حاکم ئەو دەمانجەی خۆتی بەرێ، منیش یەکسەر وتم مامە گیان ئێمە هەشت کەسین بەتاقی تەنیا ناتوانم وەری گرم، یەکسەر مام وتی حاکم یەکی دەمانچەیەکیان بۆ دابین بکەن،هەر لەو ساتەدا کاک عەباس عەبدولڕزاق هاتە ژورەوە، ئیتر بەرامبەری مام لای دەستی ڕاستی کورسی دانرابوو لەوێ هەموومان دانیشتین،مام بەردەوام بوو

لەسەر گفتوگۆکـانی و باسـی گرنگـی تەلەفزیـۆن و ڕاگەیانـدنی بـۆ ئەکردین، دوای ئەو یەکسەر کاک عەباس عەبـدولڕەزاق وتـی مـامە من ئەزانم مامۆستا سـەلاح چـی ئەوێت،مـام وتـی دەی چـی ئەویَ؟، کاک عەباس وتی مامە مامۆستا سەلاح ئەیەویَ تیپێکی مۆسیقا بـۆ تەلەفزیۆن دروست بکات، ئەویش وتی بۆنا...!

چەندی پیَ ویستە پێم بڵێن ئەوە باشترین کـارە بـیکەن، یەکسەر کاک عەباس پـارەیەکی پیَ وت، مـام جەلال یـش یەکسـەر وتی حاکم چیان ئەویَ بۆیان سەرف کەن، ئەوەبوو تیپی مۆسیقای تەلەفزیـۆنی گەلـی کوردسـتانم دروسـت کـرد و پـاش مـاوەیەک نیشتەجێی (بارەگا) تەلەفزیۆن هـاتە نـاو زانکـۆی سلەیمانی،بەلاّم پەخشەکەی هەر لە ئەزمڕەوە ئەکرا.

ئیتـــر مـــام کەوتە باســـی ئەوەی کە گرنگـــی دان بەو تەلەفزیۆنە گرنگی دانە بە میللەت و بە یەکێتیش بـۆیە هیـوادام لە کارانە بەردەوام بن.



هەر لەوساتانەدا برادەرێکی هونەرمەندم کە ساتی خۆی خوێندکاری خۆم بوو لە قوتابخانەی کوردی و کەسێکی بەتوانا بوو لە بوارە جیاوازەکانی هونەردا (نەهرۆ ساڵح دەلۆیی) پێی وتم لە ڕاپەڕینەکەدا بەڵگەیەکی جوانمان دەست کەوتوە، بۆت ئەهێنم، کە هێنای سەیرمکرد ئەو بەڵگەیە بوو، کە وتەکانی دراوسێ بەئەمەکەکانم و هاوخەمی ئازیزان و دۆستانمی بە بیر هێنامەوە.


یەکشەممەی شارەوانیی سلێمانی
8
سلێمانیی نوێ - ژمارە(١٩٠)ساڵی (٥) یەکشەممە ٥ ی فێبریوەری ٢٠٠٦
لاپەڕەی

## لە بەڵگەنامەکانی ئەمنی سلێمانی

# چوار ڕۆژ بەر لەڕاپەڕینی سلێمانی ڕژێم بەنیاز بووە

# ژمارەیەك هونەرمەندو نوسەر بکاتە بارمتە

بەمەبەستی ئامادەکردنی بەرنامەیەکی دیکۆمێنتی سەبارەت بە(تیپی مۆسیقای سلێمانی) ئەو تیپەی لەمەوبەری کوردستاندا بۆتە یەکێك لە شانازیەکانی شاری سلێمانی و کوردستان لەماڵی هونەرمەند خالید سەرکار کاتێ پێکەوە سەیری ڕیتە ئەرشیفیەکانمان دەکرد ئەم نوسراوەمان بەرچاو کەوت، کاك خالید سەرکار وتی: ئەهرۆ زۆرم پێ خۆش بوو ئەم نوسراوەم بەرچاو کەوت زۆر حەزئەکەم لە بەرنامەکەتدا وەك ڕاستییەکی مێژوویی بڵاوی بکەیتەوە، ئەمانە کۆمەڵێ هونەرمەندو نوسەرو ڕۆشنبیری ئەم شارەن و بریتین لە ٢٤ مرۆڤی خاوەن هەڵوێستی ئەوتۆی ئەو کەسانەی لەسەنگەری شارەکاندا بەخۆیانەوە قەڵەم بەگژ ڕژێمی داگیرکەری بەعسدا دەچوونەوە. کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئامادە نەبوون بچوکترین خزمەت بەو ڕژێمە بکەن. ئەم نوسراوە حەقیقەتێکی بەڵگەنەویستە کەسەنگەری ئارشار چ ڕۆڵێکی مەزنی بینیوە لەهوشیارکردنەوەی جەماوەرو ئاراستەکردنیان بۆ کاری پیرۆزو بەگژاچوونەوەی داگیرکەران.

هەبوون لەو ڕۆژگارانەدا بەرژەوەندی خۆیان بەلاوە گرنگتربوو لەبەرەی گەل و نیشتمان، بەڵام ئەوانە لە پەنجەکانی دەست تێنەئەپەڕین، داخەکەم ئێستاش لەڕیزی پێشەوەن و ڕێزی گەورەیان لێ دەگیرێ. تا ئێرە بەسە بۆ خوێنەری ئەم نوسراوە کە بزانێ سەنگەری ئارشارەکان چی لە سەنگەری شاخ کەمتر نەبووە، هەر یەکێك لەمانەی لێرەدان ناویان هاتووە بە بڕیارێکی (امنی عامە) دەگیرێنە بارمتە هەرکەسی ئیعدامیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێ هەر کاتێك ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە شاری سلێمانیدا دەستپێبکات.

ئەمەش دەقی نوسراوەکە و ناوی ئەو کۆمەڵە هونەرمەندو نوسەرانەیە کە بەنیازبوون هەموویان لە یەك کاتدا بدەن بە سەر ماڵەکانیاندا بەرو شوێنێکی نادیار ببرێن و بکرێنە بارمتە و لەکاتی پێویستیشدا ئیعدامیان بکەن.

ئامادەکردنی
نەهرۆ ساڵح دەلۆیی

رئاسة الجمهورية
السكرتير مديرية الأمن العامة
العدد/م.د/م٤/٢٨٦٠
التأريخ ٤/٣/٩٩١

خاص وشخصي

الى أمن البلدة
م/ إحتجاز

بعد التشاور مع السيد المحافظ/ رئيس اللجنة الأمنية/ وتقييم الحالة الراهنة وتصورنا والسيد المحافظ لحدوث نشاطات تخريبية من قبل الزمر المخربة والعملاء وبغية الحفاظ على أرواح الرفاق المسؤولين وأفرادنا، تنفذ عملية إحتجاز الأدباء والفنانين المدرجة أسمائهم في القائمة المرفقة وفق مداولتنا السابقة.

تتم العملية بصورة خاطفة وبدفعة واحدة بعد التأكد من أماكن عملهم ومحلات سكناهم.

لإجراء ما يلزم في ضوء إعلاه وإيلاء الموضوع الأهمية القصوى وإعلامي شخصيا بالنتيجة وشكراً.

المرفقات
قائمة بالأسماء

عقيد الأمن
ع. مدير أمن محافظة السليمانية

نسخة الى
-الشؤون السياسية / لمتابعة الموضوع وإيلاء إهتمامكم الخاص
-المكتب الخاص/ مع الأوليات كافة

| الأسماء | الأسماء |
|---|---|
| د. حسين البرزنجي | فؤاد قرداغي |
| جلال محمود علي | جمال محمد إسماعيل |
| زاهير أحمد ساوزة | فؤاد مجيد مسري |
| رؤوف حسن | حكمت هندي |
| رؤوف بيكرد | أحمد سالار |
| رؤوف عثمان | صلاح رؤوف |
| حسين قرداغي | خالد سركار |
| محمد فريق حسن | كريم كابان |
| عبدالله ميديا | عثمان علي |
| شيرزاد حسن | عزت كريم |
| عبدالقادر سعيد | طه خليل |
| عمر معروف البرزنجي | دانا علي |

علي توانا

**دووباره برای نوسەرو بیرمەند کاک (حەمه فەریق حەسەن) لەڕۆژنامەکاندا زۆر بەتێرو تەسەلی باسی ئەو نوسراوەی ڕژێمی بەعسی کردوە لە دوو بەشدا ، من لام گرنگه کە بەشی دووەم بڵاو بکەمەوە کە کۆی باس و خواستەکەی ڕژێمی تیایه.**



# پیلانێکی گڵاو

نووسینی/ محمد فريق حسن

بەشی دووەم

کاربەدەستان لە سلێمانی دەیانزانی لەکام کاتو ساتدا سوود لەو ڕێزە زۆرەی ئەم هونەرمەندو نووسەرانە وەردەگرن. هەروەها دەشیانزانی چۆنو کەی تۆڵەی ئەو هەموو زمان درێژییەیان لێدەکەنەوە!!

زەوی سووڕا، عیراق بەوەی پەلاماری کوێتیدا هەڵەیەکی کوشندەی کرد. تێك شکا. هەوساری لەدەست بەربوو.. ڕاپەرین. کەفێنی پەنگ خواردووی دەیان ساڵەی جەماوەر بوو، وەك سێلاوی بەهار کەس نەیتوانی بەری بگرێ. ئاوماڵکە خۆت لادە ئاو هات!.

ماوەیەك بوو پێشمەرگە لەرادیۆکانی خۆیانەوە (ئاشت بوونەوەی گشتی!!) یان دەدا بەگوێی پیاوانی ڕژێمدا.. حکومەت نووسەرو هونەرمەندە بێلایەنەکانی هاتەوە یاد. واتە(بەشی سێیەم) ئەوانەی تا ئەو ڕۆژەیش هەر بەرهەڵستکاری ڕژێم بوون. تاکو ئەگەر مەترسی لەسەر ژیانیان دروست بوو ئەوان بە بارمتە بگرنو بیانکەنە قەڵغان بۆ خۆیانو لەمەرگ ڕزگاریان ببێ. هێزە سەربازییەکانی حکومەت زۆر جار کە لەو چیایانە تێکدەشکانو لەلایەن پێشمەرگەوە ئابڵووقە دەدران دەچوون جووتیارەکانیان بە بارمتە دەگرت تاکو ژیانی خۆیانی پێ بکڕنەوە.. ئەمجارەیان نۆرە هاتە سەر (نوخبە)و هەڵبژاردەی شار.. ئێوە سەرنج لەم نووسراوە (نهێنیو شەخسی)یەی بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی سلێمانی بدەن کە بەرواری ١٩٩١/٣/٤)ی پێوەیە واتە ڕۆژێك بەر لەراپەڕین.

بەناوی خوای میهرەبان
سەرۆکایەتی کۆمار
سکرتێر
بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی گشتی
ژمارە /م.د/م٤/٢٨٦٠
ڕۆژ ١٩٩١/٣/٤
نهێنیو شەخسی
بۆ/ ئاسایشی شار
بابەت/ بە بارمتەگرتن

دوای مشاوەرە لەگەڵ بەڕێز پارێزگار /سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش/ بەهەڵسەنگاندنی ڕەوشی ئێستاو بۆچوونمان لەگەڵ پارێزگار سەبارەت ڕوودانی چالاکیی کاولکاری لەلایەن دەستە تێکدەرو خۆ فرۆشەکانەوە. بەمەبەستی پاراستنی گیانی هاورێیانی لێپرسراوو پیاوەکانمان. ئۆپەراسیۆنی بە بارمتە گرتنی ئەم ئەدیبو هونەرمەندانەی ناویان لای خوارەوە لە لیستەی هاوپێچدا هاتووە بەپێی گفتوگۆی پێشوومان جێبەجێ دەکرێ. دوای دڵنیابوون لە شوێنی کارو ماڵەکانیان ئۆپەراسیۆنەکە کوتوپڕو بەیەك جار ئەنجام دەدرێ.. لەبەر ڕۆشنایی سەرەوە هەرچی پێویست دەکات بیکەنو بابەتەکە ئەوپەڕی گرنگی پێبدەن. لەبەرئەنجام، خۆم بەشەخسی ئاگادار بکەنەوە سوپاس.

هاوپێچ/ لیستەی ناوەکان
عەقیدی ئاسایش
ع. بەڕێوەبەری ئاسایشی
پارێزگای سلێمانی

وێنەی بۆ:
ـ کاروباری سیاسی / بۆ بەشوێنداچوونی بابەتەکەو گرنگی پێدانی تایبەتی.
ـ نووسینگەی تایبەت/ لەگەڵ هەموو پێویستییە سەرەتاییەکان.

ناوەڕۆکو مەبەستی نووسراوەکە ئاشکرایە. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ دەدەم هێمنانە بەشوێن بندێرەکانیدا بچم..

نووسراوەکە نهێنیو شەخسییە. مێژووی (٤)ی ئاداری پێوەیە. واتە ڕۆژێك بەر لە تەقینەوەی ڕاپەڕین لەشاری (ڕانیە)وە بۆ قەڵادزێو شوێنەکانی دیکەو تاکو (٧)ی ئادار گەیشتە سلێمانی، دیارە نووسراوەکە (٥)ی ئادار گەیشتۆتە ئاسایشی شار (امن البلدة) واتە هاوکات لەگەڵ بەرپابوونی ڕاپەڕیندا. لەم کاتەدا هێزەکانی ئاسایش بەدەرەوە نەبوون. خزابوونە کونەوەو هەڵیو کەوتیان تەنگو بەرتەسك بزوە. ئەوەی جموجوولی لەبەر چاو بووبێ چەند مەفرەزەیەکی چەکداری (طواري)بوو. چەند (مدرعە)یەکیش لە شوێنە گرنگەکانی شاردا جێگیر بوون. ئەمانە بۆ چاوترساندنی جەماوەر بوون. ئەمان نەیانتوانیوە بەماوەی دوو ڕۆژ (٥-٦)ی مانگ لە شوێنی کارو ماڵی ئەو (٢٥) نووسەرو هونەرمەندە دڵنیابن تاکو بەیەك جار هەموویان دەستگیربکەن. بۆیە پیلانە گڵاوەکەیان سەری نەگرت.

نووسراوەکە لەخۆیدا ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کەوا ترسی کاربەدەستان لە شوێنی خۆیدا بووە. بەڵام کاتو ساتی نووسراوەکە دواکەوتووە. ئەگەر بهاتایە ئەو نووسراوە «١٠» ڕۆژێك پێشتر دەرچووایە ئەوا هەموویان بە بارمتە دەگیرانو دووریا ئێستا هەموویان لەژێر خاکدا دەبوون!..

ئەگەر بگیرانایە ئەوا لەکاتی ئابڵووقەدانی ئەمنە سوورەکەدا هەڕەشەی کوشتنی بارمتەکانیان لەجەماوەر دەکرد. دیارە بەم کارە ڕاپەڕین نەدەوەستا بەڵام بەدڵنیاییەوە دەڵێم بارمتەکان شەهید دەکران. چونکە هەڵمەتی جەماوەر لەوەدا نەبوو لەو هونەرمەندو نووسەرانە لێبووردنی نەبوو. بۆیە بەرلەوەی بکوژرێن دەستیان لێدەوەشاندن. جەماوەری ڕاپەڕیو بریتی بوو لە خوێندەواری شۆڕشگێڕ، کەسو کاری ئەنفال کراوەکان، ئەوانەی لەزێندی خۆیان هەڵکەندرابوونو لەشار گیرسابوونەوە. کەسو کاری شەهیدانو چەپەکانی ناوشار. ئەو جەماوەرە پێی ئەحەمولیان پێ نەبوو. پەلەیان بوو هەرچی تۆڵە لەکاربەدەستان بکەنەوە کە هەموویان لە دواپێگەدا (ئەمنە سوورەکە) مۆڵیان خواردبوو.

ئەو (٢٥) ئەدیبو هونەرمەندەیش بێ مەڵامەت دەستنیشان نەکرابوون. دیارە ئەمانە بەدرێژایی دەستەڵاتی بەعس لەهەمووان زێتر ڕاپۆرتیان لەسەر چووە. بەرهەماکانیشیان گیانی بەرخۆدانی بەجەماوەر داوە. لەبەر ڕۆشنایی ئاکارو بەرهەمو هەڵوێستی خۆیان بارمتە.. وەك لەنووسراوەکەدا هاتووە دوای (مشاوەرە لەگەڵ پارێزگار) ئەم نووسراوە دەرچووە. جێی سەرنجە هەندێك لەم بەرێزانە ئەوەندە ناسراو نین. هەیانە لەپەنجەکانی ئەم سەدەیەوە لەبەرهەم وەستاوە. یان هەیانە چەند بەرهەمێکی کەمی هەیە. کەچی لە لیستی بارمتەکاندایە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خۆ فرۆشەکان زۆر لێیان بەداخ بوون.

سەردەستەی ئەم (٢٥) بارمتەیە مامۆستای شاعیر احمد حسین بەرزنجییە. کە باوەڕناکەم بەدرێژایی تەمەنی ئازاری مرۆڤێکی دابێو ساڵانێکی زۆرە خانەنشینە. پیاوێکی فریشتە ئاسا، قسەخۆش سادەو بێ فیز. لەبنەماڵەیەکی نیشتمان پەروەری ئەم شارە. پاکێتیو سەری بەرزی وای لەپیاوەکان کردووە بۆ ژێر سایەی چەقۆی بەعسی ڕەوانە بکەن. یان بەساڵاچوویەکی وەك هونەرمەندی گەورە «کەریم کابان» دەبێ چ تاوانێکی ئەنجام دابێ؟.. سەیرە ئەوانە گوێ بە تەمەن نادەن دەنا کەریم کابان کەی هی ئەوەیە بەبارمتە بگیرێ؟

بارمتەکان بریتین لە (٤)شاعیر: محمد حسین بەرزنجی (٤ح ب)، حەسیب قەرەداغی، عبدالقادر سعید، جمال محمد اسماعیل.

(٧)چیرۆکنووس: جلال محمود علی، زاهیر سەوز، ڕەوف حسن، ڕەوف بێگەرد، محمد فريق حسن، عبدالله میدیا، شێرزاد حسن.

(٤) لێکۆڵەرەوە: عمر معروف بەرزنجی، فوئاد قەرەداغی، فوئاد مجيد میسری، ڕەوف عثمان.

(٦) کە بەکاری شانۆوە خەریکن: حکمت هیندی، ئەحمەد سالار، طه خليل، علي توانا، دانا علي، عیزەت احمد کریم.

(٤) هونەرمەندی مۆسیقاو گۆرانی: صلاح ڕەوف، خالد سەرکار، کەریم کابان، عثمان علی.

هەرچەنـــدە لای هەنـــدێ کەس واباســـە، کە ئەم ڕاپـــۆرتە دروستکراوی دەستی هەندێ کەسن و ئەو ئاگاداری دروستکردنی ئەو ڕاپۆرتەیە (بەتـایبەتی هەنـدێ پرسـیاری ئەو بابەتەیـان لەویـش کـردووە) کە لەلایەن جەنـد کەسـێکەوە دروسـتکراوە بۆشـاردنەوەی هەندێ ناوی سەر بەڕژێم، منیش ئەوساتەی کە لەسـەر ئەوبـابەتە دوا، پـێم ووت، گەر ئەزانـی دروسـتکراوەو کەسـەکان ئەناسـی بـۆ ناویان ناهێنی،بێ دەنگ بوو، هەرچەندە باسەکەی نێوان من و ئەو بە نوسـراوەیی لامـان هەیە، هەنـدێ کەسـیش وەڵام یـان دایەوە، بەلام ئەو هەر بێدەنگ بوو، تائێستاش تێ نەگەیشتم مەبەستی لەو وتانەی چێ بوو، ئەشێ ڕۆژێک بەداواکاری یاسایی ئەو باسەی پێ بدرکێنرێت،تا ناوی ئەو کەسانەی سەر بەڕژێم بەئاشکرا بڵێت .

هەر لەو ماوەیەدا دوو کۆنسێرتی گەورەمان کرد، گیانی شـادو ئـــارام (ئـــازاد خـــانەقینی) گـــۆرانی (شـــایی شـــەهید) ی وت، ئەو هـۆنراوەیە بـۆ ئەو شـەهیدانەی بەردەمـی قوتـابخـانەی ڕۆشـنبیری نوسیبوو، لە هۆڵی ڕۆشـنبیری نمایشکرا، لەنمایشـەکەدا چـواردێری هۆنراوەکە کۆتایی بەم چەندێرە هات:

**(لەوڕۆژەدا بەفر بوک بوو، چیا بووک بوو قەڵەم بووک بوو).**



منیش هاتە بیرم لەوڕۆژەدا من و دادە بەدیعەش لەوێ بوین بۆ بینینی ئەو کارەساتە بۆیە کۆتایی ئاوازەکەم بەم ڕستەیە هێنا:

**(لەوڕۆژەدا بەفر بوک بوو، چیا بووک بوو، قەڵەم بووک بوو)،**

**(ژێی کەمانچەکەشم بووک بوو).**

لە کۆتایی نمایشەکە دا کە هەرسێ بەڕێزان (مام جەلال و مەلا بەختیار و شێرکۆ بێکەس) لەوێ بوون، لەگەڵ هەمووجەماوەردا هەستانە سەرپێ و دەستخۆشیان لێ کردین بەڵام کاک شێرکۆ وتی سەڵاح گیان ئەو دێڕەی ئەخیر هۆنراوەی من نییە، کاک مەلابەختیار وتی بەڵام هۆنراوەکەی جوانتر کردوە، منیش بەپێکەنینەوە وتم ئەزیزم بێکەسی خۆشەویست من دەستکاری هۆنراوەی پیرەمێردم کردوە قسەی نەکردوە، ئەم وتەیەم تەنا بۆ شۆخی کردو (دوور بوو لە ڕاستی) هەموو دەستیان کرد بەپێکەنین، هەر لەوسەردەمەداو بەهەمان تیپ یەکەم گۆرانیم بۆ کوڕە دەنگ خۆشە کە (ئەژدەر وەهبی) تۆمارکرد بەناوی (هاواری منالانی هەڵەبجە) کەهۆنراوەی گیانی شاد (سوارە قەڵادزێی) بوو، لە یەکەم ساڵ یادی هەڵەبجەی شەهیدا نمایشمان کردو وبینەرێکی زۆری هەبوو.



لە ٣١ –١– ١٩٩٣ لەگەڵ کـــاک (عەبـــاس عەبـــدولرزاق) بڕیارماندا کە تیپی مۆسیقای تەلەفزیـۆن یەکەم یـادی پـانزەهەمین ساڵڕۆژی نەمـری شـەهیدی سـەرکردە (ئـارام) بۆچەنـد ڕۆژێـک مەراسـیمێکی هـونەری جـوان پێشـکەش بکەیـن، لەو یـادەدا چەنـد گۆرانی بێژێکـی بەتوانـا بەشداریان کـردو و سـەرجەمی ئەنـدامانی تیپـی مۆسـیقای تەلەفزیـۆنی گەلـی کوردسـتان بەشـداریان کـرد، نمایشـــەکە زۆر ســـەرکەوتوانە ئەنجـــام دراو ،لەلایەن تیمـــی تەلەفزێـــۆنی گەلـــی کوردســـتانەوە تۆمـــارکراو لەهەمـــان تەلەفزیۆنەوە پەخشکرا، خەڵکانی زۆر دەستخۆشکەریان کرد.

بەڵام بەداخەوە دووبارە بەهۆی چەند ئەڵقە لەگوێ یەکەوە ویســتیان ڕەوشــی تیــپەکە بەلاڕێــدا بەرن،هەوڵــدان بــوو بــۆ لێسەندنەوەی سەرپەرشتی کردنـی تیـپەکە لەمـن ، بەڵام هەر لەو هەمان کەسانەبوون کە مـن هەوڵـی بەرەو پێشـجونیانم ئەدا و وام بڕیار بوو کە ڕابەرایەتی تیپەکە بەوان بسپێرم.


یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
مەکتەبی سیاسی
ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتی ڤیستڤاڵ

| | |
|---|---|
| ١ـ نزار ستەفا چاوجـوان | بەڕێوبەری لیژنە |
| ٢ـ وەزیرە جەلال سەعید | جیگری بەڕیوەبەر |
| ٣ـ عبدالرزاق شریف ئابخشی | کارگیری لیژنە |
| ٤ـ یوسف محەمەد دەعوان | کارگیری لیژنە |
| ٥ـ ئازاد جەمال تاپەر | بەیکەرساز |
| ٦ـ جەبار نارس نوری | وینەکیش و خوشنوس |
| ٧ـ سەلاح رەووف | بەریوەبەری موسیقا |
| ٨ـ ریبوار نوری عەباس | شانۆ |
| ٩ـ جیا قادر | بیژەر |

(٦)



بـۆیە بە ئامـادەبوونی هەمویـان لەگەڵ کـاک عەبـاس عەبـدولڕزاق مـن دەسـتم لە سـەر پەرشـتیاری تیـپەکە کێشـایەوە مـوچەی ئەو مانگەشـم گەڕانەوە بۆیـان، هەرچەنـدە کـاک عەبـاس چـاوەڕێی ئەوەی نەئەکـرد، زۆر هەوڵـی دا کە ئەوکـارە نەکەم، بەڵام من بڕیاربوو و دابووم ولێ پاشگەز نەبوو مەوە.

هەرچـی ئـامێرە مۆسـیقایەکان کە بەپـارەی تەلەفزێـۆن کڕابوو هەمویانم لە ئەندامانی تیپەکە وەرگرتەوەو دامەوە دەستی بەڕێز کاک عەباس و بـۆم گەڕانـنەوە،بەڵام بەداخەوە هەوڵەکەیـان مـایەپوچ بـوو، بەهـۆی نەزانینـی خۆیـان و کارامـایی و بەئەمەکـی بەڕێـز کـاک (عەبـاس عەبـدولرەزاق ) کە بـۆی دەرکەوتبـوو کە بیروڕای هەندێ کەسی تێکدەری تیایە و کەسیش نەیتوانی سـەرپەر شتیان بکات پاش مانگێک و پاش ئەوەی دووبـارە داوای لێکـردمەوە کە بگەڕێمەوە، بۆ لایان بەڵام من ڕازی نەبـووم، بۆیەکـاک عەبـاس عەبدولرزاق  تیپەکە بەتەواوی هەڵوەشانەوە.

هەرلەوساتانەدا لەلایەن هونەرمەند (ئەحمەد دەنگ گەورە) وە کە کۆمپانیای (جوان) بۆ کاری هـونەری بەگشـتی و فیـلم سـازی بەتـایبەتی بنیـاد نـابوو، کە بـبمە هاوکاریـان لەو کۆمپانیـایەدا.



پـاش بیرکـردنەوەم لەبـابەتەکەو بە کـارێکی ڕەوام زانـی وهەوڵمدا کە هاوکاریـان بم ، بـۆیە لەگەڵیـان دەستم بە کـارکرد، بەڵام بەداخەوە ئەو کۆمپانیـایە مـاوەیەکی زۆری نەخایـان و وردە وردە بەرەو کۆتـایی چوو، پاش مـاوەیەکی کەم بەتەواوی کۆتـاییـان پێ هێنا.

هەر ئەو ساتانە گۆرانی بێژ (ناسری ڕەزازی) لە سلـەیمانی بـوو، لەگەڵ تیپـی مۆسـیقای مەولەوی، کە کـاک (کەمـاڵ حەمەسـاڵح) سـەرۆکی تیـپەکە بـوو، نیـازی بەشـداربونیان لە فیسـتڤاڵی هەڵـبجەدا هەبـوو، بەڕێـزی داوای لـێ کـردم لە و فیستڤاڵەی لە هەڵەبجە ئەکرێ، هاوکاریـان بم، بـۆیە منیش زۆر بەکـارامەیی هاوکاریـان بـوم و بینەرێکـی زۆر چـاوەڕوان نەکـراو ئامادەبوو فیستڤاڵەکە بەسەرکەوتویی ئەنجام درا.



لەنمایشێکی تردا لەهەمان فیستڤاڵ(ساڵ یادی هەڵەبجە) سەرپەرشتی تیپی مۆسیقای سلەیمانیم کرد و گۆرانی بێژی بە توانا گیانی شاد ( عوسمان عەلی) ئەڤینی کچێ چەند گۆرانیەکی نیشتمانیان چڕی، کە سەرکەوتوانە نمایش کرا.

لەتوێژینەوەیەکی زانستی هاوڕێی هونەرمەندم مامۆستا عادل محەمەد کەریم ئەم پرسیارانەی کرد:

١ – ئایا کاری هونەریت بۆ عوسمان عەلی کردووە ؟

بەڵێ چەند کارێکم بۆ کردووە.

ناوی کارەکان :

ا – هانا. هۆنراوەی : سەلاح محەمەد.

ب– خۆزگە ( کەی گوڵ ). هۆنراوەی : شێخ ڕەوف بەرزنجی.

ج– لوتەلایی .هۆنراوەی : حەسیب قەرەداخی.

د– هۆ هۆ برای مانگرم. هۆنراوەی : حەسیب قەرەداخی

لەگەڵ دوو ئاوازی تر لە ئەرشیفمدا نەماون.

٢ – کارت لەگەڵ کردووە ؟ بەڵێ .

کەی و لە کوێ ؟

لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٨ ، ئەوساتانەی دەستم کردبوو بە ژەنینی ئامێری کەمان و بۆ سەردانی هاوڕێ مۆسیقاژەنەکانم لە کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی ئاشنایەتیم لەگەڵ هونەرمەند عوسمان عەلی پەیدا کرد ،بەڵام لەسەرەتای بەشداریکردنم لە گەڵ تیپی مۆسیقای شۆڕش ساڵی ١٩٧٤ و باش ئەوەش لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلەیمانی تا ڕۆژی ماڵئاوایی کردنی کارم لەگەڵ کردووە.

٣ – کام لە گۆرانیەکانی ئەم هونەرمەندەت لاپەسەندە ؟

هەمووکارەکانی ڕەسەنن و موڵکی هونەری ساز و ئاوازی نەتەوەی کوردن.

٤ – ڕات چییە لەسەردەنگی هونەرمەند عوسمان عەلی :
دەنگێکی ڕەسەنی میللییە. تایبەتمەندی گەروی خۆی هەیەو توانیـویەتی بەگـوێگرتن لە گۆرانیەکـانی دەنـگەکەی بناسـرێتەوە، واتا زۆر زوو ئەتوانی بڵێی ئەوە دەنگی عوسمان عەلی یە.
٥ ـ ڕات چییە لەسەر کارە هونەریەکانی عوسمان عەلـــــی؟
کارەکـانی هـونەرین ، بەزوویـی جێگەیـان لەدڵـی بیسـەردا کردۆتەوە، منیش وەکو بیسەرێک زۆر زوو دەنگـی ئەو هونەرمەنـدە لەلام ئاشنا بوو و بەهۆی چێژی دەنگەکەیەوە بوومە هاوکاریشـی و پێکەوە  چەندکارێکی هونەریمان ئەنجامدا.
تێبینی :
ئەگەر ئەتەوێ زیـاتر بنوسیت لەسـەر هونەرمەنـد عوسـمان عەلـی ئازادیت .

توێژەر : عادل محەمەد کەریم



هەروەها لەو یادەدا خۆم تیپێکی مۆسیقام لەچەند خوێند کارو هاوڕێ مۆسیقازانەکانم پێکەوە نمایشی چەند گۆرانیە کمان لە ڤیستڤاڵێکی تردا لە ناوچەی ڕانیە کرد بۆ ساڵیادی (ی ن ک) لەوانە چەند گۆرانیەک بۆ گۆرانی بێژ (تارا ڕەسوڵ)
و چەند گۆرانی بێژێکی تر بە سەرکەوتوویی ئەنجام درا .



تارا ڕەسوڵ ١٩٩٢

دووبارە ئەڵێم:

وەکوماموستایەکی مۆسیقا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەردەوام بووم، لەکاری هونەری و هەمووساڵێک نمایشێکی هونەریمان ئەنجام ئەدا، هەروەها لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلەیمانی و جالاکی قوتابخانەکانیش، لەو سەردەمەدا واتا دوای ڕاپەڕین ، لەساڵی ١٩٩٣ کە وازم لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان هێنا، کاک (کاوەی ئەحمەد میرزا) و (جیهاد دڵپاک - گیانی شاد) هاتنەلام و داوایان کرد هاوکاریان بم لە کردنەوەی بەشی مۆسیقا لە کۆمپانیای کوردستان ( لەسەر جادەی سالم ((سەهۆڵەکە)).

منیش پێم خۆشبوو، بۆیە کردمیانە سەرپەرشتیاری بەشی مۆسیقا و ، ئامێری باشی تۆمارکردنمان کڕی و، دەستمان کرد بە تۆمارکردنی گۆرانی بۆ زۆر گۆرانی بێژان ، بۆیە منیش پێویستم بەهاوکار هەبوو بۆیە داوام کرد کە یەکێ لە فێرخوازەکانم (هێرش عومەر ڕەزا) ببێتە هاوکارم لەو کۆمپانیایە وبەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاش ڕازی بوون کارەکان زۆر بەجوانی ئەڕۆشتن بەڕێوە.

کاری زۆر ناوازەو سەرکەوتومان کرد، زۆر لەگۆرانی بێژان ڕویان تێ ئەکردین تا ئاوازیان بۆ دابنێین و بۆیان تۆمار بکەین، بۆژەنینی مۆسیقاکان هەردەم کەڵکم لە فێرخوازەکانی خۆم وەرئەگرت، هەموشیان بۆهەمو تۆمارکردنێک پارەیەکی باشیان لە کۆمپانیا وەر ئەگرت،

دێتە یادم گۆرانی بێژێکی کوردی بەناوبانگی کوردستان بەناوی (نازێ) لەگەڵ هاوسەرەکەی (نەورۆز بۆتان) هاتن بۆلامان و کاسێتێکی ناوازەمان بۆ تۆمارکرد، چەندین ئاوازی سەرکەوتوی تیابوو، خۆشم ئاوازی خۆشمم دایەو بەسەرکەوتوانە بێژای.



هەر لەوساتەدا گۆرانی بێژەکانی پارچەکانی کوردستان بۆنموونە (هێدی قادری) لە ڕۆژهەڵاتەوە هات و سێدیٚ یەکمان بۆ تۆمار کردو ئاوازی خۆشمم دایٚ بەسەرکەوتوانە بێژای.

سەرکەوتنی ئەم دەستگاو شوێنی سازکردنی مۆسیقا، ڕۆڵێکی باشی ئەبینی لە بەرەو پێش بردنی ڕۆڵی مۆسیقای شارەکەمان، بوبوە بەشێکی باشیش لە ئەرشیفکردنی مۆسیقای کوردی، بۆیە لای هەندیٚ کەس ئەو سەرکەوتنانە بوبوە چقڵێک بۆ چاوو مێشکیان، هەوڵیان بۆلەباربردنی لە برەودا بوو.

بۆیە بەهۆی هەندیٚ کەسی نازانم چیان ناو بنێم ، من و (هێرش) وازمان لەکارەکەمان لە کۆمپانیای کوردستان هێنا ، دوای ئێمە ئەو بەشەی کۆمپانیا تەنها مانگێک بڕی کردوو دوایی دایان خست.



لەهەمـان سـاڵ لەگەڵ هـاوڕێ و فێرخـوازم غەمگـین فەرەج (ئامۆژگـای سـلەیمانی) مـان بـۆ فێرکردنـی ئـامێرە مۆسـیقاییەکان کردەوە، بەسەرکەوتویی دوساڵ من بەردەوام بووم .

هەر لەوساتانەشـــا واتـــا ســـاڵی ١٩٩٥–١٩٩٦ مـــن هەر سـەرقاڵی ئـاواز دانـان و وتـنەوەی وانە مۆسـیقاییەکان وکەمـانچە ژەنین بووم لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان، بۆیە کارێکی کۆراڵی ترم کرد بەناوی (قەڵای دم دم) لە نوسینی هـاوڕێی نوسـەرو هـۆزان ڤـــانم (بەرزان هەســـتیار)، کـــارێکی زۆر نـــاوازەو جـــوان دەرچوو،تائێستاش لای خۆم جـوانترین کـاری هـونەری بـوو کە لە پەیمانگـــای هونەرەجوانەکـــان ئەنجاممـــان دا،لەســـەر شـــانۆی ڕۆشـنبیری تۆمارمـان کـرد ، لێـرەدا پێویسـتە بڵـێم کە ئەوکـارە هونەریـانەم ئەکـرد هەردەم بەدەنگـی بەشـدارەکان لە سـتۆدیۆکەی تیپـی مۆسـیقای سـلەیمانی بەدەنـگ تۆمـارم ئەکـرد، بەڵام لەدوای نمایشی ئەم کۆراڵە بەهـۆی شـەڕی نـاوخۆ وە فریـای تۆمـارکردنی دەنـگەکەی ئەم کـۆڕاڵە نەکەوتـم،هەر بە تۆمـاری ڤیـدیۆکەی لە ئەرشیفی بەشی مۆسیقای پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلەیمانی مایەوە لەگەڵ کۆراڵەکانی تردا، تائێستاش بەدویانا وێڵم..؟



هەرلەوسـەردەمانەدا هونەرمەنـدانی تیپـی شـانۆی سـالار، داوایان لێ کـردم کە مۆسـیقای شـانۆیی دادگایـان بـۆ دابنـێم.کە لـە نوسینی  کاک (فوئاد مەجید میسری) بوو ، دەرهێنـانی هونەرمەنـد (دانـا عەلـی سـەعید) بوو،ئاوازەکـانم بـۆ شـانۆ گەریەکە دانـا و کارەکە بە سەرکەو تووی  ئەنجام درا،



شــــەڕی ناوخۆ دەســــتی پێ کرد، ماڵمـان هەر گەڕەکـی بەختیـاری بـوو، سـەرلەبەیانی بـوو لەو گەڕەکەی ئـێمە تەقە لای بینای ئەشغالەکەوە دەستی پێکرد منیش چومە بەردەرگـا، سـەیرم کرد دوو ئەندامی سـەرکردایەتی یەکێتـی بەناوەکـانی کـاک (ئـازادی مەکتەبـی عەسـکەری وکــاک کەمــال شــاکر) بەرەو لای ڕۆژ هەڵات لەبەردەمی ماڵی ئێمەوە تـێ ئەپەڕیـن، منـیش بە هەردوکیـانم وت بڕۆن بۆ خوارەوە و لەوکۆڵانە بچکۆلەوە بـڕۆن، بـۆئەوەی گێـرمەو کێشە دروست نەبـێ، هەروام وتـو چـومە ژورەوە، کەچـی لە سـەر بینــای ئەشــغالەکەوە چەنــد قازیفەیەکیــان نــابە قــاتی دوومــی ماڵەکەمــان، لەگەڵ چەنــد فیشــەکێکی تەقەمەنیەکــانی تــر، لەبەر ئەوەی ئاگاداری هەڵسو کەوتەکانی من بوون، ئەوەی باش بوو مـن تەنها خۆم لە ماڵ بووم، خۆشم بەسەلامەتی لێی دەرچوم.

پاش ماوەیەک تیمی تەلەفزیۆنی گەلـی کوردسـتان هـاتن و وێــنەی ماڵەکەیــان بە ڤیــدیۆگرت،دوایی لەســەر داوای هەنــدێ لەهاوەڵانم لە دەستگایەک کە لەژێر ناوی (مافی مرۆڤ) هەواڵەکەم گەیاند و وتیان بەدواچونی بۆ ئەکەین،ئیتر تائێستا خەریکـی ئەو بەدوا چونەن.

لەبەر ئەوەی تێچـونی چــاک کــردنەکەی خــانوەکەم زۆر بوو،نەمتـوانی چـاکی بـکەمەوە، خـانوەکەم فرۆشـت، خـانویەکی بچکۆلە ترم لەگەڕەکی (بەختیاری) پێ کڕی.

ئیتــر هەر لە بیرکــردنەوەدا بــووم و هــات بەســەرما، کە دووبـارە بـڕۆمەوە دەرەوەی وڵات، هەرچەنـدە پەسـاپۆرتم نەبـوو، بەڵام هاوەڵێکی مۆسیقازانم پەساپۆرتەکەی خۆی دامێ.

هەر لەو ساتانەدا، برایەکـی خێـزانەکەم هـات بـۆلام وتــی ئەچم بۆدەرەوەی وڵات، وتـم چـۆن بـۆم باسکە، وتـی کەسێکە بە

(١٠٠٠) دۆلار بەڕێگەی قاچاغ تا تورکیامان ئەبا ،لەوێوە ئاسانە، منیش هەر بۆ بەیانی چووم بۆ پەیمانگاو ئەشمزانی کە کارە هونەریەکەی من لە پەیمانگا باش ئەڕوا و من هەبم یان نەبم هەر وەکو یەکە، چونکە ئەو چەند ساڵەی لەوێ کارم کرد ،کەمان ژەن و چەلۆ ژەن و کلارنێت ژەنی بەتوانا پەیمانگایان تەواو کرد،کەخۆم وانەی ئەو ئامێرانەم پێ ئەوتن، بۆیە داوای پشوی بێ موچەی ساڵێکم کرد، قبوڵیان کرد.

خۆشیەکە لەوەدایە کە من پێش ئەوەی بڕۆم مووچەی مانگانەی مامۆستایەتیمان چەند مانگێک بوو نەدرابوو، بەڵام پاش ڕۆشتنی من کە مووچە دان دەستی پێ کردبووەوە، هەر ئەوساتە لەسەر داوای خۆم بە پەیوەندی کردن لەگەڵ خانەوادەکەم، کوڕە گەورەکەم چوبو داوای ئەو پارەی چەند مانگەی لە بەڕێوەبەری پەیمانگا کردبوو کە مافی مانگانەی خۆم بوو ، بەڵام بەڕێوەبەری پەیمانگا وتبوی ئەو سەفەری کردوە مافی ئەو پارەیەی نییە.



بەڕێوەبەری ئەوسای پەیمانگا باسی چۆنیەتی سەفەرەکەی منی بۆ کوڕەکەم کردبوو، کە گوایا من بەهۆێ سەرکردەیەکی حیزبیەوە ،کە منی لەرێی تورکیاوە گەیاندۆتە هەندەران، بۆیە مافی موجەی ئەو جەند مانگەم نییە.

هەرچەندە ئەوە مافی ئەوان نییە ئاوا لەڕەوشی ژیانی من و خانەوادەکەم بگەن،من ئەو ماوەیە کارم کردوە و موچەکەشیم وەرنەگرتوە، بۆیە کەس بۆی نییە نەهێڵێ وەریگرم، بەڵام دوایش بۆیان دەرکەوت کە هەڵە تێی گەیشتوون و بە بیرکردنەوەیەکی چەواشەکارانە بەرامبەر بە من هەڵسو کەوتیان کردوە و گەیشتونەتە ئەو بڕوا نا یاساییە، بەلام ئەوەی کردیان بۆیان چوە سەر و من موچەی ئەو چەند مانگەم هەر وەر نەگرت.

هەرچەندە ئاساییە بڵێم کە بەهۆی هاوەڵێکی نزیکمەو کە بەڕێزی لە نوسینگەی یوئێن کاری ئەکرد ماوەی چەند مانگێک پێش سەفەرەکەم بۆ هەندەران، بەرێ کەوتین بۆ ماڵی خۆیان بۆ ناوچەی زاخۆ،لەڕێگە بردمی بۆماڵی سەرکردەیەک , لەوێ باسی ئەو سەفەرەی من کرد، بۆیە لای خۆیەوە ئەویش گفتی دا کە بۆ ئەو سەفەرەم بەتەواوی یارمەتیم بدا، هەرجەند پێم وت سوپاس من پەساپۆرتم نیەو هێشتا بیری تەواویشم لەو سەفەرە نەکردۆتەوە، بەڵام بەڕێزی وتی وێنەی خۆتمان بەرێ و پەساپۆرتت بۆ ئەکەین، ئیتر ئێمەیش گەڕاینەوە سلەیمانی.

پاشان بەهۆی بیرکردنەوەی خۆم و خانەوادە کەشم، بەتایبەتیش بەهۆی بەخشینی پەساپۆرتێک پێم لەلایەن هاوەڵێکی هونەرمەند مەوە، لە وەرگرتنی ئەو یارمەتیە پەشیمان بوومەوە و لەڕێگەی قاچاغی ئێرانەوە ئەو کۆچەم کرد.

بەڵام پرسیارەکەی من تائێستاش لەوەدایە کە موچەی ئەو چەند مانگەی من چی لێکراو کێ لە جیاتی من وەری گرت،چونکە لە دائیرەی پەروەردەش ئەویان سەپاند کە موچەکانی ئەو چەند مانگەم سەرف کراون، وەرگیراوە و نەگەڕێنراوەتەوە بۆ پەروەردە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش نازانین ئەوپارەی چەند مانگانەی من کە مافی ڕەوای خۆم بوو چی لێکرا.

دووبارە ئەڵێم:

ئەوەبوو پاش حەفتەیەک قاچاخچیەکە لەگەڵ برای خێزانەکەم هاتن بۆلام، سەیرم کرد ئەی ناسم، هەر زۆری پێ خۆش بوو کە لە گەڵیان ئەچم، پاش چەند ڕۆژێک بەرەو ئیران ڕێکەوتین و بەڵام ئەمجارە بەرەو (ئورمیە) پاشان (وان) لە تورکیا، ڕابەرەکە ڕێگا کە زۆر شارەزا بوو، بە چەند ڕۆژێک گەیشتینە ئەستەنبوول.

بالەبیرم نەچێ لەسەرەتادا یەکی ١٠٠ دۆلاری وەک و پێشەکی لێ وەرگرتبوون،هەرچەندە سەد دۆلارەکەی من ژن براکەم دابووی، کەگەیشتین هەموو باقی پارەکەیان دایە، منیش چووم باقیەکەی بەمێ وتی ماموستا ئەوە سەد دۆلارەکەت من چۆن تۆ بە پارە ئەگەیەنم، تۆ لە قوتابخانەی سەرەتایدا دەرست پێ وتوم، و بە تواناو بەهرەی تۆ زۆر دڵخۆش بووم، زۆر هەوڵم دا پارەکەی وەر نەگرتوو ڕەتی کردەوە،لەو شوێنەی کە لێ بووین، قاچاخ چییەک هات تا بمان گەیەنێتە ولاتی یۆنان، ئەم جارە بە ١٠٠٠ دۆلار تا (ئەثینا) پایتەختی یۆنان ، بەڵام لە یۆنان پارەکە بدەیین.

ئەمجارەش ڕۆشتین و بەرەو یۆنان لەڕێ شاری (ئەزمیر) لە ڕۆژئاوای تورکیا، بردینیان بۆناوچەیەک پێیان ئەوت (چێشمە) گەیشتینە قەراخی دەریا و سواری بەلەمێکیان کردین، چەند

دەقەیەک و بەلەمەکە بوو بە دووکەرتەوە، بەڵام باشیەکە لەوەدا بووکە زۆر دوور نەبووین و زۆربەشمان مەلەمان ئەزانی، خۆش بە ختانە بەهاوکاری یەک گەیشتینەوە قەراخی دەریا، من و چەند هاوەڵێکم سواری پاس بوون یەکسەر بۆ ئەستەنبووڵ، بۆ هەمان شوێن کەلێی بوین، ئەمجارە زۆر بەختەوەر بووم کەسێک هات بۆلامان، سەیرم کرد زۆر لەنزیکەوە ئەیناسم، (پێویست ناکات ناوی بەرم)، هاتبوو پێنج کەس لەگەڵ خۆی بەرێ بۆ یۆنان، بەڵام بە ئاوا نا، بەڵکو بەرێی پێ،سەرپەرشتیارە نوێکە کەهات بۆلامان بە سەر پەرشتیاری سەفەرەکەی پێشووی وت چوار کەسی ترم بۆ دەست نیشان کە، وتی لەبەر ئەوەی چونکە من ئەبێ پێنج کەس بەررم و کەسێکی خۆم لێرەیە ئەبێ ئەویش بەرم.

بۆیە کابرا چوار کەسی دەستنیشان کرد منی تیانەبووم ، وتیان بابڕۆین، سەرپەرشتیارە نوێ کە هاتو قۆڵی کرد بەقۆڵما وتی مامە فەرموو، ڕۆشتین بەپێ و بە سەیارەو بە نزیکەی شەش ڕۆژ گەیشتینە (ئەثینا) .


سەرەتای ئەو ساتانەی گەیشتمە ئەثینا

لەویَ مـن و بـرادەریَکم ژوریَکمـان گـرت بەکـریَ بەیەکەوە بویین، من چەند کۆنسێرتێکم لە شوێنگەی پەنابەرەکـان لە شـاری ئەثینـا کــرد، بــۆ مــاوەیەکیش وانەی فێربــونی ســازم بە سەرپەرشـتیاریَکی یـوئێن ئەوت، هەرجەنـدەماوەکە کەم بـوو بەلاَم فیری شتی باش بوو.

پــاش یەک دوومانــگ وتیــان بە ١٢٠٠ دۆلار تــا (ڕۆمــا) پــایتەختی (ئیتالیــا) ئەتــان گەیەنــن، منـیش مەجبـور بـوم کە بریاربـدەم، بەلاَم هـاوڕیَ یەکـم کە خـۆی ئەوکـارانەی ئەکرد،بـۆم باسکرد، وتـی مامۆسـتا مـن شـتیکت پـیَ ئەلـێم، گەر ئەوە بـکەی قازانج ئەکەیت.

وتـی تـۆ شـارەزایی وناسیاوی زۆرت هەیە ،ئەگەر بتـوانی پەساپۆرتێکی ئەوروپی پەیدا کەیت زۆر چاکە، چونکە ئیتر کـارەکە زۆر ئاسـان ئەبێـت، منـیش تەلەفۆنێکم بـۆ کەسـایەتیەکی خـزم و هاوڕێم کرد وتی بەسەر چاو.

ئەدرەسـی نوسـینگەی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتانم لە (ئەثینــا) دایە پــاش هەفــتەیەک، پەســاپۆرتەکەی خــۆی و ١٠٠٠ دۆلاریشی بۆنـاردم، لەگەڵ ئەو برادەرەم چووین بۆلای کەسێک کە ئەو کارانەی ئەکرد، بە شێوە یەکی زۆرچاک کـارەکەی بـۆ ئەنجـام دام، کە باسـی پارەمـان لەگەڵ کـرد ئەویـش هەمـان وتەی لەگەڵ بەکار هێنام،وتی مامۆستا چۆن پارە لەتۆ وەرئەگرم.

هەستم کرد لە هەموو کایەکانـدا، سـەرکەوتو بـووم ، بـۆم دەرکەوت کە ڕێـزی هـونەر زۆر لە پێشــە، بـۆیە بە باشـی بـۆم گــوزەرا، وردە وردە بەردەوام بــووم تــا بەڕێگەیەکــی زۆر نهێنــی بەماوەیەک، گەیشتمە ولاتی هۆڵەنـدا، لە شـارێک خـۆم ڕادەسـتی پۆلیس کردو ناردمیان بۆ کەمپی پەنـابەران، حەفـتەیەک لە شـاری

ئەنیشقەدەو پاشان بۆ کەمپی پەنابەرانی شاری (دێنهاخ) لە ڕۆژئاوای ناوەڕاستی هۆڵەندا, کەمپێکی زۆر گەورەبوو، هەر زوو زانیان من مۆسیقا ژەنم داوایان لێ کردم کە ڕۆژێک مۆسیقایان بۆ دانیشتوانیی کەمپەکە بژەنم، ئەوەبوو هاوڕێ ئەزیزم کاک (نامدار قەرەداخی) کەمانچەیەکی بۆ هێنام، ئەو دەمێک بوو لە هۆڵەندابوو، منیش چەند جارێک لە هۆڵە گەورەکەی کەمپەکەدا مۆسیقام بۆ ژەندن، پاش ئەوە ناردمیانە کەمپێکی تر لە شارۆچکەی (هوڤن)، لەوێش چەند ئاهەنگێکی مۆسیقام بۆ پەنابەرانی کەمپەکە گێرا، بەرپرسی کەمپەکە بانگی کردم و زۆر پرسیاری لێکردم،منیش هەموویم وەڵام دایەوە.

پاش چەند ڕۆژێک هونەرمەندێکی شانۆیی لەشاری (دینهاخ) وە هات بۆلام و ڕای پرسیم کە پێی خۆشە هاوکاری بم بۆ مۆسیقای شانۆییک بۆ فیستڤاڵێکی گەورەی وڵاتی هۆڵەندا کە هەر چوار ساڵ جارێک ئەگێڕا، منیش ڕازی بووم وتی هەفتەی داهاتوو دێم بەدواتا، هەر لەو ساتانەشدا هەردوو هاوڕێم کاک (ئەلبێرت عیسی و نامدار قەرەداخی) سەردانیان کردم.



هێشـــتا کەمـــانچەکەی کـــاک (نامـــدار) م لابـــوو، بـــۆیە بەکەمانچەکەوە لەگەڵ دەرهێنەرەکە گەشتمان کرد بۆ ئەوشارەی کە ئێستا لێی نیشتە جێم، ڕۆژێکی زۆر خۆش بوو، زۆرکەسم ناسی، فیستڤاڵێکی زۆر ناوازە بوو، شانۆگەریەکە پێشکەش کراو منیش مۆســیقام ئەژەن، دوای ئەوە گەڕایـــنەوە و منیـــان بـــردەوە بـــۆ شارۆچکەی (هوڤن) پاش چەند ڕۆژێک سەرپەرشتیاری کەمپەکە بانگی کردم وتی :

بڕیاردراوە کە لیژنەیەکی لێ پرسینەوە لە وەرگرتنی مافی پەنابەران سەیری کەیسەکەی تۆ بکەنەوە،گەر لەو لێپرسینەودا دەرنەچی ئاسایيە بتگێڕنەوە وڵاتەکەی خۆت، ئەم هەواڵە ناخی هەژاندم ، چەند هاوەڵێکم لێ ئاگادارکردەوە، هەمویان هاوکارم بوون بەتایبەتی کاک (نەورۆز بۆتانی)،بەڵێنی هاوکاری کردنی تەواویان پێدام، ڕۆژی لێپرسینەوەکە کاتژمێر ١١ بەیانی بوو گەیشتمە شاری (دەنهاخ) سەیرم کرد پارێزەرەکەی خۆم لەبەردەرگا چاوەڕێمە، بابەتەکەی بۆ باسکردم کە گوایا کەسانێک ڕایان گەیاندووە کە من (سەلاح ڕەف) نیم و بەناوی ئەوەوە خۆم ناساندووە،لە بەردەرگا چەند کەسانێک وەستابوون ، پارێزەرەکەم لێی پرسیم ڕازیت ئەو خوێندکارە پارێزەرانە بێنە ژورەوە لەگەڵمان، منیش وتم خۆت ئەیزانی، وتی نا ئەوە تەنها مافی تۆیە، ئەبێ تۆ ڕێ بدەیت، منیش وتم زۆر ئاسایيە با بێن.

چوینە ژورەوە ، داد وەرو دووکەسی تریش دانیشتبوون پارێزەرەکەی منیش چوە لای ئەوان دانیشت، منیش بەرامبەریان دانیشتم،پاش ماوەیەکی کورت دادوەرەکە وتی: ببورە ئەمڕۆ زۆر هەوڵمان دا وەرگێڕەرێکی زمانی کوردی پەیدا بکەین بەداخەوە نەمان توانی، بۆیە وەرگێڕێکی عەرەب مان هێناوە، منیش بە

پـاریزەرە کەمـم وت ئاسـاییە ، بـۆیە داد وەرەکە دەسـتی کـرد بە لێدوان لەسەر بـابەتەکەی مـن، و پـاش تـۆزێ دەسـتی بۆکەسێک ڕاکێشا وتی بۆی وەرگێڕە، ئەویش هەستایە سەرپێ، وتـی ببـورن من ناتوانم وەرگێڕانی بۆ بکەم چونکە ئەوە مامۆستای من بـووەو و لەئاسـتی باوکمـدایە، بەنـاوو شێوەشـی ئەی ناسـم، ئـامێری مۆسـیقایی فێرکـردووم، یەکسـەر ڕوی کردەخـۆم و بە جـوانی بـابەتەکەی بـۆ باسکردم، کە لەکوێ بەیەکەوە کـاری مۆسـیقامان کردووە، دیار بوو ئەو عەرەب زمان بوو بەڵام لەزانکۆی سلەیمانی خوێندکار بوو، ئەوساتانەی کە مـن هـاتوچۆی مەڵبەنـدی چـالاکی هونەری زانکۆم ئەکرد ئەویش وەکو ئـامێر ژەنێـک ڕۆژانە سـەردانی ئەو مەڵبەندەی ئەکرد.

داد وەرەکە وتی کەواتە ئەی ناسی.... یەکسەر وتـی بەڵـێ ئەو مامۆسـتام بـووە و مۆسـیقای فێرکـردووم ،بـۆیە یەکسـەر دادوەرەکە وتـی زۆر سـوپاس و ڕوی کـردە پـارێزەرەکەم وتـی کـارە پێویسـتەکانی بـۆجێ بە جـێ بـکەن، دوایـی بـۆم دەرکەوت هەر لە کەمپەکەی کە خۆمی لێ بووم، شکاتم لێکراوە کە گوایـا مـن سـەڵاح ڕەوف نـیم و بەنـاوی ئەوەوە هـاتومەتە هۆڵەنـدا، بـۆیە ئەم لێپرسینەویەم لەگەڵ کراوە بۆڕۆنبوونەوەی ڕاستیەکان.

پـاش دووڕۆژ گەڕامەوە کەمـپەکەی خـۆم لە نزیـک شـاری هوڤن، سەرپەرشتیاری کەمپەکە پێی وتم، پێت خۆشە بگـوێزرێتەوە بۆ شـاری (ئەپڵ دۆرن)، وتـم ئەو شـارەی کە مـاوەیەک لەمەوبەر لەوێ بووم،کۆنسێرتەکەمان کـرد، وتـی ئـا، منـیش یەکسـەر وتـم زۆرم پیخۆشـە، بـۆیە پـاش کەمێـک نوسـراوێکی بـۆکردم و پـارەی ڕێگاکەیـان دامـێ و نـاوی ئەو شـوێنەیان پـی وتـم کە ئەبـێ بچـم،

گەیشــتمە شــاری ئەپڵــدۆرن و لەســەرەتادا لەکەمــپ بــووم پــاش ماوەیەکی کەم بە (٣) کەس خانوو یەکمان وەرگرت.

پاش مانگێکی تر و بەهۆی (بڕیارێکی دادگای هۆڵەنـدی، کە بەرپەرچـی هەنـدێ کەسـی نەیـاری منیـان دایەوە) مـافی پەنـابەری سیاسیم وەرگـرت و بەتەنهـا ئەو خـانوەی کە ئێسـتا تیایـام وەرم گرت، زۆر زو گەیشتمە کارکردن لە بواری مۆسیقادا.

هەر ئەو ساتانە لە لایەن تیمـی تەلەفزیـۆنی مـاد تێڤـی کە پـێگەیە کیان لە شاری (دوسلدۆرف) ی ئەڵمـانی هەبـوو بـانگکرام و، داوای ئەوەیان لیکردم کە تیپێکی مۆسیقا دروست بکەم بۆ (مـاد تـێ ڤـێ)، منــیش ڕازی بــووم و چەنــد هــاوڕێیەک و خوێنــدکارێکی خــۆمم بانگهێشت کرد بـو دروسـتکردنی ئەوتیـپە، دروسـتمان کـرد و وردە وردە خەریکی مۆسیقا بوین لە بارگە سـەرەکیەکەی مـاد تـێ ڤـێ لە لە نزیــک شــاری برۆکســل، هەنــدێ لە فێــر خوازەکــانی کــاتی پەیمانگاشی تیابوو، کاری باش و بەپێزکرا.

ڕۆژێک کەلەشارەکەی خۆم بووم، پارێزەرەکەم تەلەفۆنێکی بۆکردم کە بچـم بـۆ لای ، منـیش یەکسـەر کـاتەکەو شـوێنەکەم لـێ وەرگرت و چووم بۆلای، وەکوو مژدە پێی وتم کە میـری ڕازی بـووە ماڵ و منداڵە کەم بێـنە هۆڵەنـدا،زۆر دڵخـۆش بـووم، پـاش ئەوەی لەهەوڵـی هێنـانی مـاڵ و منـداڵەکانما بـوم لەناسیاوێکم پرسـی لە کوێ وە بیان هێنم باشترە، وتی لە ڕێگەی سوریاوە زۆرچاکە، مـن خێزانەکەم لەوێ وە هێنا بەڵام لە سەر سنوور ئەبێ بۆهاتنی ئەوان پارە بـدەیت، منـیش وتـم ئاسـاییەو، دوبـارە وتـی ئەبـێ وەرەقەی پــارتێکی کوردستانیشـت پـێ بێـت ئەوسـا ئەهـێڵن ئەوان بێـنە نـاو سنوری سـوریاوە،خۆم هەوڵـم دا، بەڵام لە بەر ئەوەی نـوێ بـووم شوێنی ئەوپارتە سیاسیانەم نەئەزانی،پەیوەندی سیاسیشم لە گەڵ

هیچیاندا نەبوو، بەلام کچەکەم کە لە بەریتانیا ئەژیا پێی وتم باوکە وەرەقەی کوێت کردووە بۆیان، وتم نەم کردوە بڕوات هەبێ نازانم لەکوێ ئەو نوسراوەم دەستکەوێت ، وتی دەوازبێنە من لێرەوە بۆت ئەکەم، پاش چەند ڕۆژێک بەدەستم گەیشت، سەفەرم کرد بۆ سوریاو (دیمەشق) لەوێ وە بەرەو سنوری عێراق سوریا، ئەبوایە لەو پرسگەیە ئەو کاغەزەی پێمە داینێم و سەرەبگرم، من نزیکەی سەعات ١١ نیوەڕۆ بوو گەیشتمە ئەو شوێنە، نوسراوەکەم داناو چاوەڕێ سەرەم ئەکرد، بەهەموو بیروباوەڕێک ئەبوایە دوای چوار پێنج کەس سەرەی من بهاتایە، بەڵام زۆر دواکەوتم و کەسی لێ نەما، پاشان کەسێکی تۆزێ بەخۆ هاتە دەرەوە و وتی مامۆستا فەرموو، منیش وتم بەڵام من زۆر لەپێش هەندێ کەسی ترەوە بووم، وتی ئاخر من خۆم ویستم وابێ، بۆئەوەی نانی ئەم نیوەڕۆیە بەیەکەوە بخۆیین، منیش وتم زۆر سوپاس من نانم خواردوە، وتی تۆ وەرە ژورەوە، چەند پرسیارێکم هەیە، چومە ژورەوە و لەگەڵی دانیشتم، وتم فەرموو، وتی ئێمە هەموو ئەت ناسین، چۆنە وا بە نوسراوی حیزبێکی (ئیسلامی) وە هاتویت بڕوام نییە ئێمە بۆمان نەکردیتایە، منیش وتم ببورە هەوڵم دا بەڵام شوێن وجێگای ئێوەو پارتەکانی تریشم نەئەزانی و ئەم نوسراوە یان لە وڵاتی بەریتانیاوە بۆکردووم، دوبارە بەخێرهاتنی کردم، منیش ویستم لێی بپرسم، ئەو پارەیەی ئەبێ بیدەم بۆ هاتنە ژورەوەی خێزانە کەم، چەندەو ئەبێ لە کوێ بیدەم، یەکسەر ڕوی تیکردم وتی ئێمە پارە لەتۆ وەرناگرین، ژمارەو ناوی ئەو کەسانەی خێزانە کەتمان بۆ بنوسە، کە ئەچی بیان هێنێ، منیش ناوی هەمویانم نوسی، هەر بەسەیارەی خۆیان منیان گەیاندە ئەوبەری ڕوباری خاپوور، منیش هەر ئەو ڕۆژە سەفەرم کرد بۆ

سلەیمانی، ڕێگەیەکی تایبەت هەبوو، شارەکانی موسڵ و ئەو شارانەی تری سەر بە ڕژێمی عێراقی تیانەبوو، گەیشتمە سلەیمانی و پاش دوساڵی هەندەران، پێیان شادمان بوومەوە، زۆر بەخێرایی کەوتینە خۆمان بۆ سەفەر کردن،پاش هەفتەیەک سەفەرمان کرد، کوڕە گەورەکەشم کە تەمەنی ٢٢ ساڵ بوو نەمتوانی لەگەڵ ئەوانی تردا داخوازی سەفەری ئەویش بکەم ، بەڵام بەهۆی پارێزەرە کەمەوە لای نەتەوە یەکگرتوەکان لەسوریا وەکو پەنابەر وەرگیرا، خێزانەکەم و دوومندالم لەماوەیەکی کورتدا گەێنرانە هۆڵەنداو پاش ماوەیەکی کەم هەر دەوڵەتی هۆڵەندا بەهۆی پارێزەرەکەمەوە قبوڵی کرد کە داوا لە نەتەوە یەکگرتوەکان بکات تا ئەویش بێتە پەنابەر لە هۆڵەندا، بۆیە ئەویش لەماوەیەکی زۆر کورتدا، گەیشتە هۆڵەندا.

دوبارە بەردەوام بووم لەکارە هونەریەکانم، ڕۆژێک ئەو بابەتەی سوریام بۆ خوێندکارێکی خۆم گێڕایەوە، زۆری پێخۆش بوو کە ئاوا ڕێزی منیان گرتووە، ئەویش زۆر بەدڵپاکانە بۆ برادەرانی نزیکی خۆی گێڕابوەوە کەلەماد تیڤی کاریان ئەکرد لەگەڵ خۆم، بەهۆی ئەو گێڕانەوەیەوە کە گەیشتبوە دەمی کاربەدەستانی ((ماد تی ڤی)) کارەساتێکی تر ڕویدا ( پێم خۆش نییە بەنوسین باسی کەم) .

چونکە لەوساتانەدا شەڕێک لەنێوان (پ د ک) و (پ ک ک) دا سەری هەڵدابوو، ئەو چونەوەی منیان بۆ کوردستانی باشور بەجۆرێکی سیاسیانە وەر گێڕابوو،کە من سەر بەولایەنە سیاسیەم کە دژی ئەوانە، بەداخەوە هەر ئەو جۆرە کەسانە بوو کە چەندین جار من فریاد ڕەسیان بووم.

ئەوەشم لەبیر نەچێ ئەوساتەی کە ڕابەرایەتی ئەوتیپە مۆسیقاییەم ئەکرد، لە ساتی کۆنسێرییێکدا، لەناو هۆڵی نمایشەکەدا، هونەرمەندی گۆرانی بێژ (ناسری ڕەزازی) پێی وتم کە فڵانە کەس (.) گوایا من لەساتی کەمان ژەنیندا پەنجەی (سی جارەکە دەنگیەکەم) نزم داناوە، چونکە بۆ سوک کردنی من هیچی لەوە زیاتری دەست نەکەوتبوو، دوای دەرکەوت بەداخەوە هەر هەمان کەس (قوتابی خۆم بوو) چونکە ئەوە ناهێنێ ناوی بەرم بەداخەوە، وەکو عەرەب ئەڵێ ( اتق الشر من احسنت الیە) ئەم ڕوداوانەش تەنها لەسەر ئەوەبوو کەڕابەری ئەوساتانەی تەلەفزیۆن و ئەودەستگایە، پارەیەکی زیاتریان ئەدا بەمن.

بۆیە دوای ئەو دەنگ وباسە و بەهۆی ڕەفتاری ئەو ئەڵقە لە گوێ یانەوە بەتەواوی نەگەڕامەوە ماد تێڤێ، پاش ماوەیەکی کەم ئەو تیپەش هەڵ وە شایەوە.



دووباره لە شارەکەی خۆم لە سەرکاری مۆسیقا بەردەوام بووم چونکە هەرلەسەرەتای چونم بۆ ئەوشارەی خۆم پەیوەندی هونەریم لەگەڵ (میودانتا) واتا (میوزیک،دانس، تیاتر)، پەیداکرد و هەفتەی چەند جارێک کاری هونەریم لەگەڵ ئەکردن.

هەروەها هەر لەوساتەوە پەیوەندیم لەگەڵ ئۆرکسترای سیمفۆنی ئەپڵدۆرن پەیدا کردوو هاوکاریان بووم و هەفتانە پرۆڤەمان ئەکرد بۆکۆنسێرتە وەرزیەکان، لەگەڵ ئەوەشدا هەرخەریکی کاری مۆسیقا بووم هەروەکو خولیای هەمیشەییم.

لەزۆربەی کردنەوی پێشانگا هونەریەکانی شارەکەم بەشداریم ئەکرد بە ژەنینی چەند پارچە مۆسیقایەکی کوردی و بیانیش بۆزیاتر ئاشناکردنی خەڵکی بەمۆرکی مۆسیقای کوردی و بگرە زۆر جار مشت و مڕی زۆر لەسەر جۆری ژەنین جۆری ئەوئاوازانە ئەهاتنە گۆڕ لەبەر ئەوەی ئەوان بە مۆرکی ڕەسەنی مۆسیقای کوردی ئاشنا نەبوون.

دووباره لەبوارەکەی خۆمدا بەردەوام بووم لەسەر زیاتر بەرفراوان کردنی کارە هونەریەکانم و زۆر خۆم سەرقاڵ کردبوو بە بواری مۆسیقای نەتەوەکەم، هەرچی هۆنراوەیەکی جوانم دەستکەوتایە گەر زمانی ئاوازی باش بوایە هەوڵم لەگەڵ ئەدا،بۆیە کاری زۆر جوان و پڕمانام کردە ئاواز، لەگەڵ ئەوەشدا لە لەبواری تیۆری مۆسیقادا خۆم زۆر سەرقاڵکرد.

لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن دەستەی بەڕیوە بەرایەتی زانکۆی کۆیەوە داوام لێکرا کە ئاواز بۆ سرودی زانکۆی کۆیە دابنێم,

لێرەدا نابێ لە بیرم بچی کە ڕۆڵی سەرەکی بەڕێز دکتۆر (مارف عومەر گوڵ) بوو کە ئەو هۆنراوەی دکتۆر(عەباس ساڵح) بکەمە ئاواز بۆ سرودی زانکۆی کۆیە، بەشێوەیەکی هەستیارانە لەگەڵ ووشەکانی هۆنراوەکەدا ئاوازەکەم داناو بە دابەشکردنێکی سروود ئاسا ،بەسەرکەوتویی بەئەنجام گەیەنرا، خۆشم لە نمایشی یەکەمی ئەو ئاوازەدا بەشدار بووم مۆسیقاژەنە بلیمەتەکانی (تیپی باواجی کۆیە) بەشدار بوون، یەکەم ئاهەنگی خولی یەکەمی دەرچوانی زانکۆی کۆیە .



رێبەری دەرچووانی زانکۆی کۆیە

بەپشتیوانی و هاوکاری ڕاستەوخۆی هەڤاڵی تێکۆشەر بەڕێز (مام جەلال) زانکۆی کۆیەش دامەزراو مژدەی شەفەقێکی نوێی بەخەڵکی کوردستان دا،لە (٢٠٠٣/١٠/١١) بەئامادەبوونی بەڕێز مام جەلال و سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان و کەسایەت و ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران و مامۆستایان و هاووڵاتیانی کوردستان بەردی بناغەی زانکۆی کۆیە لە بناری هەیبەت سوڵتان دانرا،

لەکۆتایی ساڵی خوێندنی ٢٠٠٣- ٢٠٠٤ یەکەم پۆلی پێشمەرگەی زانست لەکۆلێجی پەروەردەی زانکۆی کۆیە دەرچوون تا مۆم و مەشخەڵی زانست بۆ خوێندکارانی ناوەندی و دواناوەندی هەڵکەن، بۆ یەکەم جاریش لە ٢٠٠٦/٧/٢٠ یەکەمین ئاهەنگی خوولی دەرچووانی خۆی ساز کرد لەژێر دروشمی (لەناخی مێژووی کۆیەو ئێستایدا، لەنێوان کەکۆن و هەیبە سوڵتاندا، دەنگی زانست لەهەرێمی کوردستان بەرزدەبێتەوە).



له هۆڵەندا که لەگەڵ ئۆرکسترای ئەپڵ دۆرن کارم ئەکرد، زۆر شادمان بووم که کەسایەتیەکی وەکو (هانس) ی ڕابەری ئۆرکێستەکەم ناسی ، کەسایەتیەکی زۆر زیرەک بوو بەتایبەتی له بواری مێژووی هونەری مۆسیقاداو تیۆرەکانی مۆسیقا.

جگەلەوەی که ڕابەرێکی، تابلێی بەتوانابوو، زانستی فراوانی دەربارەی مۆسیقای گەلان هەبوو، زۆر جار که باسی مۆسیقامان ئەکرد زۆر به زانستی باسی مۆسیقای خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی بۆ ئەکردم.

ئەمویست بچمه بنجو بناوانی ئەو گۆڕانکاریه گەورەیەیکه له سەردەمی کۆتایی سەدەی شازدەهەمدا ڕویدا که بریتی بوو له وەرچەرخانێکی گەوره بەسەر پەیژه مۆسیقایەکانی (سیستمی کەنیسه) واتا ئەو سیستمەی که له سەردەمی سەدەی دەهەم به دەستی (فالکۆب) ی بەلچیکی و (جیدۆئەریتزۆ) ی ئیتالی بنیات نرا.



لەوسەردەمەوە کاری نۆتە نوسین لەسەر ئەو سیستەمە ئەنوسرا، بەڵام بەداخەوە مۆسیقا لەسەر ئەو سیستەمە جگە لەشکست خواردن هیچی تری بەخۆیەوە نەبینی، بەڵام لەکۆتایی سەدەی شازدەهەمدا (جان فیلیپ ڕامۆ)ی فەرەنسی هەستا بە بنیات نانی سیستمێکی زۆر ناوازە بۆ مۆسیقا، بەناوی (سیستەمی تێکڕایی- (سلم المعدل) (پەیژەی دیاتۆنیک – Diatonic scale) بۆیە پاش دەرکەوتنی ئەو سیستمە لەلایەن (جان فیلپ ڕامۆ) وە کەنیسە هەستا بە پەلاماردانی و بۆ ئەوەی نەهێڵن ئەو سیستمە نوێ یە بڵاو بکاتەوە،بۆیە ئەوەیش هەڵات و ڕوی کردە شوێنی نیشتە جێی مۆسیقا زانی هاوڕێی (جان باتیست لولی) لەوێ ژیا دوای ماوەی ٢٠ ساڵ مرد، بەڵام (یۆهان سەبستیان باخ) هات و ئەو بنەما زانستیەی بەناوی خۆیەوە بڵاکردەوە کە پێ یان ئەوت پێگەکانی پەیژەی دیاتۆنیک (السلم المعدل) وپاش بڵاو بونەوەی ئەو زانیاریانە مۆسیقا زۆر نەش و نمای کردو دەیان فۆرمی مۆسیقای وەک سیمفۆنی و کۆنسێرتۆ وسۆناتاو ئەکاپێلاو چەندین فۆرمی بەپێزی مۆسیقای تر هاتنە ئاراوە,هەرچەندە ئەبێ ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە لەسەر بابەتی پەیژەکانی مۆسیقا و سەردەمی گۆڕانکاریەکان تیایدا، دەیان دەنگو باس هەیە، کە ناشێ هەمویان باس بکەم، بەداخەوە تەنها سەد ساڵێکە دەرکەوتوە کە ئەو سیستەمەی یۆهان سەبستیان باخ بەناوی خۆیەوە بڵاوی کردۆتەوە، هەمان سیستمی (جان فیلیپ ڕامۆ) ی فەرەنسیە.

ئەو سیستەمەی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکار ئەبرێت هەمان سیستمی کەنیسە یە، کە لە سەدەی حەڤدە هەمدا لەلایەن (جان فیلیپ ڕامۆ) وە پوچەڵکرایەوە،بەڵام بەداخەوە هەمان سیستمی (مۆسیقای کەنیسە)، لەڕێی زەریاب و فارابیەوە

گویزرانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بگرە زۆر بەچەواشەکاریەوە نمایش کرا،بۆیە دەستم کرد بە پشکنین لەسەر ئەو بابەتە.

ناو و جۆرەکانی پەیژەکانی مۆسیقای کەنیسە :

De naam van de kerktoonaard wordt bepaald door de opeenvolging van de hele en de halve tonen in de toonladder:

- Ionisch: 1–1–1/2–1–1–1–1/2
- Dorisch: 1–1/2–1–1–1–1/2–1
- Frygisch: 1/2–1–1–1–1/2–1–1
- Lydisch: 1–1–1–1/2–1–1–1/2
- Mixolydisch: 1–1–1/2–1–1–1/2–1
- Aeolisch: 1–1/2–1–1–1/2–1–1
- Locrisch: 1/2–1–1–1/2–1–1–1

Op een piano is het makkelijk om zulke modi te vinden. Gebruik alleen de witte toetsen.

- Ionisch: begin (tonica) op **C**
- Dorisch: begin op **D**
- Frygisch: begin op **E**
- Lydisch: begin op **F**
- Mixolydisch: begin op **G**
- Aeolisch: begin op **A**
- Locrisch: begin op **B**

De toonladders kunnen ook getransponeerd worden. De begintoon verandert, maar de intervallen blijven hetzelfde.

Zo kunnen we bijvoorbeeld de toonladder van D dorisch transponeren: de toonladder van D dorisch is

**D–E–F–G–A–B–C–D** ofwel met intervallen *heel–half–heel–heel–heel–half–heel*. Getransponeerd naar C wordt dat:

**C–D–Es–F–G–A–Bes–C** Zo krijgen we C dorisch.



لەسەرەتادا نموونەی ئەو نوسراوانەی زەریاب و فارابیم دەست کەوت کە ئەڵێن ئێمەی ڕۆژهەڵاتی زیاتر لە ١٤٠٠ مەقامی مۆسیقای مان هەیە، من لیرەدا گرێ یەکم لادروست بوو، ئایا ئەوانە وشەی مەقام بۆ چی بەکار ئەهێنن، لای ئەوان مەقام (فۆرم–قاڵب) ی مۆسیقایە یان پەیژەی مۆسیقا.....؟ ئای کە ستەمە.

منیش ئەڵیم ئایا ووشەی (مەقام) یان بەکار ئەهێنا بۆ :

پەیژەی مۆسیقا، یان فۆرمی مۆسیقا، کە بەداخەوە مەبەستەکەیان تا ئێستاش ڕوون نییە.

هەرچەندە ئاشکرایە کە وشەی (مەقام–Mugham) عەرەبی نییە و وشەیەکی ئازربایجانیە و بەمانای ئاوازێکی ڕیتم سەربەست دێت، خاوەنی ڕابەری پەیژەمۆسیقای خۆیەتی، بەڵام بەداخەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکوو وشەیەکی (عەرەبی) کاری پێ ئەکرێ.

من لە زمانی ئەو نوسینانەی ئەوانەوە وای تێ گەیشتم کە فەرق ناکات بۆچی بەکاری دێنی، لەبەر ئەوەی وەکو باسی لێ ئەکەن کە واتای (مەقام و پەیژە هەر یەک شتن)، بۆیە من سوور بووم زیاتر لەسەر لێکۆڵینەوەکەم.

ئەوەی من تێ گەیشتبم زمانی سازو ئاواز پێکدێت لە دوو بنەمای سەرەکی، کە بریتین لە:

١–بەستە واتا ئاوازێکی خاوەن ڕیتم و پەیژە مۆسیقایی تایبەتی خۆی، وەکو هەموو ئاوازە ڕیتمیەکانی فۆلکلۆری کوردی.

٢–مەقام واتا ئاوازێکی ریتم سەربەست( بێ ریتم) خاوەن پەیژە مۆسیقای تایبەتی خۆیەتی ، وەکو هەر پارەچە ئاوازێکی وەکو ( قەتار و خاوکەرو ئەڵا وەیسی خورشیدی لاوک و حەیران وئای ئای...هتد)، لای خۆمان، پاش ئەوە گەڕانێکی زۆرم کرد لە

وڵاتانی میسرو لوبنـان و سوریا و زۆرشوێنی تـریش، کە هەنـدێ پەرتوکی گرنگم لەوبارەیەوە دەستکەوت لەوانە :

جــگە لە نوســراوەکانی زەریــاب و فــارابی ئەم کتێــب و نوسراوانەم دەستکەوت:

١-الموسیقی النظریة نوسینی: سلیم الحلو.

٢-نظریات الموسیقی: نوسینی عبدالرحمن الچبقچی

هەروەهــا چەنــد کتێبێکــی تــریش، بەڵام ئەم دوو کتێــبە بەتایبەتی لەهەموو کتێب و نوسراوەکانی تـر ئامـانچەکەی منیـان ئەپێکا.

١-کتێبی یەکەم :

الموسیقی النظریـة، (سلیم الحلـو) بەتەواوی لەسـەر ئەوە ئەدوێ کە عەرەب بەتــایبەتی نــزیکەی ٤٠٠ مەقــام (یــان پەیــژەی مۆسـیقا) یـان هەیەو، بۆچونەکـانی زەریـاب و فـارابی بە ناڕاست ئەخاتەڕوو، هەرچەندە من لەناوەڕۆکی کتێبەکەی سەلیم الحلـو دا (٣٩) نـاوی جیـاوازم بـۆ تەنهـا پەیـژەی مۆسیقای ((بەیـاتی نەوا)) دۆزی یەوە، کەکــارێکی زۆر ســەرلێ شــێوێنەرەو هەمــان هەڵەی زەریاب و فارابیە ئەمیش دوبارەی کردۆتەوە.

٢-کتێبی دووەم:

نظریـات الموسـیقی، (عبـدالرحمن الچبقچـی) لە (بێـروت) ولاتی لوبنان دەستم کەوت،ئەڵێ:

مۆسیقا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەنها خاوەنی ٩ پەیژەی مۆسیقایە، پاشان ئەڵێ ٧ پەیژەی مۆسیقا و (هەریەک لەو پەیژانە خاوەنی چەنـد جـۆرێکی تـرن)، ئەویـش دوبـارە ئەگەڕێـتەوە سـەر بنەمای بەناو پەیـژە مۆسـیقاییەکانی کەنیسـە، بـۆیە منـیش هـاتم دوبـارە بە شێوەیەکی زۆر بـتەو گەڕام بەدوای بۆچونەکـانی (جـان

فیلب ڕامۆ) کە بۆ مۆسیقای ئەوروپی کە لە سەدەی حەڤدەهەمدا نوسیبوی ، بەهاوکاری هەردوو مامۆستای زاناو ئازیزم گیانی شاد (هانس) کە ڕابەری ئۆرکسترا کە شمان تیۆری مۆسیقاناسێکی زۆربالآبوو ، هەروەها مامۆستا (ڤیم) کە مامۆستایەکی زانا لەبواری مێژوی هونەردا و زمانناسیدا ، و گرنگی دانم بە بیروڕاکانیان لە سەر مێژوی پەیژەی (کەنیسە) و پەیژەی (دیاتۆنیک) و ، ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی کە لەمێژوی هونەری پەیژەکانی مۆسیقادا خراونەتە پاڵ مۆسیقازانی جیهانی (یۆهان سبستیان باخ) و ڕاستکردنەوەیان وەکو مێژویەکی گرنگ ڕۆڵی مۆسیقا زانی فەرەنسی (ڕامۆ) لە بنیاد نانی پەیژەی (دیاتۆنیک – السلم المعدل)، بۆیە گەیشتمە ئەوبیروڕایەی کە:

ئەوروپیەکان ئەڵێن ئێمە دووپەیژەی مۆسیقامان هەیە کە پێک دێن لە : ١– پەیژەی ماجۆر. ٢– پەیژەی مینۆر.



منیش گەیشتمە ئەو بیروڕایەی کە بۆچونەکەی ئەوانیش هەڵەیە و ئەوروپیەکان تەنها یەک پەیژەی مۆسیقایان هەیە بە ناوی پەیژەی (ماجۆر) پەیژەی گەورەی بێ سێچارەکە دەنگیە.

پەیژەی مینۆر پەیژە دروستکراوی سەر پلەی شەش هەمی هەمان پەیژەی (ماجۆر) گەورەیە، بەهەمان ڕابەری پەیژەی ماجۆر، لەبەر ئەوە ئەبێ بڵێین کە پەیژەی مینۆر لەسەر پلەی شەشەمی هەمان پەیژەی گەورە بنیاد ئەنرێ و هەروەها لەسەر پلەدەنگیەکانی سێهەم و چوارەم و پێنجەم پەیژەی نوێ بەهەمان ڕابەری پەیژە گەورەکە کە دروست ئەکرێ.

بۆیە ئەشێ کە باسی پەیژەی ماجۆرو ڕاستمان کرد، لەپێشا بلێین:

١-پلەی بنکە.

٢-پلەی شەشەم ،لەبەر ئەوەی نزیکترین پلەدەنگیە لە پلەی بنکەوە لەچاو ئەو سێ پلە دەنیەی ترادا کە خاوەنی پەیژە درواستکراوی پەیژە سەرەکیەکەن.

٣-پلەی سێهەم.

٤-پلەی چوارەم.

٥-پلەی پێنجەم

ئەم یاسایە بۆ هەردوو پەیژەی گەورەی عەجەم(ماجۆر) و پەیژەی (ڕاست) یشە.

بۆیە ئەشێ لەهەموو ساتێکدا بلێین پەیژەی سەرەکی پاشان پەیژە بنیاد نراوەکانی سەر پلەی (شەش) ئەوسا پلەی (سێ) و پلەی (چوارم) و پلەی (پێنجەم)، لە بەرئەوە پلەی شەشەم نزیکترین پلە دەنگیە لە پلەی سەرکی و تەنها پلەدەنگیەک و نیویان لەنێواندا هەیە.

دوباره ئەڵـێم:

١–ئەوروپییەکان خاوەنی تەنها پەیژەی ماجۆر ( گەورەی یەکەم) ن، پەیژەکانی تری سەر پلەدەنگیەکانی شەشەم و سێ هەم و چوارهەم و پێنجەم، لێکەوتەی پەیژەی ماجۆرن.

٢– ئێمەی کورد (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) لەبەر بەکار هێنانی پلە سێچارەکە دەنگیەکانی پلەی (سێهەم وحەوتەم ) دوو پەیژەی مۆسیقامان هەیە:

ا– پەیژەی ماژۆر (عەجەم) ( گەورەی یەکەم ، هەمان ماجۆری ئەوروپی) و پەیژە دروستکراوەکانی سەر پلە دەنگیەکانی شەشەم و سێ هەم و چوارهەم و پێنجەمین، بەهەمان رابەری پەیژەکە.

ب– پەیژەی ڕاست ( پەیژەی خاوەن دووپلەی سێچارەکە دەنگی– گەورەی دووەم) و پەیژە دروستکراوەکانی سەر پلە دەنگیەکانی شەشەم و سێهەم و چوارهەم و پێنجەم بەهەمان رابەری پەیژەکە.

لە لێکۆڵینەوە کەمدا بەوردی باسم لێکردون.

هەر پێشکەشی کۆنسەرفاتواری شاری ئوتریختم کرد و پاش تاقی کردنەوەو زانینی توانای هونەری و بیروڕام، ماوەیەک لەوێ مامەوە و پاشان بەڕیوەبەرەکەیان بانگی کردم وتی نوسراویکمان بۆکردویت بۆ کۆنسەرفاتواری ئەمستەردام.

بەو بنەما زانستیەوە و کردومانەتە نوسراویکی دورو درێژ،لەبەر ئەوەی ئەزانین تۆ مۆسیقا زانیت، بەڵام شتێکت نوسیوە ئێمە وەڵاممان پێ نییە بۆت، وناشمانەوێ هەروا بەئاسانی لەناوچێ، بۆیە بە نوسراوەکەی ئەوانەوە چووم بۆ کۆنسەرفاتواری ئەمستەردام، هەمان جۆر و بەڵام ئەمان زۆر

بەخێراتر پەیوەندیان بەزانکۆی ئەمستەردامەوە کردو خۆم ئاگام لە ئاخافتنەکەیـــان بـــوو، بـــۆیە ئەوانـــیش داویـــان کـــرد کە بچمەلایان،چووم بۆ لایان و (سیَ ڤیَـی) خـۆم و بەڵگەکـانی هەردوو کۆنسـەر فـاتواری ئوترێخـت و ئەمستەردامیشـم لەگەڵ خـۆم بـرد، یەکەم ڕۆژ تەنها یەک ناسین بوو، لەگەڵ سێ پرۆفیسۆری مۆسیقا ناسی زانکۆکە، کاتێکیان دەستنیشان کـرد، کە بچـمەوە بـۆ لایـان، لە ڕۆژی دیـاری کـراودا چـووم ئەمجـارە بـۆ ژورێـک لە ژوری وانە خوێندن ئەچوو، سـەیرم کـرد ئەو سـێ پرۆفیسـۆرە دانیشـتون و بە منیشیان وت دانیشە، منـیش لەو کورسیەی کە بۆیـان دەستنیشـان کردبووم دانیشتم، بەتەواوەتی (سێ ڤیَ– نامەی کـار) ی خـۆمم بـۆ خوینـدنەوە وتیـان لامـانە، بۆیـان نـاردوین، ئینجـا داوای ئەو لێکۆڵینەویان لێکـردم کە لەسـەر پەیژەکـانی مۆسـیقای ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست نوسـیومەو منـیش بەکـورتی بـۆم باسـکردن، هەنـدێ لە ووشـەکانی منیـان لا سـەیربوو، بۆزانیـاری هەرسـێکیان دەرچـوی زانکۆکـانی میسـر و هۆڵەنـدا بـوون، یەکێکیشـیان سـاز ژەن بـوو، وتیان بەکورتی مەبەستی لێکۆڵینەوەکەت چییە.

منیش وتم ئیـوە ئەزانـن مۆسـیقا لە ئەوروپـا لە سـەرەتای سەدەی ١٧ هەمەوە بەهۆی دۆزینەوکەی ڕێبـازی (دیـاتۆنیـک سکێل) کە (جـان فیلیـپ رامـۆ) ی فەرەنسـی بـۆ مۆسـیقای ئەوروپـی کـرد، مۆسیقای ئەوروپی گەیاندە ئەو پلە باڵایەی کە ئێستا ئەی بینن.

هەرچەندە ( ڕامۆ) فریـانەکەوت بەتەواوی بـڵاوی بکـاتەوە، خـۆی دەربـازکرد لەدەسـتی کەنیسـە، بۆیە(بـاخ) بەنـاوی خـۆیەوە بڵاوی کردەوە، بوە ئەو دەروازە گەورەیەی کە مۆسیقای ئەوروپـای گەیاندە ئەمرۆ،منیش بەڕێبـازێکی لەوجـۆرە مۆسـیقای ڕۆژهەڵاتـی

لەدەستی ئەو نەهامەتیانەی کە ئێستا تیایەتی ئەگەیەنمە پۆستێکی بالا، هەر سەیریان ئەکردم.

وتیان کامەن ئەوخـالانەی ئەتەوێ بەکـاری بهێنـی. منـیش وتم : - خاڵەکان ئەمانەن

١-لەهەموو شتێک گرنگتر ئەوەیە لە ڕۆژئاوا یەک پەیژەی مۆسیقا هەیە کە پێی ئەڵێن پەیژەی ماجۆر، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ بونی پەیژەی ماجۆر پەیژەیەکی سەرکی تر هەیە کە خـاوەی دوو پلەی سێچارەکە دەنگییە بەناوی پەیژەی (ڕاست).

٢-نەبــوونی میــانەی چــارەکە دەنگــی لەســاتی ژەنینــی ئــامێرە مۆسیقاییەکاندا و جۆری پلە دەنگیە کان بەم جۆرەیە :

ا- بچوکترین میانە نیو میانە.ب- میانەی سێچارەکە دەنگی.

ج- میانەی تەواو....هتد

٣-بـونی ڕابەری پەیـژە بەشـێوە زانستیەکەی، بـۆ هەردوو پەیـژی ماجۆر و ڕاست. بەم شیوازە :



### ٤- بوونی بازنەی پێنجی (Quintencirkel) بۆ هەردوو پەیژەی ماجۆر و ڕاستیش.

## (بازنەی پێنجی پەیژەکانی مۆسیقای کوردی)




تێبینی:

هەردوو پەیژەی سەرەکی مۆسیقای کوردی ( ڕاست و عەجەم ). پەیژە نەوەکانیان بریتین لە :

١- پەیژەی سەرکی لەسەر پلەی یەکەم.

٢- لەسەر پلەی شەشەم.

٣- لەسەر پلەی سێ هەم .

٤- لەسەر پلەی چوارەم.

٥- لەسەر پلەی پێنجەم، لەهەموو سانێکدا و بۆ هەردوو پەیژەکە ئەشێ پلەی شەشەمی نیوپلە نزم بکرێتەوە .

هەموویان خاوەنی یەک رابەری پەیژەن لەگەڵ پەیژەسەرەکیەکانیان .



لێکۆڵینەوەکەم بەنوسراویی دابە هەرسێ کیان.

هەفتەی داهاتوو کەرۆ شتمەوە بۆزانکۆی ئەمستەردام، یەکسەر دکتۆر (لیۆ پلینکەرس) یان کرد بە سەرپەرشتیارم، ماوەیەکی زۆر ئاگاداری بۆچونەکان و نوسینەکانم بوو. خۆش بەختانە هەموو پەیوەندیەکانمان کە لەرێگە ئەلەکترۆنیەکانەوە بوو هەموویانم لا پارێزراوە.

پاش ئەوماوەیە ڕۆژێک بانگی کردم وتی وەرە، چەند پرسیارک هەیە لێت ئەکەین وتم زۆرباشە، دوای دووڕۆژ چوم بۆ شوێنی یەک بینینەکەمان، کە سەیرم کرد هەمان دکتۆری ساز ژەنی لەگەڵ بوو.

وتی لە زۆر بۆچونە کانت تێ گەیشتووین، بەڵام لەوە تێ نە گەیشتووین ، کە ئەڵێی چارەکە دەنگ بوونی نییە، منیش وتم:

بەڵێ نیە ولەساتی ئامێر ژەنیندا کاری پێناکرێ، چونکە بچوکترین پلەی دەنگی نیودەنگییە، (هەرچەندە من بێ شکم لەوەی کە ئەم بیرۆکەیە لەلای هەندێ موزسیانی نەتەوەکەی خۆشم بیرۆکەیەکی ئاڵۆزە).

دکتۆرەکەی تر زۆر تورەبوو، بەڵام خۆشبەختانە ئامێرە (ساز) ە کەی لە تەنیشتەوە بوو، وتم بەڕێزتان ساز ژەنن، وتی بەڵێ، وتم بێ ئەرک ئەتوانی بیگری بەدەستەوە، وتی بۆ تاقیم ئەکەیتەوە، وتم نا ببورە، منیش چەند پرسیارێکم هەیە، وتی دەی.

وتم مامۆستا ناوی ژێی یەکەمی ئامێری ساز چییە بەهۆڵەندی وتی (A) واتا ژێی (لا) وتم پەنجەی یەکەمی لەسەر دانێ وتی باشە وتم ئەو دەنگە ناوی چییە، تۆزێ پێکەنی، لەوە

ئەچوو گاڵتەی بە وتەکانم بێت، وتـی (سی بیمۆڵ) وتـم ئەی پـلە دەنگی (چارەکە دەنگ) کامەیە، یەکسەر پەنجەی بـردە پێشـەوە بـۆ سەر پلە دەنگی (سی سێجارەک) وتـی ئەودەنگی چـارەکە، مـنیش وتـم نـا ببـورە پلەیەکـی یەکچـارەکەدەنگی لەسـەر پلەدەنگـی سـی بیمۆڵ کە نیوتـۆنە سـەرکەوتویت وسـی بیمـۆلە کە بـۆتە سـی سێ چــارەکە دەنــگ، ئەوە دەنگــی (ســی) ســێ چــارەکە دەنگــی یە، پلەدەنگی(سی) چارەک ئەبێ لەپێش (سـیb –Bb) بیمـۆڵەوە بێـت، کە بوونی نییە.

تۆزێ وەستاو وتی من ئەڕۆم و دێمەوە، زۆری پێ چوو هەر نەهاتەوە، دوایی دکتۆر پلینکەرس ڕۆی بۆلای ئەو وکەهاتەوە وتی سەلاح هەفتەی داهـاتوو وەرە تـۆزێ بەیەکەوە ئەدوێـین، وتـم زۆر باشـە، ئیتـر مـنیش ڕۆشـتم، هەفـتەی داهـاتوو کە چـومەوە بـۆلای وتی:

لێکۆڵینەوەکەت لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وازلێ بێـنە و لێکۆڵینەوە بـکە تەنهـا لەسـەر پەیژەکـانی مۆسـیقای کوردی بەڵام چاک وایە نمونەی ئاوازی هەمـوو پەیـژەیەک لەگەڵ فـۆرمە ئـاوازە کوردیەکانا دەست نیشان بکەی.



منـيش وتـم ئـاخر ئەوە مـاوەی ئەویـت، مـن ئەبـێ هەمـوو پارچەکانی کوردستان بگەڕێم بۆ ئەوەی ئەو زانیاریـانەم لە سـەر جۆری ئاوازە کوردیەکان لەهەموو پـارچە کـانی کوردسـتانی گەورە دەستکەویت....وتی ئەبێ وا بکەیت.

منیش گەڕامەوە شـارەکەی خـۆم و لـە شـارەوانی شـارەکەم داوای مـۆڵەتم کـرد، بـۆ بەجـێ هێنـانی کـارەکەم، گەیشـتمەوە سـلەیمانی و دەسـتم کـرد بە کـارەکەم و بە هەمـوو ناوچەکـانی کوردستانا گوزەرم کرد و ئـامێری دەنـگ تۆمـارکردنی باشـم لەگەڵ خۆم بردبوو.

گەڕامەوە شاری سلەیمانی و سەرکارەکەی خـۆم لە جـالاکی قوتابخانەکان وەکوو مامۆستای هونەر.

لەبیـرم نەچـێ ئەو سـەردەمە کەگەڕامەوە کوردسـتان و لە جالاکی قوتابخانەکـان بـوومە ڕاهێـنەری هونەری،خـۆم نەچـومەوە پەیمانگـای هونەرەجوانەکـان، هەر لەو ساتەشـا بەڕیـۆبەری تیپـی هونەری میللی داوای لێکردم کەلایـان بـبمە ڕاهێنەرێکـی مۆسـیقا و، بەیەکەوە و گیانی شـاد هونەرمەنـد (جیهـاد دڵپـاک) یشـمان لەگەڵ بـوو چـوینە لای وەزیـری ڕۆشـنبیری ئەوسـەردەمە بەڕێـز (فەتـاح زاخۆیی) بوو، بۆیە سەرپەرشتیاری تیپی (هونەری میللی) داوای لێ کرد کە فەرمانی دامەزراندنم لای ئەو تیپە دەرکا، بەڵام بەڕێز کـاک (فەتاح زاخۆیی) وتی من مامۆستا (سەلاح) م لای خۆم دامەزرانـدوە وەک ڕاوێژکاری هونەری، منیش وتم بەڕێز کـاک فەتـاح مـن وەکـو ئاواز دانەرێک و کەمان ژەنێک ئەمەوێ هاوکـاری ئەوان بـم چـونکە هەندێ کار هەیە بە کاری خۆمی ئەزانم، بۆیە بەڕێز فەتاح زاخۆیی ڕەزامەندی دەربڕی، کەببمە ئەندام لەو گروپە (تیپی هونەری میللی) هەرچەنـدە پـارەی ڕاوێژکـارێکی هـونەری لەوەزارەتـی ڕۆشـنبیری

نـزيكەی پێـنج جـار بـاڵاتر بـوو لە مـوچەی فەرمـانبەرێكی تیپـی هونەری میللی ، بەلام من ئەوەیانم لا پەسەندتر بوو  و دەستم كـرد بەكاركردن لەگەڵیان.

ڕۆژێك سەردانی دەستگای چاپ و پەخشی سـەردەمم كـرد، گیانی شاد كاك (شێركۆ بێكەس) سەرپەرشتی ئەكرد زۆر دانیشـتین بە یەكەوە، سـەیرم كـرد پەرتـوكێكی دەرهێنـا لیـی نوسـرابوو (گۆڕستانی چراكان) وتی بیخوێنەرەوە،ئەوسا باسی لی ئەكەین.

منیش كەچومەوە ماڵەوە (لەمـاڵی بـاوكم ئەژیـام)، دەسـتم كرد بەخوێندنەوەی كتێبەكە زۆر جوان و دلڕفێن بوو.

نزیكە(٥٠٠) دێڕێكم لێ هەڵبژارد و نوسیمەوە ، دەسـتم كـرد بەدانـانی ئاوازەكـانی، چـونكە لای مـن هەر هـۆنراوەیەك گەرخـۆی خاوەنی ئاوازی نەبێ ناتوانم ئاوازی بـۆ دانـێم، منـیش ئەزمـونێكی باشم هەبـوو لەگەڵ هۆنراوەكـانی (بـێكەس) دا، بـۆیە بەمـاوەیەكی كورت ئاوازم بۆ دانـا ، نـزیكەی ٥٠ دەقەیەك ئەبوو. بەڵام بـێكەس یەك زیرەكـی بەكـار هێنـابوو، وای لەمنـیش كـرد كە دوای كەوم و ئاوازەكـان بەئاسـانی لە ڕەوشـی هـۆنراوەكەی كە لەسـەر باسـی ڕوداوەكانی ناوچەكانی ئەنفالی كردبوو بنیاد  بنێم.

بەڵام ئەوەشـم لەبیرنەچـێ بەهـۆی سـەردانم بـۆ نـاوچە جیاوازەكـانی كوردسـتان هەر بـۆ كـۆكردنەوەی ئـاوازە ناوازەكـانی هەمـوو ناوچەكـانی كوردسـتان، هەر ئەو ئـاوازانە لە هـۆنراوەكەی (گۆڕستانی چراكان)ی نزیـك كـردمەوە و بەسـەركەوتویی دوای ئەو نەخشە بەپێزەی هـۆنراوەكە كەوتـم، هـۆنراوەكە باسـی كارەسـاتی كام ناوچەیەكی بكردایە منـیش لەگەڵـی ئەچـومە ئەو نـاوچەیەو بە پێز و باڵای ئاوازەكانی ئەو ناوچانە ئـاوازم بـۆ هـۆنراوەكەی كـاك

شێرکۆ دا ئەنا و هەر ئەوەش بووە مایەی سەرکەوتنی ئەوکارە گەورەیە، کە لەمێژووی خۆما کاری وا گەورە بۆ یەکەم جار ڕویدا.

کۆمپیوتەرێکی زۆر چاکم لەگەڵ خۆم بردبوو بۆ سلەیمانی و هەر لەوێ لەو ژورەی کە وەرم گرت لەچالاکی قوتابخانەکان، ڕۆژانە خەریکی نوسینەوەی بابەتەکان بووم، هەر بەو کۆمپیوتەرە یاداشتەکانم هەموی ئەنوسی و ئەم کردنە نوسراوێکی گرنگ لە ژیانی هونەری خۆمدا بۆیە ڕۆڵی ئەو کۆمپیوتەرەم زۆر لاگرنگ بوو لە چەند ڕویەکەوە:

١-نوسینەوەکارەکانم بەهۆی ئەو ئامێرەوە .

٢- تۆمارکردنیان وەکو ئەرشیڤێکی گرنگ لە ژیانی خۆمدا.

بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانیمە، کەخۆم گەڕامەوە بۆ هەندەران بۆماوەی چەند مانگێک، نەمتوانی لەماڵی باوکم کۆمپیوتەرەکە بەجێی بهێڵم ، لای کەسێکی ناسیاو دامنا، پاش ماوەیەک کە گەڕامەوە و هەواڵی کۆمپیوتەرەکەم لێ پرسین، وتیان ببورە فڕێمانداوە .



بەڵام من هەر هەرسەرقاڵی کاری هونەری باش بووم.

لە کـــاری گۆڕســـتانی چراکانـــدا ئەوەی لام گرنـــگ بـــوو لەجیـاتی بنوسـم (کـۆراڵی گۆڕسـتانی چراکـان) نوسـیم (کـۆتەڵی گۆڕســـتانی چراکـــان) لەبەر ئەوەی کـــارەکە هەمـــوو بنەمـــایەکی (کۆتەڵ)ی لەخـۆ ئەگـرت، کە بەکـاک شـێرکۆم وت زۆری پێخـۆش بـوو و دەستخۆشکەری لـێ کـردم، چـونکە ئەویـش بـاش ئەیزانـی وشـــەی (کـــۆتەڵ) زۆرگونجـــاوە و ئەم جـــۆرە فـــۆرمی ئـــاوازە لە ناوچەکانی خانەقین و قەسری شیرین بەفراوانتر بەکار ئەبرێ.

کـارەکەم تەواوکـرد، بڕیـارم دا بـیکەمە کـارێکی گەورە کە لەمێژوی هونەری شارەکەمدا کاری وام نەکردبێت، بڕیارمدا کارەکە بە تیپـی مۆسـیقای سـلەیمانی و بەشـی مۆسـیقای پەیمانگـای هونەرەجوانەکانی سلەیمانی و تیپی هونەری میللی بسپێرم، بۆیە لەو سێ گروپە کۆمیتەیەکی هونەریمـان پێک هێنـا، بۆ جێبەجێ کردنی ڕێنماییەکانی کارەکە، کە پیک هاتبوون لە گروپـی هـونەری و گروپی ژمێریاری.



لەلایەن گروپی هونەریەوە دەستنیشانی ژمارەی بەشدار بوانی مۆسیقاژەنین و ستران بێژان و نمایش کەران و دانسەرەکان بکەن، هەموی دەست نیشانکرا و لەلایەن گروپی ژمێریاریەوە دەست نیشانی هاوکاری ژەنیارەکان و گۆرانی بێژان و بگرە نوسین کار (موءلف) و(بەستەکار) ملحن یش بکات.

ئەو کۆمیتەیە بڕیارەکانی خۆیان لەسەر کارەکە کردە نوسراوێک بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری ، خۆم بردم بۆ هەولێر، لە پرسگەی وەزیری ڕۆشنبیری کە گیانی شاد (فەلەکەدین کاکەیی) بوو ناسیاویەکی زۆر کۆنی سالی ( ١٩٧٤ شۆرشی ئەیلول) م لەگەڵ بەڕێزی هەبوو.

هاوڕیی هونەرمەندم (چەتۆ نەورۆز) م بینی ، دوایی زانیم کە مستشاری بەڕێز وەزیرە، نوسراوەکەی لێ وەرگرتم پاش ماوەیەکی کورت هاتە دەرەوە و وتی مامۆستا فەرموو، منیش لەگەڵی چومە ژورەوە، گیانی شاد فەلەکەدین کاکەیی بە خێر هاتنێکی زۆر گەرمی لێکردم، وباسو خواسی مۆسیقاو کاری هونەری و ئەوشتانەمان کرد، لەپڕ هونەرمەند چەتۆ نەورۆز وتی مامۆستا، بەڕێز کاک فەلەک ناوەرۆکی نوسراوە کەتانی بەدڵە تەنها یەک بڕگە نەبێت، کە پارەیەکی زۆر کەم بۆ تۆ نوسراوە،منیش پێکەنیم وتم ئاخر ئەوە لیژنەی ژمێریاری دایان ناوە،لەبەر ئەوەی پێش ئەوەی ئەونوسراوە ببەم بۆ وەزارەت مۆسیقای کارەکەو نۆتەکەیم دابوو بە بەڕێز چەتۆ نەورۆز، زۆر ستایشی کرد و زۆری بەدڵ بوو،بۆیە وتی ئەمە تەنها میلۆدیەکەیەتی ئەی ئەبێ کارەکە چی دەرچێ، منیش وتم با ببینین، بۆیە ئەوساتە وتی ئاخر بەڕێز وەزیر ئەو پارەیەی تۆی کردوە بە چەند ئەوەندەیەک، دیسانەوە پێکەنیم، وتم ئازیزان

ئەوە بڕیاری لیژنەیەکی پێنج کەسیە ئەشێ ڕای ئەوان وەرگرم و ئەوان بڕیاری لەسەر بدەن، لێم بوەستن هەر ئەمڕۆ پەیوەندیان پێوە ئەکەم و وەڵامتان ئەدەمەوە، بۆسبەی چومەوە بۆ لایان بەبێ ئەوەی ئەوبابەتە لەگەڵ هیچ کەسی ئەو لیژنەی داراییە باس بکەم و بە بەڕێزیانم وت ببورن لیژنەی دارایی کارەکە ڕازی نەبوون بەو بڕیارە،پێیان وتم ئەگەر پارەکەی تۆزیاد بکرێت ئەبێ هی سەرانسەری بەشدار بوان بەهەمان ئاست بەرز بکرێت، بۆیە ئیتر ڕەزامەندیان بۆبڕە تێچونە کۆنەکەی کارەکە نوسی و ناردمیان بۆ وەزارەتی ئابوری (مالیە) تا کارەکان تەواو بکەم و لەوێش تەواو بوو، ناردمیان بۆبنکەی ئابوری لقی سلەیمانی لەوێ ژمێریارەکەی تیپمان مامۆستا (جەمال شادان) مان نارد پارەکەی وەرگرت, کارەکەمان بەسەرکەوتوویی ئەنجام دا ،سێ ڕۆژ نمایش کرا، لە ڕۆژی جەنراڵ پرۆڤەدا گیانی شاد کاک شێرکۆ م برد لەگەڵ خۆم ... کە بینی.. زۆر دڵخۆش بوو وتی دەستخۆش بەڵام غەدرێکت لە من کردووە،منیش سەیرم کردو وتم کام غەدر....؟

وتی پێش کۆتایی کارەکە کەسێک چەند دێڕێک لە هۆنراوەکە بەدەنگ ئەخوێنێتەوە من پێم خۆش بوو خۆم بەدەنگی خۆم لەساتی نمایشەکەدا بیخوێنمەو، منیش وتم ئەوە سەربەرزیە بۆ من گەر ئەوە بکەیت ، ئیتر کەسەکەم ناردەوە ناو کۆرسەکە، هەموو ڕۆژەکانی نمایش خۆی ئەو چەند دێڕەی بەدەنگی زوڵاڵی خۆی ئەخوێندەوە، ئەوەی جێی داخ بوو بۆ من،لەکاتی تۆمارکردنی ڤیدیۆیی کارەکە ، من سەرقاڵی ڕابەرایەتی کارەکەبووم،کارەکە زۆر بەجوانی تۆمارکرا بەڵام وێنەیەکی گیانی شاد ( کاک شێرکۆ) لەساتی وتەکەیدا تۆمار نەکرابوو، تەنها دەنگەکەی تۆمارکرابوو، کە زۆر دڵگرانی کردم.

ڕۆژی دابەشکردنی مافی بەشداران بوو لە تیپی مۆسیقای سلەیمانی لە بیناکەی توفیق قەزاز،منیش چووم ئەوەی بۆ من نوسرابوو وەری گرم، کاک جەمال شادان کە ژمێریاری تیپ بوو، وتی سەلاح ئەو بڕە پارەیەی کاک شێرکۆت ئەدەمێ بۆی بەرە، منیش وتم باشە بڕی (١٠٠٠) دۆلار بوو، خستیە زەرفێکەوە و، منیش بردم.

کە پارەکەم دا بەکاک شێرکۆ وتی ئەوە چییە؟ منیش وتم ئەوە ئەوپارەیە کە لەوەزارەتی ڕۆشنبیریەوە بۆ نوسەری (کۆتەڵی گۆڕستانی چراکان) دانراوە.

یەکسەر وتی جا ئەوە هەموی کار و ماندوبونی تۆیە ومافی تۆیە، لەبەر ئەوە نامەوێ، منیش وتم کاک شێرکۆ، منیش مافی خۆمم وەرگرتووە و پێویستم بەهیچی تر نییە،زۆرم هەوڵدا، نەمتوانی ڕازی کەم.

ئیتر پارەکەم هەڵ گرت و بردمەوە بۆ کاک جەمال شادان و بابەتەکەم تێ گەیان کە کاک شێرکۆ وەری نەگرت لێم وتی هەڵی گرە بۆ خۆت، منیش نامەوەی چونکە من مافی خۆمم وەرگرتووە و پێویستم پێی نییە، با بۆ تیپ بێت، کاک جەمال شادان سەیرێکی کردم و پێکەنی و ڕستەیەکی ووت (لێرەدا ناوترێ) ، بۆیە پارەکە گەڕایەوە بۆ تیپ.

ناشێ لە بیرم چێ کاک شێرکۆ لەگەڵ ئەوەشدا کە پارەکەی خۆی وەرنەگرت، وتی سەلاح ئەمشەو هەموو ئەندامانی تیپی مۆسیقاکە لە یانەی کۆمەلایەتی دەعوەتی ئێوارە خوانێکی منن، منیش سوپاسم کردوو داواکەیم بەجێ گەیاند.

بەهۆی تۆمارکردنی (کۆتەڵی گۆڕستانی چراکان) کە وەکو کارێکی درامی لێ هات و لە تەلەفزیۆن نمایشکرا، بە (سێ دێ)

تۆمـارم کـرد و، بـڵاوم کـردەوە، ڕۆژێـک بـرادەرێکم لەگۆڤاریکـدا نوسراوێکی لەسەر ئەوکارە پیشـاندام کەلەلایەن کەسێکەوە وەکـو تەنز نوسرابوو؛ (کۆراڵیک و چوار دەفتەر)....

برادەرێکیش وەڵامێکی زۆر جـوانی پـێ وتـم کە منـیش بـۆی بنوسم و وەڵامی بدەمەوە، بەڵام مـن وەڵامـی ئەو جـۆرە کەسـایەتی ونوسینانەم بەکاری خۆم نەزانی، بەڵام زۆر نـاخۆش بـوو، ئەوەم هاتەوە یاد کە ئەوکەسە، بۆ تـەنها لەسەر ئەم کارەی من بەو جۆرە نوسـی، ئەبـوایە ڕای خـۆی بەرامـبەری کـارە بوتـایە، گەر کەسایەتیەکی ڕۆشنبیرە و کارەکەی بینیوە...؟

بۆسەردان گەڕامەوە و چەند سـێدیٚ یەکم بـرد بـۆ ناسـیاوە کـانم لە هۆڵەنـدا، ڕۆژێـک کەسێکی هۆڵەنـدی لەشـارێکی تـرەوە تەلەفۆنی بۆ کردم وتی ئەو گروپـی هەڵپەڕکێیەی نـاو ئەو کـارەی تـۆ کە لە سـیٚ دیٚ کەدا نمـایش ئەکەن، ئەتـوانین بـانگهێشـتیان بکەین، تا ئەوجۆرە دانسە کوردیانە لێرەش نمایش بکرێن.



زۆرم پــێ خــۆش بــوو، کە گەڕامەوە بــۆ ســلــەیمانی ئەو هەواڵەم بە گروپەکە ووت، زۆریان پێخۆش بوو. هەرچەنـد تیایانـا هەبـوو هەرگاڵتەشـی لـێ ئەهـات کە مـن بتـوانم ئەو کـارە بـکەم (کەسەکانێک کە لام ئاشکران)، گەشتەکە کرا بۆهۆڵەنـدا ، لەچەنـد شـارێک نمـایش کـرا، بەڵام بەداخەوە، بینەرێکـی کـوردی زۆر کەم هاتن، پاش ماوەیەک هەموو گەڕانەوە کوردستان، مـن یەک هەفـتە دوای ئەوان گەڕامەوە، بەڵام بەداخەوە کەسێکی نـاو تیپـی هـونەری میللی لای ئەو کابرا هۆڵەنـدیەی کە کارەکـانی هێنـانی ئەوگـروپەی بۆ هۆڵەندا گرتبوە ئەستۆ وتبـوی (سـەلاح ڕەوف) پـارەیەکی باشـی وەرگرتووە لەوەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ هێنانی ئەم گروپە، بۆیە ئەو برادەرە هۆڵەندیەی کە بانگ هێشتی ئەوگروپەی خستبوە ئەسـتۆی خۆی، بانگی کردم ووتی کاری گـرنگم پێـتە، چـوم بۆشـارەکەیان و ئەوبابەتەی بۆ باسکردم، منیش سەیرم لێهات وتم بڕوات هەبێ من ئاگـاداری ئەوبـابەتە نـیم و شـتی وام نەکـردووە، بەهـیچ جۆرێـک ئاگـاداری وەرگرتنــی پــارەی ئەو گــروپەنیم، و وەرگرتنــی پــارەی ئەوگرووپە لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە بووە.

کەچی بەداخەوە نەچوو بەمێشکیاو وتـی ئەبێ نوسراوێکی ڕەسـمی لەوەزارەتــی ڕۆشــنبیری وڵاتەکەتەوە بهێنــی کە شــتی وا نەبووە،تــۆ ئاگــاداری وەرگرتنــی ئەو پــارەیە نیــت ، چــونکە ئەوکەسەی کە پێی وتم، لەگەڵ گروپەکەدا بوو، زۆر بەیەقینیشەوە باســی کــردوە، منــیش مەجبــوور بــووم و وتــم باشــە، گەڕامەوە کوردسـتان چـووم بـۆلای بەڕێـز وەزیـری ڕۆشـنبیری کـاک( فەتـاح زاخۆیی ) و بابەتەکەم بۆ باسـکرد، سـەیری لـێ هـات، بە ئەنـدامە سەرەکیە کانی تیپی هونەری میللـی ووت......' کەس خـۆی نەکـردە خاوەنی، بۆیە بەڕیوەبەرێکی پلە باڵای خۆیانی بانگ کرد کە کاک

(دڵشاد مستەفا) بوو تێی گەیاندو بابەتەکەی بۆ باس کرد ئەویش نامەیەکی ئاراستەی ئەو مەڵبەندەی هۆڵەندا کرد ، هەرخۆشی تەرجومەی کرد بۆ ئینگلیزی و منیش پاش دووهەفتە سەفەرم کرد دوبارە بۆ هۆڵەندا، لەبەر ئەوەی ئەوکابرایە بەنیاز بو توشی تەنگ و چەڵەمەیەکی گەورەم بکات، دوای گەیاندنی ئەو نوسراوە، ئیتر نێوان من و ئەو بەر پرسە هونەریەی هۆڵەندا ئاسایی بووە وە، دوای ئەوە وردە وردە بە پرسیارکردن ......

بۆم دەرکەوت کە کێ ئەو شەکرەی شکاندوە.

با ئەوەشم لە بیر نەچێ ساڵی ٢٠٠٨ کە لێکۆڵینەوە کەم تەواو بوو، ئەبوایە بۆ ماوەی چەند مانگێک بگەڕامایەوە هۆڵەندا.

لای برادەرانی تیپەکە (تیپی هونەری میللی) باسم کرد، نەیان ووت نابێ.

سەفەرەکەم کردو باسو خواسی لێکۆڵینەوەکەم لەگەڵ سەرپەرشتیاری لێکۆڵینەوەکەم بەڕێز(دکتۆر پلینکەرس) دا باس کردو پێم ڕاگەیاند کە کاری لێکۆڵینەوەکەم زۆر لە برەو دایە، ئەوەی ئەنجامم دابوو کۆپیەکیم دایە، ئەویش زۆر دەستخۆشکەری لێ کردم، ماوەی دوومانگ لە هۆڵەندا مامەوە.

کە گەڕامەوە سلەیمانی وەک بەرگویم کەوت کەچەند کەسێکیان چوونەتە لای بەڕێز (مەلا بەختیار) و باسیان کردبوو کە من گەڕاومەتەوە هۆڵەندا و ئیتر ناگەڕێمەوە بۆ ئەوەی پارەکەی من ببڕێ، چونکە بەڕێزی ئەوساتە سەرپەرشتی ئەوکارەی ئەکرد، منیش کە گەڕامەوە هەندێ لە دۆستەکانم و ئەو بابەتەیان بۆ باسکردم، بۆیە یەکسەرخۆم چومە لای کاک مەلابەختیار پێم ڕاگەیاند کە من نامەوێ لەگەڵ ئەو تیپە بمێنم ئەو موچەیەی وەری ئەگرم پێشکەش بەخۆیان بێت.

هەرلەو ساتەوە وازم لەو تیپە و موچەکە شیان هێنا، هەرچەندە ئەبوایە ساتی خۆی من بەبڕیارەکەی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری (فەتاح زاخۆیی) و بەڕێز گیانی شاد (جیهاد دڵپاک) م بکردایە کە ئەیان ویست بمکاتە ڕاوێژکاری هونەری و نەمکرد، ئەو خەتایەم نەکردایە کە بەگوێی ئەوکەسە هەلپەرستانەم نەکردایە کە شا یستەی نەبوون، ئەوسا توشی گرفتی قسەهێنان و قسە بردن نە ئەبووم.

بۆیە لەو ساتەوە چەندین هەلی ترم بۆ رەخساوە کە گروپە هونەریەکانی کوردستان بانگ بکرێن بۆ نمایش لە ئەوروپا، بەڵام ئەو بیرۆکەیەم بەتەواوەتی لەمێشکی خۆم دەرهێنا.

دیسان ئەوەم بە بیرهاتەوە کە من چەند کۆراڵێکم هەیە و لەسەر شانۆ هەمووی تۆمار کراون و بەڵام هەمویانم بەدەنگە کۆراڵیەکە لەستۆدیۆی تیپی مۆسیقای سلەیمانی تۆمار کردبوو، تەنها کۆراڵی (قەڵای دم دم) بوو کە لەبەر شەڕی ناوخۆ نەمتوانی دەنگەکەی ئەو کۆڕاڵە بەتەنها تۆمار بکەم.



ڕۆژێک چووم بۆ پەیمانگاو داوای تۆمارکراوی کۆراڵەکانم کرد، لێپرسراوی ئەو سەردەمەی بەشی مۆسیقا (ساڵی٢٠٠٦) وتی:

ببورە مامۆستا هەموو ئەرشیفی بەشی مۆسیقا (( فلان مامۆستا )) بردویەتی، منیش وتم باشە ، ئەشمزانی ئەوە کارێکی نایاسای یە کە کراوە ،ناشێ ئەوجۆرە کارە ڕێگە پێدراو بێت، کە موڵکی پەیمانگایە نەک تاکەکەسی، بەڵام بەداخەوە بۆ ئەو وڵاتەی ئێمە ...........؟

بۆیە چووم بۆلای ئەو مامۆستایە کە کاسێتەکانی بردبوو داوای کاسێتەکانم لێکرد وتی :

کاسێتەکان شتی خێزانی تیایە، با ماوەم هەبێ، بۆت تۆمار ئەکەم، (تائێستاش چاوەڕێ یم).

بۆیە لەگەڵ بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی پەروەردە ڕێکەوتم کە ئەو کۆراڵانەی بەدەنگ تۆمارم کردوون سەر لەنوێ بە خوێندکارەکانی پەیمانگا تۆماریان کەمەوە، زۆربەیانم سەرلەنوێ بەڤیدیۆ و بەکوالیتی باش تۆمار کردەوە، تەنها (قەڵای دم دم) نەبێ لەبەر ئەوەی ساتی خۆی دەنگەکەیم بە جیا تۆمار نەکردبوو، کە ئەویش خۆشبەختانە نۆتەکەیم دۆزیەوە وبەنیازین بەجۆرێکی تر تۆماری بکەینەوە، هەرلەساتی تۆمارکردنی کۆراڵی گوڵە هێرۆ،کە لەناوچەی قەرەداخ لە گەڵ گروپی تەلەفزیۆنی پەروەردە وێنەمان ئەگرت.

لەوساتەدا مامۆستا (کاوەی ئەحمەد میرزا) لە چالاکی قوتابخانەکانەوە تەلەفۆنی بۆکردم وتی لە هەولێرەوە دوومیوانت هاتووە، وتم باشە لەبەر ئەوەی کارەکانی خۆمان ئەنجام دابوو،بۆیە هەموو بە شدارانمان بەو پاسەی کەلەگەڵمان بوو گەڕانەوە هەرکەسەو بۆ ماڵی خۆی، منیش گەڕامەوە بۆ چالاکی

قوتابخانەکـــان، یەکســـەر مامۆســـتا کـــاوە ئەو دوومیـــوانەی پـــێ ناساندم و وتیان ئەو نـامەیەت لەلایەن بەڕێـز وەزیـری ڕۆشـنبیری (سامی شۆڕش) وە بۆ هاتووە، ئێمە لە ئوتێل ئاشتی دابەزیـوین، پێمان خۆشە تۆزێ پێکەوە بدوێین، منیش سـەیری نـامەکەم کـرد، پیشانی چەند برادەرێکشم دا، دوایـی بەسـەیارەی خـۆم بـردمن بۆ ئوتێل ئاشتی،باش لێدوانێکی دورودرێژ تـێم گەیانـدن کە خـۆم دێـم بۆلای بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری.

باش هەفتەیەک چوم بۆلای و تێم گەیانـد کە مـن سـەرقاڵی کاری هونەری گەورەم (مەبەستم لێکۆڵینەوەکەم بوو) ، بـۆ ئەوەی ئەو داوایەی لەبەڕێزی کـراوە، کە مـن بـبمە موستەشـاری هـونەری سەرۆک وەزیران ،لەم بارودۆخە گرانەی ئێستامدا بۆم ناکرێ بـۆیە ماڵ ئاوایم لێ کردو گەلێ سوپاسیشیم کرد.



دیاری هاوکارانم لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە

لەچـــالاکی قوتابخانەکـــان بەردەوام بـــووم لەســـەر کـــاری هونەری و بەتایبەتی لێکۆڵینەوەکەم، هەر لەوساتانەشدا کەسێکی نـزیکم کە پلەیەکـی بـاڵای لە حکومەتی هەرێمـی کوردستان بەشـی سلەیمانی داهەبوو، پێی ڕاگەیاندم کە بەڕێـز سـەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیرانی ئەو ساتە  دکتـۆر (بەرهەم سـاڵح) باسـی ئەوەی کـردوە، کە ئەگەر پێمخـۆش بێت، ببمە ڕاوێـژ کـاری هـونەری بەڕێزیـان ، منـیش سەرگوزشـتە کەی تـرم بـۆ گێـڕایەوە و هەمـان ڕاو بۆچـونی پێشوی خۆمم هەبوو بۆئەویش.

بەردەوام بـووم لەسـەر بەئەنجـام گەیانـدنی لێکـۆڵینەوە کەم، هەروەها لەسەر دانانی ئـاواز بـۆ گـۆرانی بێـژان، بەتـایبەتی کاری زۆر جوانم لەگەڵ تەلەفزیۆنی پەروەدەدا بۆ منداڵان تۆمارکرد و هەموشیانم لە تەلەفزیۆن و پەیجەکـانی خـۆم بـڵاو کـردەوە، کە لەکۆتـایدا ئاماژەیان پێ ئەکەم.



لەسـەر كـارەكەی خـۆم بەرداوام بـووم بـابەتی لێكـۆڵینەوە كەم لەســەر (پــۆلین كردنــی پەیژەكــانی مۆسـیقای ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاست)م گۆڕی بە باسكردن لە سـەر (پـۆلینكردنی پەیژەكـانی مۆسیقای كوردی) .

بەڵام ناشـێ ئەوەش لە بیـربكەین كەمەبەسـتی مـن سـاخ كـردنەوەی ئەو ڕاسـتیەبوو كە لێـی تـێ گەیشـتبووم و كردبـوومە ئامانج بۆ بەدی هێنانی ئەوڕاسـتیانە كە لەمەوبەر بەدرێـژی باسـم كردون:

١-بەكار نەهێنانی یەک چارەكە دەنگی و تەنها بەكار هێنانی:

ا- نیــو میــانەیی. ب- سـێچارەكە میــانەی. ج- میــانەی تەواو...هتد.

٢- بونی دووپەیژەی سـەرەكی لە مۆسـیقای ڕۆژهەڵاتـی بەگشـتی و مۆسیقای كوردی بەتایبەتی.

ا- پەیـژەی مـاجور(گەورە) وپەیژەكـانی تـری سـەر پـلە دەنگیەكانی شەشەم و سێهەم وچوارهەم و پێنجەم بەهەمـان ڕابەری پەیژە.

ب- پەیژەی ڕاست ( خـاوەنی دوو پـلەی سێچارەكە دەنگـی كە پلە دەنگی سێ هەم و پلەدەنگـی حەوتەم) ن، وپەیژەكـانی تـری سـەر پـلە دەنگیەكـانی شەشـەم و سـێهەم وچـوارهەم و پێـنجەم بەهەمان ڕابەری پەیژە.

٣- بوونی بازنەی پێنجی بۆ هەردوو پەیژەی( عەجەم و ڕاست ).

٤- بوونی پەیژەی كرۆماتیک بۆهەردوو پەیژەی( عەجەم و ڕاست).

بەردەوام بــووم لەســـەر كــارە هونەریەكــانم و بەتەواوی ناونیشــانی بــابەتەكەی خــۆم گــۆڕێ بــۆ (پــۆلێنكردنی فــۆرم و پەیژەكــانی مۆســیقای كــوردی)، لە بەر ئەوەی داوای (دكتــۆر

پلینکەرس) بوو، هەرچەندە من وازم لە بۆچونەکانی خۆم نەهێناو، ئەو مەبەستەی کە گەیشتبوومێ، لە سەر مۆسیقا لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، لەبەر ئەوەی ئەوان ئەیان وت گەر بەتۆ بڵێین ئەو بۆچونەت ڕاستە ئەوا ئێمە چەندین بڕوانامەی ساختەمان داوە، بۆیە هەمان بۆچونم لەسەر مۆسیقای کوردی بەشێوازێکی زانستیانە داڕشت و پێشکەشم کردن ، هەرچەندە ئەمەیان کارێکی سەخت و پڕ ئەشکەنجە بوو بۆ من، ئەبوایە لەسەرانسەری هەرچوار پارچەی کوردستاندا نموونەی مۆرکە ڕەسەنەکانی ئاوازی کوردی بخەمە ڕوو ،بۆیە هەوڵم دا لەسەر ئەو نەخشەیەی کە بۆبەکاربردنی ئەوکارە دامڕشتبوو، پەیڕەوی کەم بۆیە،ئەو کەرەستە چاکانەی چێی متمانەی ئەوەبوون هاوکارێکی باشم ئەبن بۆ ئەوکارەم، هەستام بە پەیڕەوکردنی کارەکەم بەپێ بەرنامە داڕێژراوەکەم، هەستیشم کرد لەپەیڕەوکردنیا سەرکەوتوبووم، ناشێ ئەوەشم بیر بچێ کە لە هومووو ئەو شوێنانەی کە گەڕام ، کەسانی زۆر زیرەکو لەبار هاوکارم بوون.



بەردەوام بـووم و هەر لەوسەردەمانەشـدا کـاری هـونەریم لەگەڵ هەردوو (ئۆرکســـترای ســـیمفۆنی ئەپڵـــدۆرن) وهەر لەگەڵ ئەواندا مۆسیقای درامای (ژاڵە)م کردە فۆرمێکی سۆناتا و لە شـاری ئەپڵدۆرن نمایشکرا.



نمایشی ئەوکارە هونەریە لە هۆڵێکی تایبەت بە نمایشی کاری ئۆرکسترا کرا، دەنگو باسێکی جوانی لێکەوتەوە، هەرچەندە بەداخەوە بینەرێکی کەمی کورد هاتبوو بەڵام ئەو نمایشە جێی شانازی بوو بۆ من، بۆیە نوسەرو ڕۆشنبیرو هونەرمەندێکی بەناوبانگی هۆڵەندی لە ڕۆژنامەیەکی هۆڵەندی بەوجۆرە باسی کردبوو.



columnhermanhafkamp

**Over weemoed**

Vorige week was het weer een goede doelenweek. Eerst een vreselijke tv-uitzending De gekste dag genaamd en natuurlijk bekende tv-artiesten met en zonder clownsneus. De volgende dag werd er gebeld of ik mijn vaste maandelijkse bijdrage voor een goed doel niet met een paar euro's wilde verhogen en des middags gingen onze wethouders Metz en Prinsen abseilend het gemeentehuis af in de hoop geld op te halen voor Warchild. Toen ik thuis kwam, hoorde ik op de radio een oproep om geld te storten voor de slachtoffers in Japan. Het is allemaal prachtig maar laat ons nu eens een week zonder goed doel. Ik vrees echter het ergste, want Pasen komt er aan. „En weet u dat er zoveel mensen zijn die..." enzovoorts.

Apeldoorn. We hebben naast de fietsen op de rotondes en in de lucht weer een bijzonder object terug. Een grote telefoon bij een van de gebouwen van Centraal Beheer staat rood-gloeiend en dat kan geen voorbijganger ontgaan. Eigenlijk zou die in deze tijd moeten worden vervangen door een mobieltje, maar je kunt het moeilijk vervangen want dan moet je de slogan veranderen in Even Apeldoorn drukken, en moeten aanvullen met een mobieltje zoals bij de restauratie van de Sint Jan in Den Bosch waar een engel in spijkerbroek is toegevoegd met in zijn(haar)hand een mobieltje.

Dankzij het mooie weer waren de terrasjes in ons centrum weer druk bezet. Een sprankje zon en wij laten ons koesteren. Maar het was ook druk bij de binnenactiviteiten. Er waren drie voorstellingen van de musical Eva in De Drie Ranken, de jaarlijkse eigen productie in een bomvolle zaal met prachtige liedjes en tientallen enthousiaste medewerkers. En er was zaterdagavond een bijzondere uitvoering door het Apeldoorns Symfonieorkest. Een première van een compositie van de musicus Salah Raouf uit Koerdistan. Hij schreef onder meer de muziek bij de eerste Koerdische film. Hij woont sinds 1999 in Apeldoorn, is actief bij Mudanthe en hij schreef boeken over muziektheorie en de speelwijze voor viool. Naast de prachtige uitvoering van werken van Bruch en Sibelius een heel bijzondere uitvoeing van Zhalle, de naam van een dorp waar zich veel ellende heeft afgespeeld en waar de componist met weemoed aan terugdenkt.

Alle lof voor het orkest dat Raouf de kans heeft gegeven zijn werk te laten uitvoeren. Misschien lezen we er nog iets over van een recensent.

هەر لەو ساتانەشـدا ئەوەم بەبیرهـات سـاتی خـۆی مـن پەرتوکی فێربوونی کەمانچەم لە شاری سلەیمانی بەیارمەتی بەڕێز کاک (نەوزاد قەفتان) باچاپ گەیاندوە، کە تـا ئێستاش مـۆرکەکەی بە ڕواڵەتی هونەری شارەکم و بگرە کوردستان یشـەوە دیـارە،بۆیە هەوڵم دا کە دوبارە ئەوپەرتوکە بەشـێوازێکی بەرزتـرو فراوانتـر کە بەتەواوەتـی لەخزمەتـی مۆسـیقای نەتەوەکەم دابێـت، ئەویـش پەرتـوکی (کەمـان ژەن)، بە لە سـەر بنەمـای مۆسـیقای کـوردی و زانستیەکانی مۆسیقای کوردی بیرۆکە نوێکەی خۆم ڕێچکەم بۆدانا، چـونکە لەمەو بەر فێرخـوازانی مۆسـیقای کـوردی بەخۆشـمەوە کە بمان ویستایە فێری نـۆتەی مۆسیقا ببین ئەبوایە لەڕێ پەرتـوکە بیانیەکـانی وەکـو (ڕۆلانـد) و (سـەفچیک) ...هتـد، فێـری نـۆتەی مۆسیقا ببونایە، لە سەر بنەمای ئەو لێکۆڵینەوە نـوێیەی خـۆم کە پـڕاو پـڕ، لەخزمەتـی هـونەری نەتەوەکەمـدایە، منـیش سوپاسـی (ئنیسـتوتی کەلەپـوری کـوردی) کـرد کە بڵاوکردنەوەکەیـان خسـتە ئەستۆی خۆیان.



بەردەوام بــووم لەســەر بــرەودان بە لێکــۆڵینەوەکەم، کە تەواو بووم و چەندجارێک پیاچونەوەم بۆکرد، لەسەر بانگهێشتی سەرپەرشــتیارەکەم دکتــۆر (لیــۆ پلیــنکەرس) بــردم بــۆ زانکــۆی ئەمستەردام و پێی خۆش بوو.



**هەرچەنـدەمن بـرەوی زیـاترم بە بیـرورِا نـویَ کەی خـۆم دابــوو، کە مۆســیقای رِۆژهەڵاتــی بەگشــتی و مۆســیقای کــوردی بەتـایبەتی لە ژێـر رِکێفـی نازانسـتیەکانی زەریـاب و فارابیـدا تـا ئیستاش لە رِەوتێکی ناهەموارو نازانستی دایە،  وتی لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەکەیـن و بانگهێشـتت ئەکەینەوە،هەرجەنـدە لام روون بـوو کە ئەوان دەیــان ســاڵە لەســەربنەماکانی تیۆرەکــانی مۆســیقی رِۆژهەڵاتــی کـاردەکەن کە لەسـەر بنەمـا نازانسـتیەکانی زەریـاب و فـارابی دانـراون، هەر وا بە ئاسـانی بـۆ مـن نـاچێتە سـەر، بـۆیە دوبــارە وتەکەی هــاورِیَ موزسـیانی خۆشەویسـتم دکتــۆر (بەرزان یاسین) هاتەوە یاد کە پێی وتم ، دەستخۆش  کـارێکی زۆە بەپێـزت کردوە مامۆستا ،ئەی ناترسی وەکو(جان فیلیپ رِامۆ) ت  لی بکەن، منیش بەشێوەیەکی جوان  وەڵامی خۆمم دایەوە.**

**لەوسـاتانەدا بیـرم لە کـارێکی هـونەری گەورەکـردەوە کە بریتی بوو لە بنیاد نـانی ئۆپێرای (خەج و سیامەند) لە نوسین و هۆنراوەی (عەبدوڵای سەیدیان) ،و تێکستی دکتۆر (دڵشـاد مستەفا) و پیــاچونەوەو هۆنراوەکــانی دکتــۆر( مــارف عــومەر گــوڵ) و لە مــاوەیەکی کورتـدا بەئەنجـامم گەیانـدو ئێسـتا تێکسـت و نـۆتەی مۆسیقاکەیم کردۆتە پەرتوکێک و ئامادەیە بۆ بەئەنجام گەیاندنی.**



هەرچەندە ئەم جۆرە کارانە یەکەمین جارە لەکوردستان بکرێت، پێویستی بە کەسانی بەتواناو هونەرمەندی بەئەزموون هەیە، بۆیە هەستەکەم لەساتی بەئەنجام گەیاندنی ساتێکی زۆری بوێت، هەرچەندە من بێ گومانم لە تواناو ئەزموونی هونەرمەندانی وڵاتەکەم بۆیە زۆر لام ئاساییە دەست بکەم بەئەنجامدانی ئەم کارە بەڵام ئەشێ لە ساتێکی ئاساییدا بێت، بۆیە هیوادارم ئەوساتەم بێتە بەردیدە کەبتوانم بڕیاری دەست پێ کردن بەم کارە گەورەیە بدەم، قۆڵی بێماندوویی لێ هەڵکەم، بۆسەرکەوتنی ئەم کارە، وا هەستەکەم کە ئێمەی میللەتی کورد کاری زۆر شیاومان هەیە کە بتوانرێ وەکو فۆرمە مۆسیقاییە جیهانیەکان کاریان لەگەڵ بکرێت،بۆیە من لای خۆمەوە کەمتەرخەمی لە بەئەنجام دانی ئەم جۆرە کارانەناکەم.

هەروەهالەگەڵ گروپی میوزیکی (میودانتا- مۆسیقاو هەڵپەرکێ و نواندن) بەردەوام بووم لە کارە هونەریەکانمدا چالاکی پڕ هونەری فۆلکلۆری نەتەوکانمان پیشانی بینەران ئەدا، من لەهەموو نمایشێکدا هونەری میللەتەکەی خۆم پێش هەموو هونەری نەتەوەکانی تر نمایش ئەکرد، بۆ زیاتر ناساندنی هونەری نەتەوەکەم بەگەلانی تر.



هەروەهــا خــۆم هاوكــاری هەمــوو لایەنێــك و مــیللەت دۆســتاندابووم بــۆ  هاوكــاری كردنــی لێقەومــاوانی پارچەكــانی كوردستـان ، ئەوەبـوو لەسـاڵی ٢٠١٥ گەڵ(( ڕێكخـراوی سێ فێ)) (Stichting  Sêvê) ڕێكەوتین كە ئـاهەنگێكی مۆسیقاو گۆرانی لە شــاری (ڕۆتەردام ) بگێــڕین و هەمــوو دەركەوتەكەی بنێــرری بــۆ ئاوارەكانی كوردستان.



ئەم ڤیستڤاڵە بینەرێکی زۆری هەبوو ، جێی ڕەزامەندی هونەرمەندان و سەرانسەری بینەران بوو، من بۆخۆم وەک تاکە ژەنیار بەشداریم کرد و چەندین پارچە مۆسیقای شیاوم ژەند، هەروەها وەکو کۆمەک بۆ هونەرمەندانی تری بەشدار بووچەند جارێکی تریش بەشداریم کرد.

زۆر دڵخۆش بووم بەوەی کە لەتوانامانداییە کەهاوکاربین بۆ خزمەتی نەتەوەکەمان و دووبارە پێناسەی هونەری نەتەوەکەمان بە میللەتانی جیهان بکەیین.

گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە ئەو جۆرە هاوکاریانە بۆلێقەوماوانی نەتەوەکەمان ئەرکی سەرشانی هەموو هونەرمەندێکە و ئەشێ هەموو هونەرمەندێک بیری لێبکاتەوەو ئامادەی هاوکاری کردن بێت، چونکە ئەم جۆرە هاوکاریانە تەنها بۆ خزمەتی نەتەوە نییە بەڵکو خزمەتی هونەرمەندەکە خۆشی ئەکات و بێناسەکەی زیاتر لەناو خەڵکیدا نمایش ئەکرێت.



لەهەمان فیستڤاڵدا من بە چەند شێوەیەک نمایشی مۆسیقا ژەندنم ئەکرد، چەندجارێک لەگەڵ گروپی جۆراو جۆرداو، هەندێ جاریش بەتەنها ژەندنی ئامێری کەمانچەم ئەکرد، کە جێی ستایشی بینەران بوون.



لەسەر داوای فلیمسازی کورد (ئاوات عوسمان) سەردانی شاری لەندەن م کرد بۆ ئەوەی مۆسیقا بۆ فلیمی (leave to stay) دابنێم منیش بە شێوەیەکی باش ،پاش تێگەیشتنم لە بابەتەکە مۆسیقا کەم بۆ ئامادەکرد و هەروەها گۆرانیەک بەدەنگی گۆرانی بێژ (ئەمەل سەعید کوردە) بۆ فیلمەکە ئاوازم بۆدانا وئەوەی شایانی باسە مۆسیقای فیلمەکەم لەسەر بناغە ئاوازە سەرەکیەکەی کە بۆ گۆرانیەکەم دانابوو کە هۆنراوەی هەڵبەستڤان (ئیسماعیل محەمەد) بوو، لەبەرئەوەی سەرانسەری هۆنراوەکە گوزارشی تەواوی لە ناوەرۆکی فیلمەکە ئەکرد، بۆیەتوانیم لەئاستێکێ باشدا مۆسیقای فیلمەکە لەسەر میلۆدیەکانی ئەو هۆنراوەیە بنیات بنێم، بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە نمایشی فیلمەکە لە شاری لەندەن و دەرەوی وڵاتی (ئینگلتەرا) نمایشکرا.



دوبارە ئەڵێم :



لەسەر بانگهێشتی هاوڕی یانی (سوید) بەڕێزان (جەمالی فەتحیان) و چەند برادەرێکی تر هەستاین بەسازدانی چەند کۆنسێرتێک بۆ یادێکی کوردستانی ڕۆژهەلات.

من و چەندبرادەرێک بەمۆسیقا ژەندن و چەند هونەرمەندێکی تریش بە ئاواز چڕین ئەو کۆنسێرتە خنجیلانەمان ڕەخسان، بینەرێکی کوردی زۆری هەبوو، کارەکان زۆر بەجوان بەرێوە چون.

چەند وێنەیەک ساتی پڕۆڤە لە وڵاتی سوید لە گەڵ کاک (جەمال فەتحیان) فلووت ژەن ، خۆم بە کەمانچەو کاک (ئەسعەد ڕەزازی) گۆرانی چڕ، هەروەها ستران بێژ (هێدی قادری) بۆیە خۆم داوام لە هونەرمەند (جەمالی فەتحیان) بۆئەوەی لەو بارەیەوە بدویَ:

فەتحیان ووتی:

دەمەوێت ئاوا بێمە ناو باسەکەم و دەر بارەی ئەو چەند وێنە کە پراو پرە لە بیرەوەری جوان و لە بیر نەکراو بدوێم.

سالانیکی زۆرە و ئەگەرێتەوە بۆ سەردەمی منداڵیم و چالاکی قوتابخانەکان لەرۆژەڵاتی کوردستان کە ئاوێتەی دنیای موزیک و چالاکی هونەری بوم ،کۆری جۆراو جۆر لە هونەرمەندانی محەلی وهونەرمەندانی ملی باژێر و ناوچە جیاوازەکانی کوردستانم بینی و تەنانەت بە هۆی نزیکی باوکم لە هونەرمەندی گەورەی نەتەوەکەمان حەسەن زیرەکی نەمر دەیان مەجلیس و کۆری ئەو

زاتەم بینی هەتا تێکەڵ بونم بە فەرهەنگ و هونەری ئەو سەردەمی پاشایەتی وئەو مناسبانە کە لەو سەردەمدا هە بو لەو پێوەندیەشدا بە زۆرهونەرمەند و کۆر و کۆبونەوە ئاشنا بوم هەتا چونم بۆ رامسەر کە یەکیک لە گرینگترین کۆرە هونەریەکانی ساڵ بو لەو کاتدا بۆ دیاری کردنی هونەرمەندی سەرکەوتو لە ئاستی ئێراندا، هەر یەک لەو کۆر و کۆبونەوەو دیدارانە فێربون وئەزمونێکی تازەی پێ بەخشیم ،بەڵام بە هۆی رایەڵی گواستنەوەی دەنگ و رەنگ زەحمەت بو بە جیهانی دەرەوەی جوگرافیاکەی خۆت ئاشنا بیت هەتا لە پربە هۆی بەرەو پێش چونی زانست ئاستی گواستنەوەی دەنگو رەنگ پەرەی ئەستاند و دەنگی بە سۆزی موزیک و بوارە جۆراو جۆرەکانی هونەر لە باشوری وەڵاتەوە سنوری تێپەراند و بە سۆزی ژێ کەمان و ئامیرە بە هەستەکان کە بە پەنجەی رەنگینی هونەرمەندانی شارە سولیمانی کە ئیزاعەی بەشی کوردی بەغداوە بلاو ئەکرایەوە ئاشنا بوم و دنیایکی فروانتر لە هونەری گەلەکەمان لە بەردەم مندا کرایەوە، دەنگی رەسەنی هونەرمەندانی سولیمانی و بەرهەمە رەسەنەکانیان رۆژ بە رۆژ زیاتر هۆگری ئەکردم و ئارەزوم بو رۆژێک لە نزیکەوە لە ئامێزیان بگرم .

ساڵ هاتو چو بارودۆخی ئیمەی کورد لە هەمو بەشەکانی کوردستان وایە کە زۆر جار بوە بە ناچار ئەبیت زێدی خۆت جی بهێلیت و کۆچ بکەیت بۆ شوێنێک لی ئاسودە بێت هەمان چارە نوس روبەروی من بوەوە و پەریوەی باشوری کوردەستان بوم ،ئەم کۆچەئەگەر چی لە ئەستەم بو جێ هێشتنی هەمو رابردوت بەڵام هاو کات دڵخۆشکەر بو بۆ من کە ئارەزوی چەندین ساڵەم هاتە دی، ئەو هونەرمەندە گەورانەی وەک مامۆستا سەلاح رەئوف و بەشێکی زۆری هونەرمەندانی باشورم لە نزیکەوە بینی و تواناو بەهرەکانیانم لە نزیکەوە هەست پێ کرد، بە هۆی متوازع بون و

دڵسۆزی بەشێکیان و نزیک بونی بیرو رامان لە یک من وەک خۆم زیاتر لە مامۆستای خۆشەویست سەلاح رئوف نزیک بوم وبەهرەمەند بوم لە توانا هونەریەکانی،بە هۆی بەر فراوانی بەرەهەمە جوانەکانیەوە تەنانەت لە سەردەمی ئنگوستە جاوی حیزبی بەعس دا، ئەنستیتیۆی کورد لە پاریس داوایان لە سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات کرد بو کە بەرهەمی ژاڵە بە نۆتە بنوسرێتەوە و بە شێوەیکی جوان بژەندرێت و بۆیان بنێرن بۆ پاریس ئەو ئەرکە بە من و مامۆستا نزار کوێستانی هەڵبەست وان سپێردرا لە مەعهەد فنونی سولیمانی چاومان بە مامۆستا سەڵاح ڕەوف کەوت و داواکاریەکەی بە چی هێنانین و بەرێمان کرد بۆ شوێنی ئەنیستیتوی کورد لە فەرەنسا.

لە ساڵیادی ٥٠ ساڵەی حیزبی دیموکرات دیداریکی دیکە بو کە مامۆستا سەلاح رئوف و کۆمەڵێکی زۆر لە تەلەبەکانی لە (قەلا سەیدە) لە ساڵ یادی حیزبی دیموکراتمان ریزگرت ،هەتا دوایی، بەداخەوە بارودۆخی کوردستان بە هۆکاری جۆراو جۆر وای لێهات بەشێکی زۆر لە هونەرمەندان رێگای تاراوگەیان گرتە بەر و مامۆستا سەلاح چارە نوس بردی بەرەو هۆڵەندا.



ئەم چەند وینە کە بە لای منەوە یەکیک لە نایاب ترین وینە و بیرەوەریەکانی ژیانمن، سالانیک بوو لە وڵاتی سوید بە کارو باری هونەری سەقاڵ بوم و بە شێوازی جۆراو جۆر چالاکیم هەبوو. بەداخەوە بە هۆی پەریوە بوونی هونەرمەندان لە وڵاتانی جۆراو جۆری دنیا هەندیک زەحمەتە بە زۆر هۆکارەوە بتوانی کۆر و کۆمەڵیکی هونەری کە بتوانێت جیَ خۆی بکاتەوە پێک بهێنێت.

بیَ گومان چالاکی هەبوو و هەیە زۆر جار هەیە ویستی دەرونی ئینسان پەل ئەهاوێت و خەیاڵ پەلکێشت دەکات، ئازیزانێک هەر چەند لێت دور بن و زەحمەت بێت خەیال بکەیتە واقیع بەڵام کۆڵ نادەێت هەنگاوی بۆ دەنێت بۆ ئەوەی هەم دیدار تازە بکەێتەوە هەم لە توانا هونەریەکانی ماموستایانی ئازیز بەهرەمەند بیت.

لە سەر ویستی هونەرمەندانی دەوروبەرم و ویستی زۆربەی خەڵکی شارەکە کە لە وڵاتی سوئید لە شاری هێلسینگبۆری نیشتەجێین، خوازیاری دیداری ماموستا سەلاح ڕەووف بوون، کە لە ئاکامدا ئەو بەختەوەریمان بە نسیب بوو و دوو جار دەعوەتی رەسمیمان کرد.



لەو دوو سـەفەرەدا بانگهێشـتی بەشـیکی زۆر لە هونەرمەندانی ئازیز کرابوو و چەند شەوێکی پڕاوپڕ لە بەرهەمی هونەری و دنیایکی پر لە یادەوەری وسەفا و خۆشەویستی هاتە گـۆرێ. جیـا لەوەی ئەو پێـک گەشـتنە هـونەرییە بـووە هـۆی نـوێکردنەوەی دیـدار، هاوکـات نـیمچە ڤێسـتیوالێکیش بـوو بۆ ئەو هونەرمەنـدانە ئازیزەکـان و جـێ رەزامەنـدی پێویسـت بـو خەڵکـی شاری هێلسینگبۆری.

کوردانی ئەو شارە بە دڵیکی ئاوەڵاوە مامۆستا سەلاح،یان لە ئـامێزی گرمیـان گـرت و ئەو چەنـد رۆژە لە لایـان بنەمـاڵە رەسەنەکانەوە باشترین پێشوازیان لێکرد وباس و خواسێکی زۆری هونەری هاتە گۆری، بـوەتە بیروەریـک کە هەتـا ئێسـتاش بـاس و خواسی لای هەمووان بە زیندوویی ماوەتەوە ئارەزوی چەند بارە بـونەوەی ئەو فستیواڵ و کـۆر و کۆبـونەوانە ئەکرێـت، بە هیـوای تەندروستی و تەمەندرێژی مامۆستا سەلاح رەئـوف و بتـوانین زۆر جاری دیکە لە نزیکەوە لە ئـامێزی بگـرین و لە ئەزمـونی دێرینـی بەهرەمەندمان بکات.



دوباره منیش ئەڵێم:

لەگەڵ بەردەوام بـــوونم بەم کــــاره هـــونەریەوە، واتـــا لێکـۆڵینەوەکەم، بەردەوام بـووم بەکـاری هـونەری مۆسیقاوه واتـا ژەنین و ئاواز دانان،هەر لەو ساتانەدا چەند ئـاوازێکم بـۆ گـۆرانی بێژ (ئەمەلی سەعید کوردە) لە شاری لەندەن تۆمار کرد، هەروەهـا لەگەڵ هونەرمەند محەمەد عەباس بارام و ئەمەلـی سـەعید کـوردە ئاوازێکم بەنـاوی (بۆخۆرئـاوا) بـۆ دانـان و لە ستۆدیۆکانی شـاری لەندەن تۆمارمان کرد،هەروەها بەشداری جەنـد ئاهەنگێـک مـانکرد لە شاری لەنـدەن، بـۆ هاوکـاری کردنـی پەنـابەران و لێقەومـاوانی ڕۆژئاوای کوردستان،



ئەمەلی سەعید کوردە.

ئەڵێ:

گفتوگــۆیەکم لەگەڵ مامۆســتای تیــۆری موزیکەکەمــدا لەزانکۆ، باسم لەڕێزی مامۆستا دەکرد لەکۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتیدا کەچۆن ئەڵێین :

ئەوەی پیتێکی فێرکردیت بۆی ببیت بەکۆیلە! (من علمني حرفآ صرت له عبدآ ) مامۆستاکەم بە سەرسامی لیمی ڕوانی وتی:




بــۆ دەبێــت ببیــت بەکــــــۆیلە؟ ئەی بۆنایکەیتە گوڵێک بە ســــــنگتەوە شـــانازی پێــوە بکەیت؟

لەڕاســتیدا وتەکانیم بەدڵ بوو منیش ئەمڕۆ باس لەهەندێ کاروچالاکی یەکێک لەوکەسایەتیانەی هــونەر دەکەم کە ڕۆژانێــک مامۆســتام بــوون و هاوکــارم بــوون لەگەشەکردنی ناوی ئەمەلی سەعید کوردە.

بەشانازیەوە ئیمڕۆ باس لەیەکێک لەو مامۆستا ئەزیزانە دەکەم کەئەویش مامۆستا صەلاح ڕەئوفی هونەرمەند و ئاوازدانەری کوردە،سەرەتای ئاشنایەتیم بە م.صلاح لەکۆتـایی هەشتاکانەوە بوو لەڕێی ڕۆژنامەو گۆڤـار و تەلەفزیۆنەوە بوو کە تەنها نـاویم بەر چاو و گوێدەکەوت لەسەر ناونیشانی بەرهەمە هونەریەکان.

بە قەولی دایکم : ڕۆژان هـات و ڕۆژان ڕۆیـی، لەسـەرەتای نەوەدەکـان ڕاپەڕینـی کوردەکـان لەبـاکوری عێـراق بەسـەر ڕژێمـی

بەعسی تۆتالیتاری صەدام حسێن یان بەسەرکەوتووی ئەنجامدا، وا ڕێکەوت بۆ یەکەمین جاری تەمەنم خێزانەکەم ڕێگرم نەکەن لە چوونم بۆ پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی! خۆمم زۆر بە بەختەوەر دەزانی لە (مقابەلەی) پەیمانگادا نمرەیەکی باشم بەدەستهێناو وەرگیرام.

بێ گومان من هێند بەخت یاوەرم نەبوو لەژیانمدا کە لە خێزانێکی هونەری بووبم نەباوکم و نەکەسێکی تری خێزانەکەم هونەرمەند و گۆرانیبێژ نەبوون تاکو ئەو ڕێبازە هونەریە بۆمن ببوایە بەداینەمۆی بەرهەمە هونەریەکانم بەڵام سوپاسی یەزدان دەکەم کە پەیمانگا کۆمەڵێ هونەرمەندی پێ ناسانم کە وەک باوک و خێزان پەروەردەیان دەکردین لە هونەردا و ئێستاش ئامۆژگاریەکانیان وەک زەنگ لە هزرماندادەزرینگێتەوە.

ناسینی من بە مامۆستاو هونەرمەند صەلاح رەئوف نەلە چالاکی قوتانخانەکانەوە بوو نە خولی پشوی هاوینەوە بوو نەهیچ ، بەڵکو لەپەیمانگای هونەرە جوانەکانەوە ئاشنا بوین بە کۆمەڵێ هونەرمەند کە تەنها لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە دەبینران بەڵام ئەوکات بوون بەمامۆستا وانەمان پێ بڵێنەوە ئەمە بۆخۆی خەون بوو!!!

یەکەمین دیداری م.صەلاح م چاک لەبیرە، لە یەکەم وانەی قۆناغی پەیمانگا مامۆستایەکی ئەفەنی ڕێک پۆش بە کەمانچەکەیەوە خۆی کردبە کلاسدا (کەمانچەو قەوسەکەی بەدەستەوە بوون نەک لەناو (سندوقی کەمانچەکەی) پاش گفتوگۆو خۆناساندنمان مامۆستا صەلاح دەستیکرد بە تاقیکردنەوەی دەنگی خوێندکارەکان ،کەهاتە نۆرەی من کەمانچەکەی لەباوەشکردو بە پزیکاتۆوە (یەکێکە لەتەکنیکەکانیکەمانچەژەنین) گۆرانیەکەی

**لەگەڵ دەژەنیم و لێی پرسیم ئەتوانی ئەم گۆرانیە بڵێیت؟ باشم لەبیرە گۆرانی (گەردوون من چی بکەم) بوو چەندجارێک تۆنەکانی بۆ بەرزو بەرزتر کردمەوە تاکو دڵنیابێت لەتوانای دەنگیم بەڵام من لەناخما ترسێک هەبوو ئاخۆ بۆ مامۆستا صەلاح ئەوهەموو تۆنەی بەمن تاقی کردەوە ؟ گومان و ترسم لا دروست بوو ، ئەم هەموو گۆڕان و بەرزونزمیە چیە بە قورگمی دەکات؟ بێ ئاگا لەوەی مامۆستا صەلاح بە ژێکانی دەنگما گوزەر دەکات و جوانترین تۆنی تیا دەدۆزێتەوە، لەو کاتەدا پۆلێنی دەنگەکانی سەرجەم خوێندکارانی کرد من یەکێک بووم لەدەنگە سۆپرانۆکان (دەنگی تیژی خانمانە).**

**ئەو بەرهەمانەی کە لەئاوازی م. صەلاح بن و من ئەدائم کردبێت گەواهی ئەوە دەدەن کە زۆرترین تۆنی بەرزم تێدا چڕیون و زۆری هیلاک دەکردم چونکە وتنی تۆنە بەرزەکانیش هێند ئاسان نیە و کەم بوون ئەو خوێندکارانەی ئەم توانا دەنگیەیان هەبوو کە بە خۆشحاڵیەوە من یەکێک بووم لەو خوێندکارە بەتوانایانەی دەنگ.**

**وەک یاسای پەیمانگا هەر مامۆستایەک خوێندکارەنی پێویست بوایە بۆ هەر کارێکی هونەری بەدەنگ بوایە یاخود ژەنینی ئامێرەکەی بۆمان نەبوو ڕەتی بکەینەوە و دەبوایە بەشدار بوینایە لەکارە هونەریەکان بەتایبەت فیستیڤاڵی ساڵانە کە بۆ مێژوو دەیڵێم تاکە خوێندکار بووم بەدرێژایی ئەو پێنج ساڵەی پەیمانگام بەشی شێرم هەبوو لەوتنی صۆلۆ وگۆرانیەکانی گشت مامۆستا بەڕێزەکانی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی.**

**وەک خوێندکاری پەیمانگا و زۆرکات بەهاوکاری تیپی مۆسیقای سلێمانی بەشداری زۆرێک لەبۆنە نەتەوەییەکاندا دەکرد**

لەوانە: ساڵیادیکیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفال و یادی شەهیدان بەکۆڕاڵی واتە (دەنگی کوڕ و کچان بە کۆمەڵ) پێشکەشمان دەکردن. ڤیستیڤاڵی ساڵانەی پەیمانگای هونەرە جوانەکان دەروازەیەکی هونەری بەرزبوو چونکە بە هەوڵ و ماندوبوونی خوێندکارو مامۆستاکانی پەیمانگا کارە هونەریەکانمان لە کوردی و بیانیش پێشکەش دەکرد . هەر بۆیە ئەنجامێکی هونەری باشی دەپێکا.

یەکێک لەو کۆڕاڵانەی لەئاوازی م.صلاح بوون بەهاوکاری سەرجەم خوێندکار و مامۆستایانی پەیمانگاشەوە پێشکەشکرا (مارشی ژان) بووهۆنراوەی گەورە شاعیری کورد حەسیب قەرەداغی بوو، صۆلۆکانی لەلایەن بەندەو ئەژدەر وەهبی هاوڕێمەوە بوو بەهاوکاری هاوڕێ یانی پەیمانگاوە بوو.

کارەکە باس لە ماڵوێرانی و سەرگەردانی کورد دەکات پڕی بوو لە هەڵچوون و داچوونی ریتم و ئاواز وەک هەمیشەی کارەکانی مامۆستا صەلاح مۆسیقا و ریتم و وشەکانی کۆڕاڵەکە ئاوێتەیەکی ئێجگار بەسۆزی پێک هێنابوون.

قەڵای دم دم یەکێکی تر بوو لەو کۆڕاڵانەی پەیمانگا پێشکەشمان کرد لەهۆنراوەی بەرزان هەستیار بوو ،بەڕاستی گوێگرتن لەم کۆڕاڵە تاکۆتایی وەک ئەوە وابوو بینەری فلمێکی درێژ بووبیت یاخود ڕۆمانی (قەڵای دم دم) ت خوێندبێتەوە چونکە هەڵبژاردنی وشەکان لەگەڵ ڕستەمۆسیقیەکاندا سیحری کردبوو بەسەر ئاوێتەبوونەکەیاندا.

بەڕاستی هەموو کۆڕاڵێکی پەیمانگا کە پێشکەشمان دەکرد لەنێوان نیو کاتژمێر بۆ٤٥ خوولەک دەبوون ،چەندین مقام و ریتمی تیا دەگۆڕدرا،ئەم جۆرە کۆڕاڵ و نمایشانە ئاستی باشی دانەر و موزیسیان و خوێندکارانی دەردەخست کە بەچ

ماندووبونێکدا تێ پەڕیون تاکو گوێگرگوێ بیستی ئەم شاکارە هونەریە بێت، بێ گومان ئەم جۆرە کارانە ئەو پەندە کوردییەی پشت ڕاست دەکردەوە کە چەپڵە بەدەستێ لێ نادرێ وکاری هەرەوەزی ئەنجامی سەرکەوتنی هەیە.

هەندێک جار هونەرمەندان ڕۆڵی ریڤایڤڵیزمەکان دەبینن لەنوێکردنەوەی کارە هونەریەکان کەلای زۆرێکمان بوونەتە پیرۆزیەکانی سەدەکانی ڕابردوو، لەیادمان نەچێت نوێکردنەوەی هەندێ لە گۆرانیە فۆلکلۆریەکان یاخود سەدەی پێش خۆمان بە ئامانەتەوە پێشکەشمان دەکردنەوە بۆ نمونە : کارێکی جوانمان کرد لەگەڵ مامۆستا صەلاح من و ئەژدەر وەهبی چڕیمان گوزەرێک بوو بەنێو چەند ئاوازێکی کۆندا.

بۆ یادی شەهیدی سەرکردە (شەهید ئارام) ئێوارەیەکمان پێشکەشکرد لەهۆڵێ ڕۆشنبیری لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی و پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەشی مۆسیقا،

کۆمەڵێک کارمان پێشکەشکرد کە وەک مێژوو یەکێکە لە قۆناغە جوانەکانی هونەر ،سەرەتای دەست پێکردنی ئێوارەکە بۆ بەرز ڕاگرتنی خەباتی شەهیدان (ڕێ ی خەباتمان) من و هونەرمەند دیاری قەرەداغی بە دووانی پێشکەشمانکرد زۆر باشم لەیادە داوا کرا لەهەمان ئێوارەدا لەلایەن ئامادەبوانی هۆڵەکە داواکرا دووبارە نمایشمانکردەوە.

لەزاری هونەرمەندی پێشمەرگە ئازاد خانەقینی کەیەکێک بوو لە ئامادەبوان کە ئەدائو پێشکەشکردنی سروودەکە هێند بەرز بوو جیاوازی نەبووە لەگەڵ ئاوازە روسیەکە کە لەئەصڵدا ئەو ئاوازە ئاوازێکی ڕوسییە بەناوی (کاتیۆشا) وە ئێمە بە هەمان جوانی و بەرزی مۆسیقاکەوە پێشکەشمان کردەوە.

بەدەر لە بەرهەمەکانی پەیمانگا ئاوازی مامۆستاکانم وتون کە وەک کلیپ کاری تەنهایی بوون واتە وردە وردە وەک گۆرانی بێژ پێی دەرکەوتم.

یەکەمین کاری هونەریم بۆ تی ڤی لەگەڵ مامۆستا صەلاح (منداڵەکانی ڤاتیکان ) بوو لە هۆنراوەی د.فەرەیدون عەبدولبەرزنجی بوو لەسەرەتای نەوەدەکان بوو چونکە من یەکەم دەرکەوتنم بۆ تی ڤی گۆرانی دەریا بوو ئاوازی م.ئەنوەر قەرەداغی بوو پاشان "منداڵەکانی ڤاتیکان" درەوشایەوە لەنێو بەرهەمە هونەریەکانم.

منداڵەکانی ڤاتیکان کارێکی پەیام ئاسا بوو نامەیەک بۆ پاپای ڤاتیکان بوو ، لەسەرەتادا ئاوازەکە هێمن و بەسۆز دەستی پێ دەکرد پاشانڕیتمی دەگۆڕی و هێزێکی دەبەخشیە ئاوازو پەیامەکەش.

وێنەی ئەم کارەمان لەناو کڵێسای سلێمانی گرت بێ گومان ئەوکات نە ناو ونەمانای سپۆنسەرمان ئەزانی واتە کەس نەبوو سپۆنسەری کارە هونەریەکەت لە ئەلفەوە تا یای بکات! بۆ یادەوەری جلوبەرگی (لانە)ی کچی مامۆستا صەلاح یان کردە بەرم بۆ وێنەگرتنی کلیپەکە، بەرهەمەکە سەرکەوتنی باشی بەخۆیەوە دی و پاشان لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانیدالە ساڵیادی هەڵەبجەی شەهید لەشاری هەڵەبجە منداڵەکانی ڤاتیکان دیسان لەسەر تەختەی شانۆ پێشکەش کرا بەهاوکاری چەپکێ،هونەرمەندو ژەنیاری ئەو سەردەمە.

بێ گومان هەر کارێک لەگەڵ ئەم پۆلە هونەرمەندانەدا پێشکەش بکرێت دەبێتە مێژوو، لەدوای سەرکەوتنی ئەم کارە هونەریەم لەگەڵ م.صەلاح هەوڵی کاری ترماندا تۆماری بکەین

لەوانە (گریـــانی دارســـتان) یەکێـــک بـــوو لەوبەرهەمـــانەی کە ئەزمـونێکی نـوێ بـوو بـۆم چـونکە یەکەمجـارم بـوو کارێـک بـکەم لەهـۆنراوەی گەورە شـاعیری کـورد شـێرکۆ بـێکەس بێـت و لـەگەڵ دەنگێ کی ڕۆژهەلاتیدا و وە هەر بۆ یەکەمین جار بـوو دوێـت بـکەم لەگەڵ هونەرمەنـدێکی ڕۆژهەلاتـی کەخوێنـدکاری پەیمانگـا نەبـوو ئەویش هونەرمەند (هێدی قادری)، ترس و یادگاریەک پێکەوە:

نـازانم بڵـێم یەک لە باشیەکان یـاخود سروشتی م.صـلاح ئەوەبوو کەئاوازێکی نوێی لەدایک دەبوو بەدەنگـی زۆرتـرین کـوڕو کچی تاقی دەکردەوە هەتا کەسێکی بەدڵ بووایە.

نازانم بڵێم ژیری مامۆستا صەلاح بوو یاخود دەنگی کەسـی بەدڵ نەبوو؟ بەڕای من بێ گومان هەردووکی بووچونکە لەجـوانترین دەنـگ دەگەڕا، بەدڵنیـایەوە ئەم ئـاوازەش زۆر کەس چـڕی و زۆر دەمـــاودەمی کـــرد بەڵام بە خۆشـــحاڵیەوە دەنگـــی منـــی بەدڵ بوولەکۆتاییـدا تۆمارمـان کـرد و چـارەنوس ڕێـی نەدا کلیپـی بـۆ بکەین.

ئـاوازی (نیوەشـەوە ) ئـاوازێکی شـیرین و خـۆش بـوو لە هـۆنراوەی ڕەوانشـاد هونەرمەنـد جیهـاد دڵپـاک بـوو بیـرۆکەی هۆنراوەکە وەرگیراویشانۆگەری (سێ تای ئاسنین) بـوو بەشـانۆیی پێشکەش کرا بوو گۆرانیەکەش لەو سەردەمەدا بەدەنگی هونەرمەنـد شەماڵی عەبەڕەش وتراوەپاشان م. صـەلاح ویسـتی بەتۆمـارکراوی هەبێـت بەدەنگـی هەمـوو خوێنـدکاران تـاقی کـرایەوە لەکۆتاییـدا مامۆستا صەلاح دەنگی منی هەڵبژاردو تۆمارمـان کـرد بەڵام لێتـان ناشـــارمەوە هەر تـــرس بـــوو لەدڵمـــا کە م.صـــلاح بە دەنگـــی هونەرمەنـدێکی تـر تۆمـاری بکـات چـونکە بیسـتبووم چەنـدجارێک

دەنگـــی هونەرمەنـــدەکانی تۆمـــارکردوە بەڵام ئـــاوازەکەی داوەتە هونەرمەندێکی تر!

ئەمە بۆ من ببوە مۆتەکەی سەرم ئاخۆ مامۆستا صەلاح ئەم ئاوازەم پاش تۆمارکردن لێ دەسەنێتەوە یاخود هەر بوو بە موڵکی خۆم !؟ بەڵام لەو ساڵەدا کە نیوەشەوەمان تۆمارکرد کۆچی بۆ هەنـدەران کـرد و ئـاوازەکە مـایەوە تـاکو منـیش ڕێـم کەوتە هەندەرانەوە لە ساڵی ٢٠١٢ لەلەندەن کلیپم بۆ کرد خۆشبەختانە دەرهێنـــانی بەرهەمەکە بـــووە ماســـتەرنامەی خوێنـــدکارێکی کـــچە ئینگلیزێک بەناوی (ناتاشا ڤەلەنتینۆ).

بەپێی ئەو ئەزمونە هونەریە هەژارەی خۆم هەمە ئەتوانم کەمێک وەسفی کارەهونەریەکە بکەم بۆ نمونە: سەرەتا بە ڕیتمێکی خاو ئیقاع و گشت مۆسیقا پێ بەپێی گۆرانیەکە هەنگاو دەنێن وەک دەڵێ : نیوە شەوە و، دنیا خامۆش ، کات لەسەرخۆ تێ دەپەڕێ .

ئەم سەرەتای دەستپێکردنە مۆسیقا هەستێکت پێ دەبەخشێ بەڵێ کات هێدی هێدی تێ دەپەڕێ بە قۆناغ پاشان کەدەڵێ:

دیـــوارێ تـــاریکی ئەســـتور ، مۆسـیقابەرزی و ئەســـتوری دیوارەکەت پێ نیشان دەدات' ڕێ لەخۆزگەکانم ئەگرێ ' پاشـان بە کێشـێکی لێکـدراو بەردەوامـی دەدرێ بە ئـاوازو وگـۆرانیەکە ، بـۆ هەمـــوو بـــڕگەیەک لەهـــۆنراوەکە مۆســـیقا وەڵامـــدانەوەیەک و پڕکردنەوەیەکی تێر دەدات بەدەستەوە، بێ گومان ئەوەی شارەزایی لەکـاری هـونەری م.صـلاحدا هەبێـت ئەزانێـت زۆرکـات ئـارەزووی سەرکێشـــی دەکـــات لەبەکارهێنـــانی نـــۆتە مۆســـیقی و ریـــتمە لێکـدراوەکان، هەنـدێک جـار وا هەسـت دەکەیـن دووری ڕێگاکـان هەنگاوەکانمـان بچـوک دەکـاتەوە بەڵام پەیوەنـدیە بەردەوامەکـان دووریەکـان نزیـک دەکـاتەوە نەک نێوان بە مەتـر بەڵکـو بە کـاری

هونەری نزیک تر دەبینەوە وەک م.صەلاح رەئوف چەندجارێک لە هۆڵەنداوە کە نیشتیمانی دووهەمیەتی زەحمەتیان کێشاوە و هاتوونەتە خاکی بەریتانیاوە بۆ ئەوەی تۆماری کارە هونەریەکان بکەین لەوانە :

یادگاریەکانی دایکم کە هۆنراوەی (ئیسماعیل محمد) بوو لەئاوازی م.صلاح بوو کە بۆ فلمی درێژی (leave to stay ) گەڕان بەدوای شوناسدا سازکرابوو لە لەندەن و کوردستان و بەشێکی وڵاتە ئەوروپیەکان نمایش کرا لەدەرهێنانی ئاوات عوسمان عەلی بوو لە٢٠١٥، جوانکاری مۆسیقا لەگەڵ وشەکاندا ئاوێتە دەبن و وەڵامدانەوەی ڕستە مۆسیقیەکان هێندەی تر سۆزت پێ دەبەخشێت و ئەوەی بە وشە نەتدرکاندوە بەنۆتە مۆسیقایەکان پڕ دەکرێتەوە.

ئەمە لەیادگاریەکانی دایکمدا ، بەتەواوی گوێگر درک بەو جوان کاریە دەکات، ڕەنگە هەندێک جار یەکەم هەنگاوی هەموو هەڵوێست وەرگرتنێکی نوێ سەخت بێت بۆ هونەرمەندەکە خۆی پاشان بۆ دەوروبەر.



لەسەرەتای دروست بوونی داعشە ڕەش پۆشەکان بۆ سەرخاکی کوردستان کارێکی هاوبەشیمان ئەنجامدا بەناوی "بۆ خۆرئاوا" هۆنراوەی هەڵبەستەوانی لاو هەڵمەت هۆشیار بوو ئاوازی م.صلاح و بەندەو گەورە هونەرمەندی بەئەزموون محمد عەباس بەهرام چڕیمان کە بووەمێژوویەک و هاندانی هونەرمەندانی تر کۆمەک بۆ کوردانی خۆرئاوا بکەن لەگشت جیهانەوە بە سازدانی کۆنسێرت.

بەڕاستی لەم بەرهەمەدامامۆستا صەلاح خۆی کەمانچەکەی دەژەنی کاتێ گوێ لە ژەنین و ئاوازی ئەم بەرهەمە دەگریت گوێت لەگریانی ژێی کەمانچەکە دەبێت کەهانا دەبات بۆ هاوکاریکردنی کوردان.



منیش ئەڵێم خۆشگوزەرانی و دڵئارامی من لەوەدا بوو،کە
کاری هونەریم بۆ هەرکەسێ کردبێ، کارەهونەریەکە
بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە ئەچوە ناو کۆمەڵگا، بۆیە هەردەم
دڵخۆشم بەوەی بەڕێگا ڕاستەکاندا هەنگاوم ناوە.



دووبارە منیش ئەڵێم.

چەنـد سـاڵێک لەمەوبەر قوتـابی خۆشەویسـتم (سـابات ئەمـین) قوتـابی بەشـی مۆسـیقای پەیمانگـای هونەرەجوانەکـانی سلەیمانی، لەوڵاتـی (ئەڵمانیـا) چەن نمایشێکی بەکـارە هـونەریە منـداڵانەکانی مـن کـرد، کـارە گـرنگەکە ئەوە بـوو کە قوتـابیـانی ئەڵمـانی ئـاوازە کوردیەکانیـان ئەچـڕی لە نمایشـێکدا کە وەکـو ئـۆپەرێتی لـێ کردبـوو، چەنـد گـۆرانیەکی بـۆ نمایشـەکە بەکـار هێنابوو، لەوانە ئاوازەکانی :

١- بارانە. ٢- مراوی. ٣- کش کش کۆلارە.

سابات ئەمین (سابات مەحمود موحەمەد- ٢١-٨-١٩٧١)



ئەڵێ:

سـاڵی ١٩٨٨ لەپەیمانگـای هونەرەجوانەکـانی سـلەیمانی بەشـی مۆسـیقا دەسـتم بە خوێندن کرد، لەو ساتەوە مـن مامۆسـتا (سـەلاح ڕەوف) ئەناسـم، پێـنج سـاڵ بەشـداربوونم لە کۆرالەکـانی سـاڵانەدا بەدەنگـی سـۆپرانۆ بەشـدار ئەبـووم ، کارەکـانی مامۆسـتا سـەلاح زۆر تـایبەت و دڵگیـر بـوون، هەر لە منـاڵیەوە عاشقی میلۆدیەکانی بووم کە بۆ مناڵانی ئەنوسی.

سـاڵی ١٩٩٣ لە کۆمپانیـای کوردسـتان کە مامۆسـتا سـەلاح سەرپەرشتی بەشی مۆسیقای ئەکرد، چەندین گۆرانیمان تۆمار کرد. لەساڵی ١٩٩٤ وە لە ئەڵمانیا ئەژیم،بەردەوام کاری موزیک ئەکەم، بەتایبەت لەگەڵ منداڵان دوو پرۆیەکتی گەورەم کرد لەساڵانی ٢٠١٣

و هەروەها ٢٠١٤ لەسەر مۆسیقای منداڵان، بەهاوکاری و یارمەتی ماموستا سەلاح بەناردنی تێکست و نۆتەی ئاوازەکانی ئەوکارانە.

کارەکان زۆر سەرکەوتوبون،تا ئەمڕۆش ئەو مندالانە ئەبینمەوە لەدورەوە گۆرانی بارانەم بۆ ئەلێن،کە ئەمە جێی خۆشحاڵییە منداڵێکی ئەوروپی میلۆدی کوردی ئاوا بچێتە دڵی هەشت ساڵە بیری نەچۆتەوە.

هەردووکارەکەش بریتی بوون لە :

١- ساڵی ٢٠١٣ ( Zara aus Kurdistan ) زارا لە کوردستانەوە کە سێ ئاوازی منداڵانی تیابوو بەناوەکانی :

آ – بارانە. ب– مراوی. ج– کش کش کۆلارە.



٢- ساڵی ٢٠١٥ ئۆپەرێتی (گورگی بێشەو هەرد-گەلاوێژو گورگ) مان نمایشکرد و  سەرجەم ئاوازەکانی مامۆستا سەلاح ڕەوف بوون.



هونەرمەندی دەنگ خۆش (تالیب ڕەسوڵ) ئەڵێ:
کێ هەیە کەمێ هونەردۆست بێت و ناوی مامۆستا سەلاح ڕەئووفی نەبیستبێت؟!



کێ هەیەلە باشووری کوردستان گوێی لە دەنگی کەمانە ئەفسوناویەکەی مامۆستا سەلاح ڕەئوف نەبووبێ بەتایبەت لە گۆرانی ژاڵەدا؟؟ مامۆستا سەلاح هونەرمەندێکی دەگمەن و دانسقەی کوردستانە و من هەرگیز ناتوانم لە چەند دێڕێکدا باسی کار و ئەزموون و خەباتی هونەریی ئەو بکەم.

هەر لەسەر دەمی هەرزەکاریمەوە من ئاشنا بووم بە دەنگی کەمانەکەی، زۆربەی ئەو گۆرانیانەی ئەو ئاوازی بۆ داناون ئێستاش لە گوێما دەزرینگێنەوە.

خاوەنی دەیان ئاوازی نایاب و تایبەتە و ئەو ئاوازانەش بۆ هەتا هەتایە بە زیندوویی دەمێننەوە.

مەخابن سەردەمی ئاشنایەتی و زیاتر نزیکبوونەوەمان لەیەکتر درەنگ دەستی پێکرد و من وەکو هونەر دۆستێک سوودم لە توانا و ئەزموونەکانی ئەو وەرنەگرت لە کاتی سەرەتای کارەکانمدا، بەڵام هەمیشە جێگای شانازیمە کە توانیم لەم چەد ساڵانەی دواییدا لە وڵاتی هۆڵەندا لە نزیکەوە بەیەکتر ئاشنا بین و بەیەکەوە بەشداری دەیان کار و چالاکی هونەری ببین،سەرسامم بە ئەو گوڕ و تین و دڵگەرمی یەی مامۆستا سەلاح ڕەئوف

لەکارەکانیدا!! کارکردن و کات بەسەربردن لەگەڵیا پڕە لە ئەزموون و بەسەرهاتی خۆش و پڕ یادگاری..

زۆر خۆشحاڵم کە پێکەوە توانیمان لەکاتی بەرگرییە نەبەردانەکەی عەفریندا هۆنراوەیەکی مامۆستا خالید مەجید فەرەج بکەینە سروودێک و پێشکەشی بکەین بەو بەرخۆدانە مێژوویی یە،سەرەڕای کارە هونەری یە نایاب و دەگمەنەکانی خالێکی تر هەیە کە من پێی سەرسامم ئەویش ئەوەیە کە ئەو هەمیشە داکۆکیکارێکی سەر سەختی نەتەوەکەیەتی و هەمیشە لە کار و چالاکیەکانیدا ئەو هەستەی ڕەنگی داوەتەوە..

بەڵێ ئەو خاوەن هزرێکی کراوە و مۆدێرنە بەڵام هەمیشە لە خەمی سەرکەوتنی نەتەوەکەیدایە و هەمیشەش ئامادەیە بۆ هەر کارێک لەو بوارەدا پێی بسپێردرێت، لە بواری هونەریشدا حەز بە نوێکاری و داهێنان دەکات بەو مەرجەی هونەرەکەی مۆرکی نەتەوایەتی خۆی لەدەست نەدات.



**تالیب ڕەسوڵ ٣٠-٦- ٢٠٢١ ئەمستەردام**

**هاوڕێی هونەرمەندم (دیاری قەرەداخی) ئەلێ:**

بەر لە هونەرمەند بوون ئەو مامۆستا و دەمێ هاوڕێ و هاوکارمان بوو, لەوەتەی بیرم دێ پێی دەڵێم مامۆستا چونکە بە راستی مامۆستای نەوەیەک بوو کە ئێستا ئەوان رابەرو مامۆستای هونەرن لە نێو هونەری کوردیدا، کەواتە باشتر بڵێم مامۆستای مامۆستاکان.

هەمیشە کە لەلامان دەبوو کۆڕو کۆبونەوەکانی گەرم و پڕ جووڵە دەبوون، چونکە هاوڕێی گشت تەمەنەکان بوو، بیرم نایە توڕەبوون و روو گرژ کردن لێمان چونکە دەیزانی سەرچاوەی میوزیک میهرەبانییە.




سەلاح رەووف ئەو ناوە درەوشاوەی نێو پانتایی هونەری میوزیکی کوردی و ئەو هونەرمەندەی خاوەن فیکر و قەڵەم و بەرهەم و سوپایەک نەوەی فێرکراو بە میوزیک، بۆیە شوناسی هونەرمەند بوون دوو جار پێی رەوایە،جارێ بە بوونی دیدگاو هەڵوێست و بەرهەم و ژمارەیەکی بەرچاو لە کتێب و وتار ی هونەریی و سەدان ئاواز و شاکارە بەرهەمی کوردیی،جارێکی تریش وەک هەمیشە فێرخواز و فێرکەر و وانەبێژ و مامۆستایی لە هونەریی میوزیک.

هەڵوێست بەشێکی گرنگی ژیانی مامۆستا سەلاحە تا ئێستاش لە خەمی میللەت و خاکەکەی کە بە روونی لە بەرهەمەکانیدا دیارە و بە ئاشکرا دەبنە گەواهیدەری ئەم شانازییە.

لەبەرهەمی (هەڵۆ لە لوتکەدا نامرێ (پێمان دەڵێ گۆرانیش بە جوانیی خۆی لە لوتکەدایە و نامرێ) لە گۆرانی (زام) دا دەبێتە سەراپا زامی نەتەوەیەک و هێما و ئیشارەت دەکا بۆ (شێرکۆ) ی نەمر کە بڵێ ئاواز نەبێ شیعر بۆ ئەبەد لە باوەشی خوێنەردا نییە بیرم دێ کە زۆرێک لە دراما کوردییەکانی چۆن بە میوزیک رەنگی دەکرد و فێری کردین تایتڵەکان چ گۆرانییەک بۆ مێژوو تۆمار بکەن ئاخر حەقمە دۆستانم ئەوە بڵێم ئایا رۆژێ لەیادتان کردووە گۆرانییەکانی (ژاڵە، گوڵاڵە،زام، چرا,....هتد)؟.

نوسین و کتێبەکانی سەرچاوەن بۆ هەژاریی رۆشنبیریی میوزیکی کوردیی خەیاڵ باڵاو فراوان و خەون بین هەمیشە بە بابەتی زیندو و تازەو نەبیستراو هەمیشە پێم دەوت: «مامۆستا هەر کە بەرێزت ون دەبی و دواتر بە باوەشێ کتێبی چاپکراوەوە دێیتەوە لامان و یەک یەک بەسەرمان دەکەیتەوەو دەیکەیتە دیاریی بۆمان و تەنانەت فرەسەتیشمان نادەیتێ خۆمان بچین بیکڕین،وزەیەکی شاراوەی زۆرو بەبەرکەتی کە دەبێتە چرا بۆ تاریکی ئێمەو کە بێتاقەتیش بین پێمان دەڵێ کۆڵ مەدەن چونکە بەدەستهێنانی جوانیی ئاسان نییە و دەبێ رۆ بچنە بنی دەریاو زەریاکان چونکە چنگ کەوتنی دوڕو مەرجان لە رووی دەریادا مەحاڵە.

سەرفراز بیت مامۆستاو مام و براو هاوڕێم هەناسەی گەرمی هونەر بە سینەی ئێوەوەیە هەرگیز سینە سارد و دەست سارد و ژیان سارد نەبن بژین تا نەوەکان زیاتر بژین و جوانتر جوانییەکانتان لێوە فێر بین.

کاکە سەروەت کۆیی.
سەرۆکی گروپی ئاوازی ون /لەندەن.
ئەڵـــــــێ:
مامۆستا سەلاح ڕەووف – گەوهەرێک لە هونەری کوردی.
هونەری کوردی مێژویەکی دێرینی هەیە، لە هەموو سەردەم و قۆناغەکانی ژیانیدا هونەرمەنـــدان هەوڵ و کۆششـــیان داوە بـــۆ بەرز ڕاگرتنــــــــــی ڕەســــــەنایەتی و هێشـــتنەوەی مـــۆرکی نەتەوەکەیــــــان ، یەکێـــــــــک لەو



هونەرمەندە مەزنانەی کورد کە بە هەگبەیەکی یەکجار گەورەوە لە خزمەت هونەری نەتەوەکەی بووە مامۆستا ( سەلاح ڕەووف )ە .
مامۆستا سەلاح لە ناو هونەری کوردیدا ڕۆڵی خۆی لە شەش بواری جیاواز بینیوە ( ژەنیاری، ئاوازدانان ، نوسین و بەرهەمهێنانی کتێبی هونەری، ئامادەکردنی میوزیک، دابەشکردنی میوزیک، سەرپرشتکاری گرووپ ) کە ئەم مەزنییە زۆر دەگمەنە و بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن.
یەکێک لە بیرەوەریەکانم لەگەڵ مامۆستای گەروەمان ، کۆنسێرتێک بوو لە لەندەن کە ئێمە وەک گرووپی ئاوازی ون بەشدار بوین بە میوانداریەتی هونەرمەندی گەورەی کورد – مامۆستا سەلاح ڕەووف، کە بە هۆی ڕینمایەکانی و ژەنیاری و هێنانی چەند بەرهەمێکی خودی خۆی بۆ ئەم کۆنسێرتە ! دە هێنە

جوانکـــاری بەخشـــیە گروپەکەمـــان و شـــەرەفێکی گەورەی بەخشـــی پێمان.

کارەکانی مامۆستا سەلاح ڕەووف لە ئاستێکی زۆر بەرزدا دەنرخێندرێن ئەگەر موڵکی هەرنەتەوەیەکی تربوایە ! ئێستا وەک بیتهـۆڤن ومـۆزارت و بـاخ ...بەرهەمەکـانی بە جیهانـدا بەربـڵاو دەبونەوە ، بەڵام بەداخەوە بە هۆی بێ دەوڵەتی و نەبونی کیانێکی کـوردیەوە بـوەتە قوربـانی و کـارە مەزنەکـانی بە هەگبەیەکـی زۆر گەورەوە وەک ئەرشیف لای خۆی گلداوەتەوە ،

هیـوادارین ڕۆژێـک بێـت گروپێکـی سـەمفۆنیای نیشـتیمانی کـورد دابمەزریـت و سـود لەو بەرهەمە نـازدارانە وەر بگـرن و بە سەرپەرشـتی و مایسـترۆکردنی لەلایەن مامۆسـتا سـەلاح ڕەووفەوە کارەکان تۆماربکرێن و هەموو لایەک لێی سود مەند بن ..



(( سەروەت کۆیی))

(سەرۆکی گروپی ئاوازی ون – لەندەن )

دکتۆره (لانه عەلی ئاغا وەیس)، پزیشکی پسپۆڕی دەروونناسی منالان.

ئەلێ :

مێژووی لەنزیکەوەناسینی مامۆستا سەلاح رەوف، دەگەڕێتەوە بۆ چاوپێکەوتنێک لە شاری (لاهای) لەهۆڵەندا، لەکاتی ئەنجامدانی خۆپیشاندانی کۆمالی کوردی هۆڵەندا دژی هێرشی داگیرکاری (داعش) بۆسەر (شەنگاڵ) لەهاوینی سالی ٢٠١٤.



لەوکاتەداکەمن سەرقالی فێربوونی ژەندنی ئامێری ساز بووم لەگەڵ گروپێکی هونەردۆستی کوردی لە دەڤەری (ئامسفۆرت)و هاوکارم بوونلە رێخستن و سازکردنی بەرنامەی کارێکی هونەری و کەلتوری لە هۆڵەندا، لەگەڵ مامۆستای بەڕێز گفتوگۆمانکرد سەبارەت بە هەماهەنگی کاری هونەریمان وچۆن مامۆستا یارمەتی دەرمان بێت، بەئەزمون و توانای بێوێنەی خۆی بۆ پێشکەشکردنی کۆنسێرتێکی فرەڕەنگی کەلتوری فەرهەنگی کوردی بۆدانیشتوانی هۆلەندی و کوردی دەڤەرەکە{ئەمسفۆرت).

مامۆستا بێ یەکو دووئامادەباشی خۆی دەربڕی بۆ کۆمەک کردنمان و پەرەدان بە فراوان کردنی چالاکی هونەری و کەلتوری کوردی لەولاتی هۆڵەندا.

نمــوونەی ئەوکــارە هــونەری و کەلتــوری و فەرهەنگــیە کوردیانەی کەلەگەڵ مامۆستای بەڕێز بەهەم ئاهەنگی ئەنجامـمان داوەو جێی شانازی باسە، ئەم چەند چالاکیەن :

١-ڕێکخستنی ڕۆژێکی کەلتوری فرە ڕەنگ، لەساڵی ٢٠١٦، کە تێداتیشک خرایە سەرمێژوی کورد ودیمۆگرافی و هونەری و کەلتوری کوردی ڕەسەن، مامۆستا بە ئاوازە کوردیە ڕەسەنەکان ڕۆژەکەی ڕازاندەوە، ئەم چالاکیە زیاتر لە (٢٠٠) کەس سەردانی کرد، کە زۆربەیان هاولاتی هۆڵەندی دەڤەرەکەو هونەردۆستانی نەتەوە جیاوازەکانی دانیشتوی هۆڵەندا بوون، چالاکیەکی هێجگار سەرکەوتو و بەپێزبوو کە بەئاستێکی بەرز هەڵسەنگێنرا، ڕۆڵی من لێرەدا پێشکەشکار و ڕێکخەرو ژەنیاری ئامێری (ساز) یش بووم.

٢- بەشدار بوونی مامۆستا سەلاحی بەڕێز لەگەڵ کاک محەمەدی میوزیک ژەن ، وەکوەک دیۆتی(DUO) میوزیک ژەن لەیادی شەهیدانی هەڵەبجەی شەهید، کەلەبەهاری ٢٠١٦ لەهۆڵەندا ڕێکخراوی مونتیەم (Montium) کە من وەک شایەتحاڵ بەسەرهاتی کیمیابارانی هەڵبجە بەشدار بووم، مامۆستای بەڕێزیش بەچەند پارچە میلۆدیەکی کوردی شیاو هەستو سۆزی ئامادەبوانی هەژاند.



٣- لە بەرواری ٢٩-٥-٢٠١٦ بەسەرپەرشتی مامۆستا سەلاح بەشداربووین بەکارێکی میوزیکی کوردی لە بەرنـامەی فرەکەلتـوری هۆلـەنـدی بەنـاوی ( تەمەنێک لـەسـەر شـانۆ- Age on stage ) ئەو بەرنـــامەیە لەســـەر ئاســـتی هۆڵەنـــدا پەخشـــی ڕاســـتەوخۆی تەلەفزیـۆنی کرا،مامۆسـتای بەڕێـز بە میـوزیکی ڕەسـەنی کـوردی هەرچوار پارچەکەی کوردستان لە دووبەرهەمی بەپێزدا کۆکردەوەو پێشکەشی بیسەرو بینەری ناو هـۆڵەکەو بگرە سەرانسـەری هەمـوو هۆڵەندا بەئاستێکی هونەری بەرزو لێهاتوانە کرا.

٤- هەرهەمان ساڵ(٢٠١٦) بەسەرپەرشتی مامۆستا سـەلاح و بەهەمـــاهەنگی چەنـــد میوزســـیانێکی کـــوردی باشـــوری کوردســـتان ئـاهەنگێکی خێزانـی ڕازەوە بەمیـوزیکی کـوردی سـازدرا بۆکـوردانی دەڤەری (ئامسفۆرت) و (خیدەرلانـد)، کە بەنـدە ڕۆڵـی پێشکەشکارو ژەنیاری ئامێری سازم ئەبینی.



پرۆژەی داهاتوومان:

گفتوگــۆو پلانـــی پــرۆژەی داهاتوومـــان لەگەڵ مامۆستا سەلاح ڕەوف بریتیە لە کردنەوەی خوێندنگەیەکی هونەری و فەرهەنگی کوردی لە هۆڵەندا، بەسەرپەرشتیاری مامۆستا بۆ بەشی میوزیک، بەمەبەستی ئاشناکردن و گۆشکردنی تاکی کورد و میللەتـــانی دیـکەی دانیشـتوی هۆڵەنـدا بەهـونەرو فەرهەنگـی دەوڵەمەندی کوردی و بەرزڕاگرتنی هونەرو ناسنامەی نەتەوایەتـی کوردی.

شایانی باسە کە هاتنی بـارو دۆخـی (کۆرۆنـا) بووە هـۆی دواخســتنی ئەم پــرۆژەیەو چەنـد پرۆژەیەکـی تـری فرەڕەنگـی کەلتـوری، کە خوازیـارم لەداهـاتوی نزیکدا کـاری هاوبەشـی بۆ بکەیـین لەگەڵ مامۆسـتای بەڕێـز، لەگەڵ هیـوای لەش سـاخی و تەمەندرێژی بۆ مامۆستای ئازیزو بەڕێز سەلاح ڕەوف.



دووباره:

منیش بۆکۆتا جار لێکۆڵینەوەکەم بردەوە بۆ زانکۆ و ، دامەدەست دکتۆر (لیۆ پلینکەرس)، پاش هەفتەیەک ئیمایڵێکی بۆکردم کە تیایدا نوسرابوو:

ئێمە پێمان وتی ئەو باسانەی کە لەسەر پەیژەکانی مۆسیقای شەرقی( کوردی) نوسیوتە، ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچونانەتا نین، نامانەوێ جارێکی تر چاومان پێی بکەوێتەوە، بۆیە ئەشێ ئەو چەندلاپەڕەی سەراتای لێکۆڵینەوەکەت کە لەسەر ئەو بابەتە ئەدوێیت، لای بەریت، ئەوسا ئێمەش دوبارە سەیری لێکۆڵینەوەکەت ئەکەینەوە ،ئەوەی ئەوان ئەیان ویست لای بەرم نزیکە ١٠٠ لاپەڕەیەک ئەبوو کە کوتومت ئەوبیرۆکە نوێ یەم بوو کە یاداشتم کردبوو، کە بەتەواوەی و تێروتەسەلی لەسەر بناماکانی میوزسیانی فەرەنسی (جان فیلیپ ڕامۆ) بوو ،کە باسی دژی بیرۆکەی پەیژە مۆسیقاکانی کەنیسە بوون .



**لەبەر ئەوەی ئەوان لەسەر ئەو بنەما نا زانستیەی پەیژەکانی مۆسیقای کەنیسە، چەندین نامەی ماستەرو دکتۆرایان بەخشیوە،کە ناتوانن لێی پاشگەز ببنەوە، بەڵام من ئێستا دژی بیرکردنەوەی ئەوانم، گەر وانیە ئەبوایە ئەو بیرۆکەیەم لابردایە.**

**بۆیە منیش بەقسەم نەکردن و ماوەیەکی زۆر چاوەڕێم کردن، لەبەر ئەوە ئەو بەشەی کە ئەوان پێی بێتاقەت بوون، کردمە پەرتوکێکی جیاو دوبارە وەکوو کتێبێک بڵاوم کردەوە لەسەرئەرکی برای ئەزیزم کاک (نەوزاد قەفتان) وبراکانی، کرایە کتێبێکی چاپکراو بەناوی ((پەیژەکانی مۆسیقای کوردی)) ، چەند نوسخەیەکیشم بۆ ئەوان بەدیاری نارد.**

**لەدوای ئەم ڕوداوەوە باس زۆرە باسی کەم بەڵام بەداخەوە، بۆیە ئەوانیش تێگەیشتن کە من واز لەبیرۆکەکەی خۆم ناهێنم، چونکە چونی من بۆلای ئەوان لەڕێگەی کۆنسەرفاتواری (ئوترێخت) و پاشان کۆنسەفاتواری (ئەمستەردام) ە وە بۆ وەرگرتنی لاپەڕەیەک وەک (شەهادە) نییە ، تەنها بۆ چەسپاندنی ڕێبازەکەی خۆمە لەسەر بنەماکانی بیرکردنەوەی (جان فلیپ ڕامۆ)ی فەرەنسی بۆ دۆزینەوە ڕاستیە زانستیەکانی پەیژەکانی مۆسیقای کوردی، کە دژ بەسیستمە نەشیاوەکەی مۆسیقای کەنیسەیە، کە سەدان هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەژێر ئەو چەواشەبونەدا گوزەر ئەکەن.**

**هیوادارم میوزسیانە بەتواناکانی وڵاتەکەم بیر لە روی زانستی ئەو بیرۆکەی من بکەنەوە تا بزانن چەندە لەخزمەتی هونەری نەتەوەکەماندایە و ببێتە ڕێگەیەکی ڕەخساو بۆ فراوان کردنی ئاستی هونەرەکەم، وەکو شێوازی ئەو فراوان بونە باڵایەی دوای بەکارهێنانی بیرکردنەوەکەی (ڕامۆ) بۆ مۆسیقای ئەوروپی**

ئەو پێشکەوتنە مەزنەی هونەری سازو ئاوازیان پاش بڵاوبونەوەی ئەو بیرۆکە زانستیانەی (ڕامۆ).

بۆیە ئەوانیش هەموولێکۆڵینەوەو باسەکەمیان لەرێگای بەریدەوە بۆناردمەوە، وەکوو ئەوەی لەنێوانماندا هیچ شتێک ڕۆی نەدابێ.

هەرچەندە من هەرچی پەیوەندیەکم لەگەڵ دکتۆر (لیۆ پلینکەرس) هەبوبێ بەڕێگای نوسراوو ڕێگا جۆربەجۆرەکانی پەیوەندی کردن هەمویم پاراستوە، بۆیە زیاتر لەسەر بیرۆکەکەم پێم داگرت و بەردەوامم لەسەری ، تا هونەرمەندە بەئاگاکانی نەتەوەکەشم هاوکارم بن بۆ بڵاو کردنەوە و کارپێ کردنی، دژی ئەو چەواشەکاریانەی کە تائێستاش لەناو پەیڕەوی پەیژەو مەقامەکانی هونەری مۆسیقای میللەتەکەمدا بڵاو کراوەیەو، کە جگە لە گێرە شێوێنی و نەزانین، هیچ مانایەکی ترنا بەخشێ.






هەندێ لەو ئاوازو مۆسیقایانەم کەلە سایتی ئەنستگرام تۆمارم کردوون ئەتوانرێ ببینرێن.

ئەنستگرام.

/https://www.instagram.com/salahraouf51

١-کۆراڵی هۆرە /هۆنراوەی: ئەحمەدسالار.

٢-بارانە /گۆرانی مناڵان ،هۆنراوەی : لەتیف هەڵمەت.

٣- سەفەر/ مۆسیقا.

٤- کۆتەڵی گۆڕستانی چراکان هۆنراوەی : شێرکۆ بێکەس.

٥- مراوی/ مناڵان، هۆنراوەی : محەمەد بەرزی.

٦- تەنهایی/ پەیمان عومەر. هۆنراوەی: سەعدوڵا پەرۆش.

٧-زام / دیاری قەرەداخی. هۆنراوەی : شێرکۆ بێکەس.

٨- نیوە شەوە/ ئەمەل کوردە. هۆنراوەی: جیهاد دڵپاک.

٩-کۆراڵی لەیلێ ولاوە. هۆنراوەی: حەسیب قەرەداخی.

١٠-کۆراڵی مارشی ژان. هۆنراوەی: حەسیب قەرەداخی.

١١-کۆراڵی سلەیمانی . هۆنراوەی: حەسیب قەرەداخی.

١٢- ئێوارەیە/ شەماڵی عەبەڕەش. هۆنراوەی : جیهاد دڵپاک.

١٣- سۆناتای نێرگز بووکی کوردستان.

١٤- شایی شەهید/ ئازاد خانەقینی، هۆنراوەی: شێرکۆ بێکەس.

١٥-مانگرتن/ عوسمان عەلی. هۆنراوەی : حەسیب قەرەداخی.

١٦- سلەیمانی/ دانیا. هۆنراوەی: نەورۆزی مانگر.

١٧-نامەیەک بۆ خاتووزین/ کەریم کابان هۆنراوەی: فەرەیدون عەبدول بەرزنجی.

١٨-هاواری مناڵانی هەڵەبجە/ئەژدەر وەهبی. هۆنراوەی: سوارە قەلادزێی.

١٩- ژالە /عەدنان کەریم. هۆنراوەی: حەسیب قەرەداخی.

٢٠-فاتمۆكێ/ ئەژدەر وەهبی.

٢١-بارانە/ منالان .هۆنراوەی: لەتیف هەڵمەت.

٢٢-جرا/ دیاری قەرەداخی. هۆنراوەی : فوئاد مجید میسری.

٢٣- جریوە / منالان. هۆنراوەی: سەردار سەپان.

٢٤- دایک/ پەیمان عومەر. هۆنراوەی : ئیسماعیل خورماڵی.

٢٥- دەروێش عەبدوڵا (فریشتەی مۆسیقا) ئەسعەد قەرەداخی هۆنراوەی: گۆران.

٢٦- ژاڵە/ مۆسیقا.

٢٧-هانا/ عوسمان عەلی. هۆنراوەی : سەلاح محەمەد.

٢٨-هەڵۆ/ دیاری قەرەداخی. هۆنراوەی:شێرکۆ بێکەس.

٢٩- ژاڵە/ پارتی٣. ئۆرکێست.

٣٠- ژاڵە/ مۆسیقا. تیپی مۆسیقای پیرەمێرد.

٣١-ڕابن ڕابن/ پەیمان عومەر. بەهجەت یەحیا. هۆنراوەی: عبدولڕحمان بێلاف.

٣٢-ڕۆژی منالان/منالان. هۆنراوەی: عەزیز ئالانی.

٣٣-بەبە/ منالان- ئالا عومەر. هۆنراوەی: ع.ع.شەونم.

٣٤-بەفر بارین/منالان. هۆنراوەی: لەتیف هەڵمەت.

٣٥-چۆلەکە/ منالان. ئالا عومەر. فازیل قەساب. هۆنراوەی: سەردار سەپان.

٣٦-کۆلارە/ منالان. هۆنراوەی: عومەر عەلی ئەمین.

٣٧- تەمەنێک لەسەر شانۆ ( eage on stage) .

٣٨-ئێوارەیە/ مۆسیقا.

٣٩- فرمێسک و شیعر/ کەریم کابان. هۆنراوەی: دکتۆر فەرەیدون عەبدول بەرزنجی.

٤٠- كۆرالـــى گـۆرانیەكی ڕەنگـاو ڕەنـگ/ هـۆنراوەی : شـێركۆ بێكەس.

٤٢-شنە/ ئاڤان جەمال. هۆنراوەی: دكتۆر مارف عومەر گوڵ.

٤٣- سرودی لاوان/ زاهیر جەلال.

٤٤-سرودی زانكۆی كۆیە/ هۆنراوەی: دكتۆر عەباس صالح.

٤٥- دیسان/تارا رەسوڵ. هۆنراوەی: نەجم هۆگر.

٤٦-گوڵاڵە/عەدنان كەریم. هۆنراوەی: حەسیب قەرەداخی.

٤٧- گەلەری/ چاوپێكەوتن.

٤٨- بـۆ خـۆر ئـاوا/ ئەمەل كـوردە- مـحەمەد عەبـاس بـارام. هۆنراوەی: هەڵمەت هۆشیار.

٤٩- گوڵاڵە/ عەدنان.

٥٠- كۆراڵی گوڵە هێرۆ/ هۆنراوەی : گۆران.

٥١- گورگ / مناڵان.

٥٢- سـوێندم/ كـامەران عەبـدول مەجیـد. هۆنراوەی:شـێخ ڕەوف بەرزنجی.

٥٣- هاواری مناڵانی هەڵەبجە/ ئەژدەر وەهبی. هۆنراوەی : سوارە قەڵادزێی.

٥٤- پەیڤ/ چاوپێكەوتن.

٥٥- ناسری ڕەزازی/ هەڵەبجە.

٥٦- ڕەشی شەوانم/ عەدنان كەریـم - پەیمـان عـومەر. هـۆنراوەی: ئەحمەد سالار.

٥٧- ڕۆژێكی نوێ/ كوردسات . چاوپێكەوتن.

٥٨-ناز / مۆسیقا.

٥٩- لوتەلایی/ عوسمان عەلی. هۆنراوەی: حەسیب قەرەداخی.

٦٠- خۆزگە / كامەران عەبدول مەجید.

٦١– ئێڤار/ چاوپێکەوتن.

٦٢– خۆزگە/ مۆسیقا.

٦٣– فریشتەی مۆسیقا/ ئەسعەد قەرەداخی.هۆنراوەی : گۆران.

٦٤– مەگازین– کوردسات/ چاوپێکەوتن.

٦٥–دەنگی بلویرو نایە/ عەباس محەمەد. هۆنراوەی: هێمن موکریانی – ع.ع.شەونم

٦٦– ژاڵە/ پارتی ٣،٢ مۆسیقا–ئۆرکسترای سیمفۆنی ئەپڵدۆرن–هۆڵەندا.

٦٧–نامەی خەزان / مۆسیقا.

٦٨– ئێوارەی ئێن ئارتی/ چاوپێکەوتن.

٦٩–چاوپێکەوتن/ لەندەن

٧٠– تۆ ئەی گوڵم/ پەیمان عومەر.

٧١– گوڵاڵە/ مۆسیقا.

٧٢– خۆرنشین/ چاوپێکەوتن.

٧٣– ئازیزەکەم / عەدنان کەریم.هۆنراوەی: حەسیب قەرەداخی.

٧٤– کەی گوڵ / عوسمان عەلی. هۆنراوەی :

٧٥– دادگا/ ڕێبوار تۆفیق. هۆنراوەی: فوئاد مجید میسری.

٧٦– زەردەی حوزن/ئالان عومەر. هۆنراوەی: ئیسماعیل خورماڵی.

٧٧– سەرکەون/ دیاری قەرەداخی. هۆنراوەی: شێرکۆ بێکەس.

٧٨– کارلێک/ چاوپێکەوتن.

٧٩– کۆراڵی گوڵەهێرۆ/ هۆنراوەی: گۆران.

٨٠–گوڵ و مۆسیقا/ عەدنان کەریم.هۆنراوەی:

٨١– قوربانی چاوەکانت بن/ علی محیێ الدین. هۆنراوەی: دڵشاد مەریوانی.

٨٢– دارستانی سوتاو/ ڕەوا جەمال. هۆنراوەی : عەبدوڵا پەشێو.

٨٣- پەروانە/ عەدنان کەریم . پەیمان عومەر.هۆنراوەی: ئەحمەد سالار.
٨٤- تەنهایی/ عەدنان کەریم. هۆنراوەی: جیهاد دڵپاک.
٨٥- چرا/ دیاری قەرەداخی. هۆنراوەی: فوئاد مەجید میسری.
٨٦-کۆراڵی سلەیمانی/ هۆنراوەی : حەسیب قەرەداخی.
٨٧- نامەیەک بۆ خاتو زین/ کەریم کابان. هۆنراوەی: دکتۆر فەرەیدون عەبدول بەرزنجی.
٨٨- بۆخۆر ئاوا/ ئەمەل کوردە - محەمەد عەباس بارام. هۆنراوەی: هەڵمەت هۆشیار.
٨٩- تورەبونی گەل/ هەڵمەت هۆشیار.
٩٠- تەنیایی / مۆسیقا.
٩١- خۆزگە / نیان عەبدوڵا. هۆنراوەی: هەنارە قادر.
٩٢- دیسان/ تارا ڕەسوڵ. هۆنراوەی نەجم هۆگر.
٩٣- ژاڵە / مۆسیقا.
٩٤- ئازیزەکەم/ عەباس محەمەد.
٩٥- گوڵاڵە / عەدنان کەریم.
٩٦- سازو ئاواز/ ستێرک تی ڤی. چاوپێکەوتن.
٩٧- یادی قادرکابان/ ١- چاوپێکەوتن.
٩٨- یادی قادر کابان/٢- چاوپێکەوتن.
٩٩- سەفا/ مۆسیقا.
١٠٠- چرای زانستی/ ئاڤان جەمال.
١٠١ - ڕەشی شەوانم/ پەیمان عومەر.
١٠٢- گەشتێک لە ئەوروپا/ چاوپێکەوتن.
١٠٣- شێری کوردن/ محەمەد عەباس بارام.پەیمان عومەر. ئەمەل کوردە. سەباح ڕەواندزی.

١٠٤– ئەی نیشتمانم/ ئالا عومەر.
١٠٥– لە کۆبانێ وە بۆ عەفرین/ مۆسیقا.
١٠٦– بەفر/ مۆسیقا.
١٠٧– تورەبونی گەل/مۆسیقا.
١٠٨– جوانی بێناو/مۆسیقا.هۆنراوەی : ساڵح بێچار.
١٠٩– چۆلەکە/ منالان. هۆنراوەی: سەردار سەپان.
١١٠– سلەیمانی/ دانیاعلی.هۆنراوەی: نەورۆزی مانگر.
١١١– سەفەر/ مۆسیقا.
١١٢– گۆرانی منالان لە ئەڵمانیا/ سابات ئەمین.
١١٣–کۆرالی مارشی ژان/ هۆنراوەی حەسیب قەرەداخی.
١١٤– نامەی خەزان/مۆسیقا. هۆنراوەی: هەڵمەت هۆشیار.
١١٥– هەڵۆ/ مۆسیقا.
١١٦– وەک ڕۆژزانی ڕابوردوو/ عەدنان کەریم. هۆنراوەی: سمکۆ ناکام.
١١٧– ئای لەدوور / مۆسیقا.
١١٨– ئێوارەیە/ مۆسیقا.
١١٩– یادگاریەکانی دایکم/مۆسیقا.
١٢٠– ناز /مۆسیقا. هۆنراوەی: گەشبیر عەحمەد.
١٢١– شنەی شار/ مۆسیقا. هۆنراوەی : ساڵح بێچار.
١٢٢–کۆبانی/باسط غریب. مۆسیقا.
١٢٣– ملوانکەی فرمێسک/هەڵمەت هۆشیار.مۆسیقا.
١٢٤– ئێوارەی ئەمڕۆ/ چاوپێکەوتن.
١٢٥– ستێرک تیڤی/ چاوپێکەوتن ١.
١٢٦– ستێرک تیڤی/چاوپێکەوتن ٢.
١٢٧–خۆزگە/ مۆسیقا.

١٢٨- ئاهێک/ ئەمەل کوردە.
١٢٩-نیوە شەوە/ ئەمەل کوردە. هۆنراوەی: جیهاد دڵپاک.
١٣٠- خەج و سیامەند/ ئۆپێرا.
١٣١- هەڵۆ/ تالیب ڕەسوڵ.هۆنراوەی شێرکۆ بێکەس.
١٣٢- Leave to stay / مۆسیقای فیلم.
١٣٣- PTV2 /ڕۆژی جیهانی مۆسیقا. چاوپێکەوتن.

هەروەها لەکەناڵـــــــی یوتوب .
١-
https://www.youtube.com/channel/UCnBVLeD9CYIFZUCDuPpR-yw/videos
٢-
https://www.youtube.com/channel/UCBhtNiMu_SKfJluIVI3D8aw
هەروەها لە کەناڵــــــی کوردی پیدیا.
https://www.kurdipedia.org/default.aspx?lng=1&q=20081201225458550

# سەلاح ڕەوف
# ٢٠٢١
# ئەپلدۆرن - هۆڵەندا



لەدایک بووی 15/ 3 /1951 لە شارۆچکەی (عەربەت) سلێمانی، خانەی مامۆستایانم لە ساڵی 1967_1970تەواو کردووە، ساڵی 1969 بوومەتە ئەندامی تیپی نواندن و مۆسیقای سلێمانی( و ئەندامی تیپی مۆسیقای )چالاکی هونەری پەروەردەیی سلێمانی(، وەک ئامێر ژەن و مامۆستایەک، لە ساڵی 1977_1978 و1978_1979 خولی شارەزایانی مۆسیقام لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغداد بە پلەی نایابی یەکەم لەسەر ئاستی عیراق وەرگرت. .

یەکێك بووم لە دامەزرێنەرانی بەشی مۆسیقای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی لەساڵی 1983، هەروەها ساڵی 1975 باش کارەساتی هەرس لەقوتابخانەی کوردی و چەند قوتابخانە یەکی تر سەرقاڵی بنیاد نانی تیپێکی مۆسیقا بووم. . . .

# یادەوەریەکانم

سەلاح رەئوف

2021